# نما

ژمارە١٧/١٨ی ٢٠٠٥

گۆڤارێکی فیکریی ئەدەبی
وەرزی سەربەخۆیە
سەنتەری لێکۆڵینەوەی
فیکریی‌و ئەدەبی نما
لەهەولێر دەریدەکات

پیت چنین:
عیماد رەسوڵ ئیسماعیل
رابەر محەمەد قادر
رزگار حەسەن شین

## ئازادی بیر لێکۆڵینەوە عەقلانیەت

خاوەنی ئیمتیاز : ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر : ئاسۆ جەلال
بەرێوبەری نوسین: جەمال پیرە

راوێژکاری نما: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

سەرپەرشتیای ئەدەبی: عبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

چاپی یەکەم
هەولێر ٢٠٠٥

ناونیشانی گۆڤاری نما: هەولێر ـ رێگای پەرلەمان
ت: ٤٤٧٣٩٨١ ـ ٤٤٨٥٧٢٤ ـ ٤٤٧٣٩٧٩ ـ ٤٤٨١٥٧٧ ـ ٤٥١٤٦٨٠ ـ ٢٢٢٣١١٨
ئیمێڵ: nma_magazine@hotmail.com
govarinma@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا

★ کلاورۆژنە......................................................................................................................................٣
★ باڵادەستی حکومەتو داهێنانی تاك...........برتراند راسل........و: ئەژین عەبدولخالق............٥
★تیۆری کۆمەڵایەتیو بونیادگەری...............................ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل...........١٠
★فەلسەفەی کۆچەریو بزاڤەکانی............ جیل دۆلۆز...........و: لەسویدیەوە: هەندرێن...........٤٢
★ بەشداری سیاسیو دیموکراتیەت..............د. ئبراهیم ئبراش......و: حیکمەت نامق...............٦٤
★ سەرەتایەك لەبارەی دیموکراسی...................................................لوقمان حەسەن..............٦٩
★تیرۆرو لێکچونکردنی کۆمەڵگا.......................................................ستار باقی کەریم............٧٦
★ کۆتایی مێژوو، دواین مرۆڤ ............فرانسیس فۆکۆیاما.........و: ئیسماعیل کوردە.............٨١
★ گفتوگۆ لەگەڵ "بەختیار عەلی"دا........................ ....... س: جەمال پیرە..................١٠٧
**دۆسیەی ئەدەبی باشو ئەدەبی خراپ**........................عەبدولوتەڵب عەبدوڵلا..............١٣١
★چەند دێرێك لەسەر نووسینی باشو خراپ..........................عەبدوڵلا ئەژی..................١٣٣
★چەند دێرێك لەبارەی نوسینی خراپەوە...........................و: هاوڕێ ڕەشید...................١٣٥
★جوانو ناشیرین دەروازەیەکی تیۆری.........................و: عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا.............١٤١
★ پسولەی رۆشنبیری دەمامکدراو............................................و: سیروان تەها.................١٤٩
*** چلوپێکەوتن لەگەڵ "د. فەرهاد پیرباڵ"دا**.................چ: نما.................................١٥٣

**نسێی نما....... دۆسیەی تایبەت بە پیتەر سلۆتەردیك**........ئا: گۆڤاری نما.................١٧٥
★ ژیاننامەو بەرهەمەکانی پیتەر سلۆتەردیك............................ .ئا: هەندرێن.................١٧٦
★سەدەیەکە فەلسەفە دەیەوێ بمرێ،
بەڵام ناتوانێ، چونکە ئەرکەکانی تەواو نەکردوە.....................و: ستار باقی کەریم.............١٧٧
★ ئینجیلی پێنجەمی "پیتەر سلۆتەردیك"...........................و: ئاسۆ جەلال..................١٨١
★ سلۆتەردیك، لە ململانێی نێوان ئەوروپاو
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدوێ.............................و: جەمال پیرە..........................١٨٤
★ ئینجیلی پێنجەمی نیتشە.............................و: نوری ئیبراهیم عەلی........................١٨٧

★کورتە مێژوویەکی نەورۆز..........................................................و: وریا قانع................١٩٠

## کلاورۆژنە
## هێشتا دیموکرات نین!!

پرۆسەکانی دیموکراتی لە کوردستاندا هەمیشە بە شێوەیەکی پەرتەوازەو سەقەت بەرێوە دەچن، لەدوای پانزە ساڵ هێشتا حزب باوكو دایکی منداڵێکە کە بێ نەوایە، دەنگ دەدەین ، هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتن هەن، نیمچە دیموکراتیەت هەیە، نیمچە ئازادی هەیە، وەلێ هەموو ئەمانە بەقسەی سەرکردایەتی کورد، دەسکەوتێکن حزب خاوەنیەتی نەك خەڵك.. پێمانباشە لێرەوە گرفتێك بێنینە بەرچاو، لەهەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستانو عێراق، نەك دیموکرات نەبووین، بەڵکو تاسەرئێسقان پێشێلکەری دیموکراتی بووین، نەك رێزمان لەئیرادەی خەڵك نەگرت، بووین بەژێر پێی بەرژەوەندیو ئیتیفاقیاتە حزبیەکانەوە، ئیرادەی خەڵك بەتەنها جێگای بێئومێدی نەبوو ، بەڵکو ژمارەیەك لە پەرلەمانتارەکانیش جارێکی دیکە حزبیو خەڵك نەویست دەرچوونەوە، بەوەی بەبڕیاری خەڵك هەڵبژێردران بەڵام، بەبڕیاری حزب کۆبوونەوە، ئەم نیشتیمانە بێ ئیرادەیەی کە حزب بەرێوەی دەبات باش بەرێوە دەچێ، بەڵام نەئازادییەکانو نەئیرادەو نەقسەو ڕای ئێمەی هاوڵاتیان بەهێند هەڵدەگیرێت.. دوای پانزە ساڵ هێشتا کورد- کورد ئەبێ خەڵك بکەوێتە نێوانیان، سەرکردایەتی کوردی بەچوار مانگو نیو تاوەکو بڕیار لەسەر دانیشتنێك دەدەن، بەئیجابیشی دەدەنە قەڵەم .. نەخۆشیە سیاسیەکانی رابردوو ، یەکتر نەخوێندنەوە، باوەڕنەبوون بەسەرکردایەتیەکی یەکگرتووی کوردی، نەهامەتیەکانی شەڕی وێرانکەریی خۆکوژی، هەموو دوژمنکارییە هەرێمیەکان، نەبوونە جێگای تەجرەبە وەرگرتنی سیاسیانە، هێشتا شەڕە پەڕۆ و شەڕە سیمبولʼو وێرانکردنی نەوەی نوێ بەردەوامن، هێشتا ئەم حزب لەسەر پۆستو ئەویان لەسەر دەسکەوتی ماددی و ئەویتریان لەسەر ئەو وەزارەت و ئەم جێگای ناپیرۆز کێشەی میللەتێك دەخەنە دەست قەدەر و میزاجیاتی سیاسیی. ئەم قسانەمان بۆ ئەوەیە بڵێین هەموو ریفۆرمێك کە لەئێستاو ئایندەدا بکرێت ئەبێ نەوەی دوای راپەڕینی لێ بێبەش نەکرێت، ئەو نەوەیەی چیتر ناتوانێ تەنها گوێگرو ملکەچو بێدەسەڵات بێت، ئەو نەوەیەی ناتوانێ یاخی نەبێت لەباوکە حزبیەکانی، یاخی نەبێت لەو بێئومێدکردنەی کە بەقەسد بێ یان ناقەسد، نەوەیەك وێران دەکات، چیتر ناتوانێ ئەو نەوەیە، لەئاست پێفرۆشتنەوەی خەباتو پێشمەرگایەتی شاخ، بێدەنگ بکرێت، ناتوانێ لەئاست ئەوەی کە عەقڵی شاخ پێیوایە تەنها ئەو ئەبێ نوێنەرایەتی هەموو نەوەکان بکات، چونکە خاوەنی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیو موقدەساتەکانی کوردە، بێدەنگ بێتو نەڵێت، ئێوە خاوەنی شەرعیەتەکانی شەڕی براکوژیشن، خاوەنی بەدوو ئیدارەکردنو لەتکردنی میللەتیشن، ئەوە نەوەی نوێ نییە کە خاوەنی ئەو رابردووەیە.. بەڵکو ئێوەن، بۆیە کە خەباتو تێکۆشانمان پێدەفرۆشنەوە، لایەنە جوانەکانمان پێنیشان دەدەن ، لایەنە کرچوکاڵو ناشیرنەکانیشمان لێنەشارنەوە. لە ئایندەدا حزبە سیاسیەکانی کورد پێویست دەکات بەو هەڵە مێژوویانەدا بچنەوەو تەنها هەق بداتە نەوەکانی دوای راپەڕینو گەنجی وڵاتێك لەبیر نەکات کە پێیوانییە، حزب هەموو شتێکە، پێیوانییە کەس لەجیاتی ئەو کوێخاو بیرکەرەوە بێت، پێیوایە بەشداریکردنی فیعلیانەی لە سیاسەتی ئەمڕۆ و بەشدار لە هەموو کایەکانی ئیداریو کۆمەڵایەتیو سیاسی و ئابووری وڵات هەقێکیەتی پێویستی بە دیفاع لێکردن نییە.. نەوەکو نەخوێندەوار لەئایندەدا ناتوانێ کوێخای خوێندەوارەکان بێت، نەوەیەکی نارۆشنبیر ناتوانی ئاغای رۆشنبیرەکان بێت، نەوەیەکی ناتەکنۆکرات ناتوانێ ئیدارەیەکی تەکنۆکرات بەرهەم بهێنێت.. نەوەیەکی نادیموکرات ناتوانێ وڵاتێکی دیموکراتو سیستەمێکی مەدەنی پێشکەش بکات.. بۆیە پێداچوونەوەو تێگەیشتن لەنەوەی نوێ زامنی دیموکراتیەت و ئازادییەکانە.

# باڵادەستی حکومەت و داهێنانی تاك

ن: برتراند راسل

و: ئەژین عبدالخالق

کۆمەڵگای نوێ، کە لەململانێدایە بۆ پێشکەوتن، پێویستی بەهەردووك لە باڵادەستیو کۆنتڕۆڵی ناوەندیو چالاکی تاكو بەکۆمەڵ هەیە. لەدەستدانی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوە، وەکو چۆن نەبوونی داهێنانی تاکە کەسی دەبێتە هۆی چەقگیریو چەقبەستوویی. لەو بەشەدا هەڵدەدەم بگەمە هەندێك پرنسیبی گشتی لەبارەی ئەو پرسانەی کە دەبێت حکومت باڵادەست بەسەریانداو کۆنتڕۆڵیان بکات، لەگەڵ ئەو پرسانەی کە دەبێت بۆ تاکەکان خۆیانو کارو چالاکییەکانیان جێبهێڵرێت. هەموو کۆمەڵگایەك دووجۆرە سیفەتو تایبەتمەندییان هەیە: یەکەمیان سیفەتە جێگیرەکانە، ئەویتریان سیفەتە گۆڕاوەکانە. سیفەتە گۆڕاوەکان پەیوەست دەبن بەچالاکییەکانی تاك، کەچی سیفەتە سیفەتە جێگیرەکان پەیوەستن بەکۆنتڕۆڵو یاڵادەستی حکومەت. چالاکییەکانی تاك، یا چالاکی بونیادنەرانەیە، یا چالاکی ڕووخێنەرانە، بۆیە بەردەوام وا باشترە لەڕێگای دامەزراوە کۆمەڵایەتیو حکومییەکانەوە هانی جۆری دووەمی سیفەتەکان بدرێت، کە سیفەتە گۆڕاوەکانن. هەرچەندەی کۆمەڵگا ئاڵۆزتر بێت، ئەوەندە زیاتر چالاکییەکانی تاك پێویستیان بە ڕێنیشاندانو ئاراستە کردنی حکومی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەست تێوەردانی حکومەت چەکێکی دووسەرەیە، چونکە ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕاستو دروست چالاکییەکانی تاك ئاراستە بکات، یا ڕەنگە خەفەیان بکاتو بەهەڵەیاندا بباتو بیان پووکێنێتەوە.

بەڕای من، ئامانجە سەرەکییەکانی حکومت بریتییە لەسێ شت: دڵنیایی، دادپەروەری، پارێزگاری. ئەو سێ ئامانجە گرنگییەکی زۆریان هەیە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگییەکەیان لەڕەوشو سەردەمێکدا جیاوازەو لەگۆڕاندایە. دەشێت بەرژەوەندی گشتی وا بخوازێت لەپێناو بەدیهێنانی دوو ئامانجەکەی تردا، قوربانی بەیەکێك لەئامانجەکان بدرێت. ئێستاش با بەیەکەوە یەکە یەکە ئەو ئامانجانە بخەینە ڕوو، بزانین چین.

دڵنیایی، واتا پاراستنی ژیانو موڵکداریێتی مرۆڤ، بەردەوام یەکێکە لەبنەماو کۆڵەگە سەرەکییەکانی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت هەڵدەدات تاك لەدەستدرێژیکردنە سەر بپارێزێت، بەلاّم زۆر کەم هەوڵدەدات لەدەستدرێژییەکانی خۆی دووری ڕابگرێت.

دەوڵەت بەردەوام بەبیانووی پاراستنی مافەکانی تاك‌و داکۆکیکردن لەمافەکانی، دەستدرێژی دەکاتە سەر تاك، بۆیە بەردەوام خەڵك هەست بەدڵنیایی‌و حەسانەوە ناکەن.
لەو چەند ساڵەی دوایدا جۆرێکی تر لەدڵنیایی سەری هەڵداوە کە بەریتییە لە دڵنیا بوون لەنەکەوتنە ژێر هێرشی دەوڵەتێکی تر، ئەوە مەسەلەیەش بەتێپەڕینی کات گرنگی زیاتر وەردەگرێت، بەتایبەتیش ئەو پێشکەوتنە زانستییانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی چەکی نوێ بەکاربێت. لەئێستادا دەتوانین بڵێین تاك هەست لەدڵنیایی ناکات لەبەرانبەر هێرچ‌و دەستدرێژی دەرەکیدا، تەنیا ئەگەر یەك حکومەتی جیهانی بێتە بوون‌و کۆنترۆڵی هەموو جۆرە چەکەکان بکات. لێرەدا من چیتر ڕۆشنایی ناخەمە سەر ئەو خاڵە، چونکە لەو بابەتە نزیك نییە کە من دەمەوێت بیخەمە ڕوو. بەڵام دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە دڵنیایی بەتەواوی نایەتە دی تەنیا ئەگەر ئەو حکومەتە جیهانییە دابمەزرێت کە باسی لێوە دەکەم.
دەسگیر کردنی دڵنیایی ئابووری بەردەوام یەکێك بووە لەئامانجە سەرەکییەکانی یاسا دانەرە ئینگلیزییەکانی تازە، ئەو دڵنیاییەش لەنێو دابینکردنی دڵمیاییدا دێت لەدژی بێکاری‌و نەخۆشی‌و دەردی پیری. دابینکردنی ئەو جۆرە لەدڵنیایی، بارگرانییەکی گەورەی لەسەر شانی کرێکاران لابرد. زانستی نوێ جۆرێکی تریش لەدڵنیایی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە پەیوەستە بەکەمتر بوونی ئەگەری نەخۆش کەوتن‌و درێژتر بوونی تەمەنی مرۆڤ‌و زووتر چاکبوونەوە لەهەندێك نەخۆشی سەخت لەڕێگای پێشکەوتنی پزیشکییەوە. بۆیە ژیان لەوڵاتە خۆرئاواییەکان کەمتر جێگای مەترسییە ـ تەنیا لەکاتی جەنگ نەبێت ـ بە بەراورد لەگەڵ سەدەی هەژدەیەمدا. هەموو ئەوانە لەبنەمادا بۆ هەندێك کاری حکومەت دەگەڕێتەوە.
دڵنیایی، ئەگەرچی بێگومان شتێکی باشە، بەڵام چارەسەری هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش نییە. دەشێت ژیانێکی دڵنیاکار، خۆش نەبێت. بگرە ڕەنگە ژیانێکی بێزارکەرو ناخۆشیش بێت. زۆر کەسیش، بەتایبەتی لەکاتی لاویدا، چێژێکی زۆر لەژیانی پڕ مەترسی‌و موغامەرە وەردەگرن، بگرە هەندێکیان چێژ لەجەنگ وەردەگرن بۆ ئەوەی لەبێزارییەکانی ژیان دوور بکەونەوە. دڵمیایی خۆیشی پاڵنەرێکی نێگەتیڤە‌و بەرهەمی ونبوونی پاڵنەری ترسە. ژیانی خۆش‌و باش، دەبێت ئامانجێکی پۆزەتیڤی هەبێت کە بەرهەمی هیوا بێت. ئەو جۆرە لەهیوای سوودبەخش مەترسیش لەناوەخۆیەوە دەگرێت، بۆیە پاڵنەری ترسی تێدایە. بۆیە مەرج نییە هەموو جۆرە ترسێك زەرەر مەند بێت.
ئێستاش دەچمە سەر باسی دادپەروەری. دادپەروەری، بەتایبەتیش دادپەروەری

ئابووری، لەو دواییانەدا بۆتە یەکێك لەکارو فەرمانە گرنگەکانی حکومەت. بەردەوام دادپەروەری وا ڕاڤە دەکرێت وەکو ئەوەی یەکسانی بێت، تەنیا لەوحاڵەتانە نەبێت کە یەکسانی دەست نادات. دادپەروەری سیاسی، واتا بەدیموکراتیزەکردنی سیاسی، بیرۆکەیەکە بەقەد شۆڕشی ئەمریکیی و فەرەنسی کۆنە، کەچی دادپەروەری ئابووری، ئامانجێکی تازەو نوێیەو پێویست دەکات حکومەت کۆنترۆڵی بکات. سۆسیالیستەکان پێیان وایە ـ بەڕای منیش لەسەر حەقن ـ کە دادپەروەری ئابووری بریتییە لەمولکداریێتیکردنی حکومەت بۆ شێوازە گەورەکانی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی بازرگانی دەرەکی. نەیارەکانی سۆسیالیزمیش بەتەواوی دژی ئەو بۆچوونەن و پێیان وایە دادپەروەری ئابووری هەرگیز لەڕێگای حکومەتەوە نایەتە دی. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك سنووری دادپەروەری کۆمەلایەتی هەیە کە هەردوولا دانی پێدا دەنێن. دیارە ناکرێت یەکسانی ئابووری لەنێوان نەتەوە ئەورووپییەکاندا بێتە دی بەبێ وڵاتانی باشوری خۆرهەلاتی ئاسیا، مەگەر بەشێوەیەکی هێدی هێدی و گەلێك لەسەرەخۆ بێت، ئەگینا ئەوە وڵاتە خۆشگوزەرانەکانیش دادەبەزنە ئاستی وڵاتە خوارەوە.

دادپەروەریش وەکو دڵنیایی بوون، چەند سنوورێکی هەیە کە ناتوانێت بیانبەزێنێت. دادپەروەریش چەند جۆرێکە، هەندێکیان خراپە، وەکو هەوڵدان بۆ ئەوەی هەموو خەڵك هەژار بێت. چونکە ئەگەر ناکرێت هەژارەکان دەوڵەمەندتر بکرێن، هەرگیز کارێکی باش و دادپەروەرانە نییە دەوڵەمەندەکان هەژار بکرێنەوە. دادپەروەری ئەوکاتە دەبێتە زۆرداری کاتێك هەوڵدەدەین لەڕێگای بەدەستهێنانی یەکسانییەوە هەژارەکان وا لێبکەین لەوە هەژارتر بن کە ئێستا هەن. دەکرێت ئەوەش ڕووبدات ئەگەر ئاستی خوێندن دابەزێت و ئاستی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش دابەزێتە خوارەوە. لەڕابردوودا چەندین بەربەست هەبوو ڕێگر بوون لەبەردەم بەدیهێنانی دادپەروەری ئابووری لەجیهاندا، کەچی ئێستا کە پرۆسەی بەرهەمهێنان گەشەی کردووە، هیچ پاساوێك نییە بۆ بوونی زۆرداری ئابووری لەنێو نەتەوە پیشەسازییەکاندا.

ئێستاش با قسە لەسەر پرنسیبی سێیەم بکەم کە بریتییە لەپارێزگاری. پارێزگاری وەکو دڵنیایی و دادپەروەری پێویستی بەکاری حکومەت هەیە. مەبەستیشم لەپارێزگاری، پاراستنی شوێنە مێژوویی و جوانەکان و ڕێگاکانی هاتوو چۆو شوێنە گشتییەکان نییە، بەڵکو مەبەستم بایەخدانە بەسەرچاوەکانی سامانی سروشتی لەنێو جیهاندا. خەڵك بەگشتی لەماوەی سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوودا مادەی خاویان بەکارهێنا بۆ پیشەسازی و ئەو زەوییانەی کشتوکاڵی لەسەر دەکرا بەشێوەیەکی زۆر

گـــەورە بەکارهێنــران، بەشــێوەیەك تــوانای بەرهەمهێنانیان کزو لاواز بوو. پاڵەپەستۆش لەســەر نــەوت ئەوەنــدە زۆر بــوو لەلایەنــی پیشەسازییەوە بەجۆرێك ئەو ڕێژە نەوتەی کە لەجیهاندا بەرهەم دەهێنرێت ـ ئەگەرچی زۆر دیاریش نییە ـ بەڵام دیارە کە سنووردارە. پێویســتی بــۆ نــەوت گەیشــتە ئاســتێك بەشــێوەیەك ڕەنگــە ببێــتە هــۆی نانــەوەی جەنگــی جیهانــی ســێیەم. ئەگــەر ڕێــژەی نەوتیش بەو شێوەیە کەم بۆوە، ئەوە دەبێت گۆڕانکاری لەشێوەو فۆرمی ژیانی خۆماندا بکەین. ئەگەر ویستیشمان زۆر پشت بەنەوت نەبەستین و ڕوو بکەینە چالاکی ئەتۆمی، ئەوە ڕەنگــە ڕێژەیەکــی زۆرتــریش لەیۆرانــیۆم و تۆریۆم بەکار بێنین. تائێستاش پیشەسازی بەشــێوەیەکی ســەرەکی پشــت بەســامانە سروشــتییەکان دەبەســتێت. ئــەو ســامانە سروشــتییانەش ناکــرێت تــا ئەبــەد هــەر بەردەوام بن، چونکە ڕێژەکەیان دیاریکراوەو لەناو دەچن و نامێنن.

هەندێك لەشارەزایان پێیان وایە کە ڕەنگە ئەو سامانە سروشتییانەی پەیوەستن بەکشتوکاڵ لەناو بچن و نەمێنن. تەنانەت لەم دواییانەدا یەکێك لەنووســەرەکان لەکتێبێکدا بــەناوی "ڕێگای بەرەو مانەوە"باسی ئەوە دەکات کە ئەو شێوازانەی تائێستا لەزۆر لەوڵاتاندا بۆ کشتوکاڵ بەکارهێنراون، بوونەتە هۆی ئەوەی بەپیتــی زەوی لــەناو بــەبەن و لاوازی بکــەن. تەنانەت سەرهەڵدانی سەرچاوەی نۆزو خۆڵ و گەردە لوول لەئەمریکا دیاردەیەکی ئەو جۆرە کارانەیــە. دوای حیســابێکی زۆر ورد، ئــەو نووســـەرە دەگاتـــە ئـــەو بـــڕوایەی کـــە دانیشــتووانی زەوی لــەماوەی پــەنجا ســاڵی داهاتوودا زۆر زیاد دەکات و ڕێژەی بەرهەمی خۆراکیش زۆر کەم دەکات ئەگەر هەندێك ڕێو شوێنی پێویست نەگیرێتە بەر بۆ بەرگرتن لەو کارانەو سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی بەپیتی زەوی. دیارە ئەو ڕێو شوێنانەش سەرکەوتوو نابــێت ئەگـــەر حکـــومەت و دامـــەزراوە کۆمەڵایەتییــەکان بەشــداری تــێدا نەکــەن و نەیگــرنە ئەســتۆی خــۆیان. لەگــەڵ ئەوەشــدا دەست تێوەردانی حکومەت لەهەندێك کاری لەو جۆرە دووچاری ڕەخنەی زۆری دەکاتەوە لەلایەن زۆر لەدەزگاکانەوە.

ئــەو کێشــەیە تائێســتا بەشێوەیەکی جدی چارەســەر نەکــراوە، بــۆیە دەبــێت خــەڵك بەگشــتی بایەخــی پێــبدەن، بەتایبەتــیش ئەوانــەی گەرەکــیانە جــیهان لەمەترســی جەنگێکی تری ماڵوێرانکەر دوور بکەوێتەوە. جەنگی نوێ، جەنگێکە زیاتر لەجەنگەکانی ڕابــردوو جــیهان کــاول و ماڵوێــران دەکــات. ڕەنگە کێشەی چاککردنی کشتوکاڵ یەکێك بــێت لەکێشــە هــەرە گرنگەکانــی حکــومەت لەئایــندەی نــزیکدا، ئەگــەر بکــرێت خــۆمان لەجەنگ دوور بگرین.

من باسی هەر یەك لەدڵنیایی و دادپەروەری و پارێــزگاریم کــرد، وەکــو ئــەوەی فرمانــی سەرەکی و ئەرکی سەرشانی حکومەت بێت و نەکــرێت بەهــیچ شــێوەیەکی تــر چارەســەر بکــرێت تەنــیا لــەڕێگای حکــومەتەوە نەبــێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دیارە حکومەت لەپاڵ ئەو کارانە، فرمانی تریشی هەیە. بەڵام ئەو فرمانانە دەشێت هەندێك دەزگای تایبەتی ناحکومی بەشداری تێدا بکات، وەکو چۆن دەبێت تاکەکانیش بەشداری تێدا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت حکومت ڕۆڵێکی سەرەکی لەو کارانەدا ببینێت. لەبەرئەوەی هەندێك چالاکی تاکە کەسی هەیە ڕووەو ئاژاوەو تاوانکاری دەڕوات، بۆیە نابێت حکومەت لەئاست ئەو چالاکییانەدا نەرمی بنوێنێت. هەندێك چالاکی تری تاکیش هەن، کە دەبێت حکومەت هانیان بدات، چالاکی وەکو داهێنان و ئافراندن. بەڵام چالاکی زۆر گەورەو فراوانتریش هەیە کە ناکرێت پێشتر پێشبینی بکرێت تاوەکو نەخرێتە بواری کارکردن. بۆیە سوودو زەرەری ئەو چالاکییانە دەوەستێتە سەر جۆری بەکارهێنانیان. بۆیە دەبێت بەردەوام هانی چالاکی تاك بدرێت و ڕووەو لایەنێکی کۆمەڵایەتی سوودبەخش ئاراستە بکرێت.

ئەو هەوڵ و کۆششانەی دەوڵەت دەیدات بۆ ئەوەی تاکەکانی خۆی والێبکات وەکو یەك بن لەلایەنی بیرکردنەوەو هەست و سۆزەوە، هەندێکجار سوودمەندەو هەندێکجاریش زیان بەخش. سوودو زیانەکانی کارێکی لەو جۆرە دەوەستێتە سەر شێوازی ئاراستەکردن و ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی. لەفلۆرنسادا، بەرلەوەی مۆسۆلینی بێتە سەر حوکم، سیستەمێکی تایبەت هەبوو بەهاتوو چۆ تەواو جیاواز بوو لەو سیستەمانەی تر کە لەشارەکانی تری ئیتالیا پێڕەو دەکران. بۆیە هەوڵ و کۆششەکانی مۆسۆلینی بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە سوودمەند بوو تاوەکو لەگەڵ شارەکانیتردا یەکبخرێت. بەڵام هەوڵ و کۆششەکانی مۆسۆلینی بۆ سنووردار کردنی بیرکردنەوەی ئیتالییەکان هەوڵ و کۆششێکی زیان بەخش و تێکدەر بوو. هاندانی تاکەکان بۆ بیرکردنەوەو ململانێی کارێکی باشەو دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بۆیە دەبێت لەلایەنی عەقڵییەوە هانی ڕۆشنکردنەوە بدەین بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پێشکەوتنی زانستی و کۆمەڵایەتی. ئەگەر لەهەر شوێنێکدا ململانێی عەقڵی هەبوو، ئەوە پێویستە لەسەر حکومەت شێوازەکانی ئاراستەکردنی ئەو ململانێیە دیاری بکات، نەوەکو هانا بباتە بەر کوشتن و تیرۆرکردن و زیندانیکردن تاوەکو خۆی لەو بۆچوونانە دەرباز بکات کە لەگەڵ بۆچوونی دەسەڵاتداراندا یەکناگرێتەوەو ناکۆکە.

سەرچاوە: السلطة والفرد، برتراند رسل، ترجمة: نوري جعفر.

# تیۆری کۆمەڵایەتی مارکسیزمی بونیادگەری

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دەسپێك:

دەساڵ بەسەر نووسینی ئەم بەشە تێپەڕیوە، لەو کاتەوە جیهان بە شێوەیەك سەراوژێر بووە، کە ئەو کاتە کەس بڕوای نەدەکرد وای بەسەر بێت، بگرە چوار ساڵ بەر لەئێستا، کەس بڕوای نەدەکرد. ئەو گۆڕانکارییانە ئەوەندە قووڵن، بەشێوەیەك ئێستا زەحمەت بووە شتێك لەبارەی مارکسییەتەوە بنووسرێت، بەتایبەتیش



لەبارەی هەر ڕەوتێك کە مارکسیزمی تەقلیدی بخاتە ڕوو. ئێستا، وا پێدەچێت هەر سیستەمێك خۆی بەشیوعی ناو ببات، خۆی دووچاری شەرمەزاری دەکات، ئیستا شیوعییەت لەهیچ شوێنێکی ئەوروپای خۆرئاوادا هێزێکی سیاسی سەرەکی نییەو لەئەوروپای خۆرهەڵاتیش بەپەلە هێزی خۆی لەدەستدەدات ـ دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو نووسینە بەر لەوەی هێزە چەپەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات و روسیا بێنەوە گۆڕەپان نووسراو. بەڵام ئەوەی بەسەر سۆسیالیزم داهات وەکو سیستەمێکی سیاسی و بەسەر مارکسیزمیش وەکو ڕەوتێك لەڕەوتەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی، شتێکە زەحمەتە پێشبینی بکرێت. هەندێکجار وا دەردەکەوێت وەکو ئەوەی بەتەواوی ون بووبن، بەڵام من گومانم لەوە هەیە.

هەندێکجار مرۆڤ لەژیاندا وا هەست دەکەن بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕاون، کەچی لەواقیعدا سەر لەنوێ جەخت دەکەنەوە سەر هەڵوێستەکانی پێشوو تریان، ئەوەی زۆرتریش بێزاریان دەکات، ئەوەیە کە تاماوەیەکی زۆر ئەم حەقیقەتە نازانن. پێم وایە ئەو گۆڕانانەی ئێستا لەجیهاندا ڕوو دەدەن زۆر لەوەش قووڵترن، بەڵام دەسگیرکردنی هەندێك نموونەی سۆسیالیزمی و مارکسی کارێکی گرنگە، بەو ڕادەیەی کە دەبێت دەست بە بەشداریکردنی مارکسیزمەوە بگرین لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بەشدارییەکی مەزنە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کێشەیە گەورەتر دەبێت کاتێك قسە لەسەر کارەکانی ئەلتۆسێرو بۆلانتزاس دەکەین، یەکەم

بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرایەی کە بەسەر جۆرەکانی هزری شۆڕشگێری داهات لەکۆتایی شەستو حەفتاکاندا، ئەوەش گۆڕانکارییەك بوو لەدەیەی ڕابردوودا لەسەرخۆ تر بوو، ئەگەرچی بەردەوامیش بوو، ئەوەش بووە هۆی پووکانەوەو لەناوچوونی مارکسیزمی بونیادگەری لەماوەی کەمتر لە دە ساڵ لەسەرهەڵدانیدا. دووەم، زەحمەتە بتوانین دوور لەخودی تیۆریستەکانییەوە تەماشای پێشڤەچوونی ئەم هزرە بکەین، مێژووی تیۆریستەکانیش مێژوویەکی کارەساتاویە، چونکە ئالتۆسێر دووچاری جۆرێك لەشێتی هاتبوو و بەشی زۆری دە ساڵی کۆتایی ژیانیشی لەشێتخانەیەك بەسەر برد، دوای ئەوەی ژنەکەی خۆی کوشت، پێم وایە ئەم ڕاستییانە دەبێت بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە باسیان لێوە بکرێتو هەرگیز نەبنە هۆی ئەوەی لەو بەشدارییە هزرییە قووڵە کەم بکەنەوە کە ئەم دوو کەسە پێشکەشیان کردووە. ئێستا دەتوانم بڵێم من زیاتر هاوسۆزم لەگەڵ مارکسیزمی بونیادگەری، بە بەراورد لەگەڵ دە ساڵ بەر لەئێستا کە ئەم بەشەم نووسیوە، هۆی ئەوەش بۆ کۆتایی ئەم بەشە جێدەهێڵم.

## ئامانجەکانی مارکسیزمی بونیادگەری

مەسەلەی (مردنی خود) بۆتە مەسەلەی هەرە لەپێشینەی مارکسیزمی بونیادگەریو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێمە خۆمان دروستکەری کارەکانی خۆمانینو هەستەکانیشمان لەهەندێك لایەنەوە هەستی هەڵەن، یا ئایدیۆلۆژین، ئەوەی بەڕاستی ڕوو دەدات ئەوەیە کە بونیادە کۆمەڵایەتییە شاراوەکان، کارەکانی ئێمە دەستنیشان دەکەنو لەمیانەی ئەو کارانەوە کار دەکەنو کارەکانی ئێمە سەر لەنوێ ئەم بونیادانە بەرهەم دێنێتەوەو گەشەیان پێدەدات، یا هەندێکجاریش لەڕێگای شۆڕشەوە تەحویلیان دەکات.

بەپێی ئەم بۆچونە، مرۆڤ وەکو بووکۆڵەیەك وایە لەدەستی بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو بونیادەش خۆی دەبێتە جۆرێك لەو ئامێرانەی بەردەوام لەبزاڤدان. ئەوەی گەرەکمە بیڵێم، ئەوەیە کە ئەو تیۆرە تەواو دەستەوەستانە کاتێك باس لەکردەی کۆمەڵایەتی دەکاتو وەسفی ئەو داوانە دەکات کە ئەو بووکۆڵانە دەجوڵێنن، ئەگەرچی لەشیکردنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتیدا سوودمەندە.

ئەم بەشە، یەکەم بەشە مامەڵە لەگەڵ تیۆرێك دەکات کە لایەنە مەعریفییەکانی، ئەوانەی پەیوەستن بەچۆنیەتی ئیدراك کردنی جیهان، بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە پەیوەستە بەلایەنی سیاسییەوە کە بریتییە لەبانگەشە کردن بۆ گۆڕینی جیهان. لەو خاڵەشدا ئێمە دووچاری ئیشکالییەتێك دێینەوە: ئەگەر خۆمان وا حیساب کرد کە

دروستكەری بونیادە كۆمەڵایەتییەكانین، باشە چۆن دەتوانین ئەو بونیادانە بگۆڕین؟ ئەوەش ئیشكالییەتێكە بەردەوام ڕوو بەڕوومان دەبێتەوە.

ئێستاش دەڕوانمە چوارچێوە واقیعیو سیاسییەكەی ماركسیزمی بونیادگەری، ڕەنگە ئەوەی ئێمەی دانیشتوانی خۆرئاوا كێش دەكات، بەتایبەتیش لەم كاتانەدا، ئەوە بێت كە دەبینین ماركسیزم وەكو یەكەیەكی یەكانە وایە لەسەر ئاستی تیۆرو پراكتیكداو وەكو سیستەمێكی تۆتالیتاری دەبینین كە دەستی بەكۆمەڵێك بۆچوونو ڕێنمایی بەردینییەوە گرتووە لەبارەی جیهانو زیاتر لەئاین دەچێت نەوەكو زانست. ئەوەی هەندێك ڕاسگۆیی بەم قسانە دەبەخشێت، ئەو ڕووداوانەن كە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لەئەوروپای خۆرهەلات ڕوویانداوە، یا واقیعیتر بڵێین، لەماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوە، چونكە ئەو چەقبەستنەی تووشی تیۆرەكەو ئەو سیستەمانە هات كە تەبەنیان كرد، ئەوەندە تووند بوو، بەشێوەیەك ئەستەم بوو لەناوەوەڕا نوێ بكرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، وتوویژ لەنێوان ماركسیزمدا كۆتایی نەهاتبوو و هەر بەدەوام بوو، ئەم وتوویژەش لەخۆرئاوادا گەرمو گوڕتر بوو كاتێك حیزبە شیوعییەكان هەوڵیاندەدا دەنگی دەنگدەران بۆ خۆیان ڕاكێشن، ئەوەش مەسەلەیەك بوو هەرگیز تێیدا سەركەوتوو نەبوون.

سەرهەڵدانی ڕەوتی (كۆمۆنیزمی ئەوروپی) یەكێك بوو لەئەنجامەكانی ئەم وتوویژە درێژەی نێو ڕیزەكانی كۆمۆنیزمی ئەوروپی. وتوویژەكە بەردەوام بوو، ئەو وتوویژەی سەرەتا لەبارەی پرسی تایبەت بەشێوازی خەبات لەپێناو پاراستنی مانەوەی ئەم حیزبانە بوو وەكو هێزێكی سیاسی، ئەو وتوویژە بەردەوام بوو بۆئەوەی ئەو پرسەش بگرێتەوە كە ئایا ماركسیزم دەتوانێت چ شتێك پێشكەش بكات بۆ تێگەیشتن لەجیهان، یا بەمانایەكی تر، تێگەیشتن لەسروشتی خودی ئەو جیهانە (واتا تێگەیشتن لەسەرمایەداری نوێ).

ماركسیزمی بونیادگەری، هەروەكو بونیادگەری لەفەرەنساوە سەری هەڵدا، لەم بەشەدا باس لەكارەكانی لویس ئەلتۆسێر دەكەم، كە ناودارترین پێشەنگی بونیادگەرییەو كەمێكیش بەكورتی كارەكانی نیكۆلاس بۆلانتزاس دەخەمە ڕوو. ئەلتۆسێرو بۆلانتزاس لەچوارچێوەی سۆسیالیزمی نوێدا نوێنەرایەتی میتۆدی تەقلیدییانەی ماركسیزمنو ماركسیزم وا دەبینن كە زانستێكە مەعریفەیەكی زانستیان پێدەدات لەبارەی جیهانەوەو دەشێت بۆ دانانی نەخشەو پلانێكی سیاسی بەكار بێت، تاوەكو لەمیانەیدا

چینی کرێکار بگەنە سەر لوتکەی دەسەڵات، فۆێنەری چینی کرێکاریش بریتییە لەحیزبی شیوعی کە هەڵگری ئەو مەعریفەیەو ئەندازیاری بزاڤی سیاسییە. لەنێو کارەکانی هەردووکیاندا نەزعەی (ئێمە لەسەر حەقین) بەدی دەکەین و بەتووندی دەست بەڕاو بۆچوونەکانی خۆیانەوە دەگرن و ئارەزووی باڵادەستی حیزب بەڕوونی لەو گوتەیەدا (حزب باشترە دەزانێت) خۆی دەردەخات کە بەداخەوە بۆتە یەکێك لەسیفەتەکانی مارکسیزمی تەقلیدی.

لەهەمان کاتیشدا، کۆمەڵێك تەئویلی قووڵیان پێشکەشکردووە کە دەبنە هۆی وروژاندنی تێڕامان لەبارەی مارکسیزمەوەو بەچەند شێوەیەکی جیاواز لەهەردوو لایەنی ئۆقیانوسی ئەتلەسییەوە کاریگەری ڕوون و ئاشکرایان هەبووە. لەبەریتانیادا بوونەتە هۆی قووڵکردنەوەی ڕوئیا، هەندێکجاریش بەرهەمهێنانی کاری ڕەسەن، بەتایبەتیش لەنێو فەلسەفەی زانستەکاندا، بۆ نموونە، ئەو کارانەی باسکر کە لەدەروازەی ئەم کتێبەدا قسەمان لەبارەیەوە کرد، زۆر قەرزاری ئەو وتووێژانەیە کە تۆوەکەی لەنێو کارەکانی ئەلتۆسێردا سەریان دەرهێنابوو. لەئەمریکاش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دەوڵەمەندی پراکتیکی لەبارەی بونیادی چینایەتی و لەنێو کارەکانی ئەریك ئۆڵن ڕایت ــ دا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو شێوە پێشکەوتووەی مارکسیزمی تەقلیدی کە لەسەر دەستی ئەم دووانەدا سەری هەڵدا، ئاراستەی دوو مەبەست کراوە کە بە (خۆکردی یا خۆبەخشی) و (ئابووری)یەوە ناسراون. نەزعەی ئابووری - economism شێوەیەکە لەشێوە سادەکانی مارکسیزمی تەقلیدی و گریمانەی ئەوە دەکات کە هەموو دیاردەکان لەسەر ئاستی ئابووری کۆمەڵگاوە سەر هەڵدەدەن و هەرشێوەیەك لەشێوەکانی ڕێکخستنی ئابووری دەستنیشانی سروشتی کۆی کۆمەڵگا دەکات و ڕێکخستنی سیاسی و بیرو بۆچوون و هەموو شتەکان دەگرێتەوە. ئەو ڕەوتە گریمانەی ئەوەش دەکات کە پێشڤەچوونی مێژووش مەحکومە بەخودی ئەم شێوە ڕێکخستنە ئابوورییەوە و گەشە کردنیش لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم کارێکی حەتمییە.

**ڕەوتی خۆکردی** ــــ Volunatarism، گریمانەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ، نەوەکو هەر تەنیا شێوازی ڕێکخستنی ئابووری، بەڵکو ئەو شتانەش دیاری دەکەن کە ڕوو دەدەن و مرۆڤیش ئازادن، بەلام بەهۆی جۆرێك لەجۆرەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لەسەرمایەداری بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ ئازادی خۆیان لەدەست بدەن. سۆسیالیزم ئەو کاتە بەدی دێت کە مرۆڤ ئەو حەقیقەتە درك پێدەکەن و جارێکی تر

ئازادییە لەدەستچووەکەیان بەدەست دێننەوە. ئەو تێڕوانینە زۆر قەرزباری کارە بەراییەکانی مارکسە، بەتایبەتیش دەستنووسەکانی ساڵی(١٨٤٤)، ئەو تێڕوانینە لەدوای ساڵی (١٩٦٠)ەوە لای فەرەنسییەکان گرنگ بوو، لای ئەوانەی داوایان دەکرد گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر سروشتی بزاڤی سیاسی و شێوەی ڕێکخراوەیی حزبە شیوعییەکاندا بێت. بەو جۆرە ئەلتۆسێر مەبەستی بوو لەیەک کاتدا خۆی لەمارکسیزمی تەقلیدی بەدوور بگرێت و بەرگریشی لێبکات، ئەوەش ڕوویکە لەڕووەکانی ئەو ئیشکالییەتەی لەسەرەتای ئەو باسەدا ئاماژەم بۆ کرد.

لێرەدا بەر لەوەی لەسەر قسەکانم بەردەوام بم، پێویستە دوو خاڵ تۆمار بکەم، یەکەمیان، ئەوەیە ئەلتۆسێر بەردەوام ئەوەی ڕەتکردۆتەوە لەژێر کاریگەری بونیادگەریدا بوو بێت کە ئەو ناوی دەنا(ئایدۆلۆژیا) ــ ئەو چەمکەش لەنێو مارکسیزمدا دوو مانای هەیە: یەکەم، ئەو ڕووگە هزرییەیە کە تاکە کەسێک یا کۆمەڵگا دەیگرێتە بەر. دووەم، بریتییە لەو هزرە شێوێنەرەی کە وشیاری مرۆڤ فریو دەدات، دیارە لێرەدا بەمانای دووەم بەکار دێت ــ زیاتریش پێدەچێت ئەو ڕەتکردنەوەیە سروشتێکی سیاسییانەی هەبوو بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری بونیادگەری بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێک بۆچوونەکانی دەخەمە ڕوو. دووەم، ئەلتۆسێر لەسەرەتای حەفتاکاندا کتێبێکی بچووکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (چەند وتارێک لەبارەی ڕەخنە لەخۆگرتن)و تێیدا هەندێک گۆڕانکاری لەو چوارچێوە هزرییەی خۆی کردووە کە لەشەستەکاندا بونیادی نابوو، من بەشێوەیەکی سەرپێیانە نەبێت، ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ناکەم، چونکە پێم وایە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەسەنایەتی لەتیۆرەکە دابماڵێ و هیچ شتێکی تازەشی بۆ زیاد ناکات. کەچی ڕەخنە گرنگ و بونیادنەرەکان، لەلایەن ئەو کەسانەوە هاتوون کە هەوڵیانداوە کارەکانی پێشڤە ببەن و بەکاری بێنن.

## سروشتی تیۆرەکە

لەم بەشەدا، بەپێی توانا هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هزرەکان نمایش بکەم و بەچەمکی تیۆر لای ئەلتۆسێر دەست پێبکەم، ئەو چەمکەی هەڵگری هەندێک ئیشکالییەتە کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو میتۆدە پارچە پارچە بێت. وا چاکە کاتێک مارکسیزمی بونیادگەری دەخەینە ڕوو، بەردەوام ئەوەمان لەبیر بێت کە ئێمە لەسەر شێوەی پارسۆنز گەڕاوینەتەوە نێو جیهانی تیۆری تۆتالیتاری، کە هەوڵدەدات چەمکی وا پێشڤە ببات بەیەکەوە کەسی بکەرو کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت، ئەگەر پارسۆنز شیکردنەوەکانی خۆی بەبکەر دەست پێدەکات، ئەوە مارکسییە بونیادگەرەکان

لەکۆمەڵگاوە دەست پێدەکەن، هەردوو بۆچوونیش شکست دێنن کاتێك لەیەکیانەوە دەگوازنەوە بۆ ئەویتر (واتا لەکۆمەڵگاوە بۆ بکەرو بەپێچەوانەشەوە).

ئەلتۆسێریش وەکو پارسۆنز، نووسەرێکی زەحمەت و ئاڵۆزەو لەهەندێك لەنووسینەکانیدا دەسبەرداری گەیاندنی بیرۆکەکانی خۆی دەبێت بۆ خوێنەر لەپێناو مەبەستێکی پووچدا کە بریتییە لەوردبوونەوە لەبابەتێك کە لەسروشتی خۆیدا ورد نییە. کەچی ئەلتۆسێر بەپێچەوانەی پارسۆنز، سەرکەوتووە لەوەی سەرگەرمییەکی ڕاستەقینەو بایەخێکی زۆر بخاتە سەر تیۆرەکەی بەشێوەیەك کەمتر لای شوێن کەوتووانی بەدی دەکرێت.

ڕەنگە یەکێك لەئاڵۆزییەکانی ئەلتۆسێر، ئەو ئیشکالە بێت کە لەهەموو نووسینەکانیدایە لەنێوان دوو تێڕامانی جیاواز بۆ تیۆر، لەنێوان پێداویستی بۆ دۆزینەوەی شێوازێك لەسایەیەوە بەپشت بەستن بەڕووداوەکان بتوانرێت هەموو تیۆرێك تاقیبکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەو تیۆرە قسە لەبارەی شتی واش بکات کە ناتوانین بیان بینین، لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی پێی وایە بیرو بۆچوونەکانی ئێمە لەبارەی جیهانی کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا ئەو ڕووداوانە دروست دەکات کە دەیانبینین. ئەو ڕایەی دوایی هاوشێوەی ئەو ڕایەیە کە بونیادگەرەکان تەبەنی دەکەن، وەکو ئەوەی لەبەشی ڕابردوو بینیمان.

پێم وایە هەندێکجار ئەلتۆسێر بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەو جیهانەی ئێمە دەیبینین بەشێوەیەك لەشێوەکان لەسایەی ئەو بونیادە تیۆرییەی پراکتیکی دەکەین ئافرێدە کراوە، چونکە هەموو تیۆرێکی زانستی جیهان بەتایبەتی خۆی لەبابەتە تیۆرییەکان ئافرێدە دەکات و پێی وایە یەکێك لەسیما دیاریکراوەکانی زانست ئەوەیە کە جیهانێك لەبابەتە تیۆرییەکان ئافرێدە دەکات جیاوازە لەو جیهانەی ڕۆژانە لەژیاندا دەیبینین، بەڵام جیهانێکە کەسی زانا لەمیانەی چالاکی زانستی خۆیدا بەدی دەکات و دەیبینێت.

کێشەی ئەو ڕایە لەوەدایە گریمانی ئەوە دەکات کە هەموو تیۆرێك جیهانی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەستەمی ناسینەوەی جیهانی ڕاستەقینە لەدەرەوەی ئەم تیۆرە، ئەو جیهانەی بۆ دڵنیابوون لەڕاستی تیۆرەکانمان پشتی پێدەبەستین. ئەوەش مانای وایە ئێمە ناتوانین حوکم لەنێوان تیۆرەکاندا بکەین، چونکە هەر یەکێکیان بەدوای جیهانی تایبەتی خۆیەوەیەتی، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکەین کە هەر تیۆرێك تەنیا بەسەر ئەو جیهانە تایبەتییەدا دەگونجێت کە سەر بەئەوە. ئەم ڕایەش مارکسیزمی تووشی دووچاری کێشەیەکی ڕاستەقینە دەکاتەوە، چونکە هەوڵدەدات

ئەوە بسەلمێنێت کە تاکە تیۆرو زانستی کۆمەڵگایە.

پێشتر پارسۆنز بابەتی تیۆری لەبارەی سەمتی گشتی کردەو سەمتە لاوەکییەکان پێشکەشکردوە، باشە ئێمە بەپێی چ بنچینەیەك لەیەکیان جیا بکەینەوەو کامیان پەسند بکەین؟

ڕایەکەی تری ئەلتۆسێر لەبارەی تیۆر وەڵامی ئەو پرسیارە، یا بەلایەنی کەم، وەڵامێکی جوزئی ئەو پرسیارەیە، ئەگەرچی تیۆر جیهانێك لەبابەتی تیۆری تایبەت بەخۆی ئافرێدە دەکات، ئەوە ئەو بابەتانە هەندێك پێوەندییان بەو بابەتە ڕاستەقینانەوە هەیە کە وجودێکی سەربەخۆیان هەیە لەجیهاندا ـ سەربەخۆ جا لەتیۆر بێت یا لەئیمکانییەتی بینینی ئێمەوە بێت. ئەم ڕایەش نزیکە لەوەی لەسەرەتای ئەو کتێبەوە دەستم پێوەگرتووە کە بریتییە لەوەی تیۆر دەستنیشانی بونیادی کۆمەڵایەتی وا دەکات کە ناکرێت تێبینی بکرێن، بەڵام بونیادی ڕاستەقینەن و سروشتی ئەم بونیادانە ڕاڤەی ئەو شتانە دەکات کە دەتوانین تێبینیان بکەین. ئەم قسەیەش پرسیارێك بەکراوەیی بەجێدەهێڵێت، ئەویش ئەوەیە، چۆن لەوە دڵنیابین کە تیۆرەکانمان ڕاستن، یا بەلایەنی کەم لەئەوانیتر باشترن و چۆن لەوە دڵنیابین کە ئێمەبونیادە شاراوە ڕاستەقینەکانمان ناسیوە، یا بەپێی گوزارشتی ئەلتۆسێر چۆن خاوەنداریێتیان دەکەین؟ مادام هەر تیۆرێك بابەتی تیۆری تایبەت بەخۆی ئافرێدە دەکات و موڵکداریێتی ئەو بونیادانە دەکات کە ناکرێت تێبینی بکرێن، ئەوە ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ لەوەی کە دەیبینین هیچ تیۆرێك تاقی بکەینەوە. کەواتە چیبکەین؟

ئەو کێشەیە لای ئەلتۆسێر پەیوەستە بەکێشەی چۆنیەتی ناسینمان بۆ زانست، واتە چۆن زانست و نازانست لەیەکتری جیا دەکەینەوە؟ زانست بەیەکجار حەقیقەتمان پێنادات، بەڵکو بەچەند قۆناغێك یا شۆڕشدا تێدەپەڕێت، یەکەمیان قۆناغی دامەزراندنە، واتە ئەو چرکە ساتەی تێیدا بابەتە تیۆرییەکانی خۆی ئافرێدە دەکات. پاش ئەوەش، دەڵێت دوو پێوەر هەیە دەتوانین لەسایەیانەوە زانست بناسینەوە، یا ئەوە پیشان بدەین یەکێك لەتیۆرەکان لەویتر لەزانست نزیکترە. منیش پێم وایە یەکێك لەو نوو پێوەرە زۆر سوودمەند نییە، کەچی ئەویتریان بەشێوەیەکی جوزئی سودمەندە، لەکوتاییشدا سودە جوزئییەکەی دەبێتە هۆی داڕمانی تیۆرەکە. پێوەری یەکەم ناو دەنێت کرانەوەی سیستەمی هزری نێو تیۆرەکە، واتا کرانەوەی کۆمەڵی ئەو چەمکانەی کە تیۆرەکە پێکدەهێنێت. ئەگەر تیۆرەکە بریتی بێت لەکۆمەڵی ئەو چەمکانەی یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لەجیهان، ئەوە کار بۆ ئەوە دەکەن وامان لێبکەن پرسیار لەبارەی چەمکەکان

بوروژێنین، واتە وامان لێدەکەن کێشەکان بخەینە ڕوو، یا لێرەوەیە وشەی problematic سەرچاوە دەگرێت. بەڵام سیستەمی هزری داخراو، وەکو ئەوەی ئەلتۆسێر دەڵێت واتا نازانستی، یا ئایدۆلۆژی، ئەوە پرسیار دەوروژێنێت، بەڵام پێشتر گریمانەی وەڵامەکان دەکات. با وەکو نموونەیەك ئایینی مەسیحی وەربگرین، ئەم ئایینە وامان لێدەکات پرسیاری لەو جۆرە بخەینەڕوو: ئەگەر خوا میهرەبانە، ئەی بۆچی ئازاری دروستکردووە؟ ئەگەر ئێمە مەبەستمان نەبێت ئایین بروخێنین، ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارە پێشتر گریمانکراوەو دەبێت وەڵامێك بێت پاریزگاری لەبیرۆکەی میهرەبانی خوا بکات. پێم وایە ئەو حوکمە بەسەر هەموو تیۆرێکدا ڕاستە، جا تیۆری زانستی بێت یا جۆری تر. بۆ نموونە، لۆژیکی تیۆری مارکسی بەرەو ئەوەمان دەبات پرسیار بکەین بۆچی شۆڕشی سۆسیالیزمی لەو وڵاتانەدا ڕوونادات کە سەرمایەداری پێشکەوتوون؟ وەڵامێك کە پشت بەهاوسەنگی فرمانی نێوان سیستەمە لاوەکییە جیا جیاکان ببەستێت، دەشێت بنچینەی تیۆرەکە دارمێنێت، چونکە گریمانەی ئەوە دەکات سەرمایەداری ماوە ماوە دووچاری قەیران دێت، بۆیە دەبێت وەڵامەکەی لەبری ئەوە ئاماژە بۆ پێشقەچوونی جۆری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ململانێی چینایەتی و ئەم مەسەلانە بکات، واتا دەبێت ئامرازە هزرییەکانی تایبەت بەم تیۆرە لەخۆیەوە بگرێت و دەست بەو گوتە بنچینەییانەوە بگرێت کە بەرەو ئەو ئامرازانەمان دەبەن.

پێوەری دووەم بۆ زانستی هەر تیۆرێك لای ئەلتۆسێر ئەوەیە کە ناوی دەنێت سیستەمی نمایشکردنی چەمکەکان لەنێو تیۆردا، ڕەنگە تۆش تێبینی ئەوە بکەیت و لەوەشدا حەقی خۆتە کە ئەم پێوەرە زۆر ئاڵۆزو ناخۆشە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی خۆم پێم وایە مانای ئەوەیە کە هەرچەندە چەمکەکانی تیۆر لەلایەنی عەقڵانی و لۆژیکییەوە پەیوەستی یەکتری بوون و زیاتر پشتیان بەیەکترییەوە دەبەستاو توانرا چەمکێك لەیەکێکی تر هەڵبهێنجرێت، ئەوە ئەم تیۆرە زانستی ترە. منیش گوتبووم پتەوی لۆژیکی یا عەقڵانی یەکێکە لەو ڕێگایانەی دەتوانین لەسایەیەوە حوکم لەڕاستی هەر تیۆرێك بکەین، بەڵام ڕێگای تریش هەیە وەکو ئەو بەهێزەو بریتییە لەو ڕاڤەکردنەی تیۆرەکە پێشکەشی دەکات ـ واتا ئەو مەدایەی دەیگرێتەوە ـ و مەدای توانای دڵنیابوونی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەخۆ لەڕێگای تێبینیەوە لەڕاستی. هەموو ئەو پێوەرانە ڕۆڵیان هەیە لەپیشاندانی ڕاستی هەر تیۆرێك، مەسەلەکەش هەر ئەوە نییە بەپێی بنچینەی ئەم پێوەرانە تیۆرێك قبووڵبکرێت یا ڕەت

بکرێتەوە. هەروەها گوتم کێشەکە لێرەدا ـ بەبێ ڕەچاوکردنی مەبەستمان لەپتەوی لۆژیکی یا عەقلانی ـ ئەوەیە کە خودی جیهان کیانێکی لۆژیکی و پتەو نییەو جێگای گوومانە بتوانرێت تیۆرێك دابنرێت تەواو پتەو بێت، ئەگەر ئەوە بکرابوایە ئەوە تیۆرەکە وەکو چنینێکی لێدەهات کە هیچ درزێکی تێدا نەبێت و سەرەتاو کۆتاییشی نەبێت. گەڕان بەدوای ئەم چنینە تیۆرییە بوو پاڵی بەلایەنگرانی ئەلتۆستێرەوە نا، بەتایبەتیش لایەنگرە ئینگلیزییەکانی، بۆئەوەی تیۆرەکە بەش بەش بکەن، چونکە ئەلتۆسێر خۆی لەوە زیاتری بۆ نەهێشتبوونەوە.

بەم جۆرە، لای ئەلتۆسێر تیۆر بابەتی تیۆری تایبەت بەخۆی ئافرێدە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی بابەتی ڕاستەقینەیە، بەڵام ناکرێت تێبینی بکرێن ـ وەکو بونیادە کۆمەڵایەتییە شاراوەکان ـ و تیۆری زانستی تیۆرێکی عەقڵانی و پتەوە، چونکە خۆی بابەتی تیۆری بەرهەم دێنێت. دەبێت جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە ئەلتۆسێر قسە لەبارەی تیۆر دەکات نەوەکو تیۆریست کە تەنیا دروستکەری بونیادی تیۆرییە. ئەلتۆسێر هەوڵدەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئێمە لەنێو کارەکانی مارکس ـ دا شۆڕشی تیۆری دەدۆزینەوە ـ یا ئەوەی بریتییە لەکردنەوەیەك لەمەعریفەدا ـ ئەو شۆڕشەی بنچینەی زانستێکی دانا لەبارەی کۆمەڵگاوەو بونیادی هزری ئەم زانستەش لەنێو کارە دواییەکانیدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتیش لەنێو کتێبی (سەرمایە)دا. ئەم ڕایەش بەشێکی سەرەکی بانگەشەکەیەتی لەدژی نەزعەی مرۆڤگەرایی، چونکە کارە بەراییەکانی مارکس کە سەرچاوەی ئەم نەزعەیەن، کاری نازانستین. بەم ڕایەش، ئەو وەکو مارکسیستە هاوچەرخەکانی تر نییە بانگەشەی ئەوە بکات هاتووە تیۆرەکەی مارکس پێشڤەببات یا ڕاڤەیان بکات، بەڵکو ئەو هاتووە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە ئەو شتانە نمایش دەکات کە مارکس گوتوویەتی. ئەوەش بەشی هەرە زۆری کارەکانی ئەلتۆسێر بەشێوەی ڕاڤەکردنی ئینجیلی دەردەخات، واتا پەردە لادان لەسەر حەقیقەتی پیرۆز.

تیۆرەکەی ئەلتۆسێر تاڕادەیەك ڕاستگۆیی بانگەشەکانی خۆی دەخاتە ئەستۆی ئەوەی کە ـ مارکس بەڕاستی وای گوتووە ـ بەڵام هیچ هۆیەك نییە بۆئەوەی ئەم قسەیە بەجدی وەربگرین، چونکە ئێمە دەتوانین وا تەماشای ئەلتۆسێر بکەین کە تیۆرەکەی مارکسی پێشڤەبردووە، بەم شێوەیەش دەتوانین زیاتر لەکارەکانی سوودمەند بین، لەوەی سەرقاڵی قسە بین لەبارەی دەقی پیرۆزەوە.

### تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی ئەلتۆسێر چەمکە بنچینەییەکان ـــ بونیادو

## موماره‌سه‌كان

ئێستاش دێینه سه‌ر چه‌مكه بنچینه‌ییه‌كانی تیۆره كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كه‌ی ئه‌لتۆسێرو هه‌وڵده‌ده‌ین خۆمان له‌لایه‌نه سه‌خت و دژواره‌كانی شێوازه‌كه‌ی لابده‌ین. ئه‌و چه‌مكانه، هه‌مان ئه‌و چه‌مكانه‌ن كه سیسته‌مه زانستییه‌كه‌ی ماركس پێكده‌هێنن، سه‌ره‌تا ده‌روانمه هه‌ره گشتییه‌كان و نه‌خشه‌یه‌ك بۆ ئه‌و ئامێره كۆمه‌ڵایه‌تییه داده‌نێم كه دروستكراوه‌كانی مرۆڤ ده‌جوڵێنێت و به‌هه‌ردوو بیرۆكه‌ی موماره‌سه‌و بونیاد ده‌ست پێده‌كه‌م و چۆن ئه‌م دوو بیرۆكه‌یه له‌نێو چوارچێوه‌ی نموونه‌ی ئه‌لتۆسێر بۆ ڕێكخستنی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌یه‌كه‌وه كۆ ده‌كرێنه‌وه، دواتر كه‌مێك به‌وردی ده‌روانمه ئاستی بنچینه‌یی پێكهاتنی كۆمه‌ڵایه‌تی، واتا بونیادی ئابووری و چۆن ئه‌م جۆره شیكردنه‌وانه یارمه‌تیمان ده‌ده‌ن بۆ جیاوازیكردن له‌نێوان كۆمه‌ڵگاكان.

ئه‌لتۆسێر زاراوه‌ی موماره‌سه بۆ ئه‌وه به‌كاردێنێت تاوه‌كو ئاماژه بۆ كرده‌ی مرۆڤایه‌تی بكات و ئه‌م زاراوه‌یه‌ش ڕۆڵێكی گرنگ ده‌گێڕێت له‌نێو تیۆره‌كه‌یدا بۆ به‌تاڵكردنه‌وه‌ی كرده هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه له‌و لایه‌نانه‌ی به‌گرنگ داده‌نرێت وه‌كو مه‌به‌ست و هه‌ڵبژاردن. موماره‌سه سێ توخم له‌خۆیه‌وه ده‌گرێت و نموونه‌كه‌شی موماره‌سه‌ی ئابوورییه، واتا كرده‌ی به‌رهه‌مهێنانی شتێك له‌شتێكی تره‌وه، چونكه ماده‌ی خام و شێوازه‌كانی به‌رهه‌مهێنان و هێزی كارو ئامێرو له‌كۆتاییدا كاڵای دروستكراو هه‌یه. توخمی یه‌كلاكه‌ره‌وه له‌موماره‌سه بریتییه له‌كۆی هێزی كارو شێوازه‌كانی به‌رهه‌مهێنان، تێیدا هێزی كار وه‌كو به‌نزینه بۆ شێوازه‌كانی به‌رهه‌مهێنان، واتا بكه‌ر ئه‌و هێزه‌یه كه‌شته مادییه‌كان ده‌جووڵێنێت. بێگومان ئه‌لتۆسێر وه‌سفێكی مه‌جازی زۆر له‌ڕوخساره‌كانی كار ده‌كات وه‌كو: خه‌ڵك ده‌بنه دیلی ده‌ستی ئامێره‌كانیان، ده‌بن به‌و به‌نزینه‌ی له‌سایه‌یه‌وه ئامێره‌كان له‌جووڵه به‌رده‌وام ده‌بن، به‌شێكی زۆری كرێكاره پیشه‌سازییه‌كان بواری هه‌ڵبژاردن یا مه‌به‌ستیان له‌به‌رده‌مدا نییه‌و ناچارن ئه‌م كارانه ئه‌نجام بده‌ن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا جیاوازییه‌ك هه‌یه له‌نێوان وه‌سفی مه‌جازی بۆ ئه‌وه‌ی له‌كاتی كاركردندا، ئه‌وه‌ی ئه‌و وه‌سفه بنچینه‌ی تیۆرێكی كۆمه‌ڵایه‌تی بێت. به‌هه‌رحاڵ، وا ته‌ماشای كرده‌ی مرۆڤ ده‌كرێت له‌كۆمه‌ڵێك موماره‌سه پێكدێت كه ده‌كرێت به‌شێوه‌یه‌كی شیكاری له‌یه‌كتری جیا بكرێنه‌وه، به‌ڵام له‌سه‌ر شێوه‌ی نموونه‌ی موماره‌سه‌ی ئابووری دارێژراوه. موماره‌سه‌ی سیاسی پێوه‌ندییه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان له‌ڕێگای ڕێكخستنی سیاسییه‌وه ده‌كاته ماده‌یه‌كی خۆی، له‌كاتێكدا خه‌ڵك له‌ڕێگای موماره‌سه‌ی

ئایدیۆلۆژییەوە دەڕوانـنە جیهانو خـۆیان، بەڵام مومارەسەی تیۆری ئایدیۆلۆژیا دەكات بـەمادەی كـاری خـۆی، ئـەوەش لـەڕێگای سیســـتەمی هـــزری تـــیۆرەوەو لەپێـــناو بەرهەمهێنانـی مەعـریفەداو تێیدا زانا دێت (هێزێكـی بیركـەرەوە) پێشـكەش دەكـات. لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوشـێوە بـوون بـەردەوام لەگـەڵ مومارەســەی ئابـووریدا ڕوون نیـیە، چونكە پێم وایە ڕۆڵی بكەر لەسەر ئاستی سیاسـیو ئایدیۆلـۆژی زۆر گـرنگترە. دواتـر دەگەڕێمـەوە سـەر ئـەم خاڵـە، بـەڵام ئێسـتا هــەرباس لەمەســەلەی مومارەســەی تــیۆری دەكـەین، چونكە وەكو ئەوەی ئەلتۆسێر پێی وایـە جیاوازییەكـی بنچـینەیی دەردەخـات لەگەڵ تیۆرو ئەو تیۆرەی لایەنگرانی تیۆری كردە وێنای دەكەن.

تـیۆر لای لایەنگرانـی تـیۆری كـردە بـریتییە لەڕۆچـوونە نـێو توێژینـەوەی مەعــریفەی ژیانـی ئاسایی، یا ئاشكراكردنی ئەوەی كە پێشـتر لای خـەڵك زانـراو بـووە. كەچـی لای ئەلتۆسێر تیۆر بریتییە لەگۆڕینی مەعریفەی ئاسایی، یا گۆڕینـی جیهانـی ئایدیۆلـۆژیو لای ئـەو ئەنجامـی كۆتایـی تـەواو جـیاوازە لـەمادەی خام، ئەگـەر ئێمە بمانتوانیبووایە تیۆرێك بونیاد بنێین لەبونیادی كۆمەڵایەتی دەست پێبكات لەبەرانبەر تیۆرێكی دابنێین كـە لەكـردەوە دەسـت پێدەكات، ئـەوە ڕوون دەبـــۆوەكـــە پێشـــتر گـــووتم وێناكردنـــی ئەلتۆسـێر بـۆ تـیۆر لـەوە نـزیكترە كـە ئـێمە گەرەكمانـە. هـیچ هۆیەكـی پێشـینەیی نیـیە ڕێگـر بێت لەبـەردەم درێژبوونـی لیسـتی ئەو مومارەسـانە بەشـێوەیەك كۆتايـيان نەيـەتو ئەلتۆســـێر خـــۆی مومارەســـەی هـــونەری خستۆتە نـێو لیسـتەكەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـــەم ســـێ مومارەســـەیەی باســـكران زۆر گرنگن، چونكە بنچینەیەكمان پێدەدەن بـۆ شیكردنەوەی كۆمەڵگا: بنچینەی ئابووریو سیاسیو ئایدیۆلۆژی.

هـەر یـەك لەم مومارەسانە لەنێو چوارچێوەی بونیادێكی دیاریكراودا بەڕێوە دەچن، واتا لەنـــێو كۆمەڵـــێك پـــێوەندی دروســـتكراو لـەبارەی تـوخمە سـەرەكییەكانی مومارەسـە كە مادەی خاوو شێوازەكانی بەرهەمهێنانو بەرهەمـی كـۆتايين. ئـەو بونیادانەی كـە ئـەم مومارەسـەيان تـێدایە، ئاسـتی بنچـینەیی كـــۆمەڵگا پێكدێـــنن، ئاســـتی ئابـــووریو سیاسیو ئایدیۆلۆژی. دەكرێت وا تەماشای هەموو كۆمەڵگاكان بكرێت وەكو ئەوەی لەم سێ‌ئاستە پێكدێنو بەیەكەوەش پێكهاتنی كۆمەڵایەتـی یـا بونـیادی بونـیاد پێكدێـنن. قســەكردنیش لــەبارەی بوونــی ئــەم ســێ بونـیادە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە كـە مـاركس پێشتر وای گوتووە. من نامەوێت لەگەڵ ئەم تێڕوانینە ناكۆك بمو پێم وایـە شـێوازێكی بەسوودە بۆ بینینی جیهانو دوای كەمێكی تر سوودەكەی دەردەكەوێت. كەچی ئێستا، واچاكە ئاماژە بـۆ ئـەوە بكـەین كـە هـەردوو زاراوەی ئاسـتی (سیاسـی)و (ئایدیۆلـۆژی)

مانایەکی لەوە فراوانتریان هەیە کە ئێمە لەژیانی ڕۆژانەماندا پێیاندەدەین، لەبەرئەوەی دەکرێت وا تەماشای بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوەکان بکەین وەکو ئەوەی ڕێکخراوی سیاسیو ئایدیۆلۆژین، ئەم زاراوەیەی دووەمیش ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازانەی لەمیانەیدا خۆمانو جیهان دەبینین، دابەشکردنی کۆمەڵگاش بۆ سێ ئاستی بەم شێوەیە زیاتر مەبەست قسە لەسەرکردنە لەنێو تیۆری کۆمەڵایەتیدا.

## هۆکاریێتی بونیادگەریو زێدە حەتمییەت

یەکێك لەو جیاوازییە گرنگانەی نێوان ئەلتۆسێرو بونیادگەرە تەقلیدییەکان، ئەوەیە کە ئەو بیرۆکەی هۆکاریێتی لەبەرانبەر بیرۆکەی (بنەماکانی گۆڕان) بەکاردێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر جەخت دەکاتە سەر گرنگی پێوەندییەکان، بەڵام بیرۆکەی (هۆکارەکان) کە ئەلتۆسێر لەبارەیەوە دەنووسێت، ئەوە ناچێتە نێو توخمەکانی بونیادو مەبەستو نیازەکانی خەڵك، بەڵکو دەچێتە نێو پێوەندییە بونیادنراوەکانی نێوان توخمەکان.

قسەکانم لەبارەی بیرۆکەی هۆکاریێتی لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا لەزۆر لایەنەوە قەرزاری ئەلتۆسێرە، لەگەڵ جیاوازییەکی سەرەکی ئەویش ئەوەیە من گوزارشتم لەبیرو بۆچوونی خۆم کردووە کە مەبەستگەرایی شتێکی بنچینەییە بۆ تێگەیشتن لەکردە، لەکاتێکدا ئەلتۆسێر ڕایەکی پێچەوانەی هەیە.

کەچی لەم بەشەدا ئەوەم ڕوونکردۆتەوە کە ئەلتۆسێر لەسەر دووبەرەدا شەڕ دەکات، بەرەیەکی سیاسیو بەرەیەکی تیۆری. ئەو بەتەواوی دژی مارکسیزمێکی توندڕەو بوو بەهەموو شێوەکانییەوە، هەروەها دژی ئەو مارکسیزمەش بوو کە خاوەنی نەزعەیەکی مرۆڤگەرایانە بوو. لێرەدا گەرەکمە قسە لەسەر هەڵوێستی یەکەم بکەم کە دژی مارکسیزمی توندڕەوە. خودی بیرۆکەی هۆکاریێتی بونیادگەری پێشکەوتنە، چونکە مارکسییەکان وا ڕاهاتوون لەسەر ئابووری بنووسن وەکو ئەوە شتێك بێت جێکەوتێکی هۆکاریێتی ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر هەموو شتێك، واتا وەکو ئەوەی ئابووری داری بلیارد بێت لەیاری بلیاردا و هەردوو ئاستی سیاسیو ئایدیۆلۆژیش دوو تۆپن ئەم دارە دەیانجوڵێنێت. هەر بۆیە ئەلتۆسێر سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە ئەم سێ ئاستە بونیاد پێکدەهێننو لەمەسەلەی تەرکیب کردنی ئەو توخمانەی پێکی دەهێننو پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا، پێویستە بەوردی شیبکرێنەوە، چونکە ئەوانە بونیادێکی لێکدراوی سادە نین. دواتریش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەردوو ئاستی سیاسیو ئایدیۆلۆژی ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئاستی ئابووری نینو

هەریەکێك لەوانە وجودێکی ڕاستەقینەی تایبەت بەخۆی هەیەو بەچەند شێوەیەك (کە ئالتۆسێر دەڵێت ئاڵۆن) پەیوەستە بەدوو ئاستەکەی تر. ئەلێرەدا جۆرە لێکچوونێکی بیناسازی بەسوود هەیەو بەئەسڵ بۆ مارکس دەگەڕێتەوە، لێکچوونێکە لەتێگەیشتن لەڕایەکی ئەلتۆسێرمان نزیکدەکاتەوە. ئەگەر بڕوانینە پێوەندی نێوان ئەو نهۆمانەی تەلارێکی چەند نهۆمی پێکدێن،قسەیەکی قۆڕە بڵێین نهۆمی سەر زەوی هۆی بوونی نهۆمی یەکەم و دووەمە، ئەگەرچی لەسەرووی ئەویشن و پێوەندییەکی وایان هەیە وایان لێدەکات پشتی پێ ببەستن، بەلاّم هەموو نهۆمێك دابڕاوە لەو نهۆمەی سەروو و ژێر خۆی، ئەوەی لەنێو هەر نهۆمێکدا ڕوو دەدات پەیوەست نییە بەوەی لەنهۆمی خوارەوەی یا سەرەوەیدا ڕوودەدات. ڕەنگە نهۆمی یەکەم بازرگانی بێت، کەچی نهۆمی دووەم کۆمەڵێك نووسینگە بێت و سێیەمیش شوققەی دانیشتوان بێت. ئەو زاراوەیەی ئەلتۆسێریش بۆ وەسفکردنی ئەو پێوەندییە بەکاری دێنێت، واتا پێوەندییەك کە پەیوەستێکی هۆکاری تێدایە، بەلاّم بەبێ ئەوەی بەتەواوی پشتی پێ ببەستێت، بریتییە لە (سەربەخۆیی خودی ڕێژەیی). بۆیە هەردوو ئاستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نە بەتەواوی پشت بەئاستی ئابووری دەبەستن، نە بەتەواویش لێی سەربەخۆن.

ئەگەر وامان دانا ئەم تەلارە یەك پڕۆژەیە، ئەوە دیارە کاری نووسینگەی نهۆمی دووەم پشت بەجۆری ئەو بازرگانییە دەبەستێت کە لەنهۆمی یەکەمدا ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك شێواز هەیە بۆ ڕێکخستنی کاری نووسینگەیی، یا ڕەنگە پێوەندییەکانی کار بەشێوەیەك پێشڤەبچن کە نەکەونە ژێر کاریگەری ئەو چالاکییە ئابوورییەی لەنهۆمی خوارەوەدایە، هەروەها ئگەر خاوەنەکانی ئەم تەلارە نهۆمی سێیەمییان کردە جێگای نیشتەجێبوونی خۆیان، ئەوە ئاست و شێوازی ژیانیان لەڕێگای ئەو چالاکییەوە دیاری دەکرێت کە ئەنجامی دەدەن، بەلاّم لەنێو ئەم سنوورەشدا، کۆمەڵێك هەڵبژاردەیان لەبەردەستە، کەچی ئەوەی لەنێو زەواج و ژیانی خێزانیدا ڕوو دەدات ئەو شتانە بڕیاریان لێدەدەن کە تایبەتن بەژیان. ئەو هەنگاوەی دواتر کە ئەلتۆسێر لەمارکسیزمی سادە دوور دەخاتەوە، ئەوەیە کە دەڵێت کرداره هۆکارییەکان ڕێگایەکی دوو ڕەوتین، واتا هەردوو ئاستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کار لەئاستی ئابووری دەکەن، وەکو چۆن ئاستی ئابوەری کاریان لێدەکات. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نموونەی تەلارەکە، ئەوە دەبینین ئەو بڕیارانەی لەنووسینگەکانەوە بەپێی ئیعتیباراتی ئیداری دەردەچن، لەبازرگانیکردن و ڕێکخستنی بونیادی

دارایی، ڕەنگە بێتە هۆی زیاتر هەڵسووڕاندنی پارە. بەهەمان شێوەش، ئەگەر موڵکدارێتیکردنی پڕۆژەکە موڵکدارێتییەکی هاوبەش بێت و پێوەندی خێزانی نێوان شەریکەکان شکست بێنێت، ئەوە ئەو چارەسەرییەی نێوان دوو شەریکەکە ڕەنگە کاریگەری زۆر بکاتە سەر پڕۆژەکە بەگشتی. ئەوەش ئەوپەڕی توانای قسەکردنمانە لەبارەی ئەم نموونەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بەدوای بیرو بۆچوونەکانی ئەلتۆسێردا بڕۆین، ئەوە دەبێتە زیاتر بەرەو ئەبستراکت بچین. مارکسییەکان بەردەوام پێیان وا بووە ئاستی ئابووری و پێشڤەچوونی لەژێر حوکمی دژکاریدایە، دژکاری هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان. پێویستیش نییە بە تەواوی بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەو بیرۆکەیە، چونکە بریتییە لەوەی کە هێزەکانی بەرهەمهێنان لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی سامان و ئەم هێزانەش لەگەشەکردندا بەدەوام دەبن. بەڵام ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم گەشەکردنیان، شێوە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانە کە لەسەر موڵکدارێتی تاکەکەسی سامان بونیادنراوە. ئەو دژکارییە دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی جوڵەیەک لەسەمت کە دەبێتە هۆی دروستکردنی قەیران، سەمت زیاد لەپێویست بەرهەم دێنێت، بەرهەم دادەبەزێنێت، ئەوەش بێکاری لێدەکەوێتەوە. مانای وایە فاکتەری دروستکردنی ئەم قەیرانانە ئەو دژکارییەیە کە لەپێوەندییەکانی بەرهەمهێناندایە.

ئەلتۆسێر جگە لەوە، فاکتەری تریش زیاد دەکات لەسەر ئاستی تر کە دەشێت وەکو دژکاری تەماشا بکرێن و ئەوەی ڕۆژانە لەنێو کۆمەڵگاکانیش ڕوو دەدات ئەنجامێکی ئەو شێوازەیە کە لەسایەیەوە دژکارییەک لەنێو بونیادێک لەبونیادە شاراوەکاندا کۆ دەبنەوە. ئەلتۆسێر ناو لەو کردەوەیە دەنێت (زێدە حەتمییەت Overdetermination)و مانای وایە (کاری زۆر لەوێدا ڕوودەدات)، بەڵام هەندێکجار مانای تریش لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە کاتێک بۆ دەلالەتکردن لەو شێوازە بەکار دێت کە تێیدا دژکارییەکان لەسەر ئاستی جیا جیادا کۆدەبنەوە بۆ پاڵپشتی لەیەک کردن لەیەکتری یا بۆ وەستاندنی پێشڤەچوونیان. ئەنجامی حاڵەتی یەکەم دەبێتە هۆی شۆڕش و گۆڕان لەشێوەی کۆمەڵگا بۆ شێوەیەکی تر، کەچی لەحاڵەتی دووەمدا دەبێتە هۆی چەقگیری و داتەپین. زۆرجاریش ڕوسیا وەکو نموونەیەک بۆ هەردوو حاڵەتی یەک لەدوای یەکدا دەهێنرێتەوە.

شۆڕشی ڕوسی نموونەیەکی باشە بۆ پراکتیک کردنی (هەماهەنگی هێزەکان)، ئەوەش بەتایبەتی بۆ ئەلتۆسێر

نموونەیەکی باشەو ڕێگای پێدەدات ئاماژە بۆ دەقە (پیرۆزەکان) ی لینین بکات، ئەگەرچی دەتوانین لێکدانەوەیەکی باشترو ڕوونتریش لەبەشی یەکەمی کتێبەکەی ترۆتسکی وەربگرین کە بەناوی (مێژووی شۆڕشی ڕوسی) بووەو لەساڵی (١٩٦٧)دا بڵاوکراوەتەوە. ڕەنگە زێدەڕۆیی بکەین لەسادە کردنەوەی و بڵێین، بیرۆکەیەکە پێی وایە ئێمە دەتوانین یەکەمجار لەسەر ئاستی ئابووریدا دەستنیشانی دژکارییەکە بکەین، چونکە دژکاری لەهێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەڕوسیا کە ئەو کاتە سیستەمێکی سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو بوو، بەلام بەخێرایی گەشەی دەکرد، بووە هۆی دژکاری - وەکو ئەوەی بەردەوام وایە - و ململانێی چینایەتی نێوان کرێکارو سەرمایەداران. لە نێو کەرتی کشتوکاڵی فیوداڵیشدا، کە کەرتێکی زۆر گەورەترە، ئەم دژکارییە هاوشانی جۆرێکی تر بوو لەدژکاری ئابووری کە بووە هۆی ململانێی نێوان جوتیارو خاوەن زەوییەکان. کۆمەڵێك دژکاری و ململانێی تر بە پشت بەستن بەم دوو دژکارییە سەریان هەڵدا، وەکو ململانێی نێوان سەرمایەدارانی ڕوس و خاوەنی زەوییەکان، چونکە خاوەن زەوییەکان لەبەر پێشڤەچوونی سەرمایەداریدا دووچاری مەترسی هاتبوون لەسەر بەرژەوەندی خۆیان، هەروەها ململانێ لەنێوان دۆنەرە خۆرئاواییەکان کە پاڵپشتیان لەسەرمایەداری ڕوسی دەکرد لەگەڵ هەندێك توێژی ڕوسی کە دەیانویست بەکردارەکیانە کۆنترۆڵی کارگەکان بکەن، هەروەها لەنێوان ئەم توێژەو ئەرستۆکراتییەتی فیوداڵی تەقلیدی ڕوسیدا. هەموو ئەو دژکارییانە دەشێت وەکو دژکاری ئابووری بنچینەیی و لاوەکی دابنرێن.

لەسەر ئاستی سیاسیدا، جۆرێك لەململانێ هەبوو لەنێوان ئەوانەی بەرگریان لەسیستەمی کۆن دەکرد کە قەیسەر لەسەر لووتکەکەی دانیشتبوو و سیستەمێکە سەرکوتکەرو هەڕەمەکی بوو، لەگەڵ ئەوانەی دەیانویست بەشێوەیەك لەشێوەکانی دیموکراسیەتی سیاسی بڕوات. ئەو دژکارییە لەبنچینەکەی دژکارییەك بوو لەسەر ئاستی ئابووریدا، چونکە بەگشتی سیستەمە فیوداڵییەکان سیستەمی سەرکوتکەرن و لەسەر تەرتیبی هەرەمی بونیادنراون. لەکاتێکدا پێشڤەچوونی سەرمایەداری لەزۆر لایەنەوە - نەوەکو بەردەوام - خاوەنی سیاسەتی نەزعەی هاندانی دیموکراتییەتی سیاسییە، کەچی ئەم حاڵەتە لۆژیکی پێشڤەچوونی تایبەت بەخۆی هەیە لەململانێی و تەسویەدا. لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیشدا، ململانێ لەنێوان ئەوانەی لەژێر کاریگەری هزری زانستی نوێی خۆرئاوادا بوون، لەگەڵ ئەوانەی پاڵپشتیان لەعەقیدەی ئایینی

تەقلیدی فیودالّی ڕوسی دەکرد، گەرم بوو. ئەو ململانێیەش، پەیوەستبوو بەململانێی ئابوورییەوە، بەلاّم لەپێشڤەچووندا خاوەنی لۆژیکی تایبەت بەخۆی بوو. ئەو لۆژیکە جیاوازییەی پێشڤەچوون، مانای وایە ئەوانەی ئێمە پێشبینیان دەکەین لەبەرەی پێشەوەی ئەم لایەنە دابن لەبەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، ڕەنگە هەڵوێستی سیاسی یا ئایدۆلۆژی وا بگرنە بەر کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەیاندا. کۆمەڵگای ڕوسی بەڕاستی بەهۆی دژکارییەکانەوە درزی وای تێکەوتبوو ناکرێت ئاوا بەسانایی وەسف بکرێن. بەلاّم ئەو فاکتەرەی ناکۆکییەکانی وا بەم شێوە گەیاندە سەر لێواری تەقینەوەو ئەو دابەشبوونەی بەرهەمهێنا کە بووە هۆی لەدایکبوونی شۆڕشی ڕوسی، دۆڕاندنی ڕوسیا بوو لەجەنگی جیهانی یەکەم لەسەر دەستی ئەڵمانیا.

## یەکلاییکردنەوە لەدوا ئاستدا و بونیاد لەشوێنگەی سەروەریدا

بۆ ئەوەی لەمانای ئەم دوو گوزارشتە تێبگەین کە بێ ئومێدی لای هەموو کەسێك دروست دەکەن کە دەیانخوێنێتەوە، پێویستە لایەنەکەی تری شەڕە سیاسییەکەی ئەلتۆسێرمان لەبیر بێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەلتۆسێر هێرشی دەکردە سەر ڕووگە سادەکانی مارکسیزمی تەقلیدی، بەلاّم هەر بەرگری لەشێوەیەك لەشێوەکانی مارکسیزمی تەقلیدی دەکات لەدژی مارکسیزمی مرۆڤگەرایی کە بەرەو ئەوە دەچێت دەسەبەرداری ئەوە بێت کە فاکتەری ئابووری لەپێشینەیە.

ئەلتۆسێر هێشتا پێویستی بەوە بوو بڵێت ئاستی ئابووری جۆرێك لەپێشینەیی هەیە لەدەستنیشانکردنی ئەوەی کە ڕوو دەدات (دواتریش تێگەیشتن لەوەی کە ڕوو دەدات)، سەرەڕای سەربەخۆیی ڕێژەیی و کاریگەری هۆکارێتی هەردوو ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی، لەسایەی ئەم گوزارشتەوە لەدەوری ئەم تەڵەزگەیەدا دەسوڕێنەوە (فاکتەری ئابووری فاکتەری یەکلاییکردنەوەیە لەدوا ئاستدا)، ئەوەش گوزارشتێکە لەئەنگڵس خوازراوە هەر زوو بەزوو ئەلتۆسێر تەوای دەکات و دەڵێت: "دوا ئاست هەرگیز نایەت". ئەوەش مانای وایە دژکاری ئابووری گرنگترین دژکارە، بەلاّم هەرگیز بەشێوەیەکی پەتی دەرناکەوێت، بەڵکو بەردەوام لەفۆرمی دژکاری تردا دەردەکەوێت. هیوادارم لەلاپەرە کەمەکانی داهاتوو ئەوە بسەلمێنێت کە بەڕاستی ئەم تێڕوانینە سوودمەندە لەهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەشێوەی گشتی جۆرەکانی کۆمەڵگاو پێشڤەچوونی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێڕوانینە کۆمەڵێك ئیشکالییەت دروست دەکات کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە — لەنێوان ملکەچی ئاستە جیاوازەکان و

سەربەخۆییان ـ ئەوەش ئیشکالییەتێکە کاریگەرییەکی تێکشکێنەری هەیە ئەگەر یەکێک داوا لەئەلتۆسێر بکات بەڵگەی بۆ بێنێتەوە لەسەر ئەوەی بانگەشەکانی جۆرێک لەگونجانی لۆژیکیان تێدایە.

یەکێکلەو ڕێگایانەی ئەلتۆسێر دەیانگرێتە بەر بۆ خۆ دور خستنەوە لەمارکسیزمی سادەو پاراستنی بیرۆکەی گرنگی هۆکارێتی ئاستی ئابووری، ئەو قسەیەتی کە دەڵێت:"لە نێو کۆمەڵگا جیاجیاکاندا ئاستی بونیادی جیاجیا هەیە"، بەوەش مەبەستیەتی بڵێت لەپێشقەچوونی ڕۆژانەی ناوەوەی کۆمەڵگایەک لەکۆمەڵگاکان، ئاستێک یا زیاتر لەئاستێک گرنگتر دەبێتو لەنێو کۆمەڵگا فیودالەکانیشدا هەردوو ئاستی سیاسیو ئایدۆلۆژی ئەم ڕۆڵەیان بینیوە. بەلاّم لەقۆناغە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا ئاستی بالاّدەستو باو، ئاستی ئابووری بووەو ڕەنگە هەندێک کەسیش وا ببینن ئاستی باوی نێو کۆمەڵگا سەرمایەدارەکانی دواتر ئاستی سیاسی بووە. هەرچۆنێک بێت، بونیادی ئاستی ئابووری دەستنیشانی ئەوە دەکات کە چ ئاستێک ئاستی باوو بالاّدەستە. ئەوەش وەکو ئەوە وایە ئاستی ئابووری دەسبەرداری دەسەلاّتەکانی خۆی بێتو بیداتە یەکێک لەدوو ئاستەکەی تر، یا ئەوەتا بەدرێژایی بەردەوامبوونی ئەم جۆرە لەکۆمەڵگا دەستی پێوەبگرێت. ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە وا دەخوازێت بڕوانینە شیکردنەوەکانی ئەلتۆسێر بۆ جۆرەکانی بەرهەمهێنان، یا شیکردنەوەی ئاستی ئابووری، ئەوەش بیردەخەینەوە کە ئەم ئاستە ئاستی بنچینەیی بونیادی شاراوەی کۆمەڵگایە.

## جۆری بەرهەمهێنان

زۆر شت لەوانەی ئێستا لێرەدا دەیانخەینە بەر دەست لەکارەکانی ئەلتۆسێر وەرنەگیراون، بەڵکو لەئیتین بالباری هاورێی وەرگیراوە کە بەیەکەوە کتێبی (خوێندنەوەی سەرمایە)یان لەساڵی (١٩٧٠)دا نووسیوەو بەیەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی تیۆری مارکسیزمی بونیادگەری دادەنرێت.



ئێمە پێشتر ئەوەمان زانی مومارەسەی ئابووری سێ توخم لەخۆ دەگرێت، مادەی خاو، شێوازەکانی بەرهەمهێنان، کالاّ یا بەرهەمی کۆتایی. لەکاتی شیکردنەوەی ئاستیئابووریدا ئەم سێ توخمە بەیەکەوە یەک ناونیشانیان هەیە، ئەویش (شێوازەکانی بەرهەمهێنان)ە.

دواتریش دوو توخمی تریان دەخرێتە سەر

کە بریتین لە: کارکەرو کارنەکەر. خودی وشەی کارکەر Labourer ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە مادەی خاو دەگۆڕن بۆ کالاّ، واتا ئەوانەی ڕاستەوخۆ کاردەکەن بۆ بەرهەمهێنانی کالاّ، بەلاّم وشەی کارنەکەر non-labourer دەلالەت لەو کەسانە دەکات کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەبەرهەمهێناندا ناکەن، ئەگەرچی لەم پرۆسەیەدا کارێکیشیان هەیە، چونکە وشەکە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی خاوەنداریێتی شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەکەن. هەندێکجار ئەم دوو توخمە بە یەکەوە بە(بارودۆخی کۆمەلاّیەتی) ناو دەبرێن بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی سیفەتە شەخسییەکانی ئەو کەسانەی ئەم شوێنە داگیر دەکەن بەڕادەی خودی بارودۆخەکە گرنگ نییە. ئەو کۆمەڵگایەی کە خاوەنی پلەیەکی بەرزی بزاڤی کۆمەلاّیەتییە، واتا ئەوەی تاکەکانی لەتوانایاندایە بەشێوەیەکی کەمێك سانا لەوەزعی کارکەرەوە بگوازنەوە بۆ وەزعی کارنەکەر، ئەم کۆمەڵگایە وەکو کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دەمێنێتەوە، چونکە بوونی ئەم بارودۆخە ئەو سیفەتەی پێدەدات.

بێگومان ئەو شێوە خستنە ڕووە، خستنە ڕوویێکی فریودەرە، چونکە ئەوەی دەستنیشانی ئەوە دەکات کۆمەڵگا سەرمایەدارییە یا سەرمایەداری نییە، بوونی وەزعو توخمەکان نییە بەتەنیا (ئەوانە لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکدا هەن)، بەڵکو پێوەندییەکانی نێوان ئەو توخمانەو وەزعەکاندایەو دوو پێوەندی گرنگ لەنێو ئەم توخمانەدا بوونیان هەیە، یەکەم پێوەندی موڵکدارێتییە کە بریتییە لەموڵکدارێتیکردنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان. دووەم پێوەندی کۆنترۆڵکردنە کە ئاماژەیە بۆ وەزعی موڵکدارێتیکردنی هێز بۆ ئەوەی شێوازەکانی بەرهەمهێنان بخرێنە وەزعی کارەوە.

ئەم پێوەندییە زیاتریش ڕوون دەبێتەوە کاتێك ئەزموونە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەخەمە ڕوو، لەبەرئەوەی جیاوازی لەو شێوازەی کە لەمیانەیدا ئەم سێ توخمە بەو دوو جۆرە لەپێوەندی بەیەك دەگەن، یارمەتیمان دەدات بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی جۆری کۆمەڵگا جیاجیاکان.

ئێستاش دەتوانین چوار جۆرە کۆمەڵگا لەیەکتری جیا بکەینەوە:

١) فیودالّی: لێرەدا کەسی کارنەکەر فیودالّە، کەچی کەسی کارکەر جوتیارە، بە کردەیی فیودالّ خاوەنی زەوییە ـ ئەگەر چی ناتوانێت بەپێی ویستی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، چونکە لەلایەنی تیۆرییەوە زەوی لەژێر دەستی پاشایەو ئەویش لەخواوە وەریگرتووە ـ کەچی ئەو خێزانەی کاری جوتیاری دەکات، ئەوە تەواو کۆنترۆڵی ئەو پارچە زەوییە دەکات کە لەژێر دەستیاندایە، بەمانای ئەوەی ئەوان

خۆیان ئەوە هەڵدەبژێرن کەی کار دەکەن و چی دەچێنن، ئەوەش زۆر گرنگ نییە، چونکە ئەوەی قسەی لەبارەیەوە دەکەین ئابووری ئەو سەردەمەیە کە پێویستی بە بەروبوومی زۆرو کاری بەردەوام نییە.

٢) سەرمایەداری: لێرەدا کەسی کارنەکەر خاوەنی کارگەیە، کەسی کارکەریش ئەو کرێکارەیە کە کار لەم کارگەیەدا دەکات، کارنەکەر خاوەنی شێوازەکانی بەرهەمهێنانەو خۆی بڕیاری ئەوە دەدات چی بەرهەم دێنێت و کەی بەرهەمی دێنێت و .. تاد.

٣)جۆری بەرهەمی قۆناغی گواستنەوە: ئەو جۆرەیە کە دەکەوێتە نێوان سەرمایەداری و فیودالی، زۆرجاریش بەقۆناغی (بەرهەمی نێو ماڵ) ناو دەبرێت. ئەوەش ئەو شێوەیەیە کە پیشەسازی چنین لەکاتی شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیا وەری گرتبوو. کارکەرو خێزانەکەی خاوەنی ئەو زەویەن و کاری تێدا دەکەن، بەڵام داهاتێکی زیادیشیان هەیە کە لەئەنجامی بەرهەمهێنانی کالا لەسایەی ئەو ئامێرانەی هەیانە دەستیان دەکەوێت، بۆیە لێرەدا کارکەر خۆی خاوەنی شێوازەکانی بەرهەمهێنانە. کەچی کارنەکەر ئەو بازرگانەیە کە مادەی خاو دەکڕێت و دەیگەیەنێتە دەست کرێکارەکانی و لەکۆتاییشدا بەرهەمەکە وەردەگرێت. لەم حاڵەتەشدا کارنەکەر کۆنترۆڵی بەکارهێنانی شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەکات. سەرمایەداری و بەرهەمی کارگەیی ئەوە دەردەخەن کەی ئامێرەکان گواسترانەوە یەك شوێن و کەسێك بوو بەخاوەنیان.

٤) سۆسیالیزم: لێرەدا کارکەر لەڕێگار شێوەیەکی بەرفراوانی بەشداریکردنی دیموکراتیدا، خاوەنداریێتی و کۆنترۆڵی شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەکات.

لێرەدا بەرلەوەی بچمە سەر تێڕوانین لەپێوەندی لەگەڵ بونیادەکانی تردا، گەرکمە سێ خاڵ لەبارەی چەمکی بونیادی شاراوەی ئابووری تۆمار بکەم.

یەکەم خاڵ کەمێك زیرەکانەیە، چونکە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی ئەو تیۆرە ببێتە تیۆرێکی بونیادگەرانە، ئەوەیە خودی توخمەکان بەگۆڕانی پێوەندییەکان دەگۆڕێن، شێوازی بەرهەمهێنان لەنێو سیستەمی فیوداڵی زەویەو لەنێو سەرمایەداریشدا ئامێرە. کەچی لەنێو بونیادگەری تەقلیدیدا، ئەوە توخمەکان جێگیرن ــ بەشێوەیەك پیتی o,g,d هەروەکو خۆیانن وەکو God, dog ئەوەش ڕەنگە ڕاست دەربکەوێت، بەڵام پێم وایە جێگیری توخمەکان بەهادارنین، ئەگەر ئەوەشمان بیر بکەوێتەوە کە بونیادگەری بەشداره لەوەی پێشینەیی بداتە پێوەندییەکان لەسەر حسابی توخمەکان. بێگومان ئەلتۆسێر پاساوی ئەوە دێنێتەوە کە گۆڕان لەپێوەندییەکان دەبێتە هۆی پێشڤەچوون لەتوخمەکان، مادام قسەیەکی پێچەوانەی ئەوە جارێکی تریش

دەیگێڕێتەوە بۆ حەتمییەتی ئابووری سادە.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەو نموونەیەی لەبەر دەستمانە، لەچوار شێوە کۆمەڵگا زیاتر لەیەکتری جیا ناکاتەوە، ئەو چوار شێوەیەش بەهیچ شێوەیەك هەموو ئەو کۆمەڵگایانە نییە کە ئێمە دەیزانین. بۆ نموونە، بڕوانە ئەوەی مارکس ناوی دەنێت (جۆری بەرهەمهێنانی ئاسایی)، ئەوە جۆرێکە کێشەیەکیش دروست دەکات، چونکە جۆرێکە وەکو فیودالیزم سەر بەقۆناغی بەر لەسەرمایەدارییە، کەچی دەوڵەت ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی تێدا دەگێڕێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لایەنگرانەی ئەلتۆسێر کە داوا دەکەن تیۆرەکە بەشێوەیەکی پتەوو گونجاو لۆژیکی بێت، هەوڵیاندا ئەوە بسەلمێنن کە کۆمەڵگا هەیە خاوەنی جۆری بەرهەمهێنان نییە، گوایە تیۆرەکە ناتوانێت وەسفیان بکات، پێشم وایە ئەو ڕایە لێرەدا زۆر بەسوود نییە. بەلام ئەلتەرناتیڤی تیۆری ڕاست، گەڕانە بەدوای توخمی تر، یا گەڕانە بەدوای پێوەندی وا کە یارمەتیدەر بێت لەسەر لێکجیاکردنەوەی جۆریتر، ئەوەش گرنگترە. بۆ نموونە، نیکۆلاس بۆلانتزاس دوو جۆرە خاوەندارێتی لێکجیا کردۆتەوە، خاوەندارێتیکردن لەڕێگای یاسا، خاوەندارێتیکردن بەحوکمی ئەمری و واقیعەوە. خاوەندارێتیکردن بەحوکمی یاسا تا ماوەیەکی نزیکیش لەکۆمەڵگاکانی خۆرهەلاتی ئەوروپا لەدەستی کارکەراندا بوو، لەکاتێکدا خاوەندارێتی کردارەکی لەدەستی بیرۆکراتییەتی دەوڵەتەوە بوو کە حوکمی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی دەکردو دەستی بەسەر بەروبوومەکاندا گرتبوو. سیستەمێکی لەو جۆرە، ڕەنگە ناوبنرێت سۆسیالیزمی دەوڵەتی یا (سەرمایەداری دەوڵەتی) ئەوەش بە پێی ڕادەی سۆزت لەگەڵ ئەو سیستەمەی قسەی لەبارەیەوە دەکەین.

خاڵی سێیەم بریتییە لەکێشەی گۆڕان، ئەوەش کێشەیەکی تەقلیدی تیۆری بونیادگەرییە. ئەم نموونانە، نموونەی جێگیری کۆمەڵگای جیاوازن لەفۆرمدا، ئەگەر مەبەستی ئەلتۆسێر ئەوە بوو بێت کە ئەم نموونانە دەستنیشانی ئەو میکانیزمانە دەکەن کە کۆمەڵگا بەرەو گۆڕان دەبەن، ئەوە قسەکانی بەرەو حەتمییەتی ئابووری سادەمان دەبەنەوە. ئەلتۆسێر ناتوانێت هانا بباتە بەر بکەر تاوەکو لەمیانەیەوە ڕاڤەی کردەی گۆڕان بکات، چونکە ئەو بەتایبەتی دژایەتی ئەم ڕێبازە دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو ئەوەی پێم وایە، مەسەلەی گۆڕان هەروەکو خۆی دەمێنیتەوەو لەسەر ئاستی تیۆریدا ڕاڤە ناکرێت، ئەگەرچی دەشێت وەسف بکرێت، وەکو چۆن وەسفی شۆڕشی ڕوسیامان کرد. ئەو هۆیەی وای لەم دژکاریانە کرد شۆڕشێکی لەم شێوەیە بنێنەوە لەم کاتەدا، دۆڕاندنی ڕوسیا بوو لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، وەکو میکانیزمێك لەو میکانیزمانەی تیۆرەکە دیاریان دەکات.

خستنە ڕووی تێزی (جۆری بەرهەمی قۆناغی گواستنەوە)ش تەنیا هەوڵێکە بۆ لەخۆگرتنی ئیشکالییەتەکە، بەڵام بووە هۆی دروستکردنی جۆرێکی تری نێوەند کە خاوەنی جێگیرییە. لێرەدا جارێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر شێوەیەکی تر لەشێوەکانی تەوەتور کە بەشدارە لەداڕمانی سەرجەم تیۆرەکە.

ئێستاش دەتوانین بچینە سەر تێڕامان لەو میکانیزمە هۆکارێتییەی کە چووەتە نێو چوارچێوەی ئەو پێوەندییە ئابوورییانەی ئەم جۆرانە بەرهەمیان هێناون و چۆن ئەو میکانیزمە کار لەپێوەندی نێوان ئاستە ئابووری و سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان دەکات. ڕەنگە باشترین نموونە بەراوردکردن بێت لەنێوان پێوەندییە بونیادنراوەکانی نێو هەردوو سیستەمی فیوداڵی و سەرمایەداری کە دوو جۆرە بەرهەمهێنانن و گریمانەی ئەوە دەکەن زێدە بەرهەمی ئابووری بەرهەمدێنن - واتا بەرهەمهێنانی زیاد لەپێویست بۆ مانەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەر ژیان. ئەم زێدەیە لەکۆمەڵگا چینایەتییەکاندا لەلایەن کەسی کارنەکەرەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت. ئەو میکانیزمە هۆکارێتییەی بەدوایدا دەگەڕێین، میکانیزمی دەست بەسەردا گرتنە، یا ئەو شێوازەی لەسایەیەوە کەسی کارنەکەر دەست بەسەر ئەم بەرهەمە زێدەیەدا دەگرێت.

لەنێو سیستەمی فیوداڵیدا، کەسی کارنەکەر خاوەنداریێتی زەوی دەکات، بەڵام جوتیار حوکم لەزەوییەکە دەکات. ڕەنگە جوتیار بایی ئەوەندە بەرهەم بهێنێت کە خۆی و خێزانەکەی لەبرسێتی ڕزگار بکات. مادام ئەو حوکم لەزەوییەکە دەکات، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو ڕاستەوخۆ هەموو بەرهەمە زێدەکە دەداتە دەست خاوەنی زەوییەکە، بەڵام ئەو زێدە بەرهەمە بەکۆمەڵێك شێوە دەگاتە دەست خاوەنی زەوییەکە، کاتێك جوتیارەکە باجی ساڵانە دەداتە فیوداڵەکە، یا لەهەندێك کاتی دیاریکراوی ساڵدا لەنێو ماڵەکەی ئەودا کار بۆ ئەو دەکات، لەم ڕێگایانەوە زێدە بەرهەمەکە دەچێتە دەست فیوداڵەکە، بۆیە لەم حاڵەتە پێویستە جوتیارەکە فێری ئەوە بکرێت کە ئەوەی لەبەرانبەر فیوداڵەکەدا دەیکات کارێکی ڕاستەو ئیلتیزاماتی ئەخلاقییە بەرانبەر بەخاوەنەکەی، یا ئەوەتا دەبێت هانا ببرێتە بەر هەڕەشەو سزای یاسایی. ڕاڤەکردنی تیۆرییانەی ئەوەش لەوەدایە کە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەك لەشێوەکان وا دەخوازن کەسی کارنەکەر لەڕێگای بونیادی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە گرێنتی ئەوە وەربگرێت کە دەست بەسەر زێدە بەرهەمەکەدا دەگرێت. لێرەدا سروشتی ئاستی ئابووری پاڵ بەهەردوو ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە دەنێت بەرەو کۆنترۆڵ و باڵادەستی.

دتوانین ئەوە بەسەرمایەداری بەراورد بکەین کە کارنەکەر خاوەنداریێتی

شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەکات و کۆنترۆڵیان دەکات. کاتێك کرێکار دەچێتە سەر کار، ناچارە بڕێکی دیاریکراوی کاڵا بەرهەم بێنێت، چونکە کرێکار ناتوانێت هەر بایی ئەوەندە بەرهەم بێنێت کە بەشی خۆی بکات، چونکە لەو کاتەدا خاوەن کار دەری دەکات. لەنێو ئەم سیستەمەدا کرێکار ناتوانێت کارگە بەشێوەیەك هەڵسوڕێنێت کە ئامانجەکانی خۆی پێ بەدی بێنێت، بەڵکو کارگە دەبێت تەنیا ئامانجی خاوەنەکەی بەدی بێنێت. کرێکار ناچارە لەو کاتانە ئیش بکات کە خاوەن کارگەکە دیاری دەکات، ئەگینا دەچێتە ڕیزی بێکارانەوە. ئەگەر ئیشی کرد، ئەوە زێدە بەرهەم بەرهەم دێنێت، ئەو زێدە بەرهەمەش ڕاستەوخۆ دەچێتە لای خاوەنی کارگەکە، چونکە ئەو حوکم لەبەرهەمەکان دەکات. بەو شێوەیە میکانیزمی دەست بەسەردا گرتن لەسەر ئاستی ئابووری کاردەکات و ئەم ئاستەش ئاستی باڵادەست دەبێت وەکو ئەوەی لەسەر ئاستی کۆتاییشدا باڵادەستە. بۆیە بونیادی ئابووری هۆی هەرە گرنگە لەپێشڤەچوونی ژیانی ڕۆژانەی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی.

پێم وایە ئەو تیۆرە، باشترین تیۆرە لەبەر دەستمانە بۆ لێکجیا کردنەوەی جۆری کۆمەڵگاکان و وەسفکردنی پێوەندییە ناوخۆییەکانی (بونیادی بونیاد) یا پێکهاتنی کۆمەڵایەتی. لەماوەی ڕابردووشدا هەندێك کون و کەلەبەری ئەو تیۆرەم خستە ڕوو، بەوەش دەرکەوت تیۆرێکی تەواو نییە و لەهەندێك لایەنەوە ناتەواوە و لەهەندێك لایەنی تریشەوە ناتوانێت چارەسەری هەندێك مەسەلەی وەکو گۆڕان بکات، بەڵام بەهەرحاڵ، تیۆرێکی بەسوودە لەو سنوورەی توانای خۆیدا و ڕەنگە ئەوەش ئەو مەبەستە بێت کە ئێمە لەکاتی ئێستادا لەهەر تیۆرێك دەیخوازین.

## ئایدۆلۆژیاو سیاسەت:
## پاڵنانی تیۆر تا ئەوپەڕی سنوورەکەی

ئێستاش قسە لەسەر تێڕوانینی بونیادگەری دەکەم بۆ دوو ئاستەکەی تر کە ئاستی سیاسی و ئایدیۆلۆژین، ئەو دووبەشەش ڕاستەوخۆ زیاتر لەوانیتر پەیوەستن بەکردەی بووکۆڵە جوڵاندن. ئەوەش ڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر تێڕوانینی ئەلتۆسێر بۆ ئایدیۆلۆژیا، واتا ئەو داوانەی پەیوەستن بەم بووکۆڵانە.

بەردەوام پێم وابووە شێوازی لۆژیکی بەپێت بۆ پێشڤەبردنی بنچینەی تیۆری، بریتییە لەشیکردنەوەی بونیادی شاراوەی هەردوو ئاستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەگەڵ میکانیزمە هۆکارێتییەکەیان و دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگایەی لەسایەیەوە ئەم دوو ئاستە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاستی ئابووریدا.

بەڵام هیچ شتێکی لەم جۆرە ڕووی نەداوە، چونکە کاتێك ئەلتۆسێرو لایەنگرانی

ڕوویانکـردە توێژینەوە لـەم دوو ئاسـتە، نەهاتنە سەر بونیادی شاراوە، بەڵکو چوونە سـەر ئـەو دامەزراوانـەی لەسـەر ڕوودا بوونیان هەیە. دەتـوانم هـۆی ئـەوەش بخەمـەڕوو، ئـەویش ئەوەیـە کـە دەستنیشانکردنی بونیادی شاراوە لای ئەم دوو ئاستەی ئەسڵەکانیان ناگەڕێتەوە سەر ئاسـتی ئابـووری، دەخـوازێت جـۆرێك لەبونیادی سەربەخۆ بەکردە بدرێت، مادام مەسـەلەی کـردە مەسـەلەیەکە بەتـووندی لەنێو جیهانـی سیاسـەت و ئایدیۆلـۆژیادا خراوەتە ڕوو.

کەس ئەوە ڕەتناکاتەوە کە واقیعی مادی و ئامێـرەکان چ توانایەکـیان هەیـە بـۆ کۆنتڕۆڵکردنـی مـرۆڤ، بـەلاّم مـرۆڤیش لای خـۆیەوە هەوڵیداوە لـەڕێگای بیرکـردنەوەو چالاکی سیاسی خۆیەوە کۆنتڕۆڵی واقیعی مادی بکات. دانپێدانان بەبوونی بونیادی سـەربەخۆ لەسـەر ئـەم دوو ئاسـتە مانـای دانپـێدانانە بەلایەنگرانـی نەزعـەی مرۆڤگەرایی، بـۆیە ئەوانـە دێـن شـێوەیەك لەحەتمییەتی ئابووری بەکاردێنن کە تێیدا بونـیادی شـاراوەی ئابـووری دامـەزراوەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دیار بەرهەم دێنێت، ئـەوەش حەتمییەتێکـی ڕاشـکاوانەی ئابـووری نییـە، بەڵکـو هەنـدێك دژکـاری تایبەت لەخۆیەوە دەگرێت.

لەو بەشەدا گەرەکمە لەڕێگای گەڕانەوە بۆ کارەکانـی بولانتـزاس لـەبارەی چـینە کۆمەلاّیەتیـیەکان و کارەکانـی بولانتـزاس و ئەلتۆسـێر بەیەکـەوە لـەبارەی (ئامێـرە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت)ەوە بەدوای ئەم مەسـەلانەدا بچم. ئەگـەر بگەڕێینـەوە سـەر خوازەی شانۆی بووکـۆڵە، ئـەوە ئـێمە زۆر نـزیك بوویـنەتەوە لـەو بووکـۆلاّنەو گەیشـتووینەتە ئاسـتی دووەمـی ئـەو ئامێـرانەی بووکـۆڵەکان دەجووڵێنـێت، چونکە ئاستی یەکەم جۆری بەرهەمهێنان بوو.

## چینە کۆمەلاّیەتییەکان

شیکردنەوەی بونیادی چینایەتی یەکێك لەو بـوارانەیە کـە تـیۆرەکەی ئەلتۆسـێر بەشـێوەیەکی پۆزەتیڤانە بەشداری تێدا کردووە، ئەگەرچی بەم شێوەیەش ڕیشەیی نییە کە بانگەشەی بۆ دەکات.

بـێگومان بەشـداریکردنەکەی نـیکۆلاس بولانتـزاس لـەو بـوارەدا گەورەتـرە. بەدڵنیایـیەوە شـیکردنەوەی بونـیادی چینایەتی لەلای ئەو لەوانە بەرزترە کە لەشـیکردنەوە مارکسـییە سـادەکاندا دەیانبینین، بەبێ بلاّوبوونەوە لەنێو ئەو پۆلێنکارییە جۆر بەجۆرانەی تیۆریستی وەکو داهرندوروف پێشکەشیان کردووە. لێرەدا بیرۆکەی بنچینەیی ئەوەیە کە چینە کۆمەلاّیەتییەکان تەنیا لـەڕێگای بونـیادی ئابوورییەوە دەستنیشـان ناکـرێن، بەڵکـو لـەڕێگای بونـیادی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیشەوە دیاری دەکرێن، بەلاّم بەڕای من ئەو پێشکەوتنەی ڕوویدا ئەوەبوو کەوا

تەماشای چین کرا کە بەرهەمی ئاستی ئابوورییە، ئەوەش ئەو شتەیە کە سەرەتا لێی دەڕوانین.
شێوەی توندڕەوی مارکسیزمی سادە، پێی وایە سەرمایەداری دوو چین بەرهەم دێنێت، بۆرژوازییەت و پرۆلیتاریا، لەگەڵ چینێکی تر کە بۆرژوازییەتی بچووکەو بەردەوام لە لەناوچووندایە. یەکەم بەشداریکردنی مارکسیزمی بونیادگەری لەوەدایە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەشێت زیاتر لەجۆرێکی بەرهەمهێنان لەنێو یەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بەیەکەوە بژین. ئەم شێوازە لەگەڵاڵەبوونی ئەو جۆرە جیاوازانە لەنێو یەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، بایەخی زۆری وروژاند. ئەوەش مانای وایە دەشێت لەیەك کۆمەڵگادا کۆمەڵێك چینی جیاواز هەبن کە سەر بەجۆری جیاوازی بەرهەمهێنان بن.
بولانتزاس باس لە (بەرهەمهێنانێکی سنوورداری کالاّ) دەکات کە پێدەچێت جۆرێکی گۆڕاوی گواستنەوەیی بێت و بکشێت بەرەو سەرمایەداری، ئەوەش وەکو ڕاڤەکردنێك بۆ بەردەوامبوونی بۆرژوازییەتی بچووك، بەلاّم ئەو لەوەش زیاتر دەچێت و دەڵێت دەکرێت هەندێك بەشی چینێك بناسینەوە کە پێوەرە ئابوورییە لاوەکییەکان فۆرمەکەی دیاری دەکەن.
بەم شێوەیە دەتوانین لەنێو کارنەکەرەکاندا خاوەنی زەوی و خاوەنی سەرمایەی پیشەسازی و خاوەنی سەرمایەی تایبەت بەتەمویل جیا بکەینەوە. ڕەنگە لەکاتێك لەکاتەکاندا دژکارییەك لەبەرژەوەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەنێوانیاندا ڕوو بدات، وەکو چۆن ململانێی ئابوورییان لەنێواندایە. دواتر دەڵێت جیاوازییەك هەیە لەنێوان (چینی حاکمدا) کە دەست بەسەر حوکمدا دەگرن، لەگەڵ چینی باڵادەست کە ئەو چینەیە هەموو بڕیارەکان لەبەرژەوەندی ئەواندایە.
بۆ نموونە، لەبەشی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لەبەریتانیا چینی ئەریستۆکراتی فیودالی دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بەلاّم بەشێوەیەك بەڕێوەیان دەبرد کە لەبەرژەوەندی چینی سەرمایەداری پیشەسازی بوو. لەلایەنی کارکەرانیشەوە، دەتوانین کرێکاری پسپۆڕو شارەزاو ناشارەزا لەیەکتری جیا بکەینەوە کە ململانێی نێوانیان لەپێشقەبردنی بزاڤی سەندیکایی لەبەریتانیا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە. ئەو دیالۆگەی لەنێوان بولانتزاس و رالف ملباند ڕوویدا، کە مارکسیستێکی ئینگلیزییە، جیاوازی نێوان ئەم جۆرە لەشیکردنەوە لەگەڵ شیکردنەوەی مارکسیزمی تەقلیدی دەردەخات و خوێنەریش دەتوانێت لەڕێگای خوێندنەوەی ئەو زێدەڕۆییەدا ڕادەی پێشقەچوونی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ببینێت.
پێم وایە تا ئەو ئاستەش مەسەلەکە ئاساییە، چونکە نموونەیەکمان لایە بۆ

بونیادی چینایەتی کە کەمێك ئاڵۆزە. کەچی کاتێك بولانتزاس ئاوڕ لەدەستنیشانکراوە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی بونیادی چینایەتی دەداتەوە، ئەوە دیارە پاشەوپاش دەگەڕێتەوە سەر دەستنیشانکراوە ئابوورییەکان، پێشتریش هۆی ئەوەم ڕوونکردۆتەوە. ئەو دێت کەمێك بەوردی باس لەدیاردەی چینی بۆرژوازی نوێی بچووك دەکات و دەڵێت ئەندامانی ئەم چینە وەزعێکی ئابووری جیاوازیان هەیە لەگەڵ چینی بۆرژوازی بچووکی تەقلیدی، ئەوانە خاوەنی دامەزراوەی خێزانی بچووك نین، بەڵکو لەبواری تری زۆر جیاواز کاردەکەن وەکو ڕیکلام و شتی لەم جۆرە، واتا ئەوانە کرێکاری نابەرهەمهێنەرن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەلایەنی ئایدۆلۆژییەوە وا پۆلێن بکرێن وەکو ئەوەی بۆرژوازی بچووکن، چونکە تا ڕادەیەك هەڵگری هەمان ئەو بیروبۆچوونانەن کە کەرتی تەقلیدی ئەم چینە هەڵیاندەگرێت.

کاتێك دەڕوانینە ئەو هۆیەی لەپشت بڕوای ئەوانەوەیە بەو بیرو بۆچوونانە دەردەکەوێت کە هەڵقوولاوی ڕەوشێکی دیاریکراوی ئابوورییە، واتا دوو ڕەوشی جیاوازی ئابووری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یەك گروپ لەبۆچوونی سیاسیدا.

بولانتزاس قسە لەبارەی ئەو پلەو پایە کۆمەڵایەتییانەش دەکات کە ڕەوشی خاوەنەکانیان لەدامەزراوە سیاسییەکاندا دیاری دەکات، وەکو فەرمانبەری دەوڵەت و ڕۆشنبیران و سەربازان، بەرەو ئەوە دەچێت کە دەشێت ئەم پلە کۆمەڵایەتییانە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕن، بەتایبەتیش لەنێو سیستەمی فاشیستیدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە ئەم پلانە لەکاتی قەیراندا بەپێی ئوسوڵی چینایەتی خۆیان دابەش دەبنەوە.

بەم جۆرە جارێکی تریش پێوەرە ئابوورییەکان شوێنگەی سەرەکی نێو شیکردنەوەکانی داگیردەکەن. من ناچمە نێو وردەکاری ئەم بۆچوونانەوەو هیوادارم توانیبێتم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئێمە دەتوانین بە بەکارهێنانی مارکسیزمی بونیادگەری نموونەیەك بۆ بونیادی چینایەتی دەسگیر بکەین ئاڵۆزترو بەسوودتر بێت لەو نموونەیەی مارکسیزمی سادە پێشکەشی دەکات، هەروەها باشتر بێت لەو نموونانەی تیۆری ململانێ دەیخاتە ڕوو، چونکە سەرەڕای نیازەکانی تیۆرەکە، بەڵام حەتمییەتی ئابووری جارێکی تریش لەم شیکردنەوەدا سەرهەڵدەداتەوە، ئەوەش مەرج نییە شتێکی هەڵە بێت، لەبەرئەوەی تا ئێستاش مارکسیزمی بونیادگەری جۆرێك لەشیکردنەوەی هەیکەلی بونیادی چینایەتیمان پێشکەش دەکات، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە ناتوانێت ئاڵۆزی کۆمەڵە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگای نوێ ڕاڤە بکات، ئەوەش شتێکە تیۆری ململانێ بەلایەنی کەم دەتوانێت وەسفی بکات. ئێمەش پێویستیمان بەوەیە لەو شیکردنەوەیە زیاتر ڕۆ بچینە نێو شیکردنەوەیەکی تیۆری وردتری بونیادە شاراوەکان لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووریدا.

**دەوڵەت و ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانی**

لایەنگرانی مارکسیزمی تەقلیدی، بەهەردوو ڕووی سادەو پێگەیشتووی، ململانێ سیاسییەکان بۆ بوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕنەوە کە لەپێکهاتندا پشت بەبونیادی ئابووری دەبەستن. کەچی زۆربەیان ئامادەن دان بەوە دابنێن کە فاکتەرەکانی تر دەبێت ڕەچاو بکرێن، بەرلەوەی بتوانین لەژیانی سیاسی هەر کۆمەڵگایەك بەتەواوی تێبگەین. پێدەچێت ئەم پرسە بۆ بونیادگەرەکان بووبێتە سەنگی مەحەك بۆ حوکم کردن لەسەر سادەیی هەر تیۆرێك، بەشێوەیەك پێیان وایە هەر هەوڵێك بۆ بەستنەوەی ململانێی سیاسی بەو چینانەی کە لەسایەی پێوەرە ئابوورییەکانەوە بونیان هەیە، هەوڵێکە سادەیی یا حەتمییەت لەخۆیەوە دەگرێت. بونیادگەری ئەم هەڵوێستە دەگرێتەبەر سەرەڕای ئەو موفارەقەیەی کە لەوەدایە ئەو خۆی نموونەیەکی ئاڵۆزو بەسوودی بۆ بونیادی چینایەتی پێشکەشکردووە کە پشت بەدەستنیشانکردنی ئابووری دەبەستێت، ئەوەش مەسەلەیەکە پێدەچێت نەتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، لەگەڵ ئەوەشدا موفارەقەی لەوەش سەیرتر هەیە.

لەژێر کاریگەری لێکۆڵینەوە بونیادگەرییەکاندا دەوڵەت بۆتە کایەیەك بۆ لێکۆڵینەوە، هەر زووش ئەوە دەردەکەوێت کە زاراوەی (دەوڵەت) لەم سیاقەدا مانای زیاتر وەردەگرێت لەوەی هەیە، ئەوەش بەڕوونی لەو لێکۆڵینەوەیە دەردەکەوێت کە ئەلتۆسێر لەساڵی (۱۹۷۱)دا لەبارەی ئایدیۆلۆژیاو ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت نووسیبووی. پێش کەمێك ئەو پاساوەم ڕوونکردەوە کە دەڵێت ئەوەی سەرمایەداری جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە میکانیزمەکانی دەسبەسەراگرتن لەنێو پێوەندییە ئابوورییەکاندایە. کەچی ئەلتۆسێر دەڵێت ئەم پێوەندییە پێویستی بەهەندێك پێداویستی ترە کە لەسەر ئاستی ئابووریدا گرێنتی بەخش نییە، ئەگەرچی دان بەڕاستی ئەم داوایەشدا دەنێت. بۆ نموونە، کرێکاران دەبێت خواردن و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێت ئەگەر بمانەوێت لەکارکردن بەردەوام بن، هەروەها دەبێت لەسەر کارکردن ڕابهێنرێن، وەکو ئەوەی دەبێت تا ڕادەیەك فێری خوێندنەوەو نووسین بکرێن، لەگەڵ هەندێك شتی تر کە پەیوەستە بەجۆری کارەکەیان، هەروەها دەبێت منداڵی ئەم کرێکارانە فێری ئەو ڕەوشە بکرێن تاوەکو بێزاری دایان نەگرێت و بەدوای هیواو ئاواتی ناواقیعانەدا نەگەرێن، هەموو ئەو پێداویستییانە پێویستن و مەرجی بوونی پەیوەست بە بەردەوامبوونی پێوەندییەکانی بەرهەمی سەرمایەدارین.

وەکو ئەوەی ئەلتۆسێرو بۆلانتزاس پێیان وایە، دەوڵەت دەبێت ئەم مەرجانە دابین بکات، چونکە ئەوانە وا تەماشای دەوڵەت دەکەن وەکو ئەوەی سەنتەری پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و بوونی بەردەوامی

پێوەندییەکانی بەرهەمی سەرمایەداری بێت. دەوڵەت بەدوو ڕێگا ڕۆڵی خۆی بەدی دێنێت، یا لەڕێگاری بەکارهێنانی هێزی وەکو پۆلیس و سوپاو دەزگا سەرکوتکەرەکان، ئەوەش بەردەوام پێویست نییە، چونکە ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت بەتوانایەکی زۆر کاردەکەن بەگرێنتی دان بەملکەچکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ هەموو ئەو داواکارییانەی لێیان دەکرێت. هەموو ئەو ئامێرانە دامەزراون بۆ گرێنتی دان بە بەدیهێنانی مەرجەکانی بوون وەکو ئەوەی باسمان کرد، لەپاڵ دامەزراوەی فێرکردندا، ئەو دامەزراوانەش دەگرێتەوە کە دەچنە خانەی دامەزراوەی تایبەت، وەکو ڕاگەیاندن و کلێسا و دەزگا ئایینییەکان و خێزان و تەنانەت سەندیکا کرێکارییەکانیش، هەموو ئەو دامەزراوانە کار بۆ بەردەوامبوونی سیستەمی سەرمایەداری دەکەن.

یەکێك لەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم ڕایە دەکرێت، پێم وایە ئەم ڕایە جیاوازییە گرنگەکانی نێوان ئامێری دەوڵەت و دامەزراوە تایبەتییەکان نابینێت و بزریان دەکات، بەڵام ئەوەی دەلالەتێکی گەورەتری هەیە، ئەوەیە ڕاڤەکردنەکەی ئەلتۆسێر ڕاڤەکردنێکی فرمانییە، یا لەڕاستیدا شتی زۆر ڕاڤە ناکات. ئاماژەدان بەوەی ئاستی ئابووری پێویستی بە دابینکردنی کۆمەڵێك مەرجە، ڕاڤەکردنی چۆنییەتی بەدیهێنان و دابینکردنی ئەم مەرجانە نییە و ڕەنگە هەرگیز نەیەتە دی، یا بەکۆمەڵێك ڕێگای تر بەدی دێن، سەرنجی سیستەمی فێرکردنی هەریەك لەئەمریکای باکوورو وڵاتە ئەوروپییەکان بدەو بزانە چەندە جیاوازن. ڕوونکردنەوەی پێداویستی بۆ شتێکی دیاریکراو ڕاڤەکردنی ئەوە نییە کە ئەو پێداویستییە هاتۆتە دی یا چۆن دێتە دی، ئەم قسەیە لەسەر حاڵەتی تاك و کۆمەڵگاش هەر ڕاستە. من پێویستیم بەبڕێك پارەی زۆر هەیە، بەڵام دەستم ناکەوێت. ئەوەی لەدوای ئەم ڕاڤەکردنەوەیەیە حەتمییەتی ئابوورییە، گریمانی زمنی ـ کە ناکرێت ڕاشکاوانە بێت، چونکە ئەوەیە کە ئەلتۆسێر هەوڵدەدات پووچی بکاتەوە ـ دەڵێم ئەم گریمانە زمنیە ئەوەیە کە ئاستی ئابووری بوونی ئەم دامەزراوانە دەستنیشان دەکات.

کێشەیەکی تریش لەبەردەم هەریەك لە ئەلتۆسێرو بولانتزاس قیت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە مارکسیزم بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو زۆر لەدامەزراوەکانی دەوڵەتدا ڕوودەدات کە مارکسییەکان باسی لێوە دەکەن. ئەگەر ئەوە وابێت، کە زۆر سوورن لەسەر ئەوەی وایە، باشە ئەم ململانێیە لەکوێوە سەر هەڵدەدات. ئەوە لەخودی ئامێرە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی دەوڵەتەوە نایەت، چونکە ئەو ئامێرانە وا دانراون تاوەکو گرێنتی بە بەڕێوەچوونی سیستەمەکە بدەن و ناتوانێت فرمانی خۆی

ئەنجام بدات ئەگەر خۆی لەسەرچاوەی ململانێیەکە بێت، دواتریش ناکرێت ململانێی سەرچاوەکەی ئەو چینانە بێت کە لەلایەنی ئابوورییەوە بوونی دیاریکراوە، قسەیەکی لەم جۆرە مانای وایە قورساییەکی زیاتر دەدرێتە تێڕوانینی مارکسیزمی سادە. کەواتە ململانێی چینایەتی لەهیچ شوێنێکەوە هەڵناقوڵێت. ئەم ئیشکالییەتە بولانتزاس ــ ی بەدوو ڕووگەدا برد، یەکەمیان بەرەو ئەو ڕەوتە مارکسییەی لەژێر کاریگەری تیۆریستی ئیتاڵی تراش دابوو، ئەوەش ڕەوتێکی مارکسیزمی تەقلیدی بوو، ئەگەر چی سادەش نییە. ئەویتریشیان ڕووەو تەبەنیکردنی هەندێك لەبیروبۆچوونەکانی قوتابخانەی پۆست بونیادگەری کە دواتر لەبەشی داهاتوودا باسی دەکەین.

**خود :داوە شاراوەکانی بووکۆڵەکان**

ئەو وتوویژەی ئەلتۆسێر لەبارەی ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکان، لەکۆتاییدا بەرەو ئەو نمایشە شانۆییەمان دەبات کە ناومان نابوو شانۆی بووکۆڵەی بونیادگەری. قسەکانی ئەلتۆسێر لەبارەی ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکان هەنگاوێکە لەڕێگای خستنە ڕووی پرسی خودگەرایی، یا بەگوزارشتێکی تر، پرسی مردنی خود. کاتێك لەبەشی ڕابردوودا قسەم لەم بارەیەوە کرد، گووتم ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت هەستکردنی ئێمە بەوەی کە ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەین، بەشێوەیەك لەشێوەکان هەستێکی فریودەرەو ئەلتۆسێریش دەیەوێت ئەوە ڕاڤە بکات کە چۆن ئەم هەستکردنە ڕوودەدات و بۆچی هەستێکی فریودەرە، واتا بەڕاستی بۆچی ئێمە بووکۆڵەین، بۆچی بەهەڵەدا دەچم ئەگەر پێم وابێت من ئەم کتێبە دەنووسم، لەکاتێکدا ئەوە تیۆری کۆمەڵایەتییە لەسایەی منەوە دەینووسێت.

ئەلتۆسێر زۆر زیرەکانە بیری خۆی لەبارەی ئەم پرسەوە پێشڤە دەبات و دەڵێت: ئەم هەستکردنە پێویست و فریودەرە. بەم شێوەیەش وای لەم هەستکردنە کرد کە ئێمە دروستکەرو ئەنجامدەری کارەکانی خۆمانین ببێتە مانای ئێمە بۆ ئایدیۆلۆژیا و ئەم هەستکردنەی وا وەسفکرد کە (هەستکردنێکی خەیاڵکراوە)و ئەم زاراوەیەش لەدەروونشیکاری بونیادگەری فەرەنسی جاك لاکان دەخوازێت کە مانایەکی هونەری بەم زاراوەیە بەخشیوە.

لاکان پێی وایە ئەم هەستە مەرجێکی پێشینەیە بۆئەوەی خۆمان بەمرۆڤ دابنێین و وەرگرتنی ئەو هەستە بەوەی مرۆڤ خودە سەرەتای ئاوێتەبوونی مرۆڤە بەکۆمەڵگا و کولتوور، ئەوەش لەساڵی یەکەمی منداڵیدا ڕوودەدات کە لاکان ناوی دەنێت (قۆناغی ئاوێنە)و بریتییە لەو قۆناغەی لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردندا ئاوێتە دەبێت کە فرۆید وەسفیان دەکات.

بیرۆکە کە دەڵێت منداڵی شیرەخۆر هەست دەکات ئەو بریتییە لەکۆمەڵێك ململانێ و

ئارەزووی توووند کە بەرەو چەندین لای دژیەك پەلکێشی دەکەن. زۆربەی هەوادارانی قوتابخانەی دەروونشیکاریش پاڵپشتی لەو بۆچوونە دەکەن‌و پێیان وایە کردەی گەشەکردن، کردەی وەرگرتنی توانای حوکمکردنی ئەم ئارەزووانەو ئاراستەکردنییەتی. ئەو کارە لای لاکان کاری وەرگرتنی مرۆڤە بۆ ئەو هەستەی کە لەسایەیەوە هەست دەکات بووەتە خود.

ئەوەش لەمیانەی تەماشاکردنی منداڵ دێت بۆ ئاوێنە ـ مەرج نییە مەبەست ئاوێنەی ڕاستەقینە بێت ـ ڕەنگە لەمیانەی دایك‌و باوکییەوە بێت، بەو شێوازەی جۆرج هربرت مید پێی وایە (من ـMe) پێکدێت. کەچی لای لاکان ئەوەی لەمیانەی ئەم کردەیەدا پێکدێت بریتییە لە (من ـI)، چونکە لەنێو وێنەدا، منداڵ بوونەوەرێك بەدی دەکات، کۆنترۆڵی خۆی کردووەو بەدوای ئارەزووەکانی ناکەوێت. ئەوەی فێری تێڕامان لەئاوێنە بووبێت درك بەوە دەکات وێنەکە هەندێکجار هەمووشتێکی تێدایە کە خۆی نایانبینێت. لاکان پێی وایە منداڵی شیرەخۆر هەوڵدەدات وەکو ئەم وێنەیەی لێبێت‌و هەوڵدەدات ببێتە ئەم خودەی کە لەبنچینەدا خەیاڵکراوە، لەکاتێکدا ئارەزووە دژ یەکەکان لەناوەوەیدا بەردەوام لەململانێدان. زۆربەمان کاتێك ئەم ململانێیە دەردەکەون لامان دووچاری کاتی ناخۆش‌و زەحمەت دێین.

لاکان بایەخ بەتوێژینەوە بەبونیادی نەست دەدات کە لەپشت ئەم هەستە خەیاڵکراوەی مرۆڤدایە بەوەی کە خودە. ئەوەی لێرەدا گەرەکمە بڵێم ئەوەیە لاکان چەمکێکی قووڵتر بۆ بکەر لەو چەمکانە پێشکەش دەکات کە لای لایەنگرانی تیۆری کردە بەدی دەکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مەسەلەیەك نییە ئەلتۆسێر خەریك بکات، ئەو تەنیا گەرەکیەتی بڵێت ئەم هەستکردنە خەیاڵکراوە بەخودێتی لەسایەی ئەم ئامێرە ئایدیۆلۆژییانەوە دێت، چونکە ئەم ئامێرانە بەرلەوەی کەسەکەش لەدایك ببێت، بوونیان هەیەو ئەوان ڕێڕەوی ژیانمان دەکێشن.

ئێمە کاتێك لەدایك دەبین، کۆمەڵێك شوێن‌و ڕۆڵ لەچاوەڕوانیماندان، وەکو خێزان‌و قوتابخانەو کارو ..تاد. لەواقیعدا ئەو بیرۆکەیە هاوشێوەی چەمکی پارسۆنزە لەبارەی شوێنگەوە. هەستکردنمان بەوەی ئێمە خودین‌و کۆمەڵێك لایەنیتر هەڵقولاوی ئەو کردەو ممارەساتانەن کە لەچاوەڕوانیماندان‌و ئێمەش ناچارین ئەنجامیان بدەین. بۆ جەختکردنەوەش لەسەر قسەکانی، ئەلتۆسێر دێت قسەیەکی باسکال ـ ی لاهۆتیزان دێنێتەوە کە پێی وایە مرۆڤ بڕوا بەخوا ناکات ئینجا دواتر بچێت نوێژ بکات، بەڵکو نوێژ دەکات‌و لەمیانەی نوێژکردنەوە بڕوا بەخوا دەکات. کەواتە بەبڕوا بوون دەست پێدەکەم لەمیانەی ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێم سپێردراوە، بەوەی ئەم کارانەی من

ئەنجامیان دەدەم کارێکن لەخودی خۆمەوە هەڵقوولاون.

**گرنگی میکانیزمی شانۆ**

ئالێرەدا شانۆی بووکۆڵە بەسەرجەم وردەکارییەکانەوە دەبینین، داوەکان لەئاستی ئابووری دەست پێدەکەن، واتا لەجۆری بەرهەمهێنان، دواتر لەمیانەی دەوڵەت و ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانییەوە، کە ئاستی دووەمە، لەو ئامێرەی یارمەتیدەرە لەسەر هێشتنەوەی جۆری بەرهەمهێنان، لەکۆتاییشدا بووکۆڵەکان لەمیانەی هەستکردنی خەیاڵکراوی مرۆڤ بەوەی کە ئازادە لەکاری خۆیدا، دەجووڵێنەوە. کەچی خەوشێکی بنچینەیی لەم بیرۆکەیەدایە لەبەشی داهاتوودا قسەی لەسەر دەکەم، بەڵام ئێستا بەکورتی باس لەسوودەکانی میکانیزمی شانۆی بووکۆڵە دەکەم:

١)نموونەی کۆمەڵگایەکمان پێشکەش دەکات کە ڕێگامان پێدەدات بەتەواوی جیاکاری لەنێوان کۆمەڵگا و بکەر بکەین، تەنانەت ئەگەر کێشەش سەری هەڵدا کاتێك لەشیکردنەوەدا دەگەینە قسەکردن لەسەر بکەر، بەڵام نموونەکەی پارسۆنز ڕێگای ئەم جیاکردنەوەمان پێنادات.

٢)ڕێگایەکمان پێدەدات بۆ تەماشاکردنی جۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەکرێت زیاتر لەیەك جۆری بەرهەمهێنان بەیەکەوە لەنێو یەك کۆمەڵگادا بژین.

٣) نموونەیەکی قووڵتر لەوەی مارکسیزمی سادەمان پێدەدات بۆ تێگەیشتن لەبونیادی چینایەتی و سیاسی، بەبێ ئەوەی لەنێو وردەکارییەکانی ڕووداوە گۆڕاوەکان بێت، وەکو ئەوەی تیۆری ململانێ دەیکات.

٤)بەلایەنی کەم ڕێگامان پێدەدات دەست بەبیرکردنەوە بکەین لەبارەی کارتێکردنی هەرسێ ئاست لەیەکتری: ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی، هەنگاوێك بۆ پێشەوەمان دەبات بۆ دەستنیشانکردنی بونیادی شاراوە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و حزبیدا، ئەوە جگە لەو میکانیزمە هۆکارێتییانەی پەیوەستن پێیەوە، ئەگەر ئەوە مومکین بێت.

٥)ئاماژە بۆ چەمکێکی قووڵتر بۆ بکەر دەکات لەوەی تا ئێستا بینیومانە، ئەوەش لەمیانەی ئاماژەکردن لەڕێگای لاکان ـ ەوە بۆ نەست، سەرەڕای خەوشی سەرەکی چەمکەکەی لەبارەی خود.

بەڵام هەندێك ئیشکالییەتی تر لەنێو وێناکردنی ئەلتۆسێر بۆ مارکسیزم سەریان هەڵدا، ئیشکالییەتی وا لەو شەڕە سیاسییانەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە ئەلتۆسێر ئەنجامیانی دەدا، دەکرێت ئەم ئیشکالییەتانە لەو بیرۆکەیە کورت بکرێتەوە کە ئەم کتێبە لەدەوریدا دەسووڕێتەوە و بریتییە لە: ئیشکالییەتی نێوان شیکردنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی کردەی کۆمەڵایەتی.

حەتمییەتی بونیادگەری کە لای ئەلتۆسێر

خاوەنی پاساوێکی بەهێزە، لەگەڵ کۆمەڵێك کێشە جێمان دەهێڵێت لەڕاڤەکردنی گۆڕان و ئەو ململانێیانەی پێدەچێت هیچ پێوەندییەکیان بەدژکارییە ئابوورییەکانەوە نەبێت، جگە لەکێشەی ڕاڤەکردنی خودی کردەی مرۆڤایەتی، ئەوەش خۆی دەخرێتە سەر ئەو ئیشکالییەتە تیۆرییە دیاریکراوانەی کە لەبەشی تایبەت بەسروشتی تیۆرەوە قسەم لەسەرکرد. لەبەشی داهاتووشدا قسە لەسەر ئەوە دەکەم چۆن ئەم ئیشکالییەتانە بوونە هۆی بەش بەشبوون و بڵاوبوونەوەی ئەم تێڕوانینە.

**استدراکێك دوای تێپەڕینی دە ساڵ**

ئێستاش گەرەکمە بگەڕێمەوە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە تێبینییەکانم لەبارەیەوە دەخولێتەوە و لەمیانەیدا دەستم بەم وتووێژە کرد. لەژێر ڕۆشنایی دارمانی شیوعییەت وەکو بزاڤێکی سیاسی کاریگەر چی لەم هەموو شتانە بکەین؟ هەوڵمدا ئەلتۆسێر بخەمە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی، بەڵام پێشڤەچوونی هزری ئەلتۆسێر زۆر بەتووندی پەیوەستی پێشڤەچوونی هزری شیوعی بوو، زیاتریش لەگەڵ مێژووی مارکسیزمی لینینی. هیگڵ گوتوویەتی: "شەمشەمە کوێری مینەرفا نافڕێت تاوەکو تاریکی دانیەت)، ئەم قسەیەش بەشێوەیەکی نادیار و ئاڵۆز ئەوەمان پێدەڵێت کە ئیستیعابکردن و تێگەیشتن لەسەردەمێکی مێژوویی مومکین نابێت تەنیا لەکۆتایی ئەم سەردەمەدا نەبێت. پێشم وایە ئەلتۆسێر بەشێوەیەك لەشێوەکان مارکسیزمی تەقلیدی پێشڤەبردووە و بەباشترین شێوە دایڕشتۆتەوە، ئەم دەسکەوتەش بەدی نەدەهات ئەگەر نەزعەی مارکسیزمی تەقلیدی قبووڵکراو بووایە و کاریگەرییەکەش گەورە بوو، ئەگەرچی کەسانێکی کەم دەستیان بەو چوارچێوەیە گرت کە ئەو داینابوو. بێگومان پێشڤەچوونی فەلسەفەی واقیعیانەی باسکر بەتووندی قەرزاری فەلسەفە مەعریفییەکەی ئەلتۆسێرە و زۆر توێژینەوەی تریش چوارچێوەکەی ئەویان کردۆتە دەسپێکی خۆیان.

هەرچۆنێك بێت ئەلتۆسێر و ڕەوتی مارکسیزمی بونیادگەری لەتێڕوانینی مندا گرنگن، لەبەر هۆی مێژوویی نییە، یا ڕەنگە جێکەوتەکەیان لەسەر فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەش بەش بێت، بەڵکو پێم وایە لایەنی باشی تیۆرەکە ئەو لایەنەیە کە بەر لەدە ساڵ بەرگریم لێکردووە و ئێستاش لەهەموو کاتێك زیاتر گرنگە. ئەو چوارچێوەیەی ئەلتۆسێر هێنای چەمکێکی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی پێشکەشکرد کە بەپێگەیشتووترین تێز دادەنرێت لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەلتەرناتیڤی تیۆری سەرەکی ئەلتۆسێریش، تیۆرەکەی پارسۆنزە، یا یەکێك لەو تیۆرانەی لەوەوە

وەرگیراون. ئەم مەسەلەیەش وا لەئێمە دەخوازێت بووەستین و بەراوردێك لەنێوان هەردوو چوارچێوەدا بکەین. کارەکانی ئەلتۆسێر چەمکی بونیادی شاراوەی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات. چەمکەکەش لەبارەی ڕەوشەکان لەچەمکی ڕۆڵەکان قووڵترە، چونکە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئەو حاڵەتەیە کە من تێیدام، جاو وشیار بم یا وشیار نەبم، ئەگەرچی بەڕوونی دیارە کە ڕەوشەکە مەسەلەیەك نییە خاوەنی ڕەنگی حەتمییەت بێت و ئەلتۆسێر پێی بەخشیبێت، بەڵام شتێکە دەستنیشانی چوارچێوەی کارەکانی من دەکات، ئەوەش شتێکە من خۆم ناتوانم بیگۆڕم، تەنانەت لەڕێگای ترو کۆمەڵیشەوە ناگۆڕێت.

موفارەقەکە لەوەدایە لەکاتێکدا مارکسیزم بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە ڕاڤەکردنی یەکلایەنە دەخاتە ڕوو، ئەوەش ئەلتۆسێر دێت تواناکاری ئەوەمان دەخاتە بەردەست بتوانین ڕاڤەکردنی وابخەینە ڕوو کە پشت بکۆمەڵێك هۆکار ببەستێت بەپێی پێشینەییان لەنێو کۆمەڵێك کردەی هۆکارێتییدا کە هەر تەنیا وەسفی ڕووداوەکان نییە.

بەڵام ڕاڤەکارییەکانی پارسۆنز، پێناچێت ئەم توانایە بەدەستەوە بدەن، مەگەر تەنیا ئەوەیان نەبێت کە پەیوەستە بەتەرتیبی سبرنتیکی.

موفارەقەیکی تریش ئەوەیە کە ئەو فەلسەفەکارەی هەوڵیداوەو تەقلیدی هزری مارکسی تازە بکاتەوەو پێشڤەی ببات، هەمان فەلسەفەکارە کە دەرگایەك بۆ پێشڤەبردنی تیۆری پۆست مۆدێرنە دەکاتەوە، ئەو تیۆرانەی زۆر بەتووندی هەر شێوەیەك لەشێوەکانی شیکردنەوە ڕەتدەکەنەوە کە مارکسیزم دەکاتە دەسپێکی خۆی. پێم وایە ئەو بڵاوبوونەوە خێرایەی کارەکانی ئەلتۆسێرو بەلاوەنانی خێرای کارەکانی، لەژێر کاریگەری جۆرێك لەبیرکردنەوەی تووندی ئایدیۆلۆژیدا، هۆکارێکە پاڵمان پێوە دەنێت زیاتر دەستیان پێوە بگرین. هەڵەی فەلسەفە مەعریفییەکەی هەر چۆنێك بێت، بەڵام بەلایەنی کەم ئەلتۆسێر دەسبەرداری ئیلتیزامی مەعریفی نەبووەو ئەم مەعریفەیەی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی سیاسی سوودمەند بەکارهێناوە، ئەوەش مەسەلەیەکە من خۆم تا ئێستاش پێم وایە گرنگە.

سەرچاوە: النظرية الاجتماعية من بارسونز الى هابرماس، ايان كريب، ترجمة: د. محمد حسين غلوم، الكويت، ١٩٩٩.

# فەلسەفەی كۆچەریو بزاڤەكان ناساندنێك سەبارەت بە تێڕوانینی فەلسەفەی دۆلۆز



و: لەسویدیەوە: هەندرێن

## ١- ژیل دۆلۆز: دەروازەیەك بۆ ژیاننامەو بەرهەمەكانی

ژیل دۆلۆز لە زانكۆی Ecole normale superieur خوێندنی تەواو كردووە، كە ناپلیۆن دوای شۆرش ئەو زانكۆیەی وەك (جێگرێك)لە بڕی ئەو زانكۆیە باوە دروستیكرد، كە ئینستوتۆشیۆنەكەی بەئاوەزی سەدەی ناوەڕاست بەڕێوە دەچوو. لەپاریس زانكۆی (سۆربۆن) وەك نموونەیەكی تازەتر نوێنەرایەتی زانكۆیەكی دەوڵەمەند دەكا كە چەند مەترێكیش دوورە لە Ecole normale. لەنێوان هەردوو زانكۆدا تەنیا سنوورێكی سیمبوولی هەیە كە ئەویش ئەو باڵاخانە زەبەلاحەی Pantheonە، كە لەساڵی ١٩٧١ەوە دروستكراوەو وەك جۆرە پەرستگایەكی شۆرش سەیر دەكرێ، هەر لەو كاتەوە لەسەر دەروازەی ئەو باڵاخانەیەدا بەپیتی زلی لەئاڵتوون نووسراوە RECONNAISSANTE AUXGRANDS HOMMES ALA PATRIE (سووپاسی وڵاتی دایك بۆ پیاوە مەزنەكان)، پیاوە مەزنەكانیش بریتین لە ( Mirabea, Voltaire, Rousseau, Viktor Hugoو چەندانی تر كە ماونەتەوە. ئا بەڕاست، MIRABEAU پاشان ناوی ڕەشكرایەوە چونكە لەوە دوودڵ بوون كە گەورەیی ئەو لەكام ئاستدایە. لەروانگەی ئەو چەمكگەلە دۆلوزیانەوە كە لەدوا بەرهەمەكانی بەكاریان دێنێت، بەم جۆرە مرۆ بە ڕێگای هەڵومەرجی مێژوویەوە دەتوانێ شوێنەواری جێماوی مرۆڤ بۆ سنووری دونیای نێوان "سۆربۆن"و Ecole normale بگوازێتەوە: كە ئەو شوێنەوارە بەجێماوی جۆرێكە لە جومگەكانی كۆچەرگەرایی Normadism، كەچی ئەوە كۆدە زیكزاكیە سیاسییەكانی هەنووكەییە كە بڕیار لەسەر چۆنیەتی ئەو شوێنەوارە دەدا، وەكوتر كۆمەڵێ چەمكی روانین ئامێزی تر بەرجەستە دەبنەوە، كە پڕن لە

روانگەی تازەو هزرهەڵگر، ئەو وتارەش لەئاستێکی زۆر سادەدا دەیەوێ گەلاڵەیان بکات.

ژیل دۆلوز لەساڵی ١٩٢٥ لەدایك بووە (لەساڵی ١٩٩٥ لەنهۆمی ٦ەوە لەپەنجەرەی ماڵەکەی خۆی فڕێداو ماڵئاوایی کرد، ئەو بڕیاردانەی دەستەوەستان بوونەوەی بەرامبەر نەخۆشی سییەکانی و هەناسە تەنگییەکەی، کە ئەوەش وای لێکرد ئیتر نەتوانی وەك جاران بە جۆشەوە باسی فەلسەفە بۆ ئاپۆرەی ئەو خوێندکارانەی زانکۆ بکات، کە لەهۆڵی فەلسەفەدا هەمیشە بەتامەزۆروە گوێیان لەباسەکانی ئەو دەگرت، بۆیە دەبێ ئەو خۆکوشتنەی دۆلوز وەك بڕیارێك بەدژی مەرگو مەرجە سەپێنراوەکانی لێکبدرێتەوە. وەرگێڕی کوردی)،

دۆلوز سەرەتا لە زانکۆی لیۆن وانەی فەلسەفەی گوتەوە. پاشان لە شوێنێکی دوورە دەست خۆی لە زانکۆی ڤینسێنس بینییەوە، کە "ژەنەرال" دوای ١٩٦٨، ئەو زانکۆیەی وەك جۆرە بەخشینێك بۆ باڵی چەپڕەوی پاریس لەناو دارستانێکی دوورو لاتەریك دروست کرد، هاوکات ئەو زانکۆیە بە "دیاری"بەو خوێندکارو هەروا بەبەشێك لە مامۆستایە زۆر بزۆك رەخنەگرە توندڕۆیەکان دەبەخشرا. بەڕێوەبەرانی بەشی ئینستوتی فەلسەفەش لەو زانکۆیەدا پێکهاتبوون لە نموونەی وەك میشێل فۆکۆ، ژان- فرانس لیۆتارو ژیل دۆلوز. خەڵکی "ڤینسێن"ئەو ئینستوتێتە بە "ئەزموونگەریە کەلاوەکە" ناو دەبەن، وەکوتر ئەو خەڵکە خۆیان شانازی بە دۆخی ئینستۆتێتەکەیان دەکەن، کە بەڵگەنامەی تاقیکردنەوەی لەگەڵ بەڵگەنامەی تاقیکردنەوەی زانکۆکانی تری فەرەنسییە هەرگیز هاو ئاست نەبووە، هەورا تابلۆ/تەختەی ئاگادارییەکانی هەمیشە دەدڕێنرێت و چوارچێوە فیزیکییەکەشی بوارێکی رەخساندووە بۆ ئەو دادڕینە رۆژانەییە.

نوێترین و ناڕەحەتترین زانکۆی پاریسە!

لەپەنجاو سەرەتای شەستەکان کتێبە سەرەتاییەکانی ژیل دۆلوز شێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفی دەنوێنن، کەباسەکانی لەسەر ناوە گەورەکان و پرسیارەکانی مێژووی بیرۆکەکان چەقدەبەستن. ئاماژە بەوە کراوە ئەو نووسەرانەی کە دۆلوز راڤەی کردوون هەمیشە ئەو بیرۆکانەی لەهزری ئەوانەدا زەقکردۆتەوە کە ئەو ترادیسیۆنە ئاوەزگەرایە خۆی لێیان دزیوەتەوە. دۆلوز دواتر لەسەر ئەوە سوور دەبێت کە لەنێوان ئەو هزرڤانانەی کە ئەو راڤەی کردوون (وەك راڤەکردنەکەی لەسەر کانت) هێڵێکی پێکەوە بەستراو هەیە: رەخنەیەك لەناکارایی، چاندنێك لە دڵخۆشیەتی، دژە هزرکردنێکی رۆمانتیکی ئاراستەی

"ناوەکیەت" یان بەرەو ناخ هەڵگەڕانەوەیەك" دەکاتەوە، ڕەخنەیەکیش لەسەر دەسەڵات ئەنجام دەدات.

مرۆ دەتوانێ بەهێمنی بڵێ کە دۆلوز لەکتێبەکەی نیتشەو فەلسەفە ( 1962, Nietzsce et ls phiosophie)دا ئەو هزرڤانە دەدۆزێتەوە کە بەمەش لەمە بەدواوە فەلسەفەی نوێباو ڕزگار دەکا، بەڵێ ئەو فەلسەفە نوێباوە لەتەواوی ئەو کولتوورە پێشەنگەی زەمەنی ئێستامان، لەژێر قورساییەکانی ترادیسیۆن ڕزگار دەکاو ئامرازێکی تری پێدەبەخشێ کە بەوە بتوانی ژیانو جیهان تۆمار بکات. بەلای دۆلوزەوە نیتشە ئەو فەیلەسووفەیە کە "لەراندنەوە، سوورگە، گێژەن، قورسایی و وزە،هەروا سەما یان خۆشبەزی کە یەکسەر ئەچێتە ناو مێشك ئەفراندنەوە". نیتشە لەوانی تر زیاتر ئەو جیهانە لەتاکگەراییەو بەر لەتاکگەراییە بەتاك کراوەکانی- پێشهاتە تایبەتییەکانی شرۆڤە کردووە-کە ئەوە بەجیهانی دیۆنۆسی یان ویستی دەسەڵات ناودێریان دەکات، کە لەوێدا هەردوو دەربڕین ئازادیو چالاکی سەربەخۆ جەخت دەکەنەوە. واتا تەواو لابردنی ناوەندو هەڵوەشاندنەوەی گەردوونێکی بەناوەندکراوی ئاوەزیانە:

ڕزگارکردنی دەرك، هەست، غەریزەکانو یارییە ئازادەکانی مەیل.

بەر لەوەی دۆلوز بەقووڵی کارە فەلسەفییە تایبەتمەندو ڕەسەنەکانی ئەنجام بدا، دوو وتاری لەسەر دوو نووسەری داهێنەر. Marcel Proust et les signs 1964 و Presentaton de Sache-Masoch 1967 نووسی.

بۆ دۆلوز نووسینەکانی پرۆست نموونەی هێمایەکە بۆ ڕەخنەی فەلسەفی چونکە نووسینەکانی وێنەیەك لەهزراندن دەبەخشن کە کۆنتراستێکی بەهێزیان لەگەڵ ئەو فەلسەفە باوە هەیە. لای پرۆست لۆگیك بەتەنیا حوکمی هزر ناکا، بەڵکو بەزۆری- لەپشت لۆگیکدا-لێکچنراوییەکی ناوێزە لەنیشانە، هەموو ئەوان باڵادەستن لەهزردا، کە بەدیدی دۆلوز ڕاڤەیەکی جۆشدەرانە ڕزگار بوونە لە "هەست بەگوناح کردن"و 'دۆزینەوەی بەزۆرەکیانەی ڕاستیەکی شەکەت. دواجار ئەوەش تێگەیشتنێکە لەپێناوی حەز چونکە خوێندنەوە بۆ ئەوەیە تاکو کەسانی تریش حەز بە خوێندنەوە بکەن.

دۆلوز شاعیری نەمساوی _ Sacher Masoch پەسن دەدات چونکە- سروشتیانە دەست لەناو دەست بەدژی ڕەوشتی سواوو ترادیسیۆنی دکتۆری دەروونناسی دەبێتەوە_چونکە ئەو شاعیرە بەگۆڕینی سزا بۆ چێژ وەرگرتن یاسا سەرەو ژێر دەکاتەوە. لەروانگەی دۆلوزەوە حەوسەڵەی مازۆخیانە بریتییە لەوەی کە

هەست بە گوناحکردن دەبێتە بەشێکی خەملێو لەتێرکردنی غەریزە.

دۆلوز لەلێکۆڵینەوە فەلسەفییە ئەکادیمییەکاندا کە لەساڵی ١٩٦٨ لە ژێر ناوی جیاوازیو دووبارەیی هەروا لە لۆگیکی رستە/مانا، ١٩٦٩ نووسراون، کار لەسەر پرسیاری نووسین، دەربڕینی نووسراوە، نووسین وەك شەپۆڵێكو نەك وەك کۆد، دەکات. واتا دۆلوز لە پشترا وەك (دەرفەتێك بۆ) ئازاد بوون، ئازاد بوون لەدەسەڵاتو ئازاد بوون لە دەربڕینی بەیاسا کراو بەرەو نووسین هەنگاو دەنێت، لەوەدا کە ئەو لەکتێبەکانیدا ئاماژە دەکا بەشاعیر. ئەنترۆپۆلۆگ، زمانناسو دەروونشیکار، ئەو بیٚ راوەستان لەسەر هەڵچوونی سۆز، چڕایەتی، ئەزموونو بەتاییەکراوەکان دەپەیڤیٚ. ئەو سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشیٚ کە مرۆ لەم دیو هزراندن، هزرەکان، سیستەمو تیۆرییەکاندا دەتوانیٚ هەمیشە شوێنەکانی سۆز، فاکتەری چڕایەتی، ئەزموونە بینراوەکانو ئەو ئەزموونگەرییە بوونایەتییەی کە فەرمانڕەوایی ئەوانە دەکاو بنەماکانیشیان دەستنیشان دەکا، بدۆزێتەوە.

لەروانگەی بابەتی جیاوازی / la difference ەوە_کە لای دێریدا هەیە_ دۆلوز بەرەخنەیەکی سەرسەختانەوە کار لەگەڵ ئەو فەیلەسووفانە دەکا کە هەوڵیانداوە جیاوازی بەلاوە بنێنو تەسکی بکەنەوە بەهەمان شێوەش کە مرۆ وەك شتێکی خراپ لەسەر جیاوازی دواوە: بەرێگای ئەوەی کە مرۆ خودی جیاوازی ملکەچی ناسنامەی "بالاٚ دەستێك"_یان پرنسیپی یەکایەتییەك کردووە. بەلاٚم ئەو جۆرە ناسنامە یان یەکایەتییە نەبەخشاروە، بەڵکو دۆلوز سوورە لەسەر ئەوە، کە ئەوە هەمیشە بە پەتی/ئەبستراکتی داڕێژراوە. دۆلوز بەدژی پلاتۆ/ ئەفلاتون ژیان دەداتەوە بەر سۆفیستەکان، کە ئەوان جەختیان لەسەر جیاوازی دەکردەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لەمێژووی فەلسەفەدا بۆ ماوەیەکی درێژ وەك هەڵگەڕاوەیەك وێنا دەکران. هەڵبەتە نابیٚ وەك چەمك بیر لە جیاوازی بکرێتەوە، بەڵکو دەبیٚ پیادە بکرێتو وەك چڕایەتی دەرکی پێبکرێت. وەکو تر لیۆتار باسی ئەو بابەتە دەکاو لەدوا نووسینەکانیدا گەشەی پێدەدات. هەروا دۆلوز پێی وایە کە تەنانەت خودی تاکەکەسیش، لەسەر بنەمای ئەو چڕایەتی- جیاوازییە بونیاد نراوە. بۆیە ئەو لەبڕی "تاکەکەس" و "کەسێك" بەواتا باوەکەی دەستەواژەی تاك/ singulariteter بەکاردێنێت.

سەرمایەدارییو شیزۆفرینیا١: ئەنتی ئۆدیپ، ١٩٧٢، ناسراوترین بەرهەمی دۆلوزە، کە پێکەوە لەگەڵ دەروونناس فیلیکسی گۆتاری نووسیوویانە. تێزە (گریمانە)ییەکەی ئەو کتێبە روانینێکی

بێمەرجانەیە لەسەر ئەو مەیلی گەردوونییەیە کە لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە. دۆلوزو گۆتاری بەپێچەوانەی مارکس_تا دەگاتە فرۆید!_ ئەوە شرۆڤە دەکەن کە تەواوی بوارە کۆمەڵایەتییەکان راستەوخۆ بەشەپۆلی مەیلاندن تەنراوەتەوە، بۆ ئەوەی لیبیدۆ/حەزی سێکسی لەناو هێزی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا پەرش بێتەوە پێویست ناکات رابگەیەنرێت، بەمەزن بکرێتەوە یان بگوازرێتەوە.

بەرای دۆلوز و گوتاری سەرمایەداری لەخودی خۆیدا دەخوازێ کە شەپۆلەکانی مەیل ئازاد بکاو بەردەوام خۆی لە یەکایەتی مانایەکدا نزیکدەکاتەوە کە لەراستیدا ئەوە سنووری خودی شیزۆفرینایە.

سەرمایەداری هەموو تواناکان بەکاردێنێت بۆ ئەوەی لەمپەر بخاتە پێش ئەو خولیایە پەنگخواردووانە. خاوەنداری تایبەت خێزان، ئایین، زێدی باب و باپیرو لەرۆژگاری ئەمڕۆژشماندا دەروونشیکاری! دۆلوزو گۆتاری لەبڕی دەروونشیکاری وەك جێگریەك لەپێناو بونیاد نانو سۆسیالیستیەك "راڤەی شیزۆ/ schizoanalys دادەهێنن، کە لەئەنتی ئۆدیپدا جەختی لەسەر کراوەتەوەو هەردوو نووسەر ئەو بابەتە لەکتێبی کافکا (١٩٧٥)و تەقینەوەی زەوی (١٩٧٥) باشتر درێژە پێدەدەن. راڤەی شیزۆ/ SCHIZOANALYS هێشتا بەتەواوی گەڵاڵە نەبووە. وەك دەبینن وەك پارچەی مۆسیکێکی پچڕاو ئەو بەسەرکردنەوە خێرایەمان ئاراستە کرد، کە دواجار مرۆ دەتوانێ کتێبەکانی دۆلوز بەسەر سێ چەشندا دابەش بکات: زنجیرە وتارێك، کە دۆلوز لەوێدا لەسەرەخۆو بە وردی تایبەتمەندی میتۆدی (هیوم، نیتشە، کانت، پرۆست. بێرگسۆن. ساخر_ماسۆخ، سپینۆزا) دەپشکنێتەوە، ئەو لەچەند لێکۆڵینەوەی گەورەدا، کە لە (جیاوازیو دووبارەیی، لۆگیکی رستە/مانا) کە لەوانەدا دۆلوز لە ئاستێکی بالآدا لەسەر خودی هزری خۆی دەئاخڤێت، لە دواجاریشدا لەگەڵ فێلیکسی گوتاریدا کار دەکا کە بەوەش دەگاتە بوارێکی تازەی شیکردنەوەو کە ئەویش لەهەموو شتێك دەروونشیکاریو سیاسیەهاوکات ئەو لەگەڵ گوتاریدا لە (ئەنتی ئۆدیپ. کافکا، تەقینەوەی زەوی)دا ئامرازی بە تاکایەتی کردنێکی نوێ بەرهەمدێنن.

## ٢- بەرەو تێگەیشتنێکی نوێ لە فەلسەفە

لەساڵی ١٩٦٨ەوە لەهزری دۆلوزدا تەرزە وەچەرخانێك دێتە ئاراوە. بەم جۆرە لەپێشدا مرۆ دەتوانێ بڵێ کە ئەو بەو دوو کتێبەی کە لەو ساڵەدا بڵاویکردنەوە بەراڤەی رەسەنو تێبینییەکانییەوە هزرە

سەربەخۆیەکانی خۆی بەرەو ئاراستەی فراژانو گەشەپێدان دەبات، کە کارەکانی ئەو دواییەشی پێکڕا لەگەڵ گۆتاری ئەو وەچەرخانە جەخت دەکەنەوە. کەواتە دەکرێ ١٩٦٨، لەچەشنە هێمایەکدا، وەك ساڵی راچڵەکاندنێك لە شێوەی هزراندنی دۆلوز تێبگەینو هاوکاتیش ئەو ساڵە بریتییە لە خاڵی راچڵەکاندنێك لەشێوە فرەکانی تێڕامانی لاوان لەپەیوەندی نێوان تیۆریو نەریت: رابوونی خوێندکاران، رابوونی لاوانو جەخت کردنەوە بۆ شۆرشی کولتووری. لە گۆشە نیگای جیاوازیو دووبارەیی (١٩٦٨)و سپینۆزاو کێشەی دەربڕین (١٩٦٨)ەوە مرۆ دەتوانێ بڕیارێکی سەرەتایی بدا سەبارەت بە فامکردنی دۆلوز لە مەڕ فەلسەفەو مێژووی بیرۆکەکانو هەنووکەیی بکا تاوەکو ئەو بیرۆکانە بەکارایی لەکاتی ئێستاو هەڵگری داهاتووش بنو ئامادەییان هەبێت. بۆیە من هەوڵدەدەم لێرە بەدواوە ئەوە تاوتۆ بکەم. وەلێ سەرەتا دەمەوێ بەکورتی هەردوو کتێب بە جیا بناسێنم.

دۆلوز لە جیاوازیو دووبارەییدا خۆی ئامادە دەکات تاکو گەشە بە دوو چەمك بداو پەیوەندییەکانی نێوانیشیان نەهێڵێت ئەو لە دیوێکدا چەمکی ئازادی جیاواز چاك دەکاتەوە بەو مانایەی کە نابێت ملکەچ بکرێت یان بخرێتە ژێر باڵا دەستی ناسنامە یان هاوچەشنی . چەمکی جیاواز وەك پێناسە نەکراوێك وێنای دەگرێت. کەچی هزری باوی رۆژئاوا سەرقاڵە بە دۆزینەوەی هاوچەشنی هاورەگەزی، یاخود لە هەموو بارێکدا بەراڤەکانی ئەو جیاوازییە لەناو تاکە رەهەندییەکاندا بتوێنێتەوە. دۆڵۆز دەخوازێت جیاوازی ببینیێ: ئەو هەوڵ دەدات لە هەموو شوێنێك لێك جودایی بکاو لەوە نەترسێت داوێن گیر بێت لەو شتە گوتراو بیرۆکانەی گوزارە لەو پەیوەندیانە دەکەن کەرادیکالانە نائاسایی ترن لەو شتانەی کە ئێمە راهاتووین بیریان لێ دەکەینەوە.

لە دیوێکی تریشەوە دۆڵۆز چەمکی دووبارە بوونەوەی لێك چڕژاوە repetition complex بەکاردێنێ کە ناکرێ بۆ دووپات بوونەوەیەکی مەکینەیی کورت بکرێتەوە، تێگەیشتنێکی لەم چەشنە ئاماژە بەکێشەی مۆرالیو سیاسی دەکا کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەروا لەمەش خراپتر بریتیە لەوەی کە گێلایەتی، ناڕەواییو بەربەریەتی مرۆڤایەتی دووپات دەبنەوە. لێرەدا مرۆ لەوە نزیك دەبێتەوە کە نیتشە ئەوەی بە دووبارەبوونەوەی ئەبەدی ناوبێژ کردبوو. ئەمەش واتا فەلسەفەو مرۆڤ بەگشتی مۆدەیەکی هەیە کە ئەو دووبارە بوونەیە لەچاودا ببێنێت: کە بۆئەوەی هەمیشە بژی، هەمیشە ئومێدەوار بێ، بەردەوام بێ لە هەڵسوکەوت، کە مرۆڤ- سەرباری دوبارەکردنەوەی گێلایەتیو

بێمانایییەکانی– بە سازدانی هزرو ژیان بکۆشیٚ بەدوای بەهایەکی گونجاو.

دۆلوز لێکۆڵینەوەکەی لەناو چەندان بواردا پیادە دەکا: مەتماتیک، فیزیا، زیندەوەرناسی، دەرونشیکاری و جوانناسی. جیاوازی بەپشت ئەستوری ناکۆکی و بیٚ ناوەند (بەمانای ڕەتکردنەوە یان لابردنی ناوەند)، کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە.

واتا ڕەتکردنەوەی دووبارە بوونەوەو ڕەتکردنەوەی بەدەمامکردن، بەلاَم لەگشت کاتدا کێشەکە هەر هەمان شتە– ڕەنگە دووبارە بوونەوەیەك لەهەمەجۆریدا، وەڵێ لە ئێستا و لەهەموو ئەبەدیەکدا، هەمیشە هەر ئەو دووبارە بوونەوەیە. لەپەیوەندی ئەو تەرزە تێگەیشتنەوە مەرجی ئێتیکی/ ڕەوشتناسە مرۆ، بەجۆرە سۆزێك، دەتوانیٚ بەم جۆرەی خوارەوە گەلاَلەی بکات: دەبیٚ تۆ ئەو دووبارە بوونەوە تاقی بکەیتەوە، جۆشی بدەی، هەوڵبدە خۆت بیر بکەیتەوەو_ لە ناو جەرگەی دووبارە بوونەوەدا– دەرکی ئەو شتانە بکە کە پەیوەندیان بە ژیانتەوە هەیە. وەك مرۆۆ ئەوە پێکهاتەی تۆیە. تۆ دەبیٚ هەوڵبدەی کە چیت پێدەکرێت ئەوە بکەیت!

بەدەم خوێندنەوەی کتێبەکەی دۆلوز لەسەر جیاوازی و دووبارەیی بەرە بەرە گەردوونێك لە "وێنەی گاڵتەکاری": جۆرێك لە بەردەوامی و لێکجودایی "ئەکتەری چەمك"و "نمایشکردنی چەمك" بەرجەستە دەبنەوە،کە بریتین لە چوار یان لەلابردنی ناوەندایەتی جیاوازی و دووبارە بوونەوەیەکی ئاڵۆزکاو یان دەمامکدار، کە جیهانبینی ترادیسیۆنی سەرەوژێر دەکەنەوەو مەرجەکانی ناسنامە، هاوشێوە، لێکچوواندن و زەقبوونەوەی لێکدژەکان پشتگوێ دەخەن. لەدیدی باوەوە مرۆ بە مەرجێکی لۆگیکی، مێژووی دیاریکراوەوە خۆی دروستکردووە. دۆلوز ئێستا بەپێچەوانەی ئاوەزگەرایی. کاریگەریی و توندوتیژی کێبەرکێی گەردوونی "لۆگیکی"ەوە گەردوونی بیرۆییەکان دادەنی،ئەو تێڕامانانەی کە لە خۆیاندا یاسای خۆیان هەیە، کە لۆگیك تێیناگات یان نایەویٚ شارەزای بێت.

بەڵیٚ،بە جۆرە واتایەك دۆلوز لەپێناو هزراندنێکی بیٚ وێناکردن: لەپێناو جیاوازییەکی بڕیاردەر، جیاوازییەکی بەرهەمهێنەرو هزراندنێکی دووبارەی روون و رەواندا، تەواوی ئەو جۆرە وێناکردنە ترادیسۆنە لەسەر هزراندن ئاوەژوو دەکاتەوە. ئەوەش هەڵەیە کە ئەو کارە بەهزراندنی بیرۆییە ئازادەکان ناوبێژ بکەین،بەلاَم ئەوە لەهەر بارێکدا بێت، بەواتای بنەڕەتی وشە، ئاخاوتنە لەسەر هزراندنێکی ئەنارشیستانە: هزراندنێکی جڵەو_نەکراو و بەمانای هزراندنێکی بیٚ جڵەو یان بەرهەڵدراو.

دۆلوز بەدژی ئەو تێزە چڕکراوە گەورانە یان هاوئاهەنگییە گەورانەدا ناهاوئاهەنگی، شلۆقی دادەنێت. هزراندن بەهەر نرخێك بێت ئەرکی ئەوە نییە کە گونجاندن دروست بکات. دەکرێ لەنگی، ناهارمۆنی زیاتر بۆ هزراندن هاندەر بێت. ڕەنگە نووسین، لەترس یان پەسندان، باشتر لە زۆر تێگەیشتنی لۆگیکیانە ڕاستیەکی تر دەربیڕێت، بەڵام ڕاستییەك (هەقیقەت) کە وەك ئەوەی لۆگیك بناغەدارە.

دۆلوز لە توێژینەوەکەی سپینۆزا وکێشەی دەربڕین، کە بە پێچەوانەی توێژینەوەی دکتۆراکەی کتێبێکی فرە بەنرخە بەڵام بە مەبەستێکی شۆڕشگێڕانە، بەسوور بوونەوە دەست دەکا بەوەی کە لە فەلسەفەدا هەردوو ناساندن لەسەر سپینۆزادا پیادە ناکرێن.

دۆلوز وەك تەنیا یەك سپینۆزا نمایش دەکا، کە بە ڕزگارکەرێکی ڕادیکال‌و_ پڕۆژەیەکی ڕزگاری فەلسەفە بەرجەستەی دەکاتەوەو هاوکاتیش ئەو کتێبەی دۆلوز پڕۆژەیەکە کە بە مەتەڵاندن تا ناخ ڕۆدەچێت. کە ئەو نمایشکردنەی دۆلوز لە سپینۆزا بۆ زۆر فەیلەسووفی ڕق‌و کینەدار دەبێتە جێگەی بێزاری، بە ڕوانگەی دۆلوز تەنیا ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە فەلسەفە لای Lucretius فەیلەسووفی شاعیری ڕۆم‌و دوای ئەویش نیتشەدا دەبینینەوە. واتا تێگەیشتنێك لە فەلەسەفە وەك بێومێدکەرێکی ڕادیکال.

دۆلوز گەورەیی سووپاسگوزاری فەلسەفییانەی سپینۆزا بۆ دێکارت لەبەر چاو ناگرێت. بەڵام هەڵبەتە ئەوەی کە پەیوەندە بە نمایشکاری مەسەلەی مێژووی تیۆری پەیوەستە بەوەی کە وەك نمایشکارێك سپینۆزا هەڵبژێرین تا بتوانین هەندێ بابەتی دێکارتیانە بەپاکی بچێنین‌و بیخەملێنین، وەك دەزانین لە ترادیسیۆنی مێژووی فەلسەفەو سیاسەتی کولتووری فەرەنسیدا خودی دێکارت، کە لەراستیدا هزرڤانێکی نوێ بوو، شێواندرا، تا مردن لەباوەشی گرت‌و وەك هێمایەکی گەورەی نەتەوەییانە بەئەفسانە کرا. ئەو کارەش لەژێر ئەو ناوەی کە لەفەرەنسا پێی دەڵێن "جەوهەرگەرایی دێکارتیانە" ڕوویدا، ئەمەش جێگەی گاڵتەجاڕییە کە وەك شتێکی تایبەت بەفەرەنسی سەیری ئەو مەسەلەیە دەکرێت: چونکە هزری فەرەنسی، هەر لە پادشای سول‌و کۆرنێلیاوە تا دەگاتە ناپۆلیۆن‌و ئاوگۆست‌و کۆنت‌و دێ گاول‌و ئەندرێ مارلۆ، کە لەناو هونەرو سیاستدا هزرێکی ڕۆشن‌و تێڕامان هەڵگرە.

سپینۆزایزم پرسیارگەلێك ئاراستە دەکا کە بەبڕوای دۆلوز بۆ ئەمڕۆ زۆر تازەیە. بۆ نموونە پەیوەندییەکانی نێوان لێکچوواندن (تیۆری دەربارەی جەوهەرە باڵایەکان)، زانستی زانین/ئێپیستمۆلۆگی یان زانست‌و_تیۆری زانیاری (تیۆری دەربارەی بیرۆکەکان)‌و ئەنترۆپۆلۆگی سیاسی یان

ئابووری، سیاسەت و هەڵسووکەوتەکان) لێکدەترنجێنێت.

ئەو ئامانجەی کە دۆلوز لەکتێبی سپینۆزاو کێشەی دەربڕیندا تاووتوێی دەکا ئەویش بڕیاردانە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەو سێ ڕەهەندە، کە ئەوەی بەندە بە سپینۆزاوە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنی دەکا:

١- تێڕاماندنی هاندەرانە یان "هاودەنگی بوونگەرایی" لەتیۆریدا سەبارەت بە جەوهەرێکی باڵ/ subastans.

٢- بەرهەمی راستینە/ هەقیقەت یان "شکۆمەند کردنی واتایەکان" تیۆری سەبارەت بە بیرۆکە.

٣- دڵخۆشی کردەوەیی (لە ئامێزکردنی ژیان) یان "سەرفراز بوون لەدەستی ئازارە ناخۆشەکان" و ئەو ئۆرگانە هەڵێنجراوانەی لەهەستە مرۆڤایەتییەکان، واتا لەو تیۆریەی کە کار لەسەر ئاکاری بوون دەکا (مۆدە هەمەجۆرەکان).

بەم جۆرە لێرەدا ئێمە دەگەینە ئەو یەکەم تیۆریە رەشنووسەی کە بۆ سێ ڕەهەندە سیاسی_مۆراڵیەیەی کە بوونایەتی، مەعریفەو ووروژاندن یان خرۆشی دەخوێنێتەوە. تیۆرییەکانی ئەم دواییە لەناو تیۆری ئابووری (راڤەی پێداویستی)، تیۆری سیاسی (رەخنەی ئیدیۆلۆگی) و تیۆری جڤاکی (رەخنە لە دەسەڵات) دەکۆشێ کار لەگەڵ ئەو شتگەلە بکا.

بەبڕوای دۆلوز دەکرێ ئەو سێ ڕەهەندە لەگەڵ روانگەی چەمکێکی سیستەماتیکیەوە رێکبخرێت_ چەمکێك کە دەکرێ بۆ خەملاندنی راڤەکان بەکار بهێنرێت و تیۆریەکان رێکبخات_ واتا چەمکی دەربڕین (expression). دەبێ بەو شێوەیە لەوە تێبگەین کە جەوهەر (بوونایەتی)ی لای سپینۆزا لە خاسڵەت/ attributen (مەعریفە/ زانستگەل)ی خۆی دەردەبڕێت، هاوکات ئەو زانستانە (ئەتریبوت) لەشێوازی بوونایەتی (چالاکییە هەمە جۆرەکان) خۆیان دەردەبڕن و دواجاریش بیرۆکەکان لەخودی خۆیاندا تژین لە دەربڕین. ئەوەی دوایی راستەوخۆ ئاماژە بۆ مەسەلەی پەیوەندییەکانی نێوان تیۆری و نەریت/ praxis، بۆ بەرهەمی چەمك وەك ئەوەی کە هەیە و بۆ نەریتی تیۆریانە دەکات، کە هەڵبەت بەرۆڵی خۆشی دەچێتە ناو رەوتی مەسەلەی نەریتی سیاسەتەوە.

هاوکات دۆلوز ئەوە نیشاندەدا کە چەمکی "دەربڕین" بەر لە سپینۆزاش مێژووە درێژەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رێنیسانس و سەدەی ناوەڕاست. هەروا دۆلوز دەچێتە سەر ئەوەی کە چەمکی "دەبڕین" رۆڵێکی گرینگ دەگێرێ تەنانەت لای لێبنیز/ Leibniz، کە مانایەکی تەواو جیاوازی لەوەی سپینۆزای پێدەبەخشێ. بەدیدی دۆلوز تاکە خاڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان

لێبنیزو سپینۆزا کە ئەوان لەو تیۆریو پراکتیکەی چەمکی دەربڕینەدا بناغەیەك بۆ ئەو بەرتەکە گەورەیە بە دژی دێکارتەکان، واتا دەگمەنییەکانی_دێکارت دروست دەکەن. کەواتە لێرەدا دەربڕینگەریو ئاوەزگەریی لەبەرانبەر یەکتردا دادەنرێن، کە ئەمەش بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە فەلسەفە وەك هێڵێك هاوڕەوتە لەگەڵ کارەکانی دۆلوزدا.

دۆلوز وەك پەیامنامەیەك لە دەربڕین لە زانیاری مرۆڤایەتی دەڕوانێت نەك وەك ڕاگەیاندنێك لەئاوەزگەرایی. لەژێر بوونەوەی ئەو ڕوانگەیەدا ئاوەزگەراییو ناسیۆنالیزم لەکاکڵەدا لەگەڵ هزردا شتێکی هاوبەشیان هەیە: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم. ئاوەز لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆبژەدا ئامادە دەبێ. سۆبژە ناخی ئاوەزە، بەپێچەوانەشەوە. ئەوە یەکێکە لەبەهێزترینو زیاترین شۆڕشگێڕی کە مرۆ دەتوانێ لە مێژووی فەلسەفەدا وەری بگرێت. دۆلوز لە دژی ئەوەدا وەك هزری بێ ناوەند/ decentrera چڕیەتی دەربڕین دادەنێت. بونیاتی ئەو چەشنە دەربڕینە چڕەی کە دۆلوز لای سپینۆزا دەیدۆزێتەوە بریتییە لە بناغەی بونیاتێکی بزۆك، بونیاتێکە لەبزوان، لە بونیاتێکی ناوکۆیی/ کۆنتێکستیانەدا ڕەگەزە هەمەجۆرەکان وەك یەك مەرجدارو ئاماژە بەیەکتر دەکەن.

بۆ نموونە: خودی بنەمایەك بۆ بونیاتی ناسیۆنالیزم دەکرێ کردەیەکی بنەچەکی، بەرنامەی شارێك یان یاری شەترەنج (چڵە دارێك، شانۆیەك، یاسایەکان) بێت. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە دەربڕینێکی چڕ دەکەوێتەوە پێش کتێبێك، نمایشکردنی شانۆیەكو ئاهەنگی شەترەنجێکی دیاریکراو.

دۆلوز لە خودی شێوازی تێگەیشتنی سپینۆزا لە چڕیەتی دەربڕین شتێکی کاکڵەیی لە فەلسەفەکەی لە شێوازی فەلسەفاندنەکەی: ستایلە فەلسەفەییەکەی دەبینێ. بەم چەشنە جۆرە هێرشێکی لامل ئاوەلادەبێتەوە کە کتێبە تایبەتمەندەکەی ڕەوشتناسی (Etik) سپینۆزا جەختیدەکاتەوە. دۆلوز ڕەوشتناسی وەك زنجیرەی دوانە مانایەك پێناسە دەکا: لەلایەك ئەو کتێبە پێکهاتووە لە زنجیرەبەندییەکی لێکترازاو، لە ڕاستیەکی ڕاشکاو، سەلماندن، بەڵگەو شریتبەندی تێزەکان _ de more geomentrico، هەروەك کە کتێبی ڕەوشتناسی ناونیشانەکەی ژێرەوە بە (بەشێوەیەکی گیۆمیتریانە/ سێگۆشەیی ماتماتیکی) دەستپێدەکا، کەچی هەرچەندە سپینۆزا ئەو کتێبەی بەشێوەی دێکارتیانە نووسیوە، بەڵام هاوکاتیش سپینۆزا گاڵتە بە مامۆستا مەزنەکەی دێکارت دەکا. لە لایەکی تریشەوە ئەو کتێبە پێکهاتووە لە توونڈو

تیژی، گەرمیی و هاوکاتیش پێکهاتووه جا کەم تا زۆر لە هەندێ پەراوێزو تێبینی لێکپچڕاو. دۆلوز بەم جۆره کەسایەتی ئەو کتێبە پوختە دەکاتەوە، کە کتێبێکە دوو ئاراستەی چڕیەتی دەربڕین بەخۆیەوە دەگرێت.

بەم جۆره بە قەڵەمکێشیەکی سادە دەتوانین بڵێین کە هەردوو بەرهەمی ڕچەشکێنی دۆلوز تا ئەو ڕادەیە بڕ دەکات. بەڵام ئەمە وێنەیەکی روون لەستایلی دۆلوز، شێوازی فەلسەفاندنی تایبەتی ئەوو تێگەیشتنی ئەو لەسەر فەلسەفەو کردەکانی بەئێمە نابەخشێت.

لەراستیدا دەکرێ بێژین گەردوونی فەلسەفەی دۆلوز، کە لە دەستپێکدا دەکەوێتە لێتۆژینەوەی دکتۆرایەکەی کە لەوێدا جیاوازیی و دووبارەیی و بە لۆگیکی مانا دەخەملێت، کە ئەو بەرهەمە وەك داستانێکی دانسقەیەو، (بۆئەوەی ئێستا خودی ئاماژەکەی دۆلوز بۆ ( Alice i Underland) بەکاربێنین ئەو بەرهەمە "لەمدیو ئاوێنەوە" لە زنجیرەیەك ستروکتورو دەقەرە نەناسراوەکان خۆی نمایشدەکاو رزگاریشیان دەکا، واتا قورسایی ترادیسیۆن و وزە بەستراوەکان لە (Alice i Underland) رزگار دەکاو بەهەنووکەییان دەکا.

ئەوە رێکەوت نییە کە مرۆ دەتوانێ لە فراژانی کێویانەی گەردوونی هزری دۆلوز بە گومان نەبێت_ئەوە دەڵێم نەك بەهۆی ئەوەی چونکە من ئەو کتێبەی پێشتری دۆلوز، نیتشەو فەلسەفە، خوێندۆتەوە، کە بە بوێرییە رەسەنایەتییەکەی و توردانی ناوەندایەتی لۆگیکەوە بە راشکاوی زەنگ بۆ شێوازێکی تازەی هزراندن لێدەدا. ئیتر لێرەوە چیدیکە حەوجە ناکا کە هزری راسانگەرانەی نیتشە بە فۆرمی تێگەیشتنەکانەوە بلکێنین و هاوکاتیش نابێ بەسووك و سانایی بە شێوەیەکی رووکەش و وەڵامدەرانە نکۆڵی لە نیتشە بکەین، بەڵکو پێویستە بە تەواوی هەوڵبدەین لەو ئاستە بەدیمانەی ئەو بگەین کە ئەو لەوێدا لە باڵاترین ئاستی نیتشەییانەدایە، واتا دەبێ لەپرسیاری ئەو لە دایکبوونەوە ئەبەدییەکەیەوە بەدیمانەی ئەو بگەین، کە دۆلوز لە ماوەی ١٩٦٨ بە بەردەوامی لەسەر ئەو پرسیارەدا چەقدەبەستێ و دەیپشکنێتەوە. بۆیە پێویستە سەرباری هەموو شتێك هەوڵبدرێت بەهۆی ئەو جەغتکردنەوەی ویست، ئەو بەڵێ بۆ ژیانەی کەلای ئەو هەیە قبووڵ بکرێت! سەرباری ئەو رەشبینییە فرە قورسەش کەلای ئەودا هەیە!

بۆیە هەوڵبدەی کە بەڕاستی بازنە بەدەوری ئەو بەڵێ بۆ ژیانە سافیلکەیە بکێشی و نەخشەی بۆدابڕێژی، کە ئەو (بەڵێ بۆ ژیانە) جودا ناکرێتەوە لە رووخێنەریە بەردەوام و، لەوەهمەکان و، لەدرۆیەکانی

ژیان و، لەهەموو ئەو دابینکارییە خەمینەو ئەو سەرکێشیە لەواقیع هەڵاتنانەی نیتشە، کە ئەوانە هەموویان بەشێك لەنانی رۆژانەمان پێکدێنن.

لەگەڵ جیاوازیی و دووبارەیی و لەگەڵ کتێبی سپینۆزا وە شتێکی نوێ بەدیار دەکەوێ کە مرۆ بەپشتینەی کتێبەکەی سەبارەت بە نیتشە بەوردی مەزەندی کردبوو، هەروا مرۆ بە رێگای کۆپلەکانی ئەو کتێبەی لەمەڕ نیتشەوە بۆی لوا کە بتوانێ بە کۆکردنەوەی بەرهەمە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی تر، کە دۆلوز بەدەمامکی جودا لەخۆی پۆشیبوون: هیوم و پرۆست، کانت و بێرگسۆن، راڤە نوێیەکەی لە فرۆید سەبارەت بە گەردوونی سەخێر_ مازۆخس کە دۆلوز کردوونیەتی بەدیاری و بەوانەشەوە دیمانەی ئەو بناسێتەوە، هەروا لەوەش زیاتر ئەو دیدارە بەختەوەرە، ژیان لە ئامێزگرە و فەلسەفە پەسندەرەی، کە دۆلوز لەنێوان سپینۆزا و خوێنەر سازیدەکا کە ئەوەش لەهەمان کاتدا بۆ تێگەیشتن لەخودی دۆلوز بە قەد تێگەیشتنەکە لەنیتشە گرینگی هەیە.

وەك گوتم دۆلوز لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە سپینۆزا چەمکی لەبەر چاوانی دەربڕین راڤە دەکا کە ئەو نووسەرە تێبینی نووسانەی بەر لە سپینۆزا، چەند کارامەش بووبن، نەیانتوانیوە لەوەدا دەنکە گەنمێك بەدەست بێنن. ئەو ئامادەییەی دەربڕین کە لەژیان لەئامێز کردنەی سپینۆزادا هەیە، کەچی بۆ ئەو نووسەرە تێبینی نووس و خودی تێگەیشتنەکەیان لەفەلسەفە، کە لەسەر بنەمای ناسنامەو_ یەکایەتی هزر دامەزراوەو کە بەهای جیاوایان تەسك کردۆتەوە، بەتەواوی نامۆ بووەو نامۆشە.

چۆنیەتی دەربرینی بەختەوەری لەکاتی دەستەبەرکردنی زانیاریدائەو بەدوا گەرانەی دۆلوز لەمێژووی فەلسەفە، ئەو شرۆڤە کردنەی لە کۆچەریی، ئەو لێکۆلینەوەیە لەسەر فەیلەسەوف و پرسیارە جیاوازانە کە گفتوگۆیەکەمان تاووتۆو گەلالەی کردن، کە ئەمەش مانای ویستێکی بە هێز بۆ تێگەیشتن و ساز بوون لەگەل هێزێکی کە سایەتیانەو رەسەن، هەروەها لەگەڵ جۆرە شێوازو تێگەیشتنێکی تەواو نوێ لە ژیان نیشاندەدات، دۆلوز پلە بە پلە هزراندی تایبەتی خۆی لە وێنەی چکۆلانەو ورد–لە شێوەی رۆمانێك یان فیلمێکی ئالان رۆبێ–گریلێت(Robbe-grillet alain) یان مارگەرێتە دۆراس دا ئاشکرا دەکا– لەوەی کە ئەوبە جلپۆشینی جودا خۆی نمایشدەکا، بۆ ئەوەی مەتەلەکانی خۆی بخەملێنی پەنا دەباتە بەر ئەو گەیاندنانەی کە بەوانەبتوانێ ئومێدی نادیاریەتی ئارەزووەکانی دەربڕێت. کە واتە خالی دەسپێك بوونەوەرێکی جەستە مرۆڤانەی سەر لە شێرە(sfinx)... من دەرکم بەو هەستەکرد کە کتێبە سەرەتایەکانی دۆلوزم لەسەر: هیوم(پیادەکاری و سۆبژەگەرایی،

١٩٥٣)نیتشه، كانت و پرۆست خوێندنەوە. بۆیە من بەوە دڵخۆش بووم كە ئەو لە كتێبەكەیدا دەربارەی سپینۆزا بە تایبەتیش لە جیاوازیی و دووبارەیی‌دا بە ناوی خودی خۆیەوە گەردوونی خۆی دەناسیێ و لەسەری دەپەیڤێ، كە مرۆ ئێستا بە هۆی ئاماژەكانی پێشتر بە جۆرێك لە جۆرەكان لەسەر ئەوە دڵنیا دەبێتەوە. هەروا مرۆ كتوپرتوانی خودی دۆلوز بكاتە كێشە، ئەو كێشەیەی كە ئەو لە لاپەرە سەرەتاییەكانی جیاوازیی و دووبارەییەوە سەفەرەكەی نیشاندەدات: بۆ ئەوەی ترسەكان لەسەر جیاوازی ، وێناكردنەكان لە مەر خەوشەكانی جیاوازیو لەمەر سەرتاپای جیاوازی لە هزردا لاببات. دۆلوز لە فرە ئاستدا بە رێگای هەڵكالینەوە بەرانبەر سەرتاپای یاسای دۆخەكان، كە لەناو گوتاری فەلسەفەی هەر لە پلاتۆوە تا دەگاتە هێگل بە دژی جیاوازی دامەزرێنراوە، لەگەل ئەو جۆرە بەر تەنگكردنەوەیە لە جیاوازی دەكەوێتە شەر، هەروا دۆلوز لە ئاراستەیەكی فراواندا دەبینیێ – لای هیوم یانە لە شانۆ، لە دژە گوتاریانەی نووسینە دژە گوتاریەكەی رۆسلێسی سوریالیست و لەناو ماتماتیكدا– ئەو رێچكەیە قووتدەبێتەوە، كە چلۆن هزر هەولدەدا لەوە لە جیاوازیدا لەوە دابرێت. ئەو هەولدانە كەم و زۆرانە لە شێوازی زماندا خۆی دەرببرێت، لێ لە هەموو دۆخێكدا وەك ئەركێكی بێمەرج دەچرپێنیێ –ە بەلای دۆلوزەوە ئەویش ئەركی تیۆریكارە تیۆریناسە. جیاوازیو دووبارەیی دووبارە بوونەوەیەك كە لە جیاوازیدا دەخەملێت، بەلێیەكی تازە كراوەیە(بەمانای بەر جەستە كردنەوە نەك نەرێیەتی)بەمجۆرە لەو كتێبەدا ئەو بابەتە دەردەكەویێ و خۆی نمایشدەكا، ئەو كتێبە كە دەكریێ تا ئاستی شێوازی ناسراوی هزر كردن ببزویێ و بژی، مرۆ گەر بە گشتی بۆ ئەو و حەزی لە بزواندن یان بۆتەواوی شێواندنی بێت دەبیێ بوێری ئاوەلا بوونی هەبێت. ئەو كاتێبە لە دووەم جار خوێندنەوەیدا بە دلخۆشی سەرمەستی كردم، پاشان ئەو كتێبە رێگایەك بەرەو فرە ناوەندایەتی، فرەیاتیەك لە بەر بەستگەلێكی لێكگرێدراو دەكاتەوە، بەلاّم هەروا رێگاش بەرەو فرەیاتیەك لە گەلێك ناوكۆی كۆنتێكسای نوێ و سەرسورهێنەر دەكاتەوە. نەك بە شێوەیەكی شكۆدارانە واتای نیتشەیی بە شێوەیەكی شاگەشكەبوون بێدار واتا مرۆ لەو سەرخەوە خۆشانە بێدار دەبێتەوە كە لە ترادیسیۆنی فەلسەفەی بۆی پێكهێنراوە. ئەو ترادیسیۆنە فەلسەفیە ،، لەمدیو گشت جیاوازیەكان، پرۆسەی گەشە كردنە نەپچراوەكانە(ئەوەی كە بە پێشڤە چوون ناودەبریێ)واخۆی رادەگەیەنێت كە داهێنەری یەكایەتی، لە ئازار بە دەرە،

سیستەمێکە، یەکاتییەکی لێکگرێدارو دروست دەکا، کە ناسنامە زامن کەریەتی ( $A=A, 2^{+2=}4$) ...

واتای بە مانای ئەو راڤە کردن و رووتکردنەوەی فۆکۆ هزر کردنێکی (کلاسیکی)ە: هزراندنێکی ئاوەزگەرا، هزراندنێکی رۆشنگەرانەیە کە ئێمە هێشتا لە زۆر لایەندا منالێکی ئەوین، کە زۆر سەختیشە ئێمە بتوانین لە دەرەوەی ئەو هزرە رۆشەنگەریەوە بهزرین. بەکورتی بلێم بە خوێندنەوەی جیاوازی و دووبارەیی ئەوجا کوتوپر دەتوانین بە ئازادی هەناسە بکێشین. کتێبی ئاسانە، بەلاّم کرینی هەرگیز ئاسان نییە، خۆی لە خۆیدا بە واقیعکردنی بەهایەکی نیتشەییانەیە. نیتشە، کە بە بەراورد لەگەڵ رۆحیەتی گێرمەن ئەلمانییەکان و (رۆحە رەهایەکەیان)، رۆحیەتی رۆمانییەکانی بە فرە ژانێکی ساکار بین و پر لە ناسکایەتی و کاسایەتی تایبەت پێناسە کردو بە(رۆحی ئەوروپای باشووری)ناودێری کردن. نیتشە لەکتێبی(مەسەلەی ڤاگنەر)دا بە وروورژێنەرانەو ئازادانە دەڵێ "نا، من کارمنی بێزت/ Bizets Carmen) بەباشتر دەزانم لە تریستانی ڤاگنەر ( Wagners tristan)و ئیسۆلدا (Isolde)"، (مەبەستی نیتشە لە شانۆگەری کارمنی بیزێت و شانۆگەری تریستان ئیسۆلدای ڤاگنەر، وەگێر). دۆلوز لە توێژینەوەی دکتۆرایە

گەمەو گۆرانی ئامێزەکەیدا ئابڕوی خوێندنی فەلسەفەی زانکۆ، وەك خوێندێکی سەخت، باو، لە قالبدرا مردۆخ و وشك و فرە بێزارکەر، دەبا و دەیشواتەوە.، بەلاّم هێشتا شوونی شێوازی فەلسەفەیەکی ترادیسیۆنی لەناوجیاوازی و دووبارەیی دا دەبینرێت، بۆ ئەوەی مرۆ ئەو وەرچەرخانەی دۆلوز لەگەڵ ئەو فەلسەفە ترادیسیۆنە بدۆزێتەوە دەبێ تا ئەنتی-ئۆدیپۆو کارە هاوبەشەکانی لەگەڵ گۆتاری بەردەوام بێت. رزگار بوون-رەنگە سەرگەردان کردن وەڵێ سەرگەردانیەکی بەرهەمهێنەرانە- ئەو سەرگەردانیە لە خوێندنەوەی کتێبێکی وەك جیاوازی و دووبارەیی هەستی پێدەکرێت، هەروا لەوەشدا تووشی ئەو سەر گەردانیە دەبین کە دۆلوز لە پشکنینەوەی فەلسەفیدا بە دوای نەخشەی رێگایەکی لە پێشڕا کێشراودا ناڕوات. لە گەردونێکی فەلسەفیدا، لەوێدا دووبارەیی رووبەرووی وێناکردن یان نواندن دەکرێتەوە، کە ئەو وێناکردن یان نواندنە وەك شتێکی باو لە خانەی توێژینەوەیەکی بونیاتنراوی لۆگیکی و سیستەماتکیدا پۆلێن دەکرێت. دۆلوز لەو گەردوونە فەلسەفیەدا نایەوێ خوێنەری بانگکراو ببێتە بینەرێکی سست و پەسیڤ. لەوێدا مرۆ بە کارایی و چوستی دێتە ناو گێژەنەکانی شەپۆلی دووبارەیی، کە هەلبەت ئێمە خۆمان بەشێکین لەوە.

## ٣- فەلسەفە لەکەسی چوارەمی تاکدا

کە کتێبە جودایەکانی دۆلوز دەخوێنێتەوە هەمیشە وا هەست دەکەی کە ئەو لەرێگای نووسینەکانیەوە بوار بۆ یەکێکی تر ئاوەڵا دەکاتەوە تاکو بئاخڤیّ. هەستەکەش هەر ئەوەندە نییە:دۆلوز بەنوسینە جوداکانیەوە فۆرمی هەمە جۆر، لە چەشنی خولگەیی، شێوازی جیاواز بۆ نووسینی فەلسەفە دەئافرێنێت.

لێرەدا ئێمە بەرانبەر مێژوویيەکی مەعریفی، مێژوییەکی هزری و کێشەیەکی مێژووی فەلسەفیدا دەبینەوە. لە ماوەی رۆژگاری کلاسیکیدا ئەوانەی کە دەئاخڤن دەکرێ بلێن تاکە کەسەکانن. فۆرمی تاکەکەسی و جیهانبینیەکانی تاکەکەسیین، کە سەرتاپای جیهانی کلاسیکی، سەردەمی رۆشنگەری رەنگریژ کردبوو. لەقۆناغی کلاسیکیدا بەتێکرای تاکەکەس و بوونایەتی پێوەدانگی یەکترن. خوا وەك بالاترین فۆرم لە بوونی بە تاکە کەساندن سەیر دەکرا. وەکو تر بۆ ئەوەی سەرفرازبێت لەو شێوە ئیدۆلۆگی و ئالۆزکاویەی کە ئەوانە بە تووندی چەسپاون لەو قۆناغەدا بەراوردێك بکە لە نێوان دێکارت و هەوڵە گومان ئامێزەکانی سپینۆزا. لە قۆناغی بەسالاچووی رۆمانتیکیدا لە هیکرا دەبینین ئەوە کەسەکانن کە دەئاخڤن، ئەمەش کە شتێکی تەواو جودایە. کەسەکان پێکەوە هاوکات لەگەڵ وێناندنەکان پێناسە دەکرێن،واتە بتوانین وێناندن: خەیاڵاندنی بوونت هەبێت. ئەو تێگەیشتنە بە راشکاوی لای هزرڤان/بریاری وەك فیختەو کیرکگارد بەرجەستە دەبێتەوە. لێرەوە ئێمە چاومان بە دیمانەی بە سەنگی زمانێکی نویّ و سەنگی ژیانێکی نویّ دەکەوێت. ئەمرۆ ئێمە رۆمانتیەکێك دەبینین کە بۆ وێنە لای دۆلوز هەیە رەنگە ئەو رەمەکیەتە لە وێناندنەکانی تاکە کەس و وێناندنی کەسەکان سەرفرازمان بکات، ئەو رەمەکیەتەش هەر تەنیا پێك نەهاتووە لە ئامادەبوونی وزە شاراوەکانی بێمەرجیەتی (Postulat). دۆلوز لە مێژە وازی لەو ئەلتەرناتیڤە ساختانە هێناوە: ئێوە یان تاکە کەس و کەسەکانن(تاکگەرایی، لیبرالیزم و هەروەها بونگەرایی و ئەنارشیزمن) یانیش هاوکات ئێوە کەم تا زۆر دەکەونە خانەی نادیاری و ستروکتورە پێناسەنەکراوەکان، ئاپۆرەی خەڵك هێزەکان (ستراکچالیزم، مارکسیزم، دەروون شیکاری و ئەوانی تر). ئەوەی کە دۆلوز پەنجەی لەسەردا دەنێت ئەو گەردونەیە کە پێکهاتووە لەبەر-لە تاکە گەرایی/Per_individuella ، رانـاوی تاکی کەسێکی نادیار. ئەوانەش دەکرێ بگەرێنەوە بۆ تاکە کەسەکان یان کە کەسەکان، ئەوەش نەك بێ بوونی((پشتێنەیەکی پێناسە نەکراو))ی وەك ستروکتور(ئابوریانە، غەریزەییانە، یان پرۆسێسیانە/ دسکورشیڤ). ئەوە

پرسیاری تاکەکانە(دیاردەگەری جودا) کە بزواو هەموجۆرن، کە لەسەر تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر جێگۆرکێ دەکەن، لە یەکتر دادەبڕێن، دێریک لە ئەنارکیەتی بێ ناوەند(چەمکە لێکترنجاوە بێ سیستەمەکان) بەرهەم دێنێ، واتە پەیڤە پۆلینکراوەکان(بەسەفەرەکانیان)ەوە لە جیهانێکی بێ سنووردا دەبن، بە ژیانێکی کۆچەری. لە نێوان دابەشکردنی شوێنێکی ئەبەدی کە بە هۆی دیاریکردنی سنوورو گەمارۆدانی تاکە کەسەکان وێکرا جێنشینکراون، هەروەها دابەشکردنی فرە تاک (Singulariteter) لە شوێنێکی ئاوەلای ناگەمارۆدراو یان بە بێ مافی خاوەندارێتی، جیاوازیەکی زۆر هەیە. مرۆڤ، پەیڤەکان-مولکی تایبەتی نین بەڵکو دۆخێکی سەرفرازن، رەفتارگەل و خزمەتگوزارن. شاعری ئیتالی فێرلینگهێت قسە لەسەر کەسی چوارەمی تاک دەکا، کە ئەمرۆ دەتوانی بێژی ئەوە ئەو جۆرە کەسەیە کە دۆلوز لە کتێبی جیاوازی دووبارەییدا بواری بۆ دەرەخسێنێ کە بئاخڤێت. پەیڤ و هزرەکان لە کەسی چوارەمی تاکدا : لە دەرەوەی ئەو رێزمانە کە ئێمە راهاتووین تیایدا نەشتەرگەری/عەمەلیات بکرێین، مانای بۆچوون، گەیاندن و ئاماژە دەبەخشن.

## ٤- فەلسەفە و مێژوو وەك نمایشکارێك: مێژووی هزریەکان

کەواتە بە جۆرێك لە جۆرەکان مرۆ دەتوانێ بێژێ کە دۆلوز لەو فەیلەسوفانە دەڕوانی کە لە شوێنی ئاوەلادا تاکگەلن/singularitet من حەز دەکەم ئەو روناکیەی کە دۆلوز دەخاتە سەر ریزێك لە وێنەی مێژووی فەلسەفی لەگەڵ روناکی دەرهێنەرە مۆدێرنەکان بەراورد بکەم کە بە خودی نمایشکارەکانیەوە رۆشنایی دەخەنە سەر دەقە نوسراوەکان. هەڵبەتە ئەو پەیوەندیە لە جیاوازی و دووبارەیی‌دا توانەوەیەکی چکۆلەیە. دۆلوز چیتر خۆی نابەستێتەوە بە راڤەکاری بەڵکو بەرەو ئەو ئاراستەیە کە ببێتە نووسەر، فەیلەسوفێك. بە مانایەکی گشتی مرۆ دەتوانێ (فەیلەسوف) بێت کە توانی فەیلەسوفانی تر راڤە بکاو سەرنجی لەسەریان هەبێت، واتا ببێتە فەیلەسوفێك لەسەر شانی ئەوانی تر. بەلام هاوکاتیش مرۆ دەتوانێ بە خۆی بیر بکاتەوە، ئازا بێ و فەیلەسوفانە لەسەر قاچی خۆی بوەستێت : ببێ بە فەیلەسوف.

مێژووی فەلسەفەوانی وەك دەرهێنەرێ: شتێکی شیاوە، ئەگەر ئەوەش بۆ شتێك بەکار بهێنرێت دیسان شیاوە. مرۆ دەتوانێ بپرسێ کە مێژووی فەلسەفەو مێژووی فەلسەفەوان کام رۆل دەگێرێت. ئەو مێژووی فەلسەفە بێگەردەی کە دۆلوز خەونی پێوە دەبینێت و لە زۆر شوێندا

ئامارژەی بۆ دەکا پێکهاتوە لە کۆلاژ/مۆنتاژ رەنگە پێی وابێ کە ئەو جۆرە کۆلاژە، مۆنتاژە بتوانێت ئەو خوێندنە ئەکادیمیە، وشكو برینگ منجە منجکەرە، سیخناخکراو بە پەراوزێزو بێزارکەرە درێژخایەنەی کە پێکهاتوە لە جوگرافیا لە نووسین نوێ بکاتەوە؟ یان رەنگە مرۆ بۆ نوسین بیر لە شێوازێکی تر بکاتەوە، کە بتوانێ بە ئاسانی وتەی سەرچاوەکان لە نووسیندا بە باشی دابنێو هەمیشەش (وێرای) ئەوە هزرو بابەتەکانە بەلاّم بە شێوەیەکی بەهرەمەندانە، خەیالاّندنی ئازادانە، هزراندنێکی پەرەپێدەرانە بنووسێت؟ شتێکی روونە کە زۆربەی فەیلەسوفە سەربەخۆیەکان کێشەیەکی زۆریان لەگەلّ فەلسەفەدا هەیە. کە چۆن سەیری فەلسەفە بکەن؟ چۆن خۆیان بیر بکەنەوە لە پەیوەندیان لەگەلّ فەلسەفەدا؟ مرۆ دەتونێ بە راستو رەوانی بلّێ، بە جۆرە مانایەك کە ئەوانە پێشتر بیریان لێکراوەتەوەو باسیان کراوە، مێژووی فەلسەفە بە واتایەك جۆرە کارگەیەکی بە سوودە. سووکە نیگادانێکی خێرا، بەلّێ رەنگە هەر ئەوە بێت. لێ هەروەها مێژووی فەلسەفە شتێکی بریقەداری کولتوریو مەشقێکە بۆ مالّی کردنی کولتور. خاوکرنەوەیەکە بۆ هزر. هاوکات یەکجار سەختە کەلە دەست ئەو مێژووی فەلسەفەیە رزگار بین کاتێ مرۆ بۆ یەکجاریش بوو بێ کەبۆ ناو ئەوە پەل کێش بکرابێ. کەواتە وەك دۆلوز گۆرینی مێژووی فەلسەفە بە رێگای نەریتی نمایشکارییەوە، بەدیمەنگەلێکی بەرە بەرەیی نمایشکاریی، کەئەوە شێوازێکی لەبارە بۆ چارەکردنی ئەو کێشەیە. مرۆ بەسەر نیتشەدا باز نادات، مرۆ نیتشە راڤە ناکا، بەلّکو مرۆ بە گریمانەکانی خۆیەوە ئەو نمایشدەکا.

نمایشکردن واتا ئەو دەقە نووسراوە بە بەهایەکی دیکەوە کە بەهایەکی "دەقهەلّگر_نییە" رۆشنایی دەخرێتە سەر. کەولە گۆڕینی مێژووی فەلسەفە بۆ شانۆ کە لەمەودوا وەك شێوزای هزراندنی دۆلوز دەکرێ ببێتە شێوازێك بۆ وانە گوتنەوە_ پرۆژەی تۆژینەوە.

دۆلوز لە جیاوازیو دووبارەیی هەولّیداوە بە تەکنیکێکی نائاسایی، کە رەنگە زیاتر لە کۆلاژ نزیك بێت تالە شانۆ. چەمکی گجیاوازی"بخەملّێنێتەوەو نیشانی بداتەوە. کۆلاژ وێنەیەکە کە بە لێك چەسپاندنی پارچە کاغەز، پارچە قوما شکە لەملاو لەولا کۆدەکرێتەوە دروست دەکرێت. ئەو دەستەواژەیە بۆ پارچە شانۆیەکیش بەکار دەهێنرێت کە لەپارچەی جیاواز پێکدەهێنرێت. لێرەدا مەبەست لە کۆلاژ یان مۆنتاژ شتێکە بەشێوازی تەونچنی مافور/ فەرشی فەلسەفی. فەلسەفیانە کۆکردنەوەی شتە بەکار هێنراوەکانە.

مرۆ دەتوانێ وەك سەرگوزەشتەیەكو چنراوێکی باشی تەکنیکی کۆلاژو مۆنتاژی

یان رەنگە تەواو وەك تەکنیکی زنجیرە فیلمێکی دووپاتە بۆئەوەی بەردەوام کە پێکهاتووە لە کۆپلەی چکۆلە چکۆلەو هەمەرەنگی مەیلەو بەدینەکراو، بەشێوەی وێناندنێکی فەلسەفیانە بهزرێ. لە مۆسیكو تابلۆی هونەردا ئەو چەشنە شەپۆلانەی وەك هونەری پۆپ Pop Art پێناسە دەکرێن. بناغەی هونەری پۆپ رەوتێك بوو لەناو هونەری نوێدا کە لە دەورانی ١٩٦٠ سەریهەڵدا. هونەری پۆپ بەپێکڤە کۆکردنەوەی هەموو جۆرە کەرەستەیەکی رۆژانەو بەشێوەیەکی وورووژێنەرانەو نمایشکردنی دەیویست کارێکی جودا رابگەیەنێ، لەچاو "هونەری دانپێنراوەکە"، هەمیشە فۆرمی تابلۆیەکان ناکۆك بون یان شێوەی گاڵتەجاڕانەیان هەبوو، تەکنیکی کۆلاژ/ مۆنتاژ وەك چەشنە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی چتۆ بەرهەمێك دەبەخشێت، رەنگە ئەوە بەبەراورد لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی جیاوازیی و دووبارەیی تەواو ئاکامگیر نەبێ. لەدوای ئەو سالانە دۆلوز لە کتێبی لۆگیکی مانا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەهاوێژێ، تەقینەوەیەك لە شێوازی نووسینی ئەکادیمی دروست دەکا.

### ٥- پاڵەوان و بکوژ لەشانۆی فەلسەفەدا

شتێك کە دەکرێ جێگەی سەرسووڕمان بێت ئەویش ئەوەیە کە دۆلوز، بەتایبەتیش لە جیاوازیی و دووبارەیی و لە لۆگیکی مانادا، لە رۆژگارێکی رەخنە ئامێزدا زۆر بەگوڕو جۆشەوە ئەو فەیلەسووف و نووسەرانە بەخوێنەر دەناسێنێت. هەندێ جار مرۆ دەتوانێ وا مەزەندە بکا کە ئەو کارە شتێکی کاراو زیاد لە پێویستییە، بۆ نموونە لە کتێبەکەی لەمەڕ بێرگسۆن کە لەوێدا دۆلوز لە بۆچوونە کۆنپارێزو نەریتخوازەکانی بێرگسۆن "بێدەنگ" دەبێت. وەکو تر دۆلوز لە رەخنە گرتنی هیگل سەختگیرانە سەرتاپا و ئاکامگیرە. بۆچی لای دۆلوز لە رەخنەدا ئەو چێژوەرگرتنە گشتییەو کتوپڕیش ئەو رەخنە زێدە سەختگیرە هەیە؟

بەبڕوای من ئەوە لەم شێوەیەدا کۆدەبێتەوە: گەر شتێك کە بۆ مرۆڤ سەرنجڕاکێش نەبێت، گەر شتێك کە راستەوخۆ شتێك نەدا بەدەستەوە، گەر شتێك کە حەوسەڵەت بۆی نەبێت تاکاری لەگەڵ بکەی_بەڵێ، ئەو کاتە مرۆ هیچ بەهانەیەکی نییە تا لەسەر ئەو شتە بنووسێ. بەدیدی دۆلوز، سپینۆزاو نیتشە، بەراشکاوی فەیلەسووفن و توانای رەخنەیی و هەڵوەشاندنەوەکانیان تەواو لێکتر جیاوازن. بەلام، ئەوەش خودی پرسیارە دۆلوزیانەکەیە، کە لای سپینۆزاو نیتشەدا ئەو توانا رەخنەیە لەئەرێیاتی، بەڵێ بۆ ژیان و دڵخۆشیەك، لەچاندنی بەڵێ و دڵخۆشیەك، لە شکۆداری ژیان و حەزی ژیانێك بە پێچەوانەی ژیانێکی شێواو_کە ژیان لە بێزارییەکی نەبڕاوە دەخەڵتێنێ، بەرجەستە دەبێتەوە، بۆیە بەلای دۆلوزەوە

ئـەو تـوانایە کـردەی فەلسـەفەیە: کـە دژی بێئومـێدی بهـزرێ، کـە دژی دڕدۆنگیەو کـە واز لـە ڕەخـنەیەك ناهێنـێت کـە هەرچـەند قورسـیش بـێت. مـێژووی زانستناسـی فەرەنسـی گۆسـتۆن باشـلار، لـە ناوکۆیـی/کۆنتێکسـتێکی تـری تـیۆری زانسـتیدا، بەرهەمێکـی بـەناوی فەلسـەفەی نەخێـر نووسـیوە. لەرەهەندێکـی فـرەدا دەکـرێ بڵـێین کـە دۆلـوز فەلسـەفەیەکی بەڵێی نووسیوە: بەڵێیەك بۆ ژیان لە ئامێز گـرتن،ژیانـێك لەگـەڵ شـتەکان ڕووبـەڕوو دەبێتەوەو بەر لـە هەموو شتێك شەڕ لەگەڵ چـەمك دەکـا. بەڵـێ بـۆ ئـەوەی ببـی بەفەیلەسـووفی کـۆکەرەوەی پرسـیارەکانی دەستی دووەمو دروستکردنی تۆڕەکان، گەر شتێکی تر نەبوو.

لەدرێـژەدان بـەو ئامـاژەیـەی کـە پێشـتر سـەبارەت بـە ڕەخـنە لـە فەلسـەفە لەئاراسـتەکەیدا بـەرەو نمایشـکاری یـان کـۆلاژدا وەك دەرفەتـێكو شـێوازێك بـۆ نووسنیی مـێژووی فەلسـەفە،. مرۆ ئـەوەی کە پەیوەستە بە بێرگسـۆنو هێگل دەتوانێ بـێژێ کـە دەکـرێ وەك گشـتایەتیەك (بێرگسنیزم) لە فەلسـەفەیەکدا بڕوانێت کە ڕەنگـە کۆنپارێـز بـێتو لـەو ڕەگـەزە جودایانەی کە خودی ئەو نین چاوپۆشی بکـات. لای بێرگسـۆن قسـە کـردن لەسـەر بابەت بەندە بە تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بـە ژیـان (élan vital)، ئـەو دیـدە لەگـەڵ بیرۆکـەی (conatus)ی سـپینۆزا بـەراوردی بکـە، سـەبارەت بـەئازادی (لەگـەڵ سـارتەر بـەراوردی بکـە)و سـەبارەت بەهەسـتی نەخۆشی (لەگەڵ فۆکۆ بەراوردی بکە).

هەڵبەت مرۆ دەتوانێ بپرسێ بۆچی دۆلـوز بەهـەمان شـێوە یەخـەی هـێگل ناگـرێو بـە دوای بابەتی بەرهەمە زانیارییە کارایەکانی ناگـەڕێتو خـۆی لەوانـیتر بـێدەنگ ناکـات. دۆلـوز تەنـیا ناراسـتەوخۆ بەرسـڤی ئـەو پرسیارە دەداتەوە. گەر من لەجێگەی ئەو بم وەرامێکـی زیباتـرو راسـتەوخۆم دەدایـەوە، کە دەکرێ بەتەواوی بەم جۆرە بێت: ئێستا ئەگەر وەك شانۆ لە فەلسەفە بڕوانین کەواتە مەسەلەکە بەندە بە نمایشکردنی فەلسەفە، بەم جۆرە وەك نمایشکردنی هەر شانۆیەکی تەواو دەبێ خائنێك، بکوژێك هەبێت.

لـەو شـانۆیەی کـە دۆلـوز بەرهەمـی دێـنێو ئەوە لـەو شـانۆیەدا هـێگل ڕۆڵـی ئەوبکـوژە دەگێـڕێ (ئـەوە لەگـەڵ گەشـە پـێدانەکەی ئەندرێ گلوکسمان بەراورد بکا، کە لەساڵی ١٩٧٧ئـەو بابەتـە لـە هزرەکانـی دەسـەڵات ئەنجامـی داوە). خـودی کارگەکـە سـیخناخکردنو قورسـکردنی ژیانـە بـەو هەمـوو بەرهەمە پەتی/ ئەبستراکتانە، هەروا بەیەك ماناکردن یان تێکەڵاو کردنی ژیانە لە دەوڵەتو ئایین، تۆمارکردنی مەرگە لە ژیان، ملکەچـکردنی ژیانـە بـۆ نەرێتـی ژیـان (نەرێتـیو نەرێتـی نـەرێ/ نفـی النفـی/ negation och negations negation )_ئەوانـە هەمـوویان دۆلـوز واتەنـی لەفەلسـەفەی هـێگل بەرجەسـتە دەبـنەوە

(سەبارەت بەو بۆچوونە بەتایبەتی سەیری کتێبەکەی دۆلوز لەسەر نیتشە_ جیاوازیو دووبارەیی بکە). ئەو دیالێکتە نەرێتیو لێکدژیەی هێگل بەشێوەیەکی سروشتی بوو بە سەرچاوەی ئیلهامی ئەو بیرۆکەی دۆلوز کە بە "زمانی خیانەتکاران" ناوبێژی دەکا، (فۆرمی خیانەتکارانەی زمان)، بۆ نموونە، ئیدیۆلۆگیەکان، بخوێنەوە، سەرباری ئەمەش لەراسترۆوە بۆ چەپڕۆ، واتا شێوەگەلێك لە تیۆلۆگی، خواناسی، خولْقاندن، فاشیزم، ستالینیزم، تێکنۆکراتی، بیرۆکراتیو...هتد.

بەم جۆرە لەراستیدا مرۆ دەتوانیْ ئەو بیرۆکەی دۆلوز بە رەقبوونەوە لە نەرێتی ناودێر بکا. ئەمەش دۆلوز هاندەدا کە وەك دژایەتییەك بۆ مەزنایەتی جیاوازیو لێکدژی بەرهەم بێنیْ. دۆلوزو هێگل ناتوانن یەکبگرن چونکە لایەنگری هەمان شت نین. ئەوان لە ئاگرو ئاو دەچن: نائاسایی کەرەسەی زانیارییەکی بەرهەمهێنەرانەیە لە هزرکردنی ئەوان لەمەڕ خودی جیاوازییەوە. کاتیْ لەسەر خودی لێکدژی دەهزرین ئەوکات دەبیْ ئەو نائاساییە شەڕی لەگەڵدا بکرێتو بترنجدرێتە ناو پێکهاتەی بیرۆکەکان. پێویست بەوە ناکا گومانمان لەئاست پەتیەتی لێکدژە راشکاوەکان هەبێت لە هزری هێگلدا، لەوەشدا دۆلوز راستدەکا، کە هێگل لەوێنەی ناسنامەی هزردا لە ئاستێکی پەتیدا پەیامی ململانێیەکی هزری رادەگەیەنێت، وەلیْ لەپیادەکردندا بەترنجاندن، بە ئاوێنە کردن، واتا وردە شەڕەنگێزیو لێبووردنێکی قەتیسماوەوە پشتگیری سەرکەوتنی لێکدژییەکان دەنوێنیْ، بەلاْم ئێستا دەکریْ پرسیار بکەین کە ئاخۆ دۆلوز لەگەڵ مارکسدا هەمان پەیوەندی دروستدەکا.

دۆلوز قسەیەکی زۆر لەسەر ئەوە ناکات. ئەو لەسەر بەرهەمی مارکس تەنیا هەندیْ ئاماژەو کورتە سەرنج پێشکەش دەکا، کە بەگشتی باشو سوود بەخشن. لەهەمبەر ئەوەشدا دۆلوز راڤەیەکی داهێنەرانە لەسەر پەیوەندی ململانیْ_ جیاوازی لای فرۆید ئەنجام دەدات، لەوەدا دۆلوز پەردە لەسەر ئەو ترجاندنە ساختانە لەناو پایەی لێکدژەکان، سادیزم/مازۆخیزم، غەریزەی مردنو..هتد هەڵدەماڵێت. دۆلوز ئەوە دەسەپێنێت کە مازۆخیزم دژە یان کۆنترۆلێك نییە لەبەرانبەر سادیزمدا بەڵکو بە پێچەوانەوەی سادیزم، مازۆخیزم بە تەکنیکی نمایشکارییەكو کردەی تێر کردنەکانییەوە_بۆ خۆی جیهانێك دروست دەکا.

ئەوەش دەبێتە پرسیارێکی ئاوەلاْ کە بۆ هەمان کار لەگەڵ مارکسدا نەکرێت. واتا چەمکی "لێکدژەکان"ی مارکس لە پەیوەندی بەچەمکی "جیاوازی" دۆلوز بەرەو رووی یەکتر بکرێنەوە. لێرەدا لەبواری تێمایەکاندا بۆ رەخنەیەکی قووڵی فەلسەفی، ئەرکێکی فرە مەزن، لەمێژووی هزرو رەخنەی بیرۆکەکاندا رووبەڕووی

بابەتێك دەبینەوە، بەخۆم دەمەوێ بەوەندە رازی بم کە بەکورتی و نەخشەکێشانە بەم جۆرە گریمانەی کارێك پێشنیاز بکەم: ئەمەش ئەوەیە کە مارکس لەهێگل "رزگار بکرێت"، خۆمان بۆ دامەزراندنەوەی مارکس تەرخان بکەین، دۆزینەوەی ئەو جوداوازیی (بڕیاری جیاوازی)یەو میکانیزمی جەختکردنەوانە لای مارکس_بەڵێ من کتومت وەك ئالتۆسێر دووبارە ئەو لایەنانە دەدۆزمەوە لای مارکسدا، کە ئالتۆسێر بەشێوەیەکی هزر وروژێن بەهاوکات لەگەڵ دۆلوزدا لە کارەکانیدا ئەوبیرۆکانەی مارکسی گەلآڵە کردەوە، کە لەبەرهەمەکانی بەناوی بۆ مارکس و چۆن سەرمایە بخوێنینەوە ١-١١ پێشکەشی کردن.

هەرچۆنێ بێت_هەروەك دۆلوزو ئالتۆسێر چاویان بۆ ئەو کارە هەڵێنا_ مرۆ لای مارکس لەم دیو ئەو رێزبەندییە ساختەیەی لێکدژەکان، ئالتۆسێرو دۆلوز لەمدیو ئەو ناکۆکییە تەواو لۆگیکی و پەتی و لێکدژە ساختانەدا کۆمەڵێك لەسیستەمی دینامیکی و تەقێنەرانە دەبیننەوە، هەروا بە بنەمای سەنگ دابەشکردنی جیا جیاوە کۆمەڵێك ناوکۆیی لەپەیوەندی ئاوەلآ: بواری ئابوورییانەی لێکدابڕاو یان بواری غەریزەیی و رەوتی پرۆسەی لێکدابڕاو: ئاژاوەو ناوچەی لە کۆنترۆڵ بەدەری ناوەکی دەبیننەوە.

**٧- ئا خۆ تۆ "مارکسیستی" یان "بودیست"؟ وەلآم بدەوە!**

دواجار لەمەر ئەو بێدەنگیە رێژەییەی دۆلوز سەبارەت بە مارکس دەمەوێ دوا وشە بلێم. ئومێدەوارم کە ئەوەی باسم کرد ئەوە بگەیەنێت کە لای دۆلوز میانەیەك لە نێوان تێگەیشتنی فەلسەفی و فۆرمێك یان شێوەیەکی تر لە تێگەیشتنی گەمە یان(یاری تیرۆی): زبری مرۆڤانە، فەلسەفەی بەرایی(filosofia ludens)هەیە. هەروا من ئامارژەم بەوەش کرد کەلای دۆلوز میانەیەك لەنێوان پەیوەندی تێگەیشتن لە فەلسەفەو جۆرێك لە هزری ناڕازیبوون، راسانی فەلسەفی، هزرێکی دژە فەلسەفەی هەیە.

لێ من دەخوازم "دوا" مەسەلە، واتا پرسێك سەبارەت بە "دۆلوزیزم" بێژم، تۆ بڵێی ئەو هەڵگری چەشنە رەهەندێکی سیاسی بێت و دەشێ کۆمەکییەك بەنەریتی شۆڕشگێڕانە ببەخشێت. ئەوەش پرسیارێکی ئاساییە، کە رەنگە پێویستیش بێت بەلآم هەندێ جار مەزەندەکان دەمبەست دەکرێن.

من دەتوانم لەوە تێبگەم کە تەنینەوەی جیهانی زانیارییەکان هەقی بە شۆڕشەوە نییە، بەڵێ مەرجێك بۆ شۆڕش دروست ناکا، هەرچەندە گەر زانیاریی لەئاستی خۆیدا "شۆڕشگێڕانە" بێت، دەکرێ زانیارییەکان لە خۆیاندا هەڵگری غەریزەیەك یان هێزێك بن بۆ راپەڕین کە رەنگە ئەو رۆحیەتە لە شیعرو هونەردا هەبێت، بۆ نموونە ئەو هێزە لای ئەزموون_رەفتاری Pierre Boulez, Rose, Salvador Dali, Savage, Laing، مۆسیکی

Janov Henzو، پێشبینییە رامان ئامێزەکانی Grofدا هەبێت. با بزانین ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە چی بەرهەمدێنن، دەبا لەوە دەست پێبکەین کە فەلسەفە لەو قۆناغەی کە تێیدا دەژی ئەرکێك لە ئەرکەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت، بەجۆرێك لە جۆرەکان دەسەڵاتی "پایەی سۆبژە"ی هەبێ، واتا بئاخڤێ. وەك پێشتر لە نەخشە کێشیدا باسمان کرد، کە لە جیهانی کلاسیکی و رۆشنگەریدا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی تاکەکەس بوو. لە جیهانی رۆمانتیکدا ئەو دەسەڵاتە هی کەسەکان (من. سۆبژە) بووو لەجیهانی مۆدێرندا دەسەڵات هی تاکگەل SINGULARITETER/ (تاکگەلە کەم تا زۆر دەنگە نادیارەکان) بوو.

نابێ فەلسەفە ئەو دەسەڵاتانە قبووڵ بکات، بەڵام رێگە بەوانە دەدات کە بئاخڤێن فەلسەفە، چەمك، شێوازی دەربڕین و چوارچێوەی تێگەیشتنەکانیان قەرز دەکا.

ئەو دەسەڵاتانە یان "پایەی سۆبژانە" لە مێژوودا بوونیان هەیەو بەرهەمدەهێنرێن، هەروا لەدیویێکی تردا بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستراونەتەوە. لێرەدا ئێمە لەنێوان فەیلەسووفە تازەکانی فەرەنسیی وەك ئاڵتۆسێر، فۆکۆو دۆلوزدا بە راشکاوی بوارێك لە کاریگەریەکی دوو لایەنی بەدیدەکەین. بۆ ئەوەی ئاوڕێك لە خەونە گەورەکانمان، ئەو هێزە هەوەسگەراییە سەرمەستانەی خۆمان بدەینەوە: شۆڕش، واتا ئەو خەونە بریتییە لە شێوە گۆڕین یان جێگۆڕکێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە وەڵامدەرێکە بە دژی ئەو گەشە کردنەی ئەو یان دەسەڵاتە، واتا " پایەی سۆبژەکان"، بۆ نموونە تاکەکەسی بۆرژوا لە رۆژگاری "کلاسیکی"دا لەساڵی ١٧٨٩دا.

## بە شۆڕش هەستان

چارەکردنی کێشەی شۆڕشی رۆژگاری ئێستامان–کێشەی شۆڕشێکە لە دەرەوەی بیرۆکراتی، شۆڕشێك کە بیرۆکراتییەت بەشداری نەکا_ بەواتا شێوازی دۆلوز هزرکردن واتا "ئەفراندن"ی شۆڕشێك کە بە رێگای نیشاندانی فۆرمە نوێیەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرجەستە دەبێتەوە. کە لەوێدا ئەو "تاکگەلە" مۆدێرنانە دەکرێ وەك کەمایەتییە کارایەکان/ ئەکتیڤەکان، بەبێ هیچ خاوەنداریەکی مافی تایبەتی، بەبێ دەست بەسەرداگرتن، بەبێ گەمارۆدان و بە بێ دەرگا لەسەر داخستن، لەچوار چێوەی رەهەندێکی کۆچەری/ نۆمادی بەشدار بن.

لەم روانگەیەوە فەلسەفەی کۆچەریی دۆلوز لەئاستی فەلسەفەیەکی هەنووکەیەدایە کە بەدژی دیکتاتۆریەتی، بەدژی بە ناوەندکردن و بە دژی بزاڤە بیرۆکراتییەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان هەڵدەکاڵێ.

* ئەمە کتێبە بەشی سێیەمی "فەلسفەی کۆچەری"یە، کە بەم زانە لەلایەن سەنتەری (نما)وە کە لە وەرگێرانی " هەندرێن"ە، دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

# بەشداری سیاسیو دیموکراتیەت

و: حیکمەت نامیق

یەکەم:

بەشداری سیاسی مافێکە دەدرێتە هاولاّتیان تا بە ویستی خۆیان بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن، جا یا لە میانەی کاریگەری کردن لەوانەی بریار دەردەکەن یا بە بەشداری کردن لە بریاردان. لێرە گومانی تێدا نیە کە ئەنجامی بەشداری سیاسی مافێکی هاولاّتیانە کە گوزارشت لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی ژیانی سیاسیو کۆمەلاّیەتی دەکات، ئەو قۆناغەش قۆناغی دامەزراندنی دیموکراتیە، لەگەلّ ئەو مافە دامالّیوە لەوەی خۆی حوکمرانی خۆی بکاتو وە دیموکراتیەتیش مافی حوکمرانی دامالّیوە بۆ خۆی پاوانی کردووەو سەروەریشی خستۆتە پالّ گەل، نامۆ نیە کە تێبینی ئەوە بکەین کە بە درێژایی مێژوو هەر کاتێك باس لە بەشداری سیاسی کرابێ بە دوایدا باسی دیموکراتیەت کراوە کە یەکەم جێگرەوەی دووەمە، وە هەروەها بە پێچەوانەوەش، بەلّکو دیموکراتیەت وەکو دارشتنێکی عەقلی هات بۆ ئەوەی وەسفی ئەو بارو دۆخە بکات کە لە ئەسینای دێرین باو بووە، ئەویش بەشداریکردنی راستەوخۆی هاولاّتیان بووە لە دارشتنی بریاری سیاسیو بەرێوەبردنی کاروباری دەولّەت. پرۆسەی جێگرتنەوەو پەیوەست بوونی نێوان دیموکراتیەتو بەشداری سیاسی بەردەوام پەیوەستن پێکەوە، رەنگە بەشداری سیاسی بە بێ دیموکراتیەتی راستەقینە ببێ، بەلّکو دەکرێ بەشداری سیاسی لە ژێر سێبەری سیستەمە دیکتاتۆریو زۆردارەکان ببێ، سیستەمە دیموکراتیەکان دەگەنە لوتکەی جێگیری لەگەلّ لاوازبوونی بەشداری سیاسی، وە دیموکراتیەت بە چەمکە بنەرەتیەکەی (حوکمی لە گەل بۆ گەل)، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی کردەیی مافی بەشداری سیاسی نەداوەتە هەموو تاکەکانی گەل.

دووەم: بەشداری سیاسیو دیموکراتی بە چەمکی تەقلیدی میسالی.

هەروەك لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا، چەمکی دیموکراتیەت لە لای مرۆڤی ئاسایی بەستراوەتەوە بە یەکسانیو سەربەستیو مافی هەمووان لە بەشداریکردنی ژیانی سیاسی، ئەمەش لە پێناسەی زاراوەی (حوکمی گەل بۆ گەل) هاتووە، هەروەها دیموکراتیەت لە سەرچاوە یەکەمەکەی لە لای یۆنانیە دێرینەکان (بە تایبەت لە شاری ئەسینا) جێبەجێکراوە. هەروەك لە لایەن بانگەوازکارانی کلاسیکی بۆ بیری دیموکراتی پێناسە کراوە کە لەسەر رێگای

يۆنانيه دێرينەكان دەڕۆن لە نموونەی (جان جاك رۆسۆ)و(جۆن ستيوارت مل). بەڵام لە راستيدا ئەو سيستەمانەی كە بە ديموكراتی ناو دەبرێن رۆژێك لە رۆژان مافی بەشداری كردنی نەداوەتە هەموو تاكەكانی گەل بەبێ جياوازی، بەڵكو بەشداربوونەكە بۆ بەشێكی گەل بووە، يان بەشداری بوونەكە ناراستەوخۆ بووە لە رێگای نوێنەرەكان.

بەشداری سياسی لە ئەسينا (لە ميانەی سەدەی پێنجەمی پێش زايين) بە گرينگترين بنەماو بيرو باوەرو پابەندی دادەنرا كە پێويستبوو لەسەر كەسی ئەسينايی سوور بێت لەسەری تاوەكو شەرەفی هاولاتيبوونی پێببەخشرێتو لە كۆمەڵگادا رێزی بگيرێت. وە بەشداربوونی لە كاروباری سياسی شارەكە پێوەری هاوڵاتيبوونی راستەقينە بوو، هەروەكو (بركليس)ی سەركردەی سەربازی بەناوبانگ لەو كاتە دەڵێت ئەو هاوڵاتيەی كە گرينگی بە كاروباری گشتی نادات بە هاوڵاتيەكی بێ سوودو خێر دادەنرێت، وە دەڵێت : ((ئێمە بەردەوام گوێ دەگرينو بەشداری لە كاروباری دەوڵەت دەكەين كاتێك سەركردەكان گفتوگۆو موناقەشەی لەسەر دەكەن، بۆ ئەوەی بەمە بگەينە رايەكی چاك دەربارەی ئەمە، وە ئێمە گفتوگۆ بە ئاستەنگی جێبەجێكردنی كردەيی دانانێين، بەڵكو بە پێچەوانەوە نكۆڵی لە زانينی ئەو شتە دەكەين كە پێشكەشمان دەكرێ پێش ئەوەی پابەند بين بە كردنی)) بەڵام هاوڵاتی چۆن بەشداری لە ژيانی سياسی دەكات، ئەمە لە رێگای كۆبونەوەی تاكەكانی گەل (كۆمەڵگای ميللی) دەبێت بۆ هەڵبژاردنی فەرمانرەوايانو سوێندخۆرانو ئەمەش لە رێگای تيرو پشك بەبێ جياوازی كردنی لە نێوان (هاوڵاتيان) لەسەر بنچينەی چينايەتی يان سەروەتو سامان يان پلەو پايە، بەشداریكردنەكە راستەوخۆ بوو بۆيە ناونرا بە سيستەمی حوكم، ئەمەش بە ئەنجام گەيشتوە بە هۆی بەشداریكردنی هەموو هاوڵاتيان بە يەكسانیو سەربەستی تەواو، لە دەركردنی برياری سياسی، كە ئەمەش دەبێتە حكومەتی گەل يان ديموكراسی بەڵام ئەو پرسيارەی ئەوە دەوروژێنێت ئەوەيە ئايا چەمكی گەل لە لای ئەسيناييەكان چيە؟ وە ئەو هاوڵاتيانە كێن كە لە هەموو مافەكان يەكسانن بەبێ جياوازی؟ وشەی گەل دوو مانای سەرەكی هەيە يەكێكيان فراوانە (پێناسەی كۆمەڵايەتی)و ئەوەی تريان تەسكە(پێناسەی سياسی). گەل بە پێی چەمكی كۆمەڵايەتی ئەو كۆمەڵگايەيە واتە هەموو تاكەكانی گەلە لە لاوانو بەساڵاچوانو ئافرەتانو پياوان، ژيرو ناژيرەكان، ئازادو ئەوانەی كەئازاديان لە دەست داوە، هەريەكێك لەمانە ئەندامە لە كۆمەڵگاو تاكێكە لە تاكەكانی گەل بە پێی

ئەم چەمکە. بەلاَم پێناسەی سیاسی بۆ گەل واتە ئەوانەی مافیان هەیە کە مومارەسەی مافە سیاسیەکان بکەن، وە چوارچێوەی ئەمن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، وەك بنەمای گشتی منداڵ و گێل و ئەوەی ئازادی مەدەنی لە دەست داوە، یان ئەوەی کە لە فقهی ئیسلامی پێی دەڵێن پێوسیان لەسەر هەڵگیراوە جیادەکرێنەوە. هەروەها جیاوازە لە کاروباری ئافرەت و ئەو کاتەی نێوان منالٚیان هەرزەکارو قۆناغی پیٚ گەیین (رشد) کە ماف دراوەتە هاولاَتیان لە هەبوونی مافە سیاسیەکان.

سروشتیە کە چەمکی کۆمەلاَیەتی بۆ گەل هاورێك نابێت لەگەلٚ چەمکی سیاسی، چەمکی سیاسی بۆ گەل دەستەی دەنگدەرانە. ئەمەش ئەوانەن کە یاسایەکی دیاریکراو رێکیان دەخات کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، وە بە شێوەیەکی گشتی هەرچەندە دیموکراتیەت پێش بکەوێت بەرەو نموونەیی بوون کەلێن و بۆشایی نێوان چەمکی کۆمەلاَیەتی و چەمکی سیاسی بۆ گەل کەم دەبێتەوە. هەتا لەسەر ئەو ئاستەی پێناسەی گەل کە مافی هەیە بەشداری لە ژیانی سیاسی بکات لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان، ژمارەی هاولاَتیانی ئەسینا ئەوانەی کە خاوەنی مافی یەکسانی و ئازادی بوون هەندیٚ جار ژمارەیان دەگەیشتە ١/١٠ی گەل بە پێی چەمکی کۆمەلاَیەتی. وەکو دیارە کە ئەسینا بارودۆخی هەروەك بارودۆخی کۆمەڵگا دێرینەکانە، کە بە سیستەمی چینایەتی دەناسرێت، بەشێك لە کۆمەڵگای ئەسینی، چینی لێك جیان بە شێوەیەکی زۆر، لە سەردەمی دراکۆن لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەفدەمی پێش زایین، کۆمەڵگای ئەسینی دابەش کرا لەسەر بنچینەی دارایی و واتە بە گوێرەی ئەو یەکە نەختیانەی کە هەیانە(میدیمنۆس)، کە چوار گرووپە:

ا- گرووپی پێنج سەد میدیمنۆس واتە ئەوانەی سەروەت و سامانیان هەیە مومارەسەی کارێك دەکەن کە بەرامبەر ئەم ئەندازەیە بێت، ئەمەش بەرزترین چینە.

ب- گرووپی فرسان، ئەوانەی کە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠-٥٠٠ میدیمنۆس دایە.

ج- گرووپی الزیوجیتایی، کە داهاتیان لە نێوان ٢٠٠-٣٠٠ میدیمۆس دایە.

د- گرووپی التیتس، داهاتیان کەمتر لە ٢٠٠ میدیمۆس دایە بە گوێرەی ئەم دابەشکردنەی بەشداربووان لە ژیانی سیاسی و دەسەلاَت وە رگرتن کورت بوویتەوە لەسەر هەردوو گرووپی یەکەم دووەم، گرووپی چوارەم لە مافی بەشداری سیاسی و خزمەتی سەربازی بێبەش کراوە، بەلاَم گرووپی سێیەم، رێگەی پێدراوە خزمەتی سەربازی بکات و ئەندام بێت لە کۆمەڵگای گەل (اکلیزیا) بەلاَم لەگەلٚ ئەو چاکسازیانەی کە سولون پێی هەڵسا،

کۆمەڵگای ئەسینی دابەش بوو بۆ سێ چین:
١- چینی ئازادەکان.
٢- چینی بێگانەکان.
٣- چینی بەندە یا کۆیلەکان.

چینی ئازادەکان تەنها چینە کە چەمکی گەل بۆی دەچێت، ئەوانەن کە مافیان هەیە بەشداری بکەن لە ژیانی سیاسی، تاکەکانی ئەم چینە ئەو هاولاَتیە ئەسینیانەن کە لە رەگەزی نێرن و ئازادن و گەیشتونەتە تەمەنی بیست ساڵی، ئەمەش مانای وایە کە دیموکراتیەتی ئەسینی، ئافەتان و کۆیلەکان و بێگانەکانی جیاکردەوەو رێگەی نەدەدان لە بەشداری سیاسی. دەتوانین بڵێین کە دیموکراتیەتی ئەسینی حوکمی کەمینەیە نەك زۆرینە، چونکە ژمارەی ئەو هاولاَتیانەی کە ئازاد بوون و مافی بەشداربونیان هەبو لە ژیانی سیاسی ١٠/١ ی دانیشتوانی ئەسینا بوون.

هەرچەندە تا ئەم ئاستە دیموکراتی لە ئەسینا جێبەجێکراوە، هەندێ لە فەیلەسوفانی ئەسینا رەخنەیان لێگرتووەو ئەو چینەی کە مافی هەیە بەشداری لە ژیانی سیاسی بکات بە فراوانکردنێکی ناژیرانەیان داناوە، وە هەر یەك لە سوقرات و قوتابیەکەی ئەفلاتون بە توندترین هێرشبەری دیموکراتیەتی ئەسینی دادەنرێن، بە هۆی هەڵسانی بە یەکسانیکردنی لە نێوان هەموو تاکەکانی چینی یەکەم بەبێ جیاوازیکردن، سوقرات لە وەڵامی یەکێك لە قوتابیەکانی کە دوو دڵە لە چوونە ناو ژیانی سیاسی دەڵێ (تۆ مەترسە لە قسەو وتاری رووبەروو لەگەڵ ئەو خەڵکانەی زیرەك و بە توانان، وە ئایا تۆ شەرم دەکەی لە وتاردان بەرامبەر جەماوەر لە کێ شەرم دەکەی؟ لە کەوشدروو دارتاش و ئاسنگەروجووتیارو خاوەن حانووتەکانی بازار، ئەوانە خەڵکێکن کە هەموو خەمیان ئەوەیە کە شتێك بکرن و بەنرخێکی کەمەوە بیفرۆشنەوە بە نرخێکی بەرزتر؟ ئەمانە ئەندامی کۆمەڵەی گەلن ((اکلیزیا)) ).

بەلاَم ئەفلاتوون (٣٤٤-٤٢٧ پ.ز) ئەو دیموکراتیەتەی کە لە سەردەمی ئەوا باو بووە ناو ناوە (بە حوکمی گێرەشێوێنی)، بە توندی رەخنە گرتووە لە یەکسانیکردنی لە نێوان هەموو تاکەکانی چینی یەکەم و پێدانی مافی بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی بۆ تاکەکانی چینی یەکەم، دەپرسێ: چۆن یەکسانی بکەین لە نێوان ئەوانەی کاردەکەن و ئەوانەی کارناکەن، نێوان زیرەك و دەوڵەمەند نێوان بەهێز و لاواز؟ وە هەر لێرەدا داوای کرد کە بەشداری سیاسی و دەسەلاَت وەرگرتن کورت بکرێتەوە لە چینێکی دیاریکراو کە ئەوانیش دەسەلاَتدارو فەیلەسوفەکانن ئەوانەی پەروەردەیەکی تایبەتی وەردەگرن بۆ ئەوەی بەم ئەرکە هەڵسن، لە کتێبەکەی (کۆماری)روو لە جەماوەر دەکاو دەڵێت: ((ئەی هاولاَتیان ئێوە بران، خوا ئێوەی بە

پلـەی جـیاواز دروسـتکردووە، هەندێـکـتان دەسـەڵاتی فەرمانکردنی هەیە، خوا لـە زێـر دروسـتـی کـردووو شایسـتـەی ئەوەیـە کـە بەرزترین پلەکانی شەرەف بە دەست بێنێت، وە بەشێکی تری لە زیو دروست کردووە بۆ ئەوەی ببنە یاریـدەدەر، وە بەشـی سـێیەم، کشـتیارو پیشـەگەرانن کـە خـوا دروسـتـی کـردوون لـە مـس و ئاسـن، ئـەم رەگەزانـە بـەردەوام دەبـن لـە دروسـت کـردن...)) وە ئەوە پێشبینی دەکا و دەڵێ : ئەو کەسەی بە مس و ئاسن پارێـزگاری دەوڵـەت بکـات ئـەوا رۆژێـك دادێـت ئـەو دەوڵەتـە هـەر دەروخـێت لەگـەڵ شکسـتهێنانی ئەسـینا بەرامـــبەر ئیســــپارتە ســــاڵی ٥٠٤پ.ز ئەستێرەی دیموکراسیەت وەك مومارەسەو بـیر دەسـتـی بـە دامـرکانەوە کـرد، لەگـەڵ ســـەرەتای چـــەرخی روونـــاك و لەگـــەڵ فەیلەسوفەکانی بیری لیبرالی کە ببانگەشەی ئازادی و یەکسانی و ویستی میللەت دەکەن بـۆ سـەرلەنوێ هەڵقـولانەوە. کـە ئەوانـیش فەیلەسوفەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتین بە تایبەتی جان جاك رۆسۆو جۆن ستیوارت مل و ئەوانی تر. دیموکراتیەت لە سەدەی هـەژدەم بووە سیستەمێکی سیاسی جێگیر، ئەمـەش ماوەیەکی درێژە لـە نێوان روخان و کەوتنی ئەسینا و دەرکەوتنی بیری لیبرالی رۆژئـاوا. دەرکەوتنـی ئیسـلام وەك ئـاین و شارسـتـانیەت، زانـراوە، دەرکەوتنـی بـیری ئیسـلامی سیاسـی بـووە بابەتـی گرینگـی پـێدان بـە سروشـتـی سیسـتـەمی سیاسـی (خەلافەت)ئایا ئەوە ئایینیە یا دنیاویە؟و پەیـوەندی شـەرع بـە عـەقل و، چـەمکی شورا و(اهل اللعقد والحل). تاچەند دژیەکی هەیـە لـەو گـووتەیەی کـە مـیللەت بـە سەرچاوەی دەسەڵاتەکان دادەنێت و لەگەڵ ئەو گوتەیەی دەسـەڵاتداریەتی (الحاکمیە) بۆ خوا دادەنێت، ئایا بۆ میلەت هەیە دەست هەڵگـرێت لـە پێشـەوا، ئـەو حالەتـە رێپـێدراوانە چـین بـۆ دەسـت هەڵگـرتن لـە پێشـەوا. کـە ئـەم پرسـیارانە تـا ئێسـتا لـە موناقەشـەدایە بەبێ گەیشتن بۆ چارەسەرێك کە هەموو لایەك رازی بن.

د.ابراهیم ابراش

علم الاجتماع السیاسی

# سەرەتایەك لەبارەی دیموكراسی

لوقمان حسن

دیموكراسی لەگەڵ ئەوەی كەدێرینترین چەمكی دنیای سیاسەت و حوكمڕانییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، كە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەكانی پێش (٢٥) سەدە بەر لەئێستا، بەڵام تا ئەم كاتەش داوای سەرەكی زۆرینەی ناوەندە رۆشنبیری و فەلسەفی و سیاسییەكانی دنیایە بۆ پیادەكردنی لەژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی ولاتدا سەرەڕای ئەو كەم و كوڕی و رەخنانەی دەربارەی هەیە، چونكە پێدەچێت تا هەنووكە مرۆڤایەتی نەگەیشتبێتە سیستمێكی باشتر لەدیموكراسی بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەلات و بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی دەوڵەت، لەبەرئەوە پێویستە بەگرنگی زیاترەوە بۆ چەمكی دیموكراسی بڕوانین و مامەڵەی لەگەڵدا بكەین و هەوڵی چەسپاندنی پرەنسیپەكانی بدەین لەناو دەسەلات و كۆمەڵگادا، چونكە دەبێ ئەوە لامان روون بێ كە گەشەنەكردن و پەرەپێنەدانی دیموكراتیەت گەڕانەوەیە بۆ دیكتاتۆری، هەر بۆیەش دیموكراسی قۆناغبەند ناكرێت، بەو مانایەی كە قۆناغێكی دیموكراتیمان بڕیوە و بۆ قۆناغێكی بالاتر هەنگاو دەنێین (وەك ئەوەی لەبوارەكانی تری وەك كۆمپیوتەر و پزیشكی و فیزیك داهەیە و جارێكی تر ناگەڕێنەوە بۆ قۆناغێكی پێشتری ئێستای خۆیان) چونكە دەگونجێت دەوڵەتێك لە سیستمێكی دیموكراتییەوە لەماوەی شەو و رۆژێكدا ببێتە سیستمێكی دیكتاتۆری وەها كە بچووكترین مافی سەرەتایی بۆ هاولاتی نەمێنێتەوە، چ جای پیادەكردنی پایەكانی دیموكراسی.

### * دیموكراسی چییە؟

پاش ئەو پێشەكییە كورتە، دەبێت بپرسین دیموكراسی چییە؟ كە لەڕاستیدا وەلامی ئەم پرسیارە هەڵدانەوەی مشتومڕی مێژووی دیموكراتییەتە لەلایەن بیرمەندان و سیاسەتمەدارانەوە لە كۆنەوە تا ئێستا.

دیموكراسی لەبنەڕەتدا دەستەواژەیەكی یۆنانییە و لەدوو وشەی (دیموس) و (كراتۆس) پێك هاتووە، (دیمۆس) بەمانای (خەڵك) دێت و (كراتۆس)یش بەمانای (دەسەلات) یان (یاسا) دێت، بۆیە دیموكراسی لای یۆنانییە كۆنەكان بەمانای (حكومەتی خەڵك) یان (حكومەتی زۆرینەی

خەڵك) بوو.
بەڵام ئاشكرایە ئێستا دیموكراسی ماناو پێناسەی زیاتر لەخۆ دەگرێت و لەوانە:
-دیموكراسی لانی كەم شێوەیەكە لەشێوەكانی حوكمكردن، واتە ڕێگەیەكی تایبەتە بۆ گەیشتن بە بڕیارە حكومییەكان.
نووسەری ئەمریكی (فۆكۆیاما) لەپێناسەی دیموكراسی دادەڵێت:
دیموكراسییەت بریتییە لەمافی هەموو هاوڵاتییەك لەوەی بەشی لەژیانی سیاسیدا هەبێت، واتە مافی هەموو هاوڵاتییەكە لەدەنگدان و بەشداری لەژیانی سیاسیدا.
-دیموكراسی لەسەر بنەمای وتوویژی ئازادو قەناعەت پێكردن دامەزراوەو ئازادییە سەرەتاییەكان دەستەبەر دەكات.
پێناسەو تێڕوانینەكان بۆ چەمكی دیموكراسی جیاوازن بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین: ناوەڕۆك و جەوهەری دیموكراسی بریتییە لەو میكانیزم و شێوازو زەمانەتانەی كەخەڵكی لەڕێی ئەوانەوە دەتوانن خۆیان فەرمانڕەواكانی خۆیان هەڵبژێرن و ڕژێم و فەرمانڕەواو مۆدیلێك لە ژیانیان بەسەردا نەسەپێنرێ كە دڵخوازی ئەوان نییەو نایانەوێت، دواتر كۆمەڵگا توانای چاودێریكردنی ئەم دەسەڵاتەی هەبێت و لەكاتی لادان و سەرپێچیكردنی مەرجەكانی فەرمانڕەوایەتیكردن بتوانرێ كەنار بخرێت و كەسانی تری دڵسۆزو شایستە بخرێتە جێگاكانیان.

### * دیموكراسی بۆچی؟

بێگومان لەبەرئەوەی دیموكراسی تا ئێستا باشترین سیستمی خۆبەڕێوەبردنە كە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، لەشوێن و كاتی جێبەجێكردنیدا ئەم دەستكەوتانە بەكۆمەڵگا دەبەخشێت:
١-دوورەپەرێزی لەتاكڕەوی و دیكتاتۆری، كە مێژوو نموونەی دەیان و سەدان سەركردەی دیكتاتۆرمان پیشان دەدات، لەوانە (جۆزیف ستالین) كە چەندین ملیۆن كەسی سیاسی خستە زیندانەوەو نزیكەی (٢٠) ملیۆن كەس لە ئۆردوگاكانی كار گیانیان لەدەستدا، (سەدام حسین) لە عیراق كە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار كەسی وڵاتەكەی لەناوبرد.
٢-مسۆگەركردنی هەندێك لەمافە سەرەتاییەكانی هاوڵاتیان، چونكە دیموكراسی تەنها پرۆسەیەكی حوكمكردن نییە، بەڵكو لەناخی خۆیدا سیستمێكی مافیشە.
٣-بەدەست خستنی ئازادی تاكەكەسی بۆ هاوڵاتیان، هەروەك سەرۆكی یۆنانی (پێریكلس) سەبارەت بە دیموكراسی ئەسینا لەساڵی ٤٣١پ.ز وتوویەتی (ئەو قسەیەی بۆ دیموكراسیە نوێیەكانی ئێستاش هەر ڕاستە): ئەو ئازادیەی كە ئێستا لەناو حكومەتدا هەمانەو دەبێ ڕەگی بچێتە ناو ژیانی ئاساییشمانەوە.

٤-ديموكراسى دەرفەت بۆ كەسەكان دەرەخسێنێ كە ئازادانە چارەنووسى خۆيان ديارى بكەن

٥-پارێزگاريكردن لەبەرژەوەنديە سەرەكييەكانى تاكەكەس و بەرەودان بەگەشەى يەكسانى سياسى لەئاستێكى بەرزدا.

هەروەها چەندين دەرەنجام و سوودى تر كە ديموكراسى بە كۆمەڵگاو دەوڵەتى دەبەخشێ، هەورەك ئێستا لە زۆربەى وڵاتە ديموكراتيخوازەكاندا هەست بەدوو دياردەى گرنگ دەكرێت كە بريتين لە (ئاشتى خوازى) و (گەشەى بەردەوام).

هەروەك دەبينين لەدواى جەنگى دووەمى جيهانى هيچ جەنگێك لەنێوان دوو دەوڵەتى ديموكراتيخوازدا ڕووى نەداوە و هەورەها لەو ماوەيەدا گەشەى ئابوورى و پيشەسازى و تەكنەلۆجى پێشكەوتنى گەورەى بەخۆيەوە ديوە.

*بنەماو پرەنسيپەكانى ديموكراسى:-

١-هەڵبژاردنى ئازادو دادپەروەرانە: هەڵبژاردن ميكانيزمێكى سەرەكييە كە كاربەدەستان ناچار بەبەرپرسياريەتى دەكات بەرامبەر بەخەڵكى، هەڵبژاردنى ئازاد سەرەتا بەندە بەبوونى سيستمى هەڵبژاردنەوە كە ديارى بكات چى كەس و ئەنجوومەنێك لەڕێى هەڵبژاردنەوە ديارى دەكرێت؟ كێ مافى دەنگدان يان خۆكانديدكردنى هەيە؟ بنكەكانى دەنگدان چۆن ديارى دەكرێن و هتد...؟ لە قۆناغى دووەمدا پێويستە هەڵبژاردنەكە (ئازادو دادپەروەرانە) بێت.

٢-بوونى حكومەتى شەفاف و بەرپرسيار: لەسيستمى ديموكراتيدا بەرپرسياريێتى حكومەت بەرامبەر بەخەڵكى دوو لايەنى هەيە، يەكەم بەرپرسياريێتى ياسايى، پابەندبوونى لێپرسراوانى حكومەت بەرامبەر دادگا و ياساكان (حكومەتى ياسا) و دووەم بەرپرسياريێتى سياسى لەبەرامبەر پەرلەمان و خەڵكيدا دەربارەى هەنگاوەكان و سياسەتەكانى حكومەت، بۆ ئەم دوو خاڵەش پێويستە هەردوو دامەزراوى پەرلەمان و دادگاكان سەربەخۆبن.

٣-چاودێريكردنى مافە مەدەنى و سياسييەكان، وەك (ئازادى ڕادەربڕين و كۆڕوكۆبوونەوەكان و كۆچكردن) كە مەرجى سەرەكى گەمەى سياسى خەڵكييە.

٤-بوونى كۆمەڵگاى مەدەنى: دەبێ كۆمەڵگا بۆ پاراستنى ديموكراسى خاوەن ڕێكخراوگەلێكى جۆراوجۆر بێت كەبێ پشت بەستن بەدەوڵەت بەڕێوە ببرێت، كە بەمەش دەسەڵاتى دەوڵەت سنووردار دەكرێت و ڕاى گشتى لەجياتى ئەوەى لەسەرەوە ڕێكبخرێت، لەخوارەوە بەگوێى دەسەڵاتداران دەگات.

ئەو چوار خاڵەى لەسەرەوە باسكران و چەند بنەمايەكى گرنگ و پێويستن بۆ

پیادەکردنی دیموکراسیو بەڵام لەناو دەوڵەتو دامو دەزگاکانیشدا دەبێت ئەم دووپایە گەورەیەی دیموکراسی پیادەبکرێن:

١-جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری، بەو مانایەی کە هەموو هێزەکان لەیەك کەسدا کۆنەکرێنەوە.

٢-بەکارنەهێنانی توندوتیژی لە دەسەڵاتدا.

*** کێشەی زۆرینەو کەمینە:**

سیستەمی دیموکراتی کە بەرهەمی ئەندێشەو عەقڵی مرۆڤەو عەقڵی مرۆڤیش لەبەرئەوەی کامڵ نییە نەیتوانیوە سیستمێکی کامڵ بەرهەم بێنێت، هەر بۆیە دیموکراسی لەگەڵ هەموو لایەنە باشەکانیدا کەمو کوڕی تێدایەو ڕەخنەی زۆری ئاڕاستە دەکرێت،کە یەکێك لەوانە بوونی کێشەی کەمینەیە لە سیستمی دیموکراتیداو چونکە ئاشکرایە دیموکراسی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بنەمای زۆرینە دەبەستێت لە بڕیاردانو دیاریکردنی کەسو جێگەکانداو سەرەتا دەبێ بپرسین کەمینەکان کێن؟ بەشێوەیەکی گشتی کەمینەکان دوو جۆرن:

یەکەم/ئەوانەی لەمەسەلەیەکی کاتیو تایبەتدا کەمینەن.

دووەم/ئەوانەی کەمینەی هەمیشەیین.

بۆ چارەسەری گرفتی هەر یەك لەم دووجۆرە لە کەمینە، دیموکراسی ڕێگەیەکی گونجاوو یەکلاکەرەوەی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام دەکرێ هەندێ ڕێگاچارەی سەرەتایی بگیرێتە بەر تا ئەو دەمەی کە چارەیەکی لەوە باشتر بەرهەم دێت.

بۆ ئەوانەی کەتەنها لە مەسەلەیەکی تایبەتدا کەمینەن پێویستە ڕادەی هۆشیاری خەڵكو بەرپرسان لەو ئاستەدا بێت کە ڕێزلە بۆچوونەکەیان بگیریو ئیهانە نەکرێن، چونکە لەوانەیە لە مەسەلەیەکی تردا ئەوانەی کەمینە بوون ببنە زۆرینەو ئەوکات وەك جۆرێك لە قەرەبووکردنەوەی لێدێتو (پرەنسیپی بەرامبەری) پیادە دەکرێت لەگەڵیاندا.

سەبارەت بە کەمینە هەمیشەییەکانیش، دوو ڕێگە چارە پێویستە بگیرێتەبەر، یەکەمیان لەلایەن خودی خۆیانەوە کە پێویستە ڕایەکی گشتی فراوان بۆ کێشەکەیان دروست بکەن، هەروەها ناساندنی کێشەکەیان بەزۆرینەکانو ئەنجوومەنو ناوەندە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانو هەوڵدان بۆ قەناعەت پێکردن بە کێشەکەیان.

ڕێگە چارەی دووەم بریتییە لە هەندێ هۆکاری یاسا سالارانە بۆ بەرگری لەژێر دەستەیی هەمیشەیی کەمینەکان، وەك:

-بەشداریکردنی کەمینەکان لە پۆستە حکومیەکاندا بەپێی ڕێژەیان.

- ڕازیبوون بەمافی (ڤیتۆ) سەبارەت بەو یاسایانەی کە هەڕەشە لەبەرژەوەندیە زیندووەکانیان دەکات.
- بەخشینی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە.

* چۆن دەسەڵات دیموکراسی دەبێت؟

گرەنتی چییە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە بەسیستمێکی دیموکراتی دێتە سەرکار، نابێتە دیکتاتۆری و پێشێلکەری ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە گرنگی بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بدرێ و ڕۆڵیان ئەکتیڤ و کارا بکرێ، چونکە هەمیشە دەوڵەت لەخەمی هێشتنەوەی ئەو شتانەدایە کە ڕێکخراون، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی لەخەمی گۆڕینی ئەو شتانەدایە کە هەن و، تێدەکۆشێت بۆ ئەو باشترەی کە پێویستە هەبێت، بەمەش دەبێت بەچاودێر بەسەر دەوڵەت و دامەزراوەکانییەوە.

لەلایەکی ترەوە دەبێ لەدەسەڵاتدا (ڕێکەوتن) هەبێ لەسەر ئەو شتانەی کە مافی هەمووانی تێدایە و دەکرێ هەمووومان سوودمەند بین لێی یاخود پشکمان هەبێ تیایدا، لەو شتانەشدا کە ناکرێ هەمووومان هاوبەش بین تیایاندا پێویستە (کاتی)بن، واتە بەپێی یاسایەکی پێشوەخت لەماوەیەکی دیاریکراودا تۆ خاوەنی فڵان ماف و ئیمتیازات و دەسەڵات بیت، بەڵام دواتر ئەو مافە لە (تۆ) وەردەگیرێتەوە بۆ (من) یان بۆ (ئەو)، ئەی لێرەدا گرەنتی چییە بۆ ئەوەی کە (من) یان (تۆ) ئەو ڕێکەوتنە ناشکێنین و واز لە ئیمتیازاتەکانی خۆمان ئەهێنین؟ کە ئەمە گرفتی سەرەکی دەسەڵاتە، تەنها چارەیەك بۆ ئەمە بریتییە لە ڕەچاوکردنی ڕێسا ئەخلاقییەکان) لەسیاسەت و حوکمڕانیداو چونکە دیموکراسیش خۆی بۆخۆی ئەخلاقیاتێکەو (کەی) دەخاتە سەر سیاسییەکان).

* ئیسلامییەکان و دیموکراسی.

پاش بەریەك کەوتنی هەردوو شارستانییەتی ئیسلامی و خۆرئاوا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، دیموکراسی بووە جێی مشتومڕو باسی ناو ناوەندە ئیسلامییەکەو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، کە هەندێکیان بەتوندی ڕەتیان کردۆتەوەو بە پێچەوانەی شەرع و دەسەڵاتی خوایان زانیوەو بەردەوام بەرەنگاری بوونەتەوە، چونکە (دیموکراسی)یان وەك جۆرێك لە (دین) سەیرکردووەو لەگەڵ (عەلمانیەت)دا جیاوازیان نەکردووە، ئەمانە تەنها سەیری پێناسە یۆنانییەکەی دیموکراسییان کردووە بەمانای (حوکمی گەل بۆ گەل) ئەمەشیان بەپێچەوانەی شەرع داناوە کە داوای حوکمی خوا دەکات و بێ ئەوەی بەناوەڕۆك و جەوهەری دیموکراسیدا قووڵ

ببنەوەو بەتێڕوانینێکی فیکری وردو زەرووڕەتی بۆ ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی و ولاتە موسڵمان نشینەکان لێی بکۆڵنەوە.

لەبەرامبەر هەندێك لە ئیسلامییەکانی تر پێشوازیان لە دیموکراسی کردووەو پێیان وایە کە دیموکراسییەت لەبەرامبەر دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و ئیستیبدادی سیاسییەوە دێت نەك ئیسلام بۆ ئەم پێشوازیکردنەشیان دەگەڕێنەوە بۆ رۆحی ئیسلام کە دژی زوڵم و چەوساندنەوەو پیرۆزکردنی فەرمانڕەواو زاناو ڕەمزەکانەو لەگەڵ ئازادی و دادپەروەریدایە، وپشت ئەبەستن بەچەند بنەمایەکی زانستی (اصول الفقه) لەوانە، (الحكمة ضالة المؤمن، انى وجدها فهو احق بها) و (فحيث وجدت المصلحة فثم شرع الله)، لەو ڕوانگەیەشەوە کە ئیسلام سیستمێکی دیاریکراوی بۆ حوکم کردن دیاری نەکردووەو لەبواری (متغيرات)دا بەجێی هێشتووە بۆ بارو دۆخی سیاسی هەر سەردەمێك و دیدو تێگەیشتنی کەسەکان، لێرەشەوە بیریاری ئیسلامی جەزائیری (مالك بن نبی) دەڵێ:

(هیچ ئاینێ بەئەندازەی ئیسلام دڵخۆش نییە بە دیموکراسی، وەهیچ رژێمێکی رەوشتی و عەقیدەیی و یاسایی بەئەندازەی ئیسلام ئەو بنەڕەتە دەستەبەر ناکات کە دیموکراسی لەسەر دەوەستێ و پێدەگات).

بەڵام پێویستە بڵێین لەواقیع و بواری پراکتیکیدا تا ئێستا هەلی ئەوتۆ بۆ ئیسلامییەکان نەڕەخساوە کە گەمەی دیموکراسی تێدا بکەن جگە لەچەند بوارێکی دیارکراوی وەك هەڵبژاردنی سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان لەچەند ولات و ناوچەیەکی دیاریکراودا (بێجگە لە تورکیا کە زیاتر لە (٣٠) ساڵە رەوتی ئیسلامی مومارەسەی دیموکراسی تیادا ئەکات.

پاش سەربوردێکی خێرای دیموکراسی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی سەرەڕای کەم و کورتییەکانی، دیموکراسی تا ئەم ساتە سیستمێکی گونجاو و لەهەمان کاتدا پێویستە بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی دەوڵەت و پەرەپێدانی کەلتووری بەیەکەوە ژیان و رێزگرتنی بەرامبەرو بەرجەستەکردنی ماف و ئازادییە سەرەتایی و گشتییەکان، لەبەر ئەوە پێویستە دیموکراسی گرنگی زیاتری پێ بدرێت، بەتایبەت لە قوتابخانەو خوێندنگەکاندا منداڵان فێربکرێن کە مامەڵە لەگەڵ کەلتوورو نەریتە جیاوازەکاندا بکەن و پێگەی خۆیان لە جیهانێکدا کە گەل و مەزهەب و بیروڕای جۆراوجۆری تێدایە بزانن، وەمنداڵان بخرێنە ناو هەندێ وتوێژەوەو گوێ لەبیروڕاکانیان بگیرێ، هەروەك ئەبێ میدیاکان ڕۆڵی زیندووی خۆیان لە فێرکاری سیاسی خەڵکدا فراوانتر بکەن و ئاستی هۆشیاری خەڵك بەرزبکەنەوەو سیاسەتەکانی حکومەت لەدیدێکی ڕەخنەییانەوە هەڵسەنگێنن و هەروەك

دەکـــرێ لەڕێگـــەی بـــۆ ئـــەو ســـاڵڕۆژە جـــەماوەریو نەتەوەیـــیەکانەوە پـــەرە بـــە کەلـتووری دیموکراسی بدرێو ڕۆڵی لەبەرو پێشـبردنی وڵاتو ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵکـدا ڕوون بکرێتەوە.

*سەرچاوەکان:

- دەربارەی دیموکراسی، نووسینی: ڕۆبەرت دالٚ، وەرگێڕانیم ئامانج عەزیز کەندی.

- دیموکراسی چییە (ئاشنابوون بە دیموکراسی). نووسینی: دیڤید بینتهام- کوین بۆیلٚ، وەرگێڕانی: شۆڕش جوانڕۆیی.

- دیموکراسـی لـەڕووی مێژوویـیو تیۆریـیەوە. نووسینی ئانتۆنی ئاربلاستەرو وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا.

- (عەلمانیەت- دیموکراسی-سیاسەت) دیدێکی ئیسـلامی هاوچـەرخ. لەبلاوکراوەکانـی مەکتەبـی ڕێکخستنی یەکگرتوو.

- سیستەمی سیاسی- ڕێبین ڕەسوولٚ ئیسماعیل.

- کـۆڕی (تەحسـین حمـە غـریب) دەربـارەی دیموکراسی- سلیمانی ٢٠/١٢/٢٠٠٤.

# تیرۆر و لەیەکچونکردنی کۆمەڵگا

## ستار باقی کریم

کاتێ لەدەرەوە تەماشای کۆمەڵگا بکرێت ئەوا وەك یەکەیەك دەبینرێ، بێگومان ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە ناشێ لەناو ئەم یەکەیەدا جیاوازی هەبێت، جا بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەندامەکانی کۆمەڵگا لە رەگەزو پلەو پایەو دەسەلاٚت هەروەها کلتوریش دا جیاوازن، بەلاٚم بە بەردەوامی کۆمەڵگا رۆژهەلاٚتییەکان بە گشتی و کورد بە تایبەتی هەوڵیداوەو توانیوویەتی هزرو بۆچوون و کولتوورەکانی لە نێو یەك بۆ تەقە بتوێنرێتەوەو یەك ئاکارو روخسارو ئایدیا بە ئاشکرا بسەپێنێت، بەلاٚم لە ناخەوە جیاوازی بوون شتێکی ئاساییە، بۆیە دەکرێ بپرسین ئایا تا چ ڕادەیەك جیاوازیەکانمان وەك رژێمێکیان لێهاتووەو جیاوازن، ئایا تا چەند پێویستمانە ئەم جیاوازیانە هەڵبوەشێنینەوە؟؟! بە هۆی ئەوەی مرۆڤیش خۆرسکێکی ئەفریدە بوویەکی کۆمەلاٚیەتییە کە (خەلدون) ئەم دیاردەیە ناو دەنێت پێویست بوونی کۆمەلاٚیەتی.

بێگومان بە کۆمەلاٚیەتی بوونیش جۆرێك یا چەندێك لە دەستبەرداربوونی بەرامبەر لە یەکتر جیاوازیەکان دەخوازێت بۆ بەستنی پەیوەندییەکی کۆمەلاٚیەتی هاوشێوەی گرێبەندی کۆمەلاٚیەتی یا کۆنپارێزو نەریت خوازو کەلەپور پەرستانی کۆمەڵگا. جا کۆمەڵگا تەقلیدییەکانیش کە خودان پرۆسەیەکی مێژوویی تەلقین دراون، هەوڵی زۆریان لە پێناو بنیاتنانەوە داوە نەوەکو ئەفراندن و بنیاتنان، بنیاتنانەوەیەك بە مەرجی پارێزگاری کردن لە نەریتە باوەکانی باوانەکان واتە دارشتنەوەی کولتوورو کەسایەتی مردو و بەرچاوەکان، چونکە بەردەوامی لە دوێنێ و ئێستاش هەوڵی باوانەکان لە دروستکردنەوەی ئەو لە یەکچونانە بوونە کە لەمەوبەر لە لایەنە ئایدیالی و ماتریالی نمایش کراون، ئەوەش لە رێگەی جۆرەها پاساوی ئاینی و کولتووری و عورفی بە شێوەی گوتارو کردار دەبەخشنە ئێمە. بێگومان ئەوەیان لەگەڵ ئەوەی جۆرێك لە هۆشیاری تەقلیدی دەگەیەنێ، بەلاٚم لە هەمان کاتیشدا ناهۆشیاری نەزانین، تێگەیشتنە لە مێژوو، چونکە هەموو هۆشیارییەك کە دەبێتە سایکۆلۆژیای کۆمەلاٚیەتی جۆرێك لە مێژووی هۆشیاری دروست دەکات. لێرەدا دەکرێ کۆمەڵگای کوردەواری بە نموونە بهێنینەوە، کە ڕێژەی حەز کردن بە لە یەکچوون و رەق بوونەوە لە جیاوازی گەلێك بەرزە. بە شێوەیەك ڕەنگدانەوەی بەسەر هەردوو پێکهاتەی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە دیارە، هۆی ئەوەش لاوازی و پێنەگەیشتنی ئەم دوو پێکهاتەیە، ئەوەش وایکردووە کۆمەڵ لە

کۆمەڵایەتی خۆی نامۆ بێت، تا کار گەیشتۆتە سەر هێشتنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لەم بنچینە داخراوەیەی، بێگومان تاکەکەسیش وێنەیەکی بچووکە یا جەستەیەکی بچووککراوەی هەموو کۆمەڵگای خۆیەتی، واتە بۆ ئەو شارستانییەت یا کۆمەڵگا یا ئەو سیستەمە پێکدەهێنن کە سەراپای تاکەکانی کۆمەڵگای لەمەوبەر پێ گۆشکراوە. لە کۆمەڵگای کوردەواری وێکچوون یا حەزکردن بە لە یەکچوون بۆتە دیاردەیەك و لە هەمان کاتیشدا رێگر لە بەردەم پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن و هەروەها نەهێشتنی بیرۆکراتیەت. لە کولتووری ئەم کۆمەڵگایە (کوردەواری) چیمان نەویستووە لە یەك بچێ، لە چی هەوڵمان داوە لە یەك جیاواز بین؟ بێگومان ئەوانە پرسیاری ئاڵۆزن و کورت وەڵام نین، بێگومان خودی پرسیاریش بە بەردەوامی لە جۆرێکی گومانەوە سەرهەڵدەدا دواتریش گەڕان و هەوڵدان بۆ گەیشتنە حەقیقەت. جا دۆزینەوەی حەقیقەت و ڕەهاکردنی دوا ئەنجام و بەرجەستە کردنی تەنها حەقیقەتێك و هەوڵدان بۆ سەپاندنی، ئەوا لێرەدا لەیەکچوون دەبێتە تاکە دەنگ و دیدگە. بێگومان کێشەو ململانێی مێژوویی مرۆڤایەتی سەرجەمیان خۆیان لە هەوڵی دارشتن و سیستەم رێژکردنی ئەویتر بینیوە. ئەویترێك بە واتای دەسەڵاتێکی سەروتر لە دەسەڵاتی تاکی ئاسایی کە دەشێ دەسەڵاتێکی ئایینی، سیاسی... یا هەردوکیان بە یەکەوە بێت. واتە لێرەدا ئایدۆلۆژیا لەم سیستەم رێژکردنە پشکی شێری بەردەکەوێت کە ناشێ خودی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەك سەرچاوە هەڵگرێکی دەم میراتی کەلەپورو کولتوری کۆمەڵگا بە دەر بگرین لەم خەسلەت سازدانەی کۆمەڵگا و تاکەکانی. بەردەوام لە یەکچوون جۆرێك لە تەنویم کردنی هزری لە گەڵدایە، لەوەشیان ناکرێ ژێرخان و هەروەها پاشخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا خۆی بە دەر بگرێت لەم دیاردەیە کە بە خاڵی بکوژی داهێنانی کۆمەڵایەتی دادەنرێ.

کاتێ سەیری کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان بە گشتی و کورد بە تایبەت دەکەین، ئەوا رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ئایینی وەکو (ئیسلام، مەسیحی، یەهودی، بوزی، زەردەشتی...) تا کار دەگاتە سەر ئایدۆلۆژیای وەکو (کۆمۆنیزم...) بە سەریانەوە دیارە. بەوەش جۆرێك لە هەنگاوەکانی خێرا گەیشتن بە پێشکەوتنیان لەم جیهانەی رۆژهەلاتیان بە پاش داوە. کاتێ موسڵمان خۆی لە نێو بۆتەقەی ئایینی ئیسلام دەبینێتەوە گەر دروستانە پیادەی بکات ئەوا دەبێ لە نێو دەقە ئاینیەکە بتوێتەوە و لە یەکچونێك لەگەڵ برا (دینی) یەکەی چێ بکات. لە سادەترین داخوازی ئاینیەکان کە داوایان کردوە بەدەر لە لایەنی ئایدیالی ئەوا (ریش) هێشتنەوەیە. ئەوە سەرەرای هاوبیرکردن و

هاوڕەنگکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشتی لە لایەنی سەرخان و ژێرخان. بەم شێوەیە جیاواز بین یا قسەکەر بە چاوی گومان و نەشیاو بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵگای کڵۆم دراوی دەم ئایدۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سیاسی، ئاینی سەیرکراوە تەنانەت کار گەیشتۆتە سەروە دەر نانی یا سەر هەڵگرتن و جێهێشتنی مەملەکەت، تەنانەت کۆچی خودی پێغەمبەری موسڵمانانیش لە (مەککە بۆ مەدینە) سەرچاوەکەی لەم خاڵە جیاوازەوە بوو کە لە نێو کۆمەڵگای (مەککە) دەینواند. بۆیەش جیاوازی و ڕەتکردنەوەی لە یەکچوون هاوشێوە بوون بە خەڵکانی تری (مەککە) ئەوە خاڵی پاڵنەر بوو بۆ کۆچەکەی. لەگەڵ زانینمان بە بوونی سروشتێکی گشتی بۆ کولتوری تایبەتمەند بە هەر کۆمەڵگایەك، بەڵام سەرچاوەی لە یەکچوون لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی لە (ئاین) سەرچاوەی گرتووە پێکهاتەی ئەوەندە قوڵە ڕەنگدانەوەی بەسەر هەردوو لایەنەکەی (جەستەیی و ڕۆحیەوە) دیارە. بۆیە کاتێ سەیری لایەنی ماتریاڵی کۆمەڵگای کوردەواری دەکەین لە حاڵی ئێستای گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەنی ئایدیاڵی وەکو خۆیەتی تا ئاستێکی نزم نەبێ نەگۆڕاوە، واتە لێرەدا جۆرێك لە دواکەوتویی لەم حەزو ویستە لە یەکچوونە کەوتۆتەوە. دەشێ لێرەدا ئاماژە بۆ کەلەپووری یا بە گشتی کولتوری کوردەواری بکەین کە ڕەنگدانەوەی واقیعێکی کۆمەڵایەتی خۆیەتی وەکو مارکس دەڵێت (کەلتوری کۆمەڵایەتی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات) بێگومان هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك ناشێ نەگۆڕێت، بەڵام دەشێ خێرا یا لەسەر خۆ یا زۆر کۆسرڤایتزمیانە بێت، لێرەدا کۆمەڵگای کوردەواری وەك عەینەیەکی پراکتیزەکاری کەلەپووری یا کولتوری وەر بگرین، کە بێگومان ئاینیش داوای لە یەکچوون و هاوشێوەبوون دەکات، لە بەرامبەر ئەوەشدا ڕەتی جیاوازی دەکات، ئەگەر سەیری ئاینی ئیسلام بکەین یا بگرە هەر ئاینێکی تر، ئەوا ئاینی بەر لە خۆی ڕەتکردۆتەوە؟ هەر لەبەر ڕەهاکردنی خودو تەنها ڕاست بینینی خودخۆی. ئەوەتا لە ئاینی ئیسلام(جیزیە یا سەرانە) دەسەپێنرایە سەر غەیرە موسڵمان. لە بەرامبەر(جولەکەکان)ی ئەم شارە بە دیاریکردن و جیاکردنەوەیان لە موسڵمانەکان بە ئاماژەیەکی(شین) خۆیان نمایش دەکردو جیا دەکردەوە. جا لێرەدا ئێمەی کۆمەڵگای کوردەواری کە شوێن هەڵگری ئاینی(ئیسلام)ین وەکو زۆرینە، ئەوا بە بەردەوامی حەز بە هاوشێوە بوون و هاوبیربوون و لە یەکچوون بە گشتی دەکەین، کە دەتوانم لەو سۆنگەیەوە سەرجەم کێشەکانی دونیای موسڵمانان لە نێو خۆو لەگەڵ گەلانی دەرەوەدا ببەمەوە سەر خاڵی سەپاندنی وەکو (من ژیان) لایەنەکانی ژیان و هەروەها یەك ڕەوت کردن و یەك

میزاج کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشتی، کە هەر ئەوەشیان بۆتە بەربەست لە بەردەم پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت لەم ناوچەیەدا، ئەگەرچی دیموکراسیەتیش پێکهاتەیەکی هەمەچەشن لە منداڵدانی خۆیدا هەڵدەگرێت، بەلاّم لە هەمان کاتدا، ئەوەی دوایشیان داوای لە یەکچوون دەکات، بەلاّم لە یەکچوونی دیموکراتیەت کە دەشێ هەروەکو وایە لەناو ئاخندا لە یەك جیاوازن. کاتێ سەیری کەلەپوری کۆمەڵگای کوردەواری دەکەین، ئەوا دەبینین لەسەر بنەمای لە یەك چوون و هاوشێوەکردن و یەك ریتم کردنیان دروست بووە، لەوانە کاتێ سەیری(پەندی پێشینان)ی ئەم کۆمەڵگایە دەکەین ئەوا دەبینین چەندان (پەند) ئەقڵی کۆمەڵگا رەها دەکات و قاڵب دادەرێژێ بۆ بەرزەفت کردنی ئەخلاقی کولتوری کۆمەڵگاو خەساندنی ماهیەتەکانی جیاوازی و یەك مەرجەعیەت پێکهێنانی ئایدیاڵ وفۆرمەکانی ژیان، بۆ نموونە پەندەکانی وەکو (ماڵ بە ماڵ خۆر نەچێ حەرامە، گیا لەسەر پنجی خۆی هەڵدەکەوێ، دایکەی ببینەو دۆتێ بخوازە...) هەڵسەنگاندن و یەکتابینینی منداڵ یا گەنج لە چاوی باون لە هەموو ئاکارو کردە تاکگەرایی و دەستە جەمعیەکانی لە خۆیدا، کورتکردنەوەی رێگە درێژەکەی ژیانەکە لە منالّدانیدا هەڵگری جیاوازی و ئەبستراکت نەکردنی لە یەکچوون و هاوشێوە بوونە. ئەوەتا شاعیرێکی وەکو (نالی)داوای سەفەرو سەر هەڵگرتن دەکات؟ لە کاتێکدا ئەگەر خەڵك لە (تەریقەتەکەی) تۆ (قادری) جیاواز بوون، ئەویش کاتێ دەڵێ(لە حەزەردا سەفەر بە، لە وەتەندا غوربەت کەش و عاجز بە ئەگەر ئەهلی تەریقی)، داخوازی (نالی) لە دوای لێپرسینمان دێت بە دەستەواژەی (ئەگەر؟) لەوەشدا واتە دەشێ مرۆڤەکان بە یەك شێوە بژین، بەلاّم کاتێ خاوەن رەوتێکی فیکری یا ئایدۆلۆژیا یا تەنانەت وەك خۆی دەڵێت تەریقەتێکی تر بێ ئەوا دەشێ (غوربەت) هەڵبژێری، بێگومان ئەوەش رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیاری کولتوری ئاینیە کە لە ناخ و هەستی مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە دورگە دوورەکانی نەست کڵۆم دراوە و بۆ کەلەپوری لە دەستدانی خود، وەکو دیارە (خود)یش عیبارەتە لە کۆکردنەوەی رابردوو و گرێدانی بە ئێستا. ئا بەم شێوە حەزکردن یا سەپاندنی پرۆژەی هاوشێوەکردن یا لە یەکچواندنی تاکی کۆمەڵگا سیستمێکی دیکتاتۆری دێنێتە بەرهەم ئەوە سەرەرای بە مەرج کردنی چێژو چەشەی کۆمەڵگا بە گشتی. لە سێدارە دان و سوتاندنی (گالیلۆ)ی زانای ئیتالیا بۆ خواستنی بیرکردنەوەی دروست لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیا یەك رەنگ و یەك توخمەکانی دەسەلاّتدارانی ئەوسای کەنیسە لە بەرامبەر چەوتێتی لە بیرکردنەوە لە شتەکان دێت، دەکرێ بە هەمان سیستەم رێژکردن لە هزری (مارکس)ی بروانین،

ئەوەتا ڕەنگدانەوەی هـزری مارکسـی بـوو وایکرد گەرەکێك لە هەولێر بە ناوی (چنین-نسیج)و لەسەر شێوەی ئاسۆیی دروست بکرێت. چونکە ئەوە ڕەنگدانەوەی هـزری دەسـەڵاتدار بـوو لەسـەر کەتـواری کۆمەڵایەتی،کە بە لایانەوە واتای یەکسان بوونی خەڵك یان هاولاتیانی دەگەیاند. ئەوە سـەرەڕای ئـەو ئەپسـتمە سـەرەتایی و کاڵفامـیەی بـە دونـیای ئـەو دیـوی مارکسـیەت و لیـبراڵیەت لـە قاڵـب گرتنـی تـەواوی کـۆمەڵگاو بوێـر نەبونـیان لـە شکاندنی تەوقی لە یەکچوون و هاوشێوەیی بوون. بێگومان جارانی زۆربەی گەرەکانی عێراق بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی خۆی لەو جۆرە بینا (ئاسۆ)یـیانە دەبینیـەوە، کە ئـەوەش نمایشـی حـەزو ویسـتی ناخـی تاکـەکان و ئیمکانیاتـی مـادی ئەوسـایانی دەکرد. ئەم لە یەکچونانەو هاوڕەنگ کردنانە ئەو توندڕەویەی بەرهـەم هێنا کە ئەمڕۆ بە (تیرۆر) ناو دەبرێ. کەواتە ئەو دیاردەیە لە جاران بونـیان هەبـوو ئـەویش لـە کاتـێکدا هەمـوو کـۆمەڵگایەك بـە یـەك چـاویلکە سەیری دونیایان دەکردو بیریان دەکردەوە، شتێك نەبوو ڕۆحیانە بە ناوی جیاوازی ، لە بەرامـبەر ئەوەشـدا کۆنکرێتیەتـی هـزرە دەسەڵاتدارەکان ڕێگەی لە بەردەم گوشاری ماتەرەکان بۆ گۆڕان بە عەیب دەزانی و لە نێو کـۆمەڵگاش کەشـی جوداخـواز سـەرکۆنە دەکرا. واتە دەکرێ هەروەکو وا بووە خاڵی جـیاوازی بـە هەڕەشـە سـەیر بکـرێ و کەسەکانی پێ دەربەدەر بکرێن، ئا لێرەوەیە کە ترس لە دیموکراسیەت و ئازادی بیرمان دێتە یاد،کە لەم دیویان شوێنێك نیە بۆ جیاوازی و بەم شێوەیەش لە یەکچوون وا دەکات من لە تۆو کەسانی تر جیا نەبینەوە.

# کۆتایی مێژوو، دواین مرۆڤ

فرانسیس فۆکۆ یاما

و:بۆ عەرەبی: د. حسێن ئەلشێخ

و: ئیسماعیل کوردە



## دەروازەیەك بۆ کۆتایی مێژوو لەسەر شێوازی فۆکۆیاما

لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ نێردراوی ئاژانسی" ئۆرینت پریس" "فرانسیس فۆکۆیاما" دوای دەرچوونی کتێبەکەی بەناوی" کۆتایی مێژوو، دوا مرۆڤ" ئەوەی گووت:

–ئێمە لەئەمریکادا لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەم گەورەترین سەرکەوتنمان بەدەست هێنا کە بەربادکردنی شیوعیەت، تێکشکاندنی عێراق، ئێستا هیچ کەسێك گومان لەئەمریکا ناکات، کەپێشەنگ و پێشڕەوی جیهانە، ئێمە بەهێزترین و گەورترینین.

–سەیری روسیاییەکان و گەلانی دیکە بکەن، کە جلی شیوعیەتیان فرێداوە، هاتونەتە ژێر سایەی پارێزگارییەکانی ئێمەوە، ژێر سایەی ئەمریکا.

–من سەد دەر سەد ئەمریکایم، بەهیچ شێوەیەك دووفاقی ئینتیمایم نییە، ئەوا من لەگەڵ ئەوەی بەرەسەن یابانیم.. کوڕی ئەمریکام.

–ئەمریکا دواین وڵاتە کە پێودانگی خێزانی و ئەتنی تێیدا گرنگی هەبێ، ئەمریکا –وەك هەندێ کەس پێیان وایە– لەسەر پاشماوەی خەڵکە رەسەنەکان هیندیە سورەکان و ئازتیکیەکان بونیاد نەنراوە، ئەوانەی سەری منداڵەکانیان لەپێناو نزیکبوونەوە لەخواوەند دەبڕی.

–گەیشتنی کۆچبەرە ئەوروپیەکان بۆ ئەمریکا کارێکی بەربەریانە نەبوو، بەڵکو دەسکەوتێکی شارستانیانە بوو، ئەکرێ رادەی ئەو کارەساتبارییە بێنیتە خەیاڵ، ئەگەر بهاتباو ئەمریکا پڕاوپڕ با لەو مەخلوقاتە سەرەتاییانە!!!

– هەستکردنێکی بەهێزم هەیە بەوەی کە دەبمە شتێکی گرنگ لە مێژووی ئەمریکای نوێ.. یان هی کۆشکی سپی.

کاوبۆی نوێ –ئەو جارەیان بەرەسەن یابانی– بەو شێوەیە قسەدەکات و هەوڵدەدات نوێنەرایەتی خەونی کۆن و نوێی ئەمریکا بکات، کە "رۆناڵد رێگن"و دواتر" جۆرج بۆش" هەوڵی بەرجەستەکردنیاندا، لەگەڵیاندا

" رامبۆ" کە لەکۆتایی یەکێك لە فیلمەکانیداو لەنێو پوشوپەڵاشی ڤێتنامدا بوو، کە جۆرەها چەك و تفاقی پێوەبوو وەستابوو، پرسیاری لێدەکرا، دوای ئـەوەی بەسـە ردوژمنەکانـیدا سـەکەوتووە چیدەکات؟ بەتـەواوی بـاوەڕەوە وەڵامی دایەوە: ناڕۆین... ئێمە ماوینەتەوە.

هـەروەك بەرێکەوتـیش نەبـووە کـە ژەنـەڕاڵ " کـۆڵن پـاول" لەهەمانکاتـدا بـۆ رۆژنامـەی " هێـراڵد تـریبیۆن" قسـەدەکاو دەڵـێ: " لەسەرمانە ئەوە لەبیر بکەین کە بەدرێژایی چل ساڵی رابردوو کردوومانە، مەبەستم لە پلانی بەردەوامماننـــە بـــۆ بەرەنگاربـــوونەوەی مەترسـیەکان، ئـێمە لەواقـیعدا خاوەنـی ئـەو رەفاهیەتـی بوونە نـین وەك ئـەو مەترسـیانە، تاوەکو پلان بۆ بەرەنگاربوونەوەیان دابنێین. ئێستا ئـێمە زلهێـزین. ئێستا ئێمە یاریکـەری سەرەکین لەشانۆی نێو دەوڵەتیدا، هەموو ئەو شتەی لەسەرێشمانە، پێویستە بیر لە ئێستا بکەیـنەوە، ئـەوە بەپرسـیارێتیمانە لەتـەواوی جـیهانو، بەرژەوەندیەکانمانـە کـە هەمـوو جیهان دەگرێتەوە.*

فرانسـیس فۆکـۆیاما دەرهاویشـتەی ئـەو سـاتەوەختەیە ، سـاتەوەختی دوای روخانـی یەکێتـــی ســـۆڤیەت وەك سیســـتەمێك، دەرهاویشـتەی ئـەو داکشانەی ئایدیۆلۆژیای مارکسـیزمیە کـە لەدەیەکانـی ئـەو دواییـەی رابـــردوو توشـــیبوەوە، ســـاتەوەختی دوای روخانـی دیـواری بـەرلین، گـۆڕانکاری زێـدەی گەلێك لەولاتە ئەوروپییە رۆژهەڵاتیەکان، بەرەو دیموکراســـیەتی لیـــبراڵ، ســـاتەوەختی گـــۆڕانکاری گەلــێك لـــە دیکـــتاتۆریەتە ســـەربازییەکانو سیســـتەمی دەســـەڵاتی تۆتالیـــتاریو وەخۆگرتنـــی دیموکراســـەت، ســـاتەوەختی ســـەرکەوتنی تەلەفـــزیۆنیانەی ئەمریکا لەعێراق و دەستخستنەناوی سۆماڵ لەلایـەن ئەمـریکاو دواجـار دەرهاویشـتەی ســـاتەوەختی هەرەشـــەکردن بەدەســـپێکی شەڕێکی نوێی ئەمریکی- عێراقیە.

بەهەقـیش فۆکـۆیاما بانگەشـەی داهێنانـی "یارییەکـی نـوێ"ی نەکـردووە هاوشـێوەی" ئەبم یان نابم" یان" ئینتیما بوو یان نائینتیما بـــوو" بەڵکـــو ئـــەوە تـــەنها ســـەرلەنوێ خوێـــندنەوەیەکە لـــەکارو بەرهەمەکانـــی " هیگل" و" کۆچیێڤ" ئەوە تـەنها تێبینـیەکە کـە دیموکراسـیەتی لیـبراڵ تـەواوی جیهانـی داگریکـــردووە بـــە خەزێنەکانـــی ئابـــووری بازاریشـــەوە، تـــەنها تێبینـــیەکە بـــەوەی مارکسـیزم دۆڕاندویەتـی هـەروەك بانگەشـەیە بـــۆ ئاهـــەنگ گێـــران بەســـەرکەوتن.. وا سـەرکەوتین، بـەو شـێوەیە فۆکـۆیاما دروشـم دەکێشێ.

-ئەوە جارێکی دیکە ئاهەنگ گێڕانە بەبۆنەی مەرگـی " مـارکس".. ئاهـەنگ گێـران نیـیە بەبـۆنەی روخانـی یەکێتـی شـۆڤیەت، ئەگـەر هەندێ ناویش وەك " فیدل کاسترۆ" یان" لی بـنگ"یـان" کـیم ئـیل سـۆنگ"یـش بمێـننو بەرەنگاری بکەن، هیچ گرنگیەکی نییە لە نێو مـێژووی فیکریـی سیاسـیو ئابـووری،ناوە نەمـرەکان ئـەو ناوانـەن کـە خاوەنـی تێـزو تیۆرییەکانن. جائەگەر سەرکەوتوو بوبن یان فشۆڵ.

لەواقـیعدا مـێژوو بـەرووە – فەلسـەفیەکەی_ چـەندین جـار بـەر لەدەرکەوتنـی فۆکـۆیاما ، کۆتایـــی هاتـــووە- دەســـپێك بـــە" قەشـــە

ئۆگستین"و بیرۆکەکەی لەمەڕ" شاری خودا" ، دواتر لەسەردەمی ڕێنیسانس لای " میکیاڤللی"و بیرۆکەکەی دەربارەی " نەتەوە"و لە "روناکی عەقڵ"ی لای ڤۆلتێرو " سروشتی مرۆڤی کۆمەڵایەتی، ناکۆمەڵایەتی" لای کانتو، " کامڵبوونی دەوڵەتی پڕۆسیا"ی لای هیگڵو، ئەمە جگە لە" کۆمەڵگای بێچین"ی لای " مارکس".*

وەلێ بیرۆکەی فۆکۆیاما دەربارەی کۆتایی مێژوو پێدەچێ سانا بێت- تارادەی سادەیی- وا دیموکراسیەتی رۆژئاوای ئازاد سەرکەوتو لەگەڵیشیدا رۆژئاوا سەرکەوت، ئێستا لەبەردەم ئەمریکایی و ئەوروپاییەکاندا شتێکی نوێ نەماوە، چاوەرێی بکەن. ئەو شتە نوێیە بەهۆی روخانی مارکسیزمو هەڵوەشانەوەی یەکێتی شۆڤیەتو پشتبەستنی وڵاتە دیکتاتۆریە باوەڕ دۆگماکانی پێشوو، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، بەسیستەمی ئازاد رویانداوە، ئەو سەرکەوتنە کەمەرشکێنە- بەرای فۆکۆیاما- دەرگای مێژووی دەخست، هیچ شتێکی نوێ دوای ئەمرۆ نەماوە، تەنها لەسنووری هەندێ چاکسازی بچووکو کەمدا نەبێت، وەلێ ئەمش تێناپەرێت بۆ ئەوەی ببێتە رووداوێکی مێژوویی.

فۆکۆیاما لەکتێبەکەیدا دەڵێ : تۆتالیتاریەت ئەو چەمکەیە کە لەرۆژئاوادا دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی بەگەشەسەندن کردووەو بۆ وەسفکردنی یەکێتی سۆڤیەتو ئەڵمانیای نازی بەکارهاتووە، تا ئەوکاتەی حکمەتە تۆتالیتاریە کلاسیکیەکان بە هیچ شێوەیەك مەبەستیان لە تێکدانی کۆمەڵگاکانیان نەبوو، دەبینین تۆتالیتاریەت- بەبەراورد- لەسەربنەمای ئایدیۆلۆژیایەکی روون بونیادنراوە، هەوڵدەدا بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگا گەلیەکەی بەتەواوەتی، لەمیانەی هەوڵەکانی بۆ تەحکومپێکردنی سەراپایی هاوڵاتیانو ژیانیان. دەوڵەتی تۆتالیتار روانینی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مرۆڤی سۆڤیەتی بوو لە رێگای گۆڕینی بیروباوەرو بەهاکانی بەشێوازی کۆنترۆڵکردنی چاپەمەنی و خوێندنو پەروەردەو پروپاگەندە، بەڵکو ئەو سیاسەتە درێژبوەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیوەندیە کەسیەکانی وەك هاورێیەتی و پەیوەندی خێزانی.

فۆکۆیاما بەردەوام دەبێت لەوەی بڵێ شیوعیەکان ئێستا خۆیان وا لەو هەڵوێستەدا دەبیننەوە لەهەوڵیان بۆ بەرگریکرد لەسیستەمی سۆسیالیستی کۆن کەوا ساتەوەختی بەسەرچووە هیچی بەدەستنەهێنا. ئەوان لەو باوەڕەیاندا وەك ئەو دەسەڵاتدارە تاکرەهەندانەن کەلەسەدەی بیستەمدا سەرکەوتوو بوون لەمانەوەیان.. ئەو هەرەشە ئایدیۆلۆژییەی کە شیوعیەتیش رۆژانێك ئاراستەی دیموکراسیەتی ئازادی کردبێ، کۆتایی هات. لەگەڵ کشانەوەی سوپای سووریش لە ئەوروپای رۆژهەڵات، وای لێهات هەڕەشەی سەربازیش جێگای باس نەبێت.

فۆکۆیاما دەڵێت- لەوانەیە شیوعیەکان لەهەندێ ناوچەی دیاریکراوی یەکێتی سۆڤیەتو ئەوروپای رۆژهەڵاتدا بگەڕێنەوە، وەلێ ئەو تۆتالیتاریەتەی کە نوێنەرایەتی دەکەن، وەك شتێکی لۆکاڵو نارێکخراو

دەمێنێتەوە، لەم بارەیەشەوە کاریان وەك کاری دیکتاتۆریەتە سەربازییەکان دەبێت، دەکەونە رووبەرووی بەرنگاریبوونەوەیەك کە هەڵاتن لێی ئاسان نییە.. ئەویش ئەوەیە ئەوان بەبێ سەرچاوەیەکی شەرعیەتن و شێوازێکی نوێ و ئەکتێڤیان لەبەردەستدا نییە بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووریە درێژخایەنەکان. کە بێشك رووبەرووی دەبنەوە. ئایدیۆلۆژیای تەنهاو هاوشێوە کە پشتئەستوورە بە شەرعیەتی راستەقینەیی لەو بەشەی جیهاندا تەنها دیموکراسیەتی ئازاد دەبێت.

فۆکۆیاما بەردەوامدەبێت و دەڵێت هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نییە جێگای ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی دیموکراسیەتی پێشکەوتوو بگرێتەوە، ئەمەش هیچ نەبێت بەشە نوێیەکانی جیهان پشتراستی دەکەنەوە، موڵکدارێتی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەسوورێکی فراواندا هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە پوکایەوە، فاشیزم و شیوعیەت کە دوو رکابەی سەرەکی دیوکراسیەت بوون، لە تێزە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیاندا راستگۆ نەبوون..هەتا ئەوانەی بەشێوەیەکی پراکتیکیش دیموکراسیەتیان وەك میتۆدێك لەخۆ نەگرتووە ، ئەوانیش بۆ گەواهی دانەوەی لادانەکانیان لەسیستەمی جیهانی کە ئێستا شێوە رێککەوتنێکی لەبارەوە هەیە، وایان لێهاتووە بەزمانی دیموکراسیانە قسە دەکەن.

فۆکۆیاما لەقسەکردنەکانیدا دەربارەی ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیایەکی لەئارا بۆ رکابەرێتی دیموکراسیەتی لیبراڵی، دەبینین بەتەواوی کۆنترۆڵی کردووەو بەشێوازە روونەکەی لەدەرکردنی حوکمی رەهایانەوە دەڵێت:

" وەلێ دەتوانرێ ئیسلام ئاورتە بکرێ-لانی کەم بەشێوەیەکی مەبدەئیانە- لەو حوکمە گشتیەی دەربارەی ئایدیۆلۆژیا رکابەرەکانی دیکەی دیموکراسیە. ئیسلام ئایدیۆلۆژیایەکی رێك و رێکخراو پێك دەهێنێ،وەك دیموکراسیەت و شیوعیەت، لەگەڵ دەلالەتە تایبەتەکانی لەبارەی ئەخلاق و ئاینزاکەی دەربارەی سیاسەت و دادی کۆمەڵایەتی، لەواقیعدا ئیسلام لە زۆربەی بەشەکانی جیهانی ئیسلامی هەرەسی بە دیموکراسیەتی ئازاد هێناوە ئەمەش بەئاراستەکردنی هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ هە کارێکی ئازادیخوازانە لەهەر وڵاتێکدا ئەگەر هێزێکی یاسایی گرنگیشی نەبێت. کۆتایی شەڕی سارد لە ئەوروپا خۆی لە قوتکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانە دژی رۆژئاوا بینیەوە لەلایەن عێڕاقەوە، کەوا ئاینی ئیسلام بەبنەمایەکی سەرەکی وگرنگ لەپێکهاتە ئایدیۆلۆژیەکەی دادەنرێ. لەگەڵ قسەکردن لەهەر راکێشانێکی ئیسلامی جیهانی، وەلێ یەك حەقیقەتی روون و پشتراستکراو دەمێنێتەوە کە ئەو ئایینە" ئیسلام" هیچ بەلاداچوونێکی لەدەرەوەی ئەو هەرێمانەدا نییە کە خاوەن رۆشنبیرییەکی ئیسلامی نیین.. سەردەمی غەزوەکانی رۆشنبیری ئیسلامیش بەسەرچووە لەوانەیە ئیسلام هەندێ جار هەواداری بێزاربوو لەبارێکی دیاریکراو بەلای خۆیدا کێش بکات.. وەلێ بۆنموونە هیچ سەدایەکی لەلایەن گەنجانی بەرلین یان تۆکیۆ یان مۆسکۆ نەبووە .

ئەگەرچی نزیکەی بلیۆنێك مرۆی خاوەن رۆشنبیری ئیسلامی هەن- یان پێنج یەکی دانیشتوانی جیهانی- بەلام ئەوان ناتوانن رکابەری دیموکراسیەتی ئازاد بکەن، کە لەرووی فیکریو تیۆری لەجیهاندا بوونی هەیە. لەواقیعدا رونتربلێین وایلێهاتووە لەتوانادابێ جیهانی ئیسلامی بەبیرۆکەی رزگارکاریانە ببەزێنرێ، چونکە ئەو جۆرە فیکرانە زۆرێك لە موسلمانانی بەهێزی لەسەدەو نیوی رابردوو کێشکرد. پێدەچێ ئەوە یەکێك بێت لە هۆکارەکانی ژیانەوەی ئسولێیەتی ئیسلامی کە هەست بەو هەرەشەیە بکات، کە ئەو کۆمەلگا ئسیلامیە کلاسیکیانە هەستی پێدەکەن بەهۆی بەزاندنیان بە بەهاو بیرۆکەی رۆژئاوای رزگاریخوازانە".

جارێکی دیکە فۆکۆیاما پەیامەکەی لەسەر رێگای کاوبۆییانە دوای دێنێ،رەگەزی مرۆیی بەلای ئەوەوە پێدەچێ هەروەك کاروانێکی درێژ وابێ کە داشقەکانی لەدارینو ئەسپ بەئاراستەی شارو لەرێگایەکی درێژی نێو جەرگەی بیاباندا رایکبێشێت، هەندێ لەو داشقانە ئاراستەکەیان بەوردی دیاریکراوەو بەزوترین کات بەشار گەیشتوون، هەندێکی دیکەیان لەلایەن ئاباش " هیندۆ سوورەکان"ەوە هێرشیان کراوەتەسەرو رێگایان ونکردووە، بەشی شێیەمیشیان دووری کاروانەکە ماندووی کردوونو بڕیاریان داوە لەنێوە راستی بیاباندا شوێنێك بۆمانەوە دیاری بکەنو لەفیکرەی گەیشتن بەشار ملیانداوە. لەکاتێکدا ئەوانەی رێگایان ونکردووە هاتوون بەدوا رێگایەکی دیکەدا دەگەڕێن بۆ گەیشتن بەشار، لەکۆتایدا هەموویان خۆیان وادەبیننەوە کە مەجبوورن لەسەر بەکارهێنانی هەمان رێگا – ئەگەر لەرێگای لابەلاو جیاوازیشەوە –بێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکەیان، بەدلنیایەوە زۆربەی ئەو داشقانە لە کۆتاییدا دەگەنە شار.

ئەو پەیتۆنانە کە دەگەن جیاواز نابن لەیەکتر تەنها لەیەك شتدا نەبێ، ئەویش ساتی دیاریکاوی گەیشتنیانە بەشار.. بەپەلە یان لەسەرخۆ دەگەنە دیموکراسیەتی لیبرالْ .. دواجار کۆتایی گەشتە درێژەکەیان .. کۆتایی مێژووە". ئێمەش چەند تێبینیەکی بەپەلەمان لەسەر فیکرەی فۆکۆیاما هەیە: یەکەمیان دژکاریەکی نێوخۆیی توند هەیە کە خاوەن تیۆریەکە تێیکەوتووە.. کە مۆژدەی بەجیهانی نوێدا بیرۆکەی دیموکراسیەتی لیبرالْ لەخۆبگرن، کەچی ئەو لێرە – بەشێوەیەك یان یەکی دیکە- فیکری تۆتالیتاری لەخۆ دەگرێ کە گەشەسەندنی مرۆیی تووشی بەستەلەکی دەکاتو دەیخاتە نێو چەند قالبێکی پێشوەخت وێناکراو، ئەمە گەڕانەوەیە لەدەرگای دواوە بۆ فیکری تۆتالیتاری کە – لەهەمانکاتدا- ئەو فیکرە دیموکراسیە لیبرالیەی فۆکۆیاما مۆژدەدەریەتی، رەتیدەکاتەوە.

تێبینی دووەم: پەیوەندی بە جێبەجێ کردنی پراکتیکیانەی ئەو سیستەمە نوێیە هەیە کە فۆکۆیاما بانگەشەکەریەتی نموونەمان لێرەدا" بۆسنەو هێرسك"ە، جەوهەری مەسەلەکە لە " بۆسنەو هێرسك"دا هەولێ لەناوبردنی ئەتنیانە نەبوو ئەمە – تەنها روخساری دەرەوە بوو- بەلکو مەسەلەکە خۆی لە رەتکردنەوەی رۆژئاوای

لیبرالْدا دەبینییەوە بە بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەنێو جەرگەیدا( ئەگەر ئیسلام هەڵبژاردەیەکی ئازادانەی خەڵکەکەش بێت لەو دەوڵەتەدا) ئەو هەڵوێستەش دژکارە، دژکاریەکی جەوهەرییانە لەگەڵ دیموکرایەتی لیبڕاڵ کە(ئەوانی دیکە) ناناسێ، کەوا مۆژدەی کۆمەڵگایەك دەدات تێیدا هەموو مرۆڤەکان بەدەر لە رۆشنبیریو رەگەزو ئاینیان ئاوێتە دەبنو داهێنان دەکەنو پێکەوەدەژین. بەڵام تێبینی سێیەم خۆی لەو سیاسەتە دەبینێتەوە کە کۆمەڵگا دیموکراتە رۆژئاواییە لیبراڵیەکان چەند ساڵێك دەبێت گرتویانەتەبەر بۆ دەربازبوون لە ( رەشپێستو سەررەشەکان) ( بێگانەکان) کەلە کۆمەڵگا سپی پێستەکانیاندا بوونیان هەیە. دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵگا رۆژئاواییانە کاریان پێنەماوون، بەمەبەستی لەناوبردنی بێکاریی ئەو کەسە (بێگانانە) لەرابردوودا کە چوونەتە ئەو کۆمەڵگایەنەوە بەپێی بنەمای بازاڕی سەرمایەداری چوون، ئەو یاسایەی کە بنەمای ئابوورییانەی فیکری لیبڕاڵیە، دەرازبوون لەو بێگانانە گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵگای نەتەوەیی داخراو بەسەر یەك فەرهەنگو ئەتنیکی دیاریکراودا، یان گەڕانەوەیە بۆ رەگەزپەرستیو نەتەوەگەریو رەگەزپەرستی- هەروەك فۆکۆیاما خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە- هەروەك ئێمەش دەزانین کە دوو رکابەری دیمکراسیەتی لیبراڵین.

تێبینی کۆتایی: پەیوەندی بەو رۆڵە نوێیەوە هەیە کە" نەتەوە یەکگرتووەکان"-دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت-بۆحسابی دەوڵەتە رۆژئاواییە بەهێزەکان دەیگێڕێ( کەهەمان دەوڵەتی ئیمپریالیستی کۆن)، بڕیاری جێبەجێ کردن لەنەتەوە یەکگرتووەکان وایلێهاتووە بەدەستی ئەو دەوڵەتانە بێت. هەروەك رۆژئاوا زۆر بەشی ئەو جیهانەی بەناوی ئینتیدابەوە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەبەر چاوو گوێی " کۆمەڵەی گەلان" داگیرکرد کە دەزگای پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێستا بوو.. پێشبینی گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئیمپریالیزم دەکرێ بەڵام ئەمجارەیان لەژێر لافیتەی نەتەوەیەکگرتووەکان( مەبەست لێرەدا ئەمپریالیزم بەهەموو شێوەکانیەوەیە ، هەتا ماددیەکەشی) پرسیار لێرەدا ئەوەیە کوانێ دیموکراسیەتی لیبراڵ کە لەهەموو ئەمانەدا کۆتایی مێژوو پێکدێنێت؟* لەکۆتاییدا پەیامی فۆکۆیاما تەنها وەك پەیام دەمێنێتەوە،لەوەیاندا وەك پەیامی ( هیتلەر) دەربارەی " رایخی سێیەم" کەوا هەزار ساڵ دەژێت، یان پەیامی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمی دەربارەی" یۆتۆپیای بەڵێن پێدارو" یان پەیامی" شپنگلەر" دەربارەی " روخانی رۆژئاوا".

وەرگێری عەرەبی

## هەولّی پێشەکی




بیرۆکەی ئەو کتێبە بۆ ئەو وتارە دەگەڕێتەوە کە هەڵگری هەمان ناونیشان بوو مەبەست "کۆتایی مێژوو"ە، کە لەهاوینی ساڵی ١٩٨٩دا نوسیبووم(١). تیایدا چارەسەری هاوئاهەنگی نێوکۆیم کردبوو لەسیستەمی "سەرمایەداری لیبراڵدا"وەك سیستەمی دەسەلات، کە لەو دواییەدا بەرەو بەشەکانی تری دنیا دەکشا، ئەو جەختکردنەوەیەش چۆن بوو بەهۆی سەرکەوتنە یەك بەدوای یەکەکانیدا بەسەر ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەی وەك: موڵکداریتی بۆماوەیی و فاشیزمو دواجار شیوعیەت. هەروەك لەهەمان وتاردا ئەوەشەم خستبووە روو بیرۆکەیەك وای دەردەخست کە هەمان ئەو سیستەمە"سەرمایەداری لیبراڵی" یە شێوەی قۆناغی کۆتایی لەگەشەسەندنی باوەڕگەریانەی رەگەزی بەشەری پێکهێناوە، هەروەك دەبێتە سیستەمی دەسەلاتی هەرچاك، بەمانایەکی دیکە گەیشتن بەو سیستەمە "کۆتایی مێژوو"ە.

ئەووتارە زۆرێك لەگفتوگۆو بەدواداچوونی لەولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو دواتر لەدەوڵەتی دیکەی وەك فەرەنساو ئینگلتەراو ئیتالیاو یەکێتی سۆڤیەتو هی تریش نایەوە. لەچاوخشاندنم لەو بەدواداچوونو گفتوگۆیانە بۆم دەرکەوت ەکە زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی هەڵە بۆ بەکارهێنانی واژەی" مێژوو" بەرجەستەبوون. وەك تێگەیشتن لەمێژوو بەشێوە کلاسیکیەکەی وەك ئەوەی " رووداوێکە روودەدات" وای لەزۆریان کردبوو هەولی ئەوە بدەن کە فیکرەکە هەڵەیە، بەهۆی ئەو خستنە رووەی بەدوای یەکدا هاتنی رووداوەکان کەوەك رووداوی مێژوویان مەزنە کردبوو، وەك روخانی دیواری بەرلینو داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقوهی تریش. بەوەش کۆتاییان هێنابوو کە مێژوو بەردەوامەو کۆتایی نەهاتووە وەك گوتبووم.

وەلیٚ ئەوەی خستبوومەروو مەبەستم بەوەستانی بەردەوامبوون نەبوو، بەدوایەکدا هاتنی رووداوەکان ئەگەر فرە یان ترسناك بن، وەلیٚ وەستانی مێژوو ، مێژوو وەك چەمکێك لای خۆمو لای گەلێکی

جیا لەمن کە تاقیکردنەوەیەکی مرۆییە بەشێوەیەکی بەردەوام بەیەکەوە بەستراوەو گەشەدەکات. وا تێدەگەم ئەم تێگەیشتنە تارادەیەکی زۆر هاوئاست دەبێت لەگەڵ دیدی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی " هیگڵ" بۆ مێژوو. کە بۆبەشێك لەژیانمان وەرگەڕا، کاتێك کارل مارکس لە " هیگڵ"ی خواست. لەکاتی بەکارهێنانیدا بۆ ئەو دەستەواژانە لەنێوکۆدا دژکاریەك لەخۆدەگری وەك: سەرەتایی و گەشەسەندوو، کلاسیکی و نوێ، لەکاتی ئاماژەکردنمان بۆ شێوازی جیاواز لەکۆمەڵگا مرۆییەکان، بۆیە هەردوو فەیلەسوف " هیگڵ و مارکس"، تەماشاکردنی مێژوو بەو پێودانگەی گەشەکردنێکی زێدەیانەی کۆمەڵگا بەشەرییەکانە،لەشێوەی خێڵەکی سادەی پشتبەستوو بە کشتوکاڵی جێگۆڕ لەرێگای زۆرێك لەشێوەو سیستەم، وەك مافی خواهانە لەدەسەڵات و مۆڵکە دەستبەسەراگیراوە تاکانەییەکان و سیستەمی کەمینەیی و ئەرستۆکراتی و حکومەتە سەربازییەکان و هی تریش. تاوەکو لەکۆتاییدا دەگاتە شێوەی دیموکراتی یان سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی هەروەك پێشتر ناومان برد. هەریەکە لەهەردوو فەیلەسوفەکەش هیگڵ و مارکس باوەڕیان وابوو کە ئەو زێدە گەشەسەندنەی کۆمەڵگای مرۆیی تاوەکو ناکۆتا بەردەوام نابێت. بەڵکو مەحکومە بە گەیشتنی مرۆڤ بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵگاکەی بەشێوەیەك کە پێویستیە بنەڕەتیەکانی بەدەست بهێنێ، لەکاتێکدا بەو شێوەیە دەگات، ئەو گەشەسەندنە دەوەستێ، یان بەمانایەکی دیکە مێژوو دەوەستێ. لەکاتێکدا ئەو میسالیەتە لە کۆمەڵگا لەلای هیگڵ لەسیستەمی سەرمایەداری لیبڕاڵی بەرجەستە دەبێ، لای مارکسیش لەسیستەمی سۆسیالیستی بەرجەستە دەبێ، ئەمەش هیچ شێوەیەك وەستانی رووداوەکان ناگەیەنێ، ژیان بەدەوامە لە بوونەوە تاوەکو مردن، هەروەك تەقینەوەی رووداوەکان بەردەوام دەبێت چ گرنگ یان ناگرنگ، هەروەك رۆژنامەکان لەگەڵماندا هەموو رۆژێك بەردەوام دەبن، تابلۆ هەواڵیەکانیش بەردەوام دەبن، بەلاّم تاکە جیاوازی ئەوەیە کە هیچ گەشەسەندنێك یان پێشکەوتنێك دوای ئەمرۆ نابێت کە پەیوەست بێت بە بنەماو باوەڕو دامودەزگاکانەوە. ئامانجی ئەو کتێبە خستنەرووی پرسیارێکی کۆنە سەر لەنوێ کە: ئایا زێدە گەشەسەندنی مێژوویی، زۆرینەی هەرە گەورە لەمرۆڤ بەرەو سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی دەبات؟ ئەو وەلامەی کە توانیومە پێبگەم ئەوەیە... بەڵێ.

فرانسیس فۆکۆیاما

### بەشی یەكەم

# پرسیارێكی كۆن سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە

## پاژی یەكەم

## ڕەشبینیەكان

"ئەمریكیەكان بەسروشت میللەتێكی گەشبینن" ئەم وتەزایە لەوانەیە باوەڕپێكراوبێت ئەگەر بەشێوەیەكی فەردییانە سەیری بكەین لەوەی پەیوەستە بە تەندروستی و خۆشگوزەرانی و، ئایندەو شتی تر. وەلێ ئەگەر هەوڵبدەین بەهەمان لۆژیكی گەشبینانە هەڵسوكەوت لەگەڵ شتی دیكەی وەك ئەو پرسیارەی لێرەدا دەیخەینەروو بكەین كە: ئایا مێژوو بەردەوام دەبێت یان كۆتایی هاتووە؟ بارەكە جیا دەبێت.

گەورەترین عەقڵ و فكرێكی ئەو سەدەیە بڕێ هۆكارێكی پێ نییە، بۆ ئەو باوەڕەی كەپێمان وابێ جیهان بەرەو ئەوەی ئێمە لە ڕۆژئاوا پێیدەڵێن دامودەزگای سیاسی شایستەو مرۆیی دەڕوات، مەبەستمان دیموكراسیەتی لیبراڵ یان دیموكراسیەتی ئازادە، كەلێرە بەدواوە واناوی دەبەین.

گەورەترین بیرمەندانیش بەو كۆتاییە گەیشتن كە هیچ شتێك لەمێژوو ناچێ. ئەمە پۆلێنكردنێكی لۆژیكیانەو بەدوایەكدا هاتنێكی فراوانە بۆ ڕووداوی مرۆییانە. شارەزایشمان فێری كردووین، كە ئایندە مەیلی بەلای لێكدانەوەی نوێ و ناگریمانەییدا ناچێ، لەوەی وەك دیكتاتۆریەت و فەنابوونی خوێناوی، تارادەی گرنگی ژانی مرۆیی لەمیانەی دەرخستنی ڕۆڵی بۆچوونی سۆسیالیستی نوێ، ئەو بارگرانیە ناپێشوەختانەی كە لەسەرمای زستانی سەخت كە تێیدا دەژین بەئاگامان دێنێ و بەرەو گەرمبوونەوە ڕاماندەپێچێ.

لەهەردوو لای دژ بەیەكیشدا ڕەشبینیەكانی سەدەی بیستەم دەوەستێت، كەلەركابەرێتیەكی توند دایە لەگەڵ ئەو گەشبینیەی كە سەدەی نۆزدەهەمی داپۆشیوە. لەگەڵ ئەوەی ئەوروپا بەچەندین شەڕوشۆڕ سەدەی نۆزدەهەمی تێپەڕاند، وەلێ ئەو سەدەیە بەكردەوە –بەبەراورد– سەدەی ئاشتی و گەشەسەندنێكی ڕەفاهیانەی ماددی بێ وێنەبوو.

لەمیانەی سەدەی نۆزدەهەمدا دوو ئاستی هاورێك شایەتی ئەوگەشبینیە بوون: ئاستی یەكەم پەیوەست بوو بە زانستی نوێ و ڕۆڵی لەگەشەسەندن و باشتركردنی ژیانی مرۆیی، لەرێگای ململانێ و كۆتایی پێهێنانی نەخۆشی و هەژاری و هەوڵدان بۆ كۆنترۆڵكردنی سروشت و خستنەژێر ركێفی

مرۆڤ، بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە. ئاستی دووەم خۆی لەو باوەڕەدا بینیەوە کە بیرۆکەی حکومەتە دیموکراتیە ئازادەکانە، دەکرێ بەردەوام بێت لەبڵاوبوونەوەی لەسەرخۆی بۆ ئەوەی وڵاتانی زۆرترو زێدەتر لەو جیهانە هاوچەرخەدا بگرێتەوە، وەك ئەوەی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا پێشبینی کرد. بەوشێوەیەش دەکرێ دەست بەسەر بەهەموو دەسەڵاتێکی فەردیانەدا بگیرێ‌و، جیهان بەرەو بارێکی سیاسی وابروات، تێیدا بیرۆکەی ملکەچی کوێرانە بۆ دەسەڵات لەناوبچێت‌و لەجێگایدا دەسەلاتێکی خۆجێی شایستە بچەسپێ‌و خەڵك مەجبوور نەبن جگە لە خۆیان مل بۆ هیچ سەروەرێك کەچبکەن.

لەچوارچێوەی ئەو بزوتنەوەیە بەرەو شارستانیەت، دەکرێت شرۆڤەی گەلێك لەو ڕووداوانە بکرێ- بەشەرە بەردەوامەکانیشەوە وەك ئەوەی ناپلیۆن بەرپایکرد-و بەهۆی دەرئەنجامەکانیەوە بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دانران، چونکە بووە هۆی فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی کۆماری، دواجار تەواوی مێژوو هاوشێوەیەو، دەکرێ لە پێچاوپێچی‌و گۆڕانکارییەکانیشی لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەسەردەمی نوێدا بەرەو باشتر دەروات(١ ) لەگەڵ وردوخاشکردنی ئەو ئومێدو پێشبینیە گەشبینانەی پێشتر، بەشێوەیەکی سەخت‌و توند سروشتی بوو لێی تێبگەین‌و بگەینە ئەو قۆناغەی ڕەشبینی کە سەدەی بیستەممانی داپۆشیی. جەنگی جیهانی یەکەم ڕووداوێکی ترسناك بوو،بەوەی ئەوروپیەکانی تووشی بێ باوەڕی کرد، بێگومان ئەوجەنگە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە سیستەمی سیاسی کۆن، کە خۆی لەحکومەتە تاك ڕەهەندەکان دەبینیەوە، وەك حکومەتەکانی ئەڵمانیاو نەمساو ڕوسیا.

بەدرێژایی چوارساڵ لەجەنگی وێرانکاری بێ وێنە، کە تێیدا —هەندێ جار- لەرۆژێکدا دەیان هەزار کەس دەمردن، ڕووداوی شڵەژانێکی شاراوەبوو بۆ جوانترین داستان کە بەدرێژایی سەدەیەك هوشیاری خەڵکی داگرتبوو.(ئەوەیە کە جیهان بەرەو باشتر دەروات)، دواجاریش بووە هۆی سەراوژێرکردنی سەراپایی بیرۆکەی پێشکەوتن‌و ، بوونێکی ئاشکراش بۆئەو فەزیلەتە نەمایەوە، وەك فەزیلەتی وەلائبوون، کاری جدی‌و هەوڵی بەردەوام‌و نیشتیمانپەوەری لەسایەی پرۆسەیەکی جێگیرو ڕێکخراودا کە: لەناوبردنی ئەوانی تر بوو، بووە هۆی کەمکردنەوەی گرنگی چینەکانی ناوەڕاست، ئەو چینانەی خوڵقینەری ئەو فەزیلەت‌و بەهایانە بوون. ئەمە لەکاتێکدابوو سەربازی گەنج" پۆل" کە قارەمانی ڕۆمانی "هەمووشتێك لەبەرەی ڕۆژئاوادا ئارامە"ەی " ئەریك ماریا ریمارك" بوو دەربڕی هەموو ئەو ورەدابەزینەبوو لەو قسەیەداو گوتی:" ئەوەی تایبەتە بەئێمەی گەنجانی تەمەن ١٨ ساڵ، لەسەر

ماموستاكانمان بوو لەخويندنگاكانماندا ابەمان بن، بۆ جيهانێكی نوێ لەكاركردن و ئەرك و پێشكەوتن بەرەو ئايندەيەكی باشتر..وەلی لەگەڵ يەكەم مردندا، بينمان ئەو باوەڕەمان وێران بوو"."پۆل" كۆتايی بەقسەكانی هێنا ، وەك ئەوەی پێشبينی ئەوەی بكات كە دواتر گەنجانی ئەمريكا لەكاتی شەڕی ڤێتنامدا گوتيان:" ئەوەی ئێمە هەيەو هەر دەشبێ زياتر لەئەوەی خۆيان باوەڕی پێبكرێت". لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو بيرۆكەيەی : لەوانەيە پێشكەوتنی پيشەسازی لە ئەوروپا ببێتە هۆی شەڕێك بەبێ هيچ مانايەكی ئەخلاقی، بۆيە پرۆتستۆی هەموو هەوڵەكان دەكرا لەپێناو دۆزينەوەی شێوازێك يان مانايەكی فراوانتر بۆ مێژوو،مێژوونووسی بەناوبانگی ئينگليزيش" فيشەر" نووسی: " زۆرێك لەوانەی لەزانست و حيكمەت لەمن لەپێشتربوون، توانيان شارەزای شێوازو ريتمی حەتميانە بێن لەمێژوودا،وەلی ئەو هاوئاهەنگيانە تائێستا لەمن ونن، ئەوەی بەتەنها دەتوانم ببينم، ترسناكييەكە بەدوای ترسناكييەكی ديكەدا وەك ئەوەی شەپۆڵ بەدوای شەپۆڵدا دێت".

ئاشكرايە جەنگی جيهانی يەكەم تەنها سەرەتايەكی بۆ ناسسينی شێوازی نوێی شەڕ پێكهێنا، كە لەسەرروبەری رووداندا بوو، جا ئەگەر زانستی نوێ چەكی نوێی بەهێزو وێرانكەری و سەرسوهێنەرو بێوێنەی پێشكەش كردبێ، ئەوا زانستی سياسی نوێش بيرۆكەی نوێی دەربارەی دەوڵەتی نوێی بەهێزی نائاسايی پێشكەشكرد، كە تواناو هێزی تەواوی پۆليسی و ژمارەيەك پارتی سياسی و چەندين ئايديۆلۆژيا كە لەبنەڕەتدا ئامانجيان دەسەڵات گرتنەدەستە، لەهەموو لايەنەكانی ژيانی مرۆڤ لەپشتيەوەن، ئەو بيرۆكەيەش بووە هۆی بەدەركەوتنی وشەيەكی نوێی داتاشراو كە بە: تۆتاليتاريزم **totalitaranism** گوزراشتی لێكرا.ئەو دەوڵەتە نوێيە چاوچنۆكيەكەی بەرادەيەكە كەمتر لە كۆنترۆڵكردنی جيهانی قەبوڵ نييە.ئەو تاوان كوشتنە دڕندانەی ئەو سيستەمە تۆتاليتاريانە وەك( هيتلەر لەئەڵمانياو ستالين لەرووسيا) بەرپايانكرد، بەدرێژايی مێژووی مرۆڤايەتی بێ وێنەن. لەراستيشدا ئەمە ديوی دواوەی گەلێك لە ستەمكارانی پێش سەدەی بيستەم بوو.هيتلەرو ستالين تەكنەلۆژياو رێكخستن ساسيان بۆ خزمەتی جەنگ بەكارهێنا، لەرابردوودا تەكنەلۆژيا لەبەردەستی ستەمكارە كلاسيكيەكاندا نەبوو، كاتێك دەسەڵاتی لەناوبردنی توێژێكی تەواوی دانيشتوانيان هەبوو وەك قڕكردنی يەهودييەكان لەئەوروپاو قەوقازييەكان لەيەكێتی سۆڤيەت، ئەمە وايكرد گەشەسەندنی زانستی و سياسی لەو سەدەيەدا كارێكی موكين بێت. لێرەشەوە دەستەواژەيەكی نوێ هاتەپێشەوە كە " جەنگی سەرتاسەرييە" ئەمەش پابەندييەك

بوو لەلایەن حکومەتە دیموکراتیەکان بۆ خۆپاراستنیان لەو هەڕەشەیە، بەمەش چەندین ستراتیییەتی سەبازی نوێی، وەك بۆمبارانکردنی درسدن و هێرۆشیما بەناپاڵمیان بونیادناو، لەرابردوودا بەچەکی ستراتیژیی سەربازی وێرانکار ناوبرا.(١)
لوکاتێکدا " ستالینیزم" لە ولاتە نیمچە ئەوروپییە دواکەوتووانەدا بە دەسەلاتی ستەمکارییان ناسراو بوون سەریهەڵدا، دیاردەی سوتاندنی بەکۆمەڵ کە بە" هۆلۆکۆست" ناسراوە، لەدەوڵەتێکی پێشکەوتوو لەرووی پیشەسازییەوە روویدا، کە یەکێك لەگەورەترین کۆمەڵگا ئەوروپیەکانە بەژمارەو لەرووی رۆشنبیریی و زانستیشەوە. ئەگەر موکین بێت ئەو شێوە دیاردەیە لەئەڵمانیادا سەرهەڵبدا، ئایا بۆ لەهیچ دەوڵەتێکی تری پێشکەوتوو سەرهەڵنادا؟ ئەگەر بێت و گەشەی ئابووری و زانستی و رۆشنبیری گرانتیکی دژ بەسەرهەڵدانی دیاردەی وەك نازیزم بن، ئایا ئامانج لەگەشەکردنی مێژوو چی بووە؟
شارەزاییەکانی سەدەی بیستەم پشکداریان لەئالۆزییەکانی پێشکەوتنی ئاستی زانستی و تەکنەلۆژییدا کردووە،توانای تەکنەلۆژیش بۆ باشتر کردنی ژیانی مرۆیی پشت بەستە بە پێشکەوتنی ئەخلاقیانەی تەریب لەگەڵ گەشەکردنی زانستی، بەبێ ئەو ئەخلاقیاتەش توانای تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتی جەنگ دەگۆڕێت، ژیانی مرۆڤایەتیش زیاتر لەوەو پێش نالەبار دەبێت. چەندین جەنگ لەمیانەی سەدەی بیستەم رویانداوە، کە بەبێ گەشەسەندنی بنەڕەتیانەی شۆڕشی پیشەسازی وەك ئاسن و پۆڵا و ئامێری سوتاندنی نێوخۆو فڕۆکەو هی تریش، روویان نەدەدا؟
هەر لە کارەساتی ئابوروبەرانەی هێرۆشیماشەوە بگرە، مرۆڤ لەژێر سایەی ترسناکترین گەشەکردنی تەکنەلۆژیدا دەژی، چەکی ئەتۆمی، ئەو گەشەسەندنە ئابوورییە سەرسورهێنەرەی کە زانستی نوێ بەدیهێناوە، لایەنی تارکیشی هەیەو بۆتە هۆی زیانلێدانی فرە بە زۆر بەشی ئەو هەسارەیەی ئێمە کە زەوییە. هەروەك بووە هۆی زیاترکردنی کارەساتی ژینگەیی سەرتاسەر.
دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە کە تەکنەلۆژیای زانیاری نێودەوڵەتی و ئامرازەکانی گەیاندنی راستەوخۆی نوێ بەشدارییان لەبلاوبوونەوەی بەهاو بنەماکانی دیموکراسیەت کردووە، هەروەك ئەو کاتەی رایەڵەی CNNی نێودەوڵەتی پرۆسەی داگیرکردنی مەیدانی" تای نان من" Tienamenی ساڵی ١٩٨٩ بەدونیادا پەخشکرد، یان شۆڕشەکانی ئەوروپای رۆژهەلات لەکۆتایی هەمان ساڵدا بلاوبوونەوە، هەروەك بۆچوونەکانی ئایەتوڵلا خومەینی پێش شۆڕشی ١٩٧٨ی ئێران لەسەر کاسێت بلاوبوونەوە. ئەگەر تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی گەیاندنی نێودەوڵەتی راستەوخۆ لەسییەکانی ئەو

سەدەیەشدا هەبوان ئەوا بەشێوەیەکی کاریگەر لەلایەن بەرپرسە پروپاگەندەییەکانی نازیزمی وەك " لینی ریڤنشتال و جۆزێف گۆبلز" بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی فاشیەت لەجیاتی بیروباوەڕی دیمکراسیەت بەکاردەهێنران.

ئەو رووداوە خوێناویانەی سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینی، بوونە هۆی دەرکەوتنی کێشەیەکی زەینی زۆر ئاڵۆز، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم زۆربەی خەڵکی ئەوروپا پێیان وابوو گەشەکردنی مێژوویی بەمانای گەشەکردنە بەرەو دیموکراسیەت، وەلێ دوای ئەوەی رۆژئاوا پێی نایە ناو سەدەی بیستەم،جیاوازییەکی ئاشکرا دەربارەی ئەو مەسەلەیە روویداو ململانێ لەنێوان ئایدیۆلۆژییەکان بەو شێوەیە بەرجەستەبوو: دیموکراسیەتی ئازاد وەك ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەخۆو، فاشیزم و شیوعیەت وەك دوو ئایدیۆلۆژیای رکابەری سەرەکی. لەلایەکی دیکەوە ئەو دووئایدیۆلۆژیایەش روئیایەکی نوێیان لەبارەی کۆمەڵگایەکی باش پێشکەشکرد کە لەرووی –تیۆری و پراکتیکیەوە– جیاوازبوون لەو روئیایەی کە ئایدیۆلۆژیای دیکە مەبەست( دیموکراسیەتی ئازادە) پێشکەشی کردبوو. لێرەدا وایلێهات خەڵك لەرۆژئاوا پرسیار لەمەڕ ئەوە بکەن کە ئاخۆ دیموکراسیەتی لیبراڵ سیمایەکی گشتی رەگەزی مرۆییە یان تەنها وەهمێکە؟ یان ئاخۆ باوەڕبوونی پێشتریان بەخۆیان، تەنها جۆرێك بووە لە دەمارگیری تەسکبینانە لەلایەن خۆیانەوە!!.. ئێستا وایلێهاتووە هەموویان پرسیار لەمەڕ جیهانی بوونی بەها تایبەتیەکان دەکەن. هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم وەك " وێرانکردنێکی خود"و سیستەمی ئەورپایی بوون، کە کاریگەرییەکی ئاشکرای بەجێهێشت و خۆی لە لاوازکردن و کورتکردنەوەی "بالایی عەقلیەتی ئەوروپی" بینییەوە تاوایلێهات جیاکردنەوەی نێوان کەسی شارستان و بەربەری کارێکی گران بێ، ئەو سیفەتە لەسەدەی نۆزدەهەمدا غەریزەیەکی ئەوروپیانە بوو. لەجیاتی مێژووی مرۆڤایەتی خاوەن یەك ئاراستەش، مەسەلەکان وادەستیان پێکرد کە چەندین ئامانج هەن ، هەروەك چەندین گەل و شارستانیەت هەن، بەبێ هیچ جیاوازییەك یان هەر جۆرە جیاکارییەك کە پەیوەندی بەدیموکراسیەتی ئازادەوە هەبێت لەنێوان ئەو گەلانەدا.

لەو سەردەمەی ئێستاماندا، ئاشکراترین رەشبینی ئەو باوەڕە جیهانییە بوو، لەبەرامبەر بوون و بەردەوامبوونی هێزی شیوعی تۆتالیتار، کەببێتە رکابەر لەگەڵ دیموکراسیەتی ئازادی رۆژئاوادا. کاتێك " هێنری کیسنجەر" وەزیری دەرەوە بوو، هاوڵاتیانی خۆی لەو ئاگاکردەوەو گوتی:" بۆیەکەم جارە لەمێژووماندا رووبەووی واقیعێکی رەها دەبینەوە، بەوەی کە بەنگاربوونەوەی شیوعیەت بێکۆتاییە،

پێویسته بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە فێربین، هەروەك وڵاتانی دیکە چەندین سەدەیە بەڕێوەی دەبەن". بەپێی قسەکانی کیسنجەر خەونێك بوو کە جیهانی رۆژئاوا بتوانێ سەرلەنوێ ئەو پێکهاتە بنەڕەتیە سیاسیی و کۆمەڵایەتیانە لەهەمبەر هێزێکی دوژمنکارانەی وەك رووسیا رێکبخاتەوە.

لێرەوە مەبەست لەپێگەیشتنی سیاسی ئەوەیە کە جیهان وەك خۆیو، هەر وەك چۆن بووەو، نەك وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێ چۆن بێت قەبوڵ بکەین، ئەمەش بەئاسایی مانای حەتمیەتی گەیشتن بەرێککەوتن دەگەیەنێ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا.

ئەو دیدەی کیسنجەر لەو کاتەدا دیدێکی تاك رەهەندانە بوو، لەواقیعدا هەر کەسێك بەپیشە پەیوەست بێت بە لێکدانەوەی سیاسیی و سیاسیەتی دەرەوە بەردەوام شیوعیەتی لەبەرچاوبووە، لەبەر ئەو هۆکارەش دارمانی یەکێتی سۆڤیەت لەکۆتایی هەشتاکاندا بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانکراو نەبوو. ئەمەو راستڕەوەکانی رۆژئاواش بەهیچ شێوەیەك قەناعەتیان وانەبوو، شیوعیەت هیچ شەرعیەتێکی لەدیدی ئەو گەلانەی حوکمیان دەکەن بەدەستهێنابێ، هەروەك راستڕەوی رۆژئاوایی باوەڕیان وابوو کە "کۆمەڵگایەکی فشۆڵی" وەك یەکێتی سۆڤیەت، هیچ کلیلێکی بۆ بەدەستێهێنانی هێز لەرێگای ئەو داهێنانەی کە بەناوی" تۆتالیتاریەتی لینینزمی" بوو، نەدۆزیەوە، ئەو تۆتالیتاریەتە بەهۆیەوە گروپێك لەدەسەڵاتدارە تاك رەهەندە بیرۆکراتیەکان دەتوانن ململانێ لەگەڵ هێزی رێکخستنو تەکنەلۆژیای نوێ بکەنو مومارسەی دەسەڵاتیان بەسەر پانتایەکی فراوانی خەڵك بکەن. تۆتالیتایزم سەرکەوتوونەبوو لەچاندنی ترسو تۆقاندن لە دڵی خەڵکدا، وەلێ سەرکەوتوو بوو لەمەجبوورکردنیان بە قەبوڵکردنی بەهای برپرسە شیوعیەکانیان کە ئەمەش یەکێك لەجیاوازیە سەرەکیەکانە، کەوا جان کیرکپاتریك JeanneKirkpatris لەوتارە بەناوبانگەکەی کە لەساڵی ١٩٧٩ بڵاوبوەوە وێنایکردبوو(١)، تێیدا جیاوازی لەنێوان شێوازی دەسەڵاتی راستڕەوی کلاسیکیو شێوازی حکومەتی تۆتالیتاری چەپگەرا کردووە.

لەکاتێکدا حکومەتە راسترەوە کلاسیکیەکان بوارێك بۆ دابەشکردنی سەرەوتو سامان بەجێ دەهێڵن، خواوەندی کلاسیکیش لەبەرچاودەگیرێ، هەوەك پیرۆیە کلاسیکیەکان بەهێند هەڵدەگرێ، لەبەرامبەردا حکومەتە تۆتالیتاریەکان بەرەو سەپاندی دەسەڵاتی رەهایان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا چوونو پیرۆزیو دابونەریتیان بەزاند، ئەو حکومەتانە توانای تەحەکومکردنی بەهێزی کۆمەڵگایان هەبوو، تا ئەو رادەیەی کە لەبنەرەتدا قابیلی گۆڕان یان سەرلەنوێ بونیادنانەوە نەبوون. بەو شێوەیە مێژووی ئەو سەدەیە هیچ ئومێدێکمان پێنادا، کە شێوازی دەسەڵاتی تۆتالیتاریستی بگۆڕێت یان لەخودی خۆیدا وەرچەرخێت.

لەبەرامبەرئەو جولانەوە نێوخۆیەی دەولەتانی خاوەن سیستەمی تۆتالیتاری هەندێ بێباوەڕی هەیە لەسیستەمی دیموکراسیدا، " کیرکپاتریك"یش گوزارشت لەو بێباوەڕییە بەو شێوەیە دەکات: کەمێك لەولاتانی جیهانی سێیەمی نادیموکراتی دەتوانن بۆ سیستەمی دیموکراتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بگۆڕێن، وەلێ توانای گۆڕانی حکومەتە شیوعیەکان بۆ دیموکراسیەت لەبەرچاو ناگیرێت. بۆ شایەتیدان بەزەروورەتی فرەهەندی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری پێویست بۆ گۆڕانکاری سەرکەوتوو بۆ دیموکراسیەت " کیرکپاتریك" لەرەخنەگرتنی فیکرەی گۆڕان بۆ سیستەمی دیموکراتی لەچ کات و شوێنێکدا بەردەوام دەبێت. جەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دیموکراسیەت تووشی بارگرانی زۆر دەبێتەوە کە رێگر دەبن لەبەردەم توانای لەسەر جێبەجێ کردنی سیاسیەتی دەرەوەی جددی و درێژخایەن، بۆیە چالاکیەکانی سیستەمی دیموکراتی بەهۆی سروشتە دیموکراتیەکەی تێك دەشکێن، ئەمەش بەهۆی زۆرینەی دەنگەکان و رەخنە لەخۆگرتنی بەردەوامی کە بەهۆیەوە مونازەرەی دیمکراتی لەرکابەرانی جیا دەبێتەوە. لەبەر ئەوە هەندێ لەو هۆکاری تاقم ئامێز سادانە بەرادەیەکی خێراترو زێدە قولتر رەنگە تەگەرە بخەنە بەردەم رێچکەی دیموکراسیەت ، کە بتوانێ برسیەتی و هەژاری پەیوەست بە حکومەتە تۆتالیتاریەکان لەناوببات،ئەو حکومەتانەی خەلکەکانیان خاوەنی هیچ مافێك یان ئامرازێکی ئاشکرا نیین بۆ چارەسەری برینەکانیان. کۆمەلگا دیموکراتیەکان کەیەکێك لە سیما گرنگەکانیان رەخنە لەخۆگرتنی بەردەوامەو، بەتەنها توانای بەردەوام بوونی هەیە، وەلێ لەهەمانکاتدا لەهەموو کۆمەلگاکانی دیکە سادەوساکاترن بۆ هەلوەشانەوە.

چەپەکان بەهەمان کۆتایی گەیشتن کە دیموکراتیەت پێی گەیشتووە وەلێ بەرێگایەکی دیکەوەو.. جەختکردنەوەیەکی زۆر لەلایەن چەپەکان هەبوو لەمەڕ شەرعیەتی مارکسیەت– لینینیزم بۆ گەلانی دیکە، لەکاتێکدا ئەو شێوازەی سۆڤیەتی شیوعی بەزەرورەت هەلبژادەیەکی واقیعیانە نەبوو بۆ ئەمریکایی و بەریتانیەکان، لەکاتێکدا دەبینین هەلبژاردەیەکی کردەیی بوو بۆ روسەکان کەخاوەنی داب ونەریتی ئۆتۆکراتی و شێوەی دەسەلاتی ناوەندی بوون.. ئەوە لەچینیەکان گەڕی کە لەپێناو سەرکەوتن بەسەر دەسەلاتی بێگانەو کۆنەخوازی و زەلیلی پەنایان بۆبرد.. هەمان قسەش بۆ کوبیەکان راستە، هەروەك بۆ خەلکی نیکاراگواو ڤێتنامیەکان کە شیوعیەت بۆیان داب ونەریتێکی گشتی بنەڕەتی بوو،پەسند.

زۆرێك لە چەپەکان وایان دەبینی کە شێوازی دەسەلات لەجیهانی سێیەمدا دەتوانرێ شەرعیەتی خودیانە بەدەستبهێنێ، ئەگەر ئەم شەرعیەتە لەغیابی پرۆژەی هەلبژاردنی ئازادیش بێت، ئەمەش لەرێگای گرنگیدان بەچاکسازی

لەزەوی و زاروچاودێری تەندروستی وبەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن، لەگەڵ بوونی ئەو جۆرە رایانە، هیچ کەسێکی نامۆ نامێنێ، کەمینەیەکی چەپ بێت و پێشبینی بزاوتی شۆڕشگێڕی لەیەکێتی سۆڤیەت و "چین"ی بکات.
لێرەوە باوەڕبوون بەشەرعیەت و هێزی شیوعیەت لەچەند شێوەیەکی دەسەڵاتی رۆژئاوادا تاوەکو کۆتایی جەنگی سار بەردەوام بوو. یەکێك لەوانەی توێژەرن لەبواری یەکێتی سۆڤیەت وای بۆدەچوو کە سیستەمی سۆڤیەتی لەسایەی حکومەتی " بریژنێڤ"دا "بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵی داهێناوە، باڵادەستی سۆڤیەتی وەك ئەوەی دەیویست توانی لەیەکێتی سۆڤیەتدا بیکات. لەرۆحی شێوازی کۆمەڵی و زیاتر لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خۆی، لەزانستی سیاسیی ئەمریکی نزیك ببێتەوە.
ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کاریگەری بەسەر هەندێ لە توێژەرانی ئەووپای رۆژهەڵاتیدا نواند، بەوەی رای زۆربەیان وابوو، لەگەڵ ئەو سروشتە پابەندییە ئاشکرایەی شیوعیەت هەیەتی، وەلێ سەقامگیرییەکی کۆمەڵایەتی گەورە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەیە.. یەکێك لەشارەزایان لەو ناوچەدا لەساڵی ١٩٨٧ نوسیبووی: " ئەگەر بەراوردی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بەگەلێك لەوڵاتانی دنیا بکەین _بۆنموونە_ هەندێ حاڵەتی ئەمریکای لاتین_ دەردەکەوێ کە نموونەی ئاشکران بۆ سەقامگیری".(١)

هەروەك بەشێکی دیکەی لێکۆڵەران وایان دەبینی کەئەو سیستەمەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری، چارەسەرێکە بۆ کێشەی شەرعیەت و دەسەڵاتدارە شیوعیەکان بەکارێکی لەجۆری" پەیمانی کۆمەڵایەتی" لەگەڵ میللەتەکانیاندا هەڵساون، ئەو جۆرە پەیمانەی کە بەردەوام بەگاڵتەوە لەیەکێ لەوتەزاکانی بەناوبانگی سۆڤیەتی وەسفدەکرا: "ئەوان بەپاڵپشتی ئێمە خۆپیشاندان دەکەن، ئێمە کار دەخەینەروو".
لەگەڵ ئەوەی ئەو حکومەتانە جولاوو بەهەمهێن نەبوون، وەلێ تا رادەیەکی قەبوڵکراو حوکمی خەڵکیان کرد، چونکە پەیمانی ئاسایش و سەقامگیریان بە هاوڵاتیانیان دابوو.
بەوشێوەیە لێکۆڵەرەوەی سیاسیی" صەموئیل هانتیگتۆن" لەساڵی ١٩٦٨دا دۆزەکەی وا کورتکردەوە– لەگەڵ ئەوەی دژی شیوعیەتیش بوو– بەڵگەی ماددیانەی ئاشکرا وامانلێدەکات ئەوە بەرئەنجام بهێنین کەشیوعیەت لەسەر ئەوبنەمایە دامەزراوە تابتوانێ رادەیەك مسداقیەتی میللی لەچەند ساڵی رابردوو بەدەستبهێنێ.گەڕانەوشمان بۆ رەشبینی ئێستا لەناتوانایی لەپێشکەوتنی مێژوودایە، ئەو رەشبینیەش بەهۆی دوو کێشەی جیاواز وەلێ هاوئاست بەدیهاتووە کە: یەکەمیان کێشەی سیاسەتەکانی سەدەی بیستەم بوو، کەتێیدا ملیۆنان خەڵکی کوشت و سەدان ملیۆنیشی مەجبووی ژیان لەسایەی شێوازی نوێ و

زێدە دڕەندەیی و کۆیلێتی کرد، دوومیان کێشەی ئاراستەی عەقڵانی ڕۆژئاواییە، کە دیموکراتیەتی ئازادی بەبێ سەرمایەی زەینی بەجێهێشت، کە توانا بەرگریکردنی لەخۆی دەبوو، ئەودوو کێشەیە پەیوەست بەیەکەوەن و ناکرێ بەبێ یەکترلەهیچیان تێبگەین.

لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە نەبوونی هاوکۆکی زەینی وای لە شەڕوشۆڕەکانی ئەو سەدەیە کرد زیاد لەپێویست ئایدیۆلۆژی بن. بۆیە ئەو شەڕو شۆڕانە زەمەنێکی زێتریان خایاند، لەو زەمەنەی کە بەبێ سیمای ئایدیۆلۆژی پێویست بوو بۆ ئەو شەڕانە.. ئەو شەڕوشۆڕانە گەڕانەوەیەکی دڕندانەی بەخۆوە دیت وەك دڕندەیی شەڕە باوەڕگەرییە ئایینیەکان کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا تەقینەوە، ئەمەو ئەوەی دەستی بەسەردا گیرا پارچە زەوی یان کۆمەلێك داهاتی ئابووی نەبوون، بەڵکو کۆمەلێك بەهاو شێوازی ژیان بوون.

لەلایەکی دیکەوە توندیو دڕندەیی ئەو ململانێیانە بەشێوەی ئایدیۆلۆژیانە ئاراستەکران ، بۆیەش ئەنجامەکانیان ترسناك بوون و، کاریگەریەکی وێرانکەری لەسەر باوەڕبوونی وڵاتە دیموکراتیە ئازادەکان بەخۆیان هەبوو.هەروەك ببوە هۆی گومانی نوێ دەربارەی تواناو جیهانگەری ئازادیخوازانەی چەپیانە.

وەلێ لەگەڵ ئەو پاڵنەرە ڕەشبینیە بەهێزانەشدا کە بوونە هۆکاری تاقیکردنەوەمان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کەچی ڕووداوەکانی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە ئاماژە بوون بەرەو ئاراستەی جیاوازو پێشبینی نەکراوو بەگەیشتنیشمان بەسالآنی هەفتاکانی ئەو سەدەیە جیهان لەچەندین بوارەوە بەرەو باشی چوو، یەکێك لەپێشهاتە سەرەکیەکان بەرگیرانی چاوەڕواننەکراوی شیوعیەت بوو لەزۆربەی جیهانداو لەکۆتایی هەشتاکاندا.

هەروەك وڵات و سیستەمە دیکتاتۆریە تۆتالیتارەکان بەهەموو شێوەیەکی ڕاست و چەپەوە گەمارۆدران، بەهەندێ حاڵەتدا ئەو دەوردرانە بووە هۆی دەرکەوتنی سیستەمی دیموکراتی ئازادو جێگیرو سەقامگیرلەهەندێ حاڵەتی دیکەدا گروهە دیکتاتۆریەکان ماوەیەکی ناسەقامگیر بەردەوام بوون یان بەلانی کەمەوە شێوەیەکی دیکە بوون لەشێوەکانی دیکتاتۆرییەت ئەو بارە ئەگەر بەشێوەیەکی کۆتایش نەبووبێتە هۆی پێکهینانی حکومەتی دیموکراتی سەرکەوتوو، وەلێ شێوەکانی تۆتالیتاریەتی دەسەڵات، بەکردەیی لەتەواوی جیهاندا تووشی کێشەیەکی سەخت بوەوە، ئەگەر ئاراستە سیاسیە نوێکان لەسەرەتاکان سەدەی بیستەم دەرهاویشتەی دەوڵەتی بەهێزی تۆتالیتاری وەك ڕوسیاو ئەلمانیا بووبن، ئەوا چەند دەیەی دوایی رابردوو لاوازییەکی زۆری لەبونیادی نێوخۆیاندا بەدەرخست، ئەو لاوازییە زۆرو چاوەڕواننەکراوە، جارێکی دیکە پاڵنەر بوون بۆ ڕوچوون بەبیرۆکەی ڕەشبینیانە بۆ مێژوو.

## پاژی دووەم

# وڵاتە بەهێزە، لاوازەکان

ئەو قەیرانەی سیستەمە تۆتالیتارییەکانی ئێستا تووشی بونەتەوە، لەگەڵ بروسترویکای گۆرباتشۆڤ یان روخانی دیواری بەرلین دەستی پێنەکردووە، ئەو قەیرانە هەر لەسەدەو نیوی رابردووەوە دەستی پێکردووە، لەگەڵ روخانی ژمارییەك لە حکومەتە راسترەوە تۆتالیتارییەکانی خوارووی ئەوروپادا، لەساڵی ١٩٧٤ حکومەتی کایتانۆ Caetano لەپرتوگاڵ بەهۆی کودەتایەکی سەربازی روخاو، دوای ماوەیەك لەناسەقامگیری زانای کۆمەڵناسی " ماریۆ واریز Mario soares وەك سەرۆك وەزیران، لەئیپریلی ١٩٧٦ هەڵبژردرا، لەوکاتەشەوە پرتوگال لەسایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتیدا دەژێت.نموونەی دووەممان کۆلۆنێلە یۆنانیەکانن، ئەوانەی حوکمی سەربازی یۆنانیان کرد، دواجار لەساڵی ١٩٧٤لەدەسەڵات لابران و رێگا لەبەردەم " کارامانالیس Karamanelis" خۆشبووو، لەرێگای هەڵبژاردنی گەلییەوە هاتەسەرتەختی دەسەڵات. نمونەی سێیەممان کەلێرەدا جێگای باسە، ئیسپانیاو ژەنەراڵ " فرانکۆ"یە، لەساڵی ١٩٧٥ ژەنەراڵ " فرانسیسکۆ فرانکۆ Francisco Franco"مردوو، بەمەش دوای دووساڵ ئیسپانیا بەرەو گۆڕانی دیموکراسی کرایەوە. ئەگەرچی سوپای تورکی لەسێبتێمبەری ١٩٨٠ بەهۆی ئەو ئاراستە تیرۆریستیەی کۆمەڵگای تورکی گرتبووەوە، دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام دەسەڵاتی خەڵك لەساڵی ١٩٨٣ گەڕایەوەو لەوکاتەشەوە هەموو ئەو دەوڵەتانە خاوەنی پرۆسیسی هەڵبژاردنی ئازادو فرەحزبین.

ئەو وەرچەرخانەی ناوچەکانی خوارووی ئەوروپا، کەمتر لەدەساڵی پڕتێبینی بەخۆوەبینی، ئەو وڵاتانە کە بەهۆی چەند هۆکارێکی پەیوەست بەداب و نەریتی ئاینیان و سیستەمە تۆتالیتاریەکانیان،مەحکوم بوون بەوەی ئەبێ لەدەرەوەی چوارچێوەی گەشەی دیموکراتیدا بژین، ( ئەو دەوڵەتانە) توانیان هەنگاوێکی سەرکەوتووبەرەو سیستەمی دیموکاتی جێگیرو کاریگەر بنێن، بەرادەیەك کەبۆ ئەو دەوڵەتانە کارێکی سەختە بێت بیر لەوەبکەنەوە کە لەپێشتردا چۆن ژیاون.

هەروەك لەئەمریکای لاتینداو- لەهەشتاکان - چەندین کودەتاو گۆڕانکاری لەو سیستەمە تۆتالیتاریانەدا، بەرەو دیموکراسیبوون رویاندا،هەر لەگەڕانەوەی حکومەتی دیموکراتی پیرۆوە کە لەساڵی ١٩٨٠دەستی پێکردو پێشتر دوانزەساڵ بوو لەژێرسایەی دەسەڵاتی سەبازیدا بوو، دواتر لەئەرژەنتیندا جەنگی " فۆکلاند Faikland" لەساڵی ١٩٨٢ رەچەڵەکی دەسەڵاتی سەربازی ئەفسەرانی سوپای هەڵکەندو حکومەتی" ئەلفۆنسین Alfonsin"کەتاکە سەرۆکی

هەڵبژێردراوی دیموکراتیانە بوو، دامەزرا. لەدوای ئەو وەرچەرخانە بەرەو سیستەمی دیموکراتی لەئەرژەنتین، بەدرێژای و پانایی ئەمریکای لاتینی چەندین تەوژمی دیکەی دیموکراتی ، لەگەڵ تەپین و رمانی حکومەتە سەربازیەکان لە ئۆرۆگوای ساڵی ١٩٨٣و بەرازیلی ١٩٨٤ی، بەدواداهات. لەکۆتایی هەشتاکانیشدا دەسەلاتی دیکتاتۆریانەی " ستروێسنر "Stroessnaer لەپاراگوای و"بینۆشێڤ "Pinochef لەشیلی روخان و رێگا بۆ هەڵبژاردنی حکومەت لەلایەن خەڵکەوە کرایەوە. لەسەرەتای ١٩٩٠یشدا حکومەتی "شاندنیستا Sandnista"لە نیکاراگوای لەبەردەم ئەو یەکێتیەی" ڤیۆلیت شامارۆ "Violette shamaro دایمەزراند لەهەڵبژاردنێکی ئازاددا رووخا.

وەلێ بەردەوا مبوونی ئەو کیانە دیموکراتیە نوێیانە لە ئەمریکای لاتیندا، وای لە زۆرێك لەچاودێران کرد گومان لەبەردەوامبونی بکەن. لەوانەیە یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو گومانە، ئەو بارە ئابووییە بووبێ کە وڵاتە تازە دیموکراتەکان پێیانەوە دەناڵاندو، گرنگترین کێشەکانیان، کێشەی قەرزەکان دەرەوەیان بوو، لەوەش زیاتر هەریەك لەپیرۆو کۆلۆمبیا تووشی ململانییەکی توند بوونەوە لەگەڵ یاخیبوان و بازرگانانی ماددە بێهۆشکەرەکان.

لەگەڵ ئەوەی ئەو سیستەمە دیموکراتیە نوێیانە بەچەندین هەوڵێ جددی پڕ بایەخ هەلساون، شارەزاییان بە سیستەمە تۆتالیتارییەکان، ئەوەندە تۆکمەی کردوون دژی هەر هەڵگەڕانەوەیەکی سەربازیین لەوڵاتەکانیاندا ئەوەی وەك حەقیقەتێك بۆهەر چاودێرێك یان لێکدەرەوەیەکی سیاسی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە: لەسەرەتای حەفتاکان، وڵاتە دیموکراتەکانی ئەمریکای لاتین لەژمارەدا لەپەنجەی یەك دەست تێپەڕیان نەدەکرد، کەچی لەسەرەتای نۆهەدەکاندا وای لێهات کوباو جیانا لەنیوەگۆی رۆژئاوای زەمین، تەنها دوو دەوڵەت بن، لەسەر سیستەمی هەڵبژادنی ئازادنە نەچنەرێوە.

وەلێ بەنیسبەت رۆژهەڵاتی ئاسیا، چەندین کودەتا رویاندا کەدەکرێ بەراورد لەنێوانیاندا بکرێت. لەساڵی ١٩٨٦ دەسەڵاتی دیکتاتۆری " مارکۆس" لەفلیپین روخاو لەجێگایدا بەپشتیوانی خەڵك" کورازون ئاکینۆ "Corazon Aquino دەسەڵاتی گرتە دەست. لەساڵێ دواتر لەکۆریای باشوور بەر لەهەڵبژاردنی"رو تای ووRoh tae woo"بەسەرۆك ، ژەنەراڵ " شون Cun" دەسەڵاتی بەجێ هێشت. وەلێ سیستەمی سیاسی تایوان بەهەمان شێوەی درامی نەگۆڕا، دوای مردنی " شیانگ شنگ کۆChiang chng –kou"لەبەناپەری ١٩٨٨دا تەیاری دیموکراتی ژێربەژێری گەشەی کردوو، دوای رۆیشتنی زۆرێك لە پاسەوانە کۆنەکانی حزبی" گۆمیندانك Guomidanq"ی دەسەڵاتدار، بەبەشداریەکی فراوانی خەڵکی تایوان لەپەرلەمانی ئەهلیدا گۆڕانکاری دروست بوو، دواجار وەك دەرئەنجامێکی لۆژیکی بەهۆی بزوتنەوەی دیموکراتی، حکومەتی

تۆتالیتاری بۆرماش لەسەر کار لابرا.
لەفیبرایەری ١٩٩٠حکومەتی ئەفریقیایی، لەخوارووی ئەفریقیا بەسەرۆکایەتی" دی کلیرکF.w. de Klerk" ئازادکردنی " نیلسۆن ماندیلا"ی راگەیاندو بڕوای بە کۆنگریسی ئەهلی ئەفریقیاو حزبی شیوعی ئەفریقیایی کردو دەستی کردە دانوستان وەك قۆناغی گواستنەوە بۆ دەسەلاتی هاوبەشی نێوان رەشپێستو سپی پێستەکانو، دواتر گواستنەوە بۆ دەسەلاتی زۆرینەی کۆتایی.
یەکێك لەلایەنەکانی ئەو قەیرانەی ئەو سیستەمە تۆتالیتاریانە خۆیان تێدا دیتەوە، باوەڕی هەڵەیان بوو بە توانای بەردەوامبوونیان، بەمانایەکی دیکە بەردەوامبوونی دەوڵەتە بەهێزەکان بوو، لە ئەوکاتەی کە حکومەتە دیموکراتیەکان، بەکردەوە بەدەست لاوازییەوە دینالاند،ئەو لاوازییە بەهۆی جەختکردنەوەی مافی تاکە کەس تووشی ببوون، کە خۆی لەدیاریکردنی هێزو سنوری قەڵەمڕەو دەبینیەوە.
ئەوەی کە هاوکاریش بوو لە هەڵاوسانی ئەو قەیرانانەی کە لەدەوڵەتە تۆتالیتاریە بەهێزانەدا هەبوو، لاوازیی شەرعیەتەکەیان بوو. نەبوونی ئەو شەرعیەتەش مانای قەیران دەگەیەنێ لەسەر ئاستی فیکریدا، لەکاتێکدا شەرعیەت تەنها دادوەری هەقی رەها نییە، وەلێ وەك تێگەیشتنێکی رەشبینانە لەناو دەروونی خەڵکدا بوونی هەیە..ئەوەی پێویستیشە هەموو شێوازەکانی دەسەلات، کەتوانای کاریگەریگەیاندنی هەیە، دەبێ لەسەر بنەمای شەرعیەت دابمەزرێت، هیچ دیکاتاتۆرێکیش بەتەنها بەهۆی هێزەوە ناتوانێ حوکم بکات، وەك ئەوەی لەسەر هیتلەر بەنموونە ــ دێتەوە.
ئەو وتەزایەی کەدەڵێت دیکتاتۆرێکی وەك هیتلەر بەزەبری هێز حوکمی دەکرد، مانای هاوکارانی هیتلەرو لایەنگرانی، لەوانەی حزبی نازی ئەلگاستایۆو ئالۆرماخت دەگەیەنێت، ئەوانەی لەتوانایانداببوو لەرووی فسیۆلۆژیەوە حوکمی خەڵکانێکی بەژمارە لەخۆیان زیاتر بکەن.
لێرەوە پرسیارێك سەهەڵدەدا : چی وای لەوانەکردبوو پاڵپشتی هیتلەر بنو وەلائیان بۆهەبێ؟!بێگومان وەلامەکە خۆی لەباوەڕبوونیان بەشەرعیەتی دەسەلاتەکیدا شاردۆتەوە..لەوانەیە دامودەزگا ئاسایشیەکان بتوانن بەرێگای تیرۆرەوە حوکم بکەن، بەلام لەلایەکی دیکەی سیستەمەکەوە هەر دەبێ دیکتاتۆر هەندێ هەوادارو جێگری هەبن لەوانەی ئیمانیان بەشەرعیەتی دەسەلاتەکەی هەیە.. ئەوەی ئاشکرایە مەبدەئی ئەو جۆرە شەرعیەتە لەزۆبەی دامو دەزگا سیاسیو سەبازییو خوێناوییەکان وەگیراوە، وەك چەتەکانی مافیا، هیچ سەکردەیەکی مافیا ناتوانێ سەکردە بێت ئەگەر تاقمەکەی خۆی لەسەر شەرعیەتەکەی کۆك نەبن، هەروەك "ئەفلاتون" لەگفتوگۆکردنی لەمەڕ"کۆمار" دەڵێ"لەنێو دزەکانیشدا بێگومان دەبێ بنەمای دادوەری هەبێ، کەتوانای دابەشکردنی دەسکەوتەکانیان دەداتێ. بەم

شێوەیە شەرعیەت وەك مەرجێكی سەرەكی دادەنرێت، هەتا بۆ زۆردارترین و خوێناویترین دەسەڵاتی دیكتاتۆریش.
وەلێ لێرەدا دەبێ ئاماژە بەچەندین دەسەڵات و دەوڵەتی دیكتاتۆری هاوچەرخ بكەین،كە خاوەنی پاڵپشتیەكی فراوانی خەڵك نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان ساڵ سەركەوتوو بوون لەمانەوە لەدەسەلاتدا وەك"سەدام حسێن و حزبی بەعسی عێراقی، جگە لەچەندین حكومەتی تاكرەهەندو سەبازی لەئەمریكای لاتین كە بەبێ پشتیوانی فراوانی خەڵك دەسەلاتیان بەرێوبرد.
ئەمە مانای ئەوەیە هەستكردن بەكەمی شەرعیەت لەنێو تەواوی تاكەكانی خەڵكدا نابێتە هۆی قەیران لەشەرعیەتی سیستەمی دەسەڵاتدار، تەنها ئەگەر وای لێهات ئەو هەستكردنە لەنێوان ریزەكانی پەیوەست بەسیستەمی دەسەڵاتداریەوە بلاوبێتەوە. بەتایبەت ئەوانەی گروهی ئۆپۆزسیۆنین، یان حزبی دەسەڵاتدارن یان لەنێو هێزە سەربازییەكان یان پۆلیسدان. لەكاتێكدا قسە لەسەر قەیرانی شەرعیەتی سیستەمی تۆتالیتاری دەكەین، مەبەستمان قسەكردنە لەسەر قەیران لەنێو ریزی نوخبەو پەیوەست بەدەسەڵاتەوە، كە زەرورە بەشێوەیەكی كاریگەر كاربكات.
شەرعیەتی هەر دیكتاتۆرێكیش دەكرێ پشت بەچەندین هۆكار ببەستێ، بۆنموونە وەلائی سوپا بۆ دیكتاتۆر كە هەردەبێ دیكتاتۆر گرنگی پێبدات، لەپاڵیدا ئایدیۆلۆژیایەكی دروستكراوی تەواو، كەپاڵپشتی لە مافی دیكتاتۆر لەدەسەڵاتدا بكات، گرنگە. بۆنموونە لەسەدەی بیستەمدا فاشیزم گرنگترین هەوڵ بوو بۆ دامەزراندنی بنەمای شەرعیانەی راستڕەوی نادیموكراتی كە لەسەر بنەمای یەكسانی دانەمەزراوە. فاشیزم، وەك لیبراڵیەت وشیوعیەت نەبووە ئاینزایەكی جیهانی، چونكە بنەمای یەكسانی لەمافی مرۆڤدا رەتكردەوە. رەهەندی نێوخۆیی فاشیزم جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كەسەرچاوەی سەرەكی شەرعیەتەكەی گەل و رەگەزی تاكە بەدیاریكراوی مافی گەلانی سامی" ئەڵمانی"لە حوكمڕانی تەواوی گەلانی دنیا.بۆ ئەوەی بانگەشەی نازیزم بۆ بالآیی رەگەزی ئەڵمانیش بەدەست بێت، لەسەری پێویست بوو لەرێگای جەنگەوە كەروودانی ببووە كارێكی حەتمی، بچێتە نێو ململانێ لەگەڵ فەرهەنگی دیكەدا.
لەراستیدا چارەنووسی فاشیزم وا نەنوسرابوەوە كە بۆماوەیەكی زۆر بمێنێتەوە تاوەكو تووشی قەیرانی ناوخۆی شەرعیەت بێتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو ژێركەوتنەی لەجەنگدا بەریكەوت، كەچی هیتلەرو هاوپەیمانانی لەناوچوون و تاكۆتایش باوەڕییان بە پاداشتی نازیزم و شەرعیەتی دەسەڵاتی هیتلەر هەبوو. وەك دەرئەنجامێكی سروشتیش روخانی فاشیزم لەیەكەم ململانێیدا لەگەڵ رۆشنبیری و ئایدیای تردا، بینینەكە لەلای خەڵك بۆ بانگەشەكەی هیتلەر كە شەرعیەتی دەسەڵاتەكەی لەسەر بنەمای پەیماندان بە كۆنترۆڵكردنی جیهان دامەزابوو، لەخۆی

گەورەتربوو. بەمەش لەجیاتی ئەوە، ویرانکاری لەئەڵمانیادا بڵاوبوەوە، بەڵكو لەلایەن گەلانی کەمتر باڵاش داگیرکرا.

هەندێك وای بۆ دەچوون، فاشیزم تووشی دژکاری نێوخۆی بۆتەوەو جەختکردنی لەرادەبەدەری لەسەر جەنگ و لایەنی سەربازی وایلێکرد بکەوێتە نێو ململانێیەکی توند لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتیەوە، لێهەڵاتنی مەحاڵ بوو، دەرئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو فاشیزم هەر لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە، هەلێکی بۆ هەڵنەکەوت تاوەکو ببێتە رکابەرێکی فیکریی جددی لەبەرامبەر دیموکراسیەتی لیبراڵدا.

بێگومان بۆمان هەیە پرسیار دەربارەی ئەوماوەیە بکەین، کە شەرعیەتی فاشیزمی بەسەردا سەپابوو، ئەگەر قەدەری مانەوەی تاوەکو ئەمرۆ هەبوایە، یان ئەگەر هیتلەر نەدۆڕابا، یان ئەگەر گریانەی ئەوە بکەین کە هیتلەر لەجەنگی جیهانی دووەمدا سەرکەوتووبوایە، وەلێ لەگەڵ ئەمانەشدا فاشیزم پاڵنەرە خودیەکەی خۆی، لەسایەی ئاشتی ئیمپراتۆریەتی جیهانی کە هیچ جەنگ و داگیرکاریەك تووشی رەگەزی ئەلمانی نەدەبوەوە، هەر وندەکرد. دوای دۆڕانی هیتلەر هەموو ئەو ئاراستە دژانەی دیموکراسیەتی لیبراڵ لەلایەن راستڕەوەکانەوە بوو. کە خۆیان لەکۆمەڵێك سیستەمی دیکتاتۆری سەربازی نارێك دەبینیەوە، زۆربەی ئەو حکومەتانەش ئامانجیان پارێزگاریکردن لەسیستەمی کۆمەلایەتی کۆن بوو، کەچی لاوازیەکەیان خۆی لەنەبوونی شەرعیەتی قەبوڵکراوی درێژخایەندا دەبینیەوە. هەر کاتێکیش ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانە گەمارۆ دەدران بۆ ئەوەی قەبوڵی بنەمای دیموکراتی و دەسەڵاتی گەل بکەن، بەهۆی هەرەشکردنی شیوعیەت یان تیرۆر یان هەڵسوکەوتی هەڵەی سیستەمی رابردوو یان بەهەر شێوەیەکی دیکەی هۆکارەکان ،نارەزاییان دەردەبڕی بەوەی دەوڵەتەکانیان ئامادەیی گۆڕان بۆ دیموکراتیەت نیین.

ئەو لاوازییەی بووە هۆی نەبوونی شەرعیەتیش، تەنها هۆکارێکی رووخانی بەپەلەو ناچاوەڕواننەکراوی حکومەتە تۆتالیتارە راستڕەوەکان نەبوو، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە حکومەتەکان لەبوارێك لەبوارەکانی سیاسەتیان، تووشی قەیران یان سەرنەکەوتن دەبوونەوە. هەرچی حکومەتە شەرعیەکانن کەتووشی پاساو هێنانەوە لەهەر هەڵەیەکی بچووکیان یان هەڵە گەورەکان یان سەرنەکەوتن دەبنەوە، دەکرێ لەرێگای لابردنی سەرۆك وەزیر یان ئەنجومەنی وەزیران بیری لێبکرێتەوە، بەڵام لە حکومەتە ناشەرعیەکاندا دەبینین سەرنەکەوتنی دووبارەبووەوە دەبێتە هۆی خێرای سەراوژێربوونی خودی سیستەمی دەسەڵاتەکە.

نموونەی ئاشکرامان لێردا پرتوگاڵە، کە سیستەمی دیکاتۆری ئەنتۆنیۆسالازارو، جێگرەوەکەی مارشیللۆ کاتیانۆ، سەقامگیریەکی ئارامی هەبوو، ئەو بارە وای لە چاودێران کردبوو گەلی پرتوگالی بە نێگەتیڤ و رەشبینی بەردەوام وەسف

بکەن. وەلێ پرتوگالیەکان لەو بۆچوونەی چاودێرەکاندا وەك ئەڵمانیو یابانیەکان وابوون، لەلای خۆیانەوە ئەو هەڵە لێکدانەوەیەی چاودێرە رۆژئاواییەکانیان سەلماند، کە وایان سەیر دەکردن لەرابردوودا ئامادەی بەدیموکراتیبوون نەبوون، بەپێچەوانەوە دیکتاتۆریەتی " کاتیانۆ" رووخا، کاتێك سوپاکەی لەدژیدا کەوتنە شۆڕشو بەناوی " بزوتنەوەی هێزی ئەرمادی" Movimento (M.F.A) da Forcas Armada"ناسرا، تاکە پاڵنەرە زەمەنیەکەی ئەو رووخانەش بەردەوامبوونی پرتوگال بوو لە جەنگە داگیرکارییەکانی لە ئەفریقیادا کە کولفەکەی چارەکی بودجەکەیو کۆکردنەوەی بەشی زۆری سوپای پرتوگاڵ بوو لەو جەنگانەدا،لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئاسۆیەکی سەرکەوتن لەو شەڕانەدا نەبوو.

دوای ماوەیەك لەناجێگیری سیاسیو کۆمەڵایەتی حزبی " ماریۆ سواریز Mario Soares"کۆمەڵایەتی میانڕەو بەزۆرینەی دەنگەکان لە ئێپریلی ١٩٧٦ سەرکەوت. ناتوانین ئەو رۆڵەی رێکخراوە رۆژئاواییەکانیش لەهاوکاریکردنی پرتوگال بۆ ئەو هەنگاوە لەبەرەچاونەگرین، وەك حزبی دیموکراتی ئەڵمانی یان هەواڵگەری ئەمریکی(C.I.A) یان جیا لەمانە.وەلێ ئەو هاوکاریانە نابوونە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجەکە ئەگەر بهاتباو گەلی پرتوگال خۆی ئامادەیی نەبوایە.هەروەك شارستانیەتی بەکاربەر لەئەوروپادا رۆڵی لەو هەنگاوەدا هەبوو، وەك لەقسەکانی یەکێك لە چاودێرە سیاسیە رۆژئاواییەکان دەخوێنینەوە:" ئەو کرێکارانەی بەو خۆپیشاندانانە هەڵسانو، دروشمەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتیان کێشا، پارەکانیان لە جلوبەرگو ئامێرە کارەباییو کارە هونەرییەکان خەرجدەکەن، لەو کارەیاندا وەك کۆمەڵگا بەکاربەرە ئەوروپیە رۆژئاواییەکانن، کەهەوڵدەدەن بۆئەوەی بگەنە هەمان ئاستی ژیانی ئەوان".

بەلام پرۆسەی گۆڕانی ئیسپانیا بۆ دیموکراتیەت، لەوانەیە لەهەموو حاڵەتەکانی دیکە نوێگەرتربێت بەبەراورد لەگەڵ ئەو زنجیرە روخانەی شەرعیەتی تۆتالیتاریزمیدا. ژەنەراڵ " فرانکۆ FranciscoFranco" دوایین نوێنەری ئاراستەی موحافیزکاری ئەوروپی بوو لەسەدەی نۆزدەدا، ئەمە هەمان ئەو ئاراستەیە بوو کە شۆرشی فەرەنسی بەسەریدا زاڵبوو، بەڵام هوشیاری کاتۆلیکی لەئیسپانیادا هەر لەسیەکانەوە بەشێوەیەی ئاشکرا دەستی بە گۆڕان کرد.بەشێوەیەکی گشتی کلێسا دوای دەوڵەتی فاتیکانی دووەم لەشەستەکاندا ئازادبوو، هەروەك چەندین کەسی گرنگی کاتۆلیکی ئیسپانی دیموکراسیەتی ئەوروپی رۆژئاوایی مەسیحیان بونیادنا، کڵێسای ئیسپانی تەنها بە باسکردنی بیرۆکەی ململانێی نێوان دیموکرایەتو مەسیحیەت نەوەستا، وایلێهات بەرۆڵی کاریگەر بەداکۆکی کردن لەمافی مرۆڤو رەخنەگرتن لە دیکتاتۆریەتی فرانکۆ هەڵسا، ئەو هوشیاریە نوێیەش لەوێنەی بزوتنەوەی Opus die کە

عەلمانیە کاتۆلیکیەکان پێکیانهێنا، بەرجەستەبوو. دوای مردنی "فرانکۆ"ش لە نۆڤێمبەری ١٩٧٥، بەشێکی بەرچاو لە خەڵکانی سیستەمە دەسەلاتدارەکەی، ئامادەبوون بۆ قەبوڵکردنی شەرعیەتی ژمارەیەك لەیاساکان، کە بەهۆیانەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە هەموو دامودەزگا گرنگەکانی فرانکۆ هەڵوەشانەوەو رێگا بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر دراو، داوایلێکرا بۆ دانانی دەستورێکی دیموکراتی تەواو لەوڵاتدا.ئەوەش بەهیچ شێوەیەك روویەنەدەدا گەر رەگەزە گرنگەکانی نێو سیستەمی دەسەڵاتداری کۆن (گرنگترینیشیان پادشا خوان کارلۆس) باوەریان بەوە نەبا، کە مەزهەبی فرانکۆ مەزهەبێکی دواکەوتووە لە ئەوروپای دیموکراتیدا، ئەو ئەوروپایەی کەوالێهات ئیسپانیا تێیدا شوێنگەی خۆی لەنەخشەی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی زیاترو کاریگەرتر وەربگرێت.

ئەوەی تایبەتیشە بە گۆڕانی دیموکراتی لە یۆنانو ئەرژەنتین لەسالانی ١٩٧٤،١٩٨٣، سوپا رێگای لەبەردەم دەسەلاتی گەل کردەوە بە گوزارشتکردن بەو باوەڕەی کە چاوی لەدەسەڵات نییە.وەك ئەوەی لە پرتوگال رویدا، کە سەرنەکەوتنی دەرەکی هۆکاری سەرەکی بوو تێیدا، کۆلۆنێلە یۆنانیەکان کە دەسەلاتیان لە١٩٦٧دا گرتەدەست، بە پاساوی ئەوەی یۆنان بۆسیستەمێکی تەندروستی نوێ ئامادەدەکەن، سنوورێکیان لەبەردەم دیموکراتیەت دروستکرد. کاتێکیش ئەو سیستەمە سەبازیە پشتیوانی لەهەوڵی قوبرسی یۆنانی کرد بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ یۆنان، بووە هۆی داگیرکردنی قوبرس لەلایەن توركیاوەو هۆکاری برپا بوونی جەنگی سەرتاسەری، بەمەش خۆی شەرمندەکردوو، وایلێهات ئامانجی رەخنەلێگرتن لە شەرعیەتەکەی بێت، وەك لەدوایدا بینیمان.

بەلاّم ئامانجی سەرەکی سوپا لەئەرژەنتین کەلەسالێ ١٩٧٦دا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، مەبەستی رزگارکردنی کۆمەڵگابوو لەتیرۆر، ئەمەش لەمیانەی شەڕێکی توندا بەدەستهات.. بەمەش شەرعیەتی بوونی کۆتایی هات، ئەمەو بڕیاری سەرکردایەتی سوپاش بەداگیرکردنی فۆکلاندو خزانە نێو شەرێکی ناپێویست،کەنەیتوانی بیباتەوە، بەس بوو بۆ دامالێنی باوەڕبە دەسەڵاتەکەی.

لەحاڵەتی دیکەشدا حکومەتە سەربازییە بەهێزەکان نەیانتوانی بەرەنگاری ئەو کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتیانە ببنەوە، کە لە دەسەڵاتدارە شەرعیەکانی بەر لەخۆیان بۆیان ماوەتەوەو، بەشداربووە لە لەدەستدانی شەرعیەتی دەسەڵاتەکەیان. بەوشێویە دەسەڵاتی سەربازی پیرۆ لەساڵی ١٩٨٠، لەبەرامبەر قەیرانی ئابووری زێدەتردا بۆ حکومەتێکی میللی گۆڕا، کەدواجار حکومەتی ژەنەڕاڵ " فرانسیسکۆ مورالیس" پێیزانی کە چیتر ناتوانی کاروانەکە لەسایەی زنجیرەیەك لە کێشەی ئابووری گەورەدا بەرێوەببات.

لەحاڵەتی بەرازیلیلشدا، سوپا لەساڵی

١٩٧٣،١٩٦٨بۆ ماوەیەك دەستی بەسەر گەشەی ئابوویدا گرت، بەڵام لەبەرامبەر قەیرانی داشکانی داهاتی نەوتی جیهانیدا، دەسەڵاتدارە سەربازییەکانی برازیل بینیان کەچیتر ناتوانن هیچ شتێکی دیکە لەبواری ئیدارەی ئابووی پێشکەش بکەن. بەتێپەڕتی زەمەنیش دوایین سەرۆکی سەربازی، بۆسەرۆکێکی هەڵبژێردراوی خەڵك وازی لەدەسەڵات هێنا.

بەڵام لە ئۆروگوایدا، سوپا دەسەڵاتی وەك ئامرازێکی قیزەون بۆ بەرپاکردنی جەنگ دژی یاخیبوونی " تۆبی مارۆس" لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤بەکارهێنا،وەلیٚ ئۆروگوای خۆی خاوەنی نەریتێکی دیموکراتی تارادەیەك جێگیر بوو، ئەمەبوو وای لەسوپاکرد دامودەزگا دەسەڵاتدارییەکەی لەرێگای راپریسی میللی ساڵی ١٩٨٠ بخاتەژێر ڕەنگدانەوە، کەچی دۆڕاندی‌و، بەهاتنی ساڵی ١٩٨٣ش دەسەڵاتی سەربازی، ئارەزومەندانە وازی لەدەسەڵات هێنا.

لەخوارووی ئەفریقیاش دامەزرێنەرانی سیستەمی دەسەڵاتی سپی پێست، بنەمای ئازادی‌و دادوەریان ڕەتکردەوەو، باوەڕیان بەوەهێنا کە دابەشبوونێکی سروشتی و جیاوازی چینایەتی لەنێوان رەگەزی مرۆییدا هەیە، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی سپی پێستەکان هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی گەشەی پیشەسازی لەخوارووی ئەفریقیا بەهۆی بەکارهێنانی کرێکارە رەش پێستەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵی رێگرتن لەپێشکەوتن‌و شارستانی بوونی رەشپێستەکانیدا،کە کارێکی سروشتی هاوشانی سەرهەڵدانی پیشەسازییە، نموونەی ئەو هەوڵە گەورەیەی کە حکومەتی سپی پێستەکان بەدوایەوە بوو، وەلیٚ لەئامانجی کۆتاییدا بەرەو دەبەنگی چوو.

لەساڵیٚ ١٩٨١، حکومەتی سپی پێست نزیکەی ١٨ملیۆن رەش پێستی بەتۆمەتی لادان لەیاساکان گرت، بەتۆمەتی ئەوەی داوای نیشتەجێبوون لەنزیك شوێنی کارکردنیان کردووە. ئەو گەشەسەندنە خێرایە بووە هۆی شۆڕش لەفیکری ئەفریقیادا، کەوای لە" دی کلیرك" کرد، بەر لەدەسەڵات گرتنەدەستی لە خوارووی ئەفریقیا ئەوە رابگەیەنیٚ کە:" بارومەرجی ئابووری پێویستی بەبوونی بەردەوامی چەندین ملیۆن رەش پێست هەیە لەشوێنە شاریی‌و مەدەنیەکانی نزیك کارەکەیان، سوود لەو خۆ هەڵخەڵەتاندنەش نابینین لەبەرامبەر ئەوەدا". وەك دەرئەنجامیش، لەبەرامبەر ئەکتیڤ نەبوونی حکومەتی سپی پێستەکان لەنێو هاوڵاتیانیدا، شەرعیەتەکەی لەدەستدا، کەدواجار بووە هۆی قەبوڵکردنی گشتیانەی سیستەمی نوێی دەسەڵات بەبەشداری رەشپێستەکان.

لەهەولێکیشدا بۆ شارەزابوون لە جیاوازییە راستەقینەکانی نێوان ئەو حاڵەتانە، دەبینین کە پێویستی دەکرد لێکچوونێك لەپرۆسەی گۆڕان بۆ دیموکراسیەت لە خوارووی ئەوروپاو ئەمریکای لاتین‌و خوارووی ئەفریقیادا هەبێت، جگە لە" سۆموزا"لەنیکاراگوادا، وەکو ئەوانی دیکە

لەرێگای شۆڕشەوە زۆرلێکردنی سیستەمی دەسەڵاتی کۆن بۆ دەسەڵات بەجێهێشتن نەبوو، کەرێگای بە گۆڕانی شێوازی دەسەڵاتدا- هیچ نەبێت بۆژماریەك لە ئەندامانی سیستەمی دەسەڵاتی کۆن_بەدیاریکردنی ئیرادەییانەو ئاەزوویان لە وازهێنان لەدەسەڵات بۆ حکومەتێکی دیموکراتی هەڵبژێردراو. زۆر جاریش هۆکاری شاراوە لەپشتی ئەو ئارەزوەی کشانەوە لەدەسەڵات خۆی لە قەیرانێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە. دواجار باوەڕی بەردەوامو زێدە بوو، ئەوەبوو کە دیموکراتیەت تەنها سەرچاوەیە بۆدەسەلات لە جیهانی نوێدا. کاتێکیش کە تۆتالیتارە راستەوەکان لە ئەمریکای لاتینو ئەوروپا ئەو ئامانجە دیاریکراوانەی بۆخۆیان دیاریانکربوو کۆتاییان هات- بۆنموونە رێگرتن لە تیرۆرو سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی یان بەرگرتن لە کەلەبەری ئابووری- خۆیان وابینیەوە توانای پاساوهێنانەوەی بەردەوام بوونیان لەدەسەڵاتدا نییەو، باوەڕبوون بەخۆیان لەدەستداوە، کارێکی گرانیشە خەڵك بەناوی عەڕشو کڵێسەوە بکوژرێت، گەر پادشا بیەوێت تەنها بەناو دەسەڵاتداری دەوڵەتێکی دیموکراتی بێت، یان کاتێك کڵێسە لەپێشەوەی ململانێکاندابێت، لەپێناو مافی مرۆڤدا.

لەراستیدا زۆربەی سیستەمە دیکتاتۆریە دڕندەکانیش هەست بە پێویستی بەدەستهێنانی شەرعیەتی دیموکراتی لەرێگای بردنەوەی هەڵبژاردنەوە دەکەن، ئەگەر ئەو شەرعیەتە کەمیش بێت. گەرنا زۆربەیان قوربانی نەبوونی مسداقیەتو هەڵەی لێکدانەوەکانیان بوون، وەك ئەوەی نە" بینۆشیت" لەشیلیو نە "ئەلیساندنیستا" لە نیاکاراگوای پێشبینی ئەودۆراندنەیان دەکرد، کەخۆیانیان خستە بەردەم دەنگدانەوە، بەڵام چی دەربارەی چەپی شیوعی توتالیتار هەیە؟ ئایا بەمانایەکی نوێ بۆ گوزارشتکردن لە" دەوڵەتی نەتەوەیی" گەیشتوون، یان پێکهاتێکی نوێیان بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی بەردەوامو نەگۆڕ دۆزیوەتەوە؟

ئەم بابەتە بەمەبەستی تەواوکردنی کتێبەکە وەرگێردرابوو، کەلەلایەن مەکتەبی بیرو هوشیاری بۆ ئەم کارە راسپێردرابوم، وەلیٚ دیاربوو ، برایەکی دیکەی نووسەر ئەم کارەی ئەنجامدابوو، بۆیە وەك مافێك ، ئەو دوو بەشەی وەرمگێراوە بلاٚویدەکەمەوە.

## گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار عەلی



**جیاوازی نێوان شوناس لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شوناسەکان لە خۆرئاوادا ریشەی سەرهەڵدانو گەشەیان بە عەقلانییەتێکی تەکنیکییەوە گرێدراوە کەلەسەر چەمکی گەشەو گۆڕان بەندە، شوناسەکانی خۆرهەڵاتیش ریشەیان لە دینو ئەفسانەو دەمارگیری ناسیۆنالیستیانەدایە.**

گفتوگۆی: جەمال پیرە

**پ/ بێگومان لەبەرهەمهێنانی شوناسو بەخشینی شوناس بە ئەویدیدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا دا بەدی دەکرێت، ئاخۆ ئەم جیاوازییە بۆ راڤەکردنی ستراکتۆری هێزو دەسەڵاتو قۆناغەکانی کۆمەڵگاکانیان دەگەڕێتەوە یا بۆ لێکۆڵینەوەی هۆکاری سیاسییو کۆمەڵایەتییو ئابووریيو فەرهەنگیی یاخود پێکهاتەی سایکۆلۆژیی تاکەکان؟**

هەڵبەت کولتووری جیاواز شوناسی جیاواز بەرهەمدەهێنێت. دیارە شوناس کورتناکرێتەوە بۆ یەك رەگەزو یەك سیفەت، کاتێك باس لە شوناس دەکەین، باس لە دۆخێکی کولتووری دەکەین لەساتێکی مێژوویدا. شوناسی ئەبەدی بوونی نییە، بەڵام شوناس هەیە لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا کۆمەڵێك رەگەز لە شێوەی جیاواز جیاوازدا دووبارە دەکاتەوە. لە راستیدا من ئەمرۆ باوەڕم بە بەکارهێنانی عومومی نییە بۆ ئەم وشەیە. وشەکە بەبێ دەستنیشانکردنی ئەو بوارەی کە مەبەستمانە مانایەکی نییە، لە راستیدا من شوناس وەك جەوهەرێکی جیاوازو دەرەکی نایبینم لە سیاقی کۆمەڵایەتیو مێژوویيو کولتووریی. شوناس خۆی ئەو تێکەڵاوبوونو کیمیا تایبەتییەیە کە

کۆمەڵگاو مێژووو کولتوور پێکەوە دروستیدەکەن، واتە شوناس بەتەنها لەهیچ یەك لەو نێوەندانەوە نایەت، بەرهەمی تاكو تەنهای پێکهاتی کۆمەڵایەتیو سیاسی نییە،بەرهەمی تاكو تەنهای کولتوریش نییە.بەڵکو پرۆسەی کارلێکێکی هەمیشە گۆراوو ئاڵۆزە لە نێوان هەموو ئەو جەمسەرانەدا.

شوناس هەرێمێکی ئارام نییە، بەڵکو مەیدانی پێکدادانو جەنگێکی بەردەوامە. بەوەدا شوناس شوێنی خۆناسینو دونیا ناسینە بەردەوام لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا لە کێشمەکێشێکی گەورەدایەبەڵام دەبێت بزانین شوناس هەمیشە پڕە لەئەحکامی زۆر ناکامڵو پێشوەختیش، پڕە لە هەڵەی گەورە لە پێناسەکردنی خودو ئەوی دیدا. ئێمە زۆر جار لەڕێگای زانستو ڕەخنەوە هەوڵدەدەین ئەو هەڵە گەورانە راستبکەینەوە کە لەپرۆسەی ((خودناسین))و ناسینی ((ئەوانی دی))دا دروست دەبێت. لەشوناسدا ڕووبەرێك هەیە دەرگا بۆ ئەفسانەو خورافاتی گەورە گەورە والأدەکات لەسەر خۆتو لەڕووی ئەوانیتردا. هەموو شوناسێك لەمەیلێکی قووڵی خۆجیاکردنەوە هاتووە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەخۆرئاوا پرۆسەی دروستبوونی شوناس گۆڕانکاری زۆر قوڵی بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە بەدرێژای سەدەی نۆزدەو بیست فیکری ناسیۆنالیو خەیاڵی ناسیۆنالی ڕۆڵێکی گرنگ لەدروستکردنی شوناسی گەلانی ئەوروپادا دەگێڕن. لەدوای جەنگەوە پێموایە ناسیۆنالیزم چیتر ئەو ڕۆڵە کوشندەیەی نییە لەدروستکردنی شوناسدا. نازییەتو فاشییەتو تاڕادەیەك ستالینییەتیش بەشدارن لەپرۆسەی گۆڕینی خەیاڵی ناسیۆنالی لەهێزێکی شەڕانگێزەوە بۆ بەرهەمهێنانی شوناس، بۆ هێزێکی لاواز. لەدوای جەنگەوە ئەوروپا بەدوای شوناسێکی سیاسیو کولتوریدا دەگەڕێت وەك سەدەکانی پێشوو مەرجەعییەتی تەنیا لەدینو ناسیۆنالیزمدا نەبێت،بەڵکو لەرستێك بەهای کلتوریو ئەخلاقیدا بێت کە لەنرخە لیبرالو هیومانستییەکانەوە نزیکن. گەورەترین دەستکەوتێك خۆرئاوا لە ئاستی ناوخۆدا وەدەستی هێنابێت پاککردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی شوناسە لەئاسەواری دەمارگیریو شەڕانگێزی. لەڕاستیدا جیاوازییە گەورەکە لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا لەوەدایە. شوناس لای ئێمە هێشتا پرۆسەی خۆپاراستنو خۆشاردنەوەو خۆقایمکردنە لەودیو

کۆمەڵێك وێنەوە، واتە هێندەی پرۆسەی خۆجیاکردنەوەیە لەدونیا، پرۆسەی تێکەڵبوونو ناسینو کرانەوە نییە. ئێمە لەدونیایەکدا دەژین هەموو هێزەکان لەیەکدی دەترسن، هەموو هێزەکان بڕێکی ترسناك لە شەڕانگێزیو توندوتیژیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە، تەواوی شوناسەکان لەیەك دەترسن، لێرەوە شوناس پتر لەوەی لەسەر خۆدەوڵەمەندکردنو کرانەوە کاربکات، لەسەر خۆپاراستن کاردەکات.واتە بەشێکی دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان دوو شێوە شوناسدا، شوناسێك کە چیتر ترسی لە مردن نەماوە، خۆپاراستن ستراتیژی سەرەکیو مانای سەرەکی بوونی نییە. ئەم شوناسە دەتوانێت لە پشت شوراو دیوارەکان بێتەدەریو جیهان بەماڵی خۆی بزانێت، بەڵام شوناسێکەی دی ئەو شوناسەیە کەلە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی مەرگدا خۆی دروست دەکات، پەیوەندیەکی پر ترسو شەرانگێزانەی بە دونیاوە هەیە، دونیا وەك گۆرەپانی شەڕی مانو نەمان سەیردەکات... لە راستیدا شوناسی کوردیو شوناسی ئیسلامیش لە جەوهەردا دوو شێوە شوناسن بە زەحمەت دەوێرن لەپشت خورافەتو ئەفسانەکانی خۆیان بێنەدەرەوە، بە ئەستەم دەوێرن واز لە بەرهەمهێنانی وێنەی دوژمن بهێنن.

ئەمجۆرە شوناسەی دووەم شوناسێکی فۆبیاییە، لە ململانێکانی ناو خۆی دەترسێت، بەر لە هەر شت دەنگە تازەکانی ناو خۆی کپدەکاتەوەو رەهەندە تازەکانی خۆی دەکوژێتو مندالە تازەکانی خۆی دەخوات. بە پێچەوانەی ئەو شێوە شوناسەی کولتوری پۆست مۆدێرن بەرهەمیدەهێنێت، کە شێوە شوناسێکە لە ململانێ ناوخۆکان ناترسێنێت، دەنگی کەمایەتییەکانی ناوخۆی ناخنکێنێت. بە گشتی جیاوازی نێوان شوناس لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی شوناسەکان لە خۆرئاوادا ریشەی سەرهەڵدانو گەشەیان بە عەقلانییەتێکی تەکنیکییەوە گرێدراوە کەلەسەر چەمکی گەشەو گۆران بەندە، شوناسەکانی خۆرهەڵاتیش ریشەیان لە دینو ئەفسانەو دەمارگیری ناسیۆنالیستیانەدایە.

پ/ دیارە کە پەیوەندی رووناکبیرو دەسەڵات لە دنیای نوێدا پەیوەندییەکە سکێچێکی تایبەت بە خۆی هەیە، روناکبیریی راستەقینە ئەوانەن کە هەرگیز لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بێدەنگ نابن، هەموو دەسەڵاتێکیش لە بنەڕەتدا بەردەوام بوونەوەرێکە لەهەوڵی کۆنترۆلکردنی رووناکبیران دایە ،لەگەڵ ئەمەشدا پێمان وانییە بکرێ بەبێ یەکترو دوور لەیەك بژین،

چۆن دەتوانین لەگەڵ دەسەلات بین و دژی دەسەلاتیش بیر بکەینەوە؟

پێموایە پەیوەندی نێوان رۆشنبیران و دەسەلات ئاشکرایە دەبێت چۆن بێت. پەیوەندییەکە دەبێت لەسەر نیفاقی سیاسی بونیاد نەنرابێت، من لەوەوبەر زۆر لەسەر ئەم تەوەرەیە قسەمکردووە، بەلام ئەمجارە لە روکارە تیۆرییەکەی دەگوزەرێم و تەنیا بایەخ بە رووە عەمەلییەکەی ئەم کێشەیە دەدەم. من پێموایە لە پەیوەندی رۆشنبیرو دەسەلاتدا هاوکێشەیەك هەیە کە دەبێت ئەمرۆ بکرێتە مەسەلەی سەرەکی. مەبەستم هاوکێشەی ((نان)) و ((ئازادییە)). هەر کاتێك تۆ نانت دا بە من بۆ ئەوەی بێدەنگی و عەقڵ و ویژدانم بکریت، بمکەیت بە برغوییەك لە ئامێرکی گەورەدا، بۆ ئەوەی بێدەنگیم بکریت، ناچارمبکەیت ستایشت بکەم ئیدی لێرەوە هەموو کارەساتەکان دەست پێدەکات، هەموو دیکتاتۆرو زاڵم و موستەبیدەکان یان لە کوشتنی نوسەر یان لە کرینی نوسەرەوە دەست پێدەکەن... ئەمەیە هاوکێشە جەهەنەمییەکە ((گۆرینەوەی نان بە ئازادی)). تا ئێستا ئەمە هاوکێشەی سەرەکییە. سەیرکە... لە واقیعی ئێمەدا رەخنە مردووە، ئەمە حەقیقەتێکی بەرچاوە کە هەمووما هەستی پێدەکەین. دیارە من مەبەستم لەو رەخنە قووڵەیە کە بە ستراکتوری دەسەلاتدا دەچێتە خوارێ، مەبەستم لە هەواڵێك نییە کە رۆژنامەیەك دەیبیستێت و بلاوی دەکاتەوە. رۆشنبیر کاتێك دەتوانێت پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ دەسەلاتدا

### ئەو لۆژیکەی هەڵە بجە و ئەنفالی دروستکرد هەر هەمان لۆژیك و عەقلییەت یازدەی سێپتێمبەری دروستکردوە

هەبێت کە دووکایەی گەورە لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبدا نەبێت، واتە دوو رووبەری سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئازاد بن: یەکەم میدیایەکی ئازاد ، دووەم فەزایەکی ئازاد. ئەم دوو فەزایە هیچیان لە کوردستاندا ئامادە نین. لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی نادیار لە رۆژنامەنووسان بەهۆی زۆر بێماناوە دراون بە دادگا، لە کاتێکدا لەناو ئەم بەحرە گەورەیەدا لە فەسادی ئیداری و سیاسی هەتا یەك سیاسی پلە سێ و چواریش نەدراوە بە دادگا. ئەمە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسییەتە یاخود مەهزەلەی کۆمەڵایەتییە؟ دیارە رۆشنبیرێك ستایشی ئەم جۆرە دەسەلاتە بکات، لەگەڵ عەقڵ و ویژدانی خۆیدا راستگۆ نییە. پێویست ناکات درۆ لەگەڵ

خۆماندا بکەین، رۆشنبیران ئەمرۆ سێ دەستەن، دەستەیەکیان رۆشنبیرن لە لابۆری دەسەڵاتدا دروستبوون، نوسەرو کارمەندی حیزبن، نوێنەری پلانو نەخشەو دەستێوەردانە راستەخۆکانی دەسەڵاتن لە ژیانی رۆحیو فیکری کۆمەڵگادا، ئەمانە لەسەری دەزگاکانو بنی دەزگاکاندا ئاشکراو نائاشکرا بڵاوبونەتەوە. لە دەرەوەی وڵاتو ناوەوەی وڵاتن، لە هەموو جێگایەکدا ئامادەن، سوودمەندی سەرەکیین، رۆژنامەو گۆڤارو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ئەمانە دەیانبەن بەرێوە. کێشەی سەرەکی ئەم نوخبەیە هەر ئەوەنییە کە هەموو هەستێکی رەخنەیی بەرابەر واقیعو مێژوو و دەسەڵات تیامردووە، بەڵکو کێشە گەورەکەی ئەوەیە کە بەدەگمەن رۆشنبیرێکی مامناوەندی لە ریزی ئەم نوخبەیەدا دەدۆزیتەوە، واتە گرفتەکە هەر ئەوە نییە کە ئەم نوخبەیە لە رووی وەزیفەو فنکسیۆنەوە ناتوانێت رۆشبیر بێت، بەڵکو ئەوەشە کە لە رووی بڕی زانیاریو جۆری زانیاریو توانای نوسینو داهێنانەوە، نوخبەیەکە لێوان لێوە لە کادیری نەخوێندەوار کە دەسەڵات بە زۆر بەسەر واقیعی رۆشنبیریدا سەپاندوونی. لە باشترین حاڵەتدا توانای رۆشنبیرانی ئەم نوخبەیەلەوە تێناپەرێت کە هەندێك

کۆمینتاری سیاسی رۆژنامەگەرانە لەسەر هەندێك کێشەی رۆژانە بنوسن، کە زۆرجار ئەوەش لە ئاستێکی هێند نزمدایە، مرۆڤ رۆحی دەردەچێت تا دەیخوێنێتەوە. دیارە دەکرا ئەم نوخبەیە بە جۆرێکی تر بێت، مۆراڵێکی تری هەبێتو هەڵوێستگیری تری هەبێت، چاوی کۆمەڵگا بێت لەناو حیزبدا، هۆشی رۆشنبیران بێت لە ناو سیاسەتدا، بەڵام ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی بۆی دەرخستین کە ئەم نوخبەیە نەوەك ئەوە ناکات، بەڵکو نوخبەیەکی سادییە هەرچیەك دەسەڵات بە پۆلیسو ئاسایش بۆیناکرێت ئەوان بە نوسینو پارە بۆی جێبەجێ دەکەن، بە سادیترین شێوەش پەلاماری هەموو دەنگێك دەدەن کە یارییەکەی ئەوان نەکات. ئەم نوخبەیە دەموچاوی رۆشنبیری کوردی شێواندووە، ویژدانو رۆحی سڕکردووە. ئەم نوخبەیە رۆڵێکی زۆر زۆر خراپی بینیوە لە رووی مێژووییشەوە بەرپرسە لە بچوکی رووبەری ئازادیو بەهیچ گرتنی فیکرو شێواندنی مانای داهێنان. ئەم نوخبەیە تا ئێستا هیچی لەسەر نەگوتراوە، رۆشنبیرانی کورد سنورێکی ئاشکرایان لە نێوان خۆیانو ئەمانەدا نەکێشاوە، هۆکەشی ئەوەیە ئەمانە ئەندازیاری راستەقینەی ئەو هاوکێشە جەهەنەمیەن کە تەحەکوم بە واقیعی ئێمەوە

دەکات، هاوکێشەی نان و ئازادی... بەداخەوە زۆر ڕۆشنبیریش هەن خۆیان خستۆتە ئەو جوغزەوە بەم زمانە قسەیان لەگەڵدا بکرێت، کە بنەما سەرەکیەکانی لەم مەبدەئانە دروستبووە: (( بێدەنگ بەو بژی)) ... (( پارەی خۆت وەرگرەو هیچ مەڵێ کەس تورە بکات)) ... (( تەکریمت هەکەین تۆش ناوبانگی نەیارەکانمان بزڕێنە)) ... ((گەر قسە بکەیت تا ئێستا چەندمان بۆ سەرفکردوویت کەشفی دەکەین)). ئازیزم بەداخەوە کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیر هەن ئەم قسانە قەبوڵدەکەن و هاوارناکەن و دەنگ بەرز ناکەنەوە. کۆمەڵێك قوتابی مامۆستایەکی نەخوێندەواریان بۆ دابنێ، ماندەگرن و ناچنە پۆلەوە، کەچی حیزبەکان ساڵەهای ساڵە دەیان خەڵکی نەخوێندەوار، دەیان پۆلیسیان بەسەر دەزگا ڕۆشنبیرییەکانەوە کردۆتە ڕەقیب و کەسیش قسە ناکات... ئەم نوخبەیە پتر (( پۆلیسی ڕۆشنبیری)) (( قۆمیسەری ئەدەب)) (( جەلادی فیکر))ین. ئەمانە واقیعێکیان دروستکردووە وای لێهاتووە ڕۆشنبیران مەعاشەکەی خۆشیان هەق دەستی نوسینەکەی خۆیان بە منەت وەردەگرن و لە بەرابەر ئیش و ڕەنجی خۆیاندا ئازاری ویژدان و ئەشکەنجەی دەروونی دەچنەوە... بۆ ئەوەی لە نێوان دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیردا دیالۆگێك دروستبێت دەبێت ئەم نوخبەیە وەلاخرێت، ئەم نوخبەیە بەر لە هەر شت زیانی گەورەی بۆ حیزب خۆی هەیە، زانیاری هەڵەو درۆ دەبات بۆ سەرانی حیزب، لەبەر مەبەستە شەخسییەکانی خۆی بە لێشاو دوژمن بۆ حیزب دروستدەکات، ئەمانە بواری ڕۆشنبیریان گۆڕیوە بۆ شوێنی گەمە مەزاجییەکانی خۆیان ... ئەوەی ئێستا پێویستمانە برێك جورئەتە بۆ وەلاوەنانی ئەم نوخبەیە کە ڕۆشنبیری کوردی لە بنەوەڕا هەڵتەکاندووە. پەیوەندی بە هەموو شتێکەوە هەیە ڕۆشنبیریی نەبێت، ئاگای لە هەموو شتێکە ڕۆشنبیریی نەبێت، خزمەتی هەموو شتێك دەکات ڕۆشنبیریی نەبێت.

گروپی دووەم: ئەو ڕۆشنبیرانەن کە دروستکراوی دەسەڵات نین، لە گیرفانی ئەوەوە نەهاتونەتە دەرەوە، بەرهەمی لابۆرو موختەبەرەکانی حیزب نین. بەڵام گروپێکن بێدەنگیان هەڵبژاردووە، هەموو شتێك دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە پێکدادان و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتدا بپارێزن. دونیا بسوتێت ئەوان شتێك ناڵێن، کێشە کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسییەکان بە کێشەی خۆیان نازانن. بە کورتی هەڵناستن بە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆشنبیر. ئەم بێدەنگییە لە ئاستێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو

قەناعەتەی کە نووسەرو رۆشنبیر کاریان تەنیا نوسینەو کێشە سیاسیی و کۆمەلایەتییەکان پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە،لە راستیدا ئەم بۆچوونە لە دوای سارتەرو نوسەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و هەلویستی بیریارە گەورەکانی پۆست مۆدێرنەش بۆتە بۆچونێکی بێمانای کلاسیکی کە پتر تەعبیر لە خۆ دزینەوەو بێهەلویستی دەکات، نەوەك تەعبیر لە هەلویستێکی وجودیو فیکری بکات. ئەم گروپە لە هەندێ خالدا کۆمەکێکی گەورەی نوخبەی یەکەم دەکەن، بێدەنگیان کردوونی بە شەریك لە یارییەکاندا.

گروپی سێهەمیش: بڕێکی زۆری ئەو رۆشنبیرو نوسەران کە هەلویستی رەخنەگرانەی خۆیان پاراستوە. داواکاری شەفافییەتن، داواکاری میدیای سەربەخۆن داواکاری ریفۆرمی قوولن لە ژیانی رۆشنبیریماندا. دەزانن ئەو شێوانەی بەسەر ژیانی رۆشنبیریی ئێمەدا هاتووە سیاسەت و نوێنەرانی سیاسەت رۆلێکی گرنگیان لە دروستکردنیدا هەیە. لە هۆو پاشخان و مانای ئەو یاریانە تێدەگەن کە پۆلیسەکانی بواری رۆشنبیریی ئەنجامیدەدەن، بەرابەر بەو پرۆسەی شێواندنە سیستماتیکییەی لە ژیانی کولتوریماندا بەگەرخراوە بەرگری لە ماناو جەوهەری ئیبداع دەکەن. دەزانن جەوهەری ژیانی رۆشنبیریی داهێنان و مەعریفەو کتێبە، نەوەك نووسینی کۆمینتاری سیاسی هەزیل کە ئەمرۆ تاکە هونەری چالاکی ناو رۆشنبیریی کوردییە، ئەم نوخبەیە نوخبەیەکی بچوکە، بەلام لە رووی ویژدانیی و ئەخلاقییەوە هەلگری مانای گەورەیە ... بەبێ ئەم نوخبەیە شتێکی فیکریی و ئەخلاقیی نامێنێت لە کۆمەلگای ئێمەدا مرۆڤ دلی پێی خۆش بێت.

بەرێزتان دەپرسن مرۆڤ چۆن لەگەل دەسەلاتدا بژیو دژی دەسەلاتیش بێت، لە راستیدا من پێموایە بنەما سروشتییەکانی ئیشکردن و پێکەوە ژیانی رۆشنبیرو دەسەلات لە ولاتی ئێمەدا لە هەرشوێنێکی تر ئاسانترو سادەترە، مەرجی یەکەمی ئەو بنەمایانە بریتییە لە چەسپاندنی مافی ژیان و مافی ئازادی بەیەکەوە. لە مرۆدا بەشی هەرە زۆری رۆشنبیرانی کورد لە ناوەوە بە حوکمی ناچاری، بە حوکمی ئەوەی دەبێت بژین لە دەزگاکانی میدیاو لەو رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنانەدا کاردەکەن،هیچ کەس ناتوانێت بەوانە بلێت ئێوە کار لەم دەزگاو هەیئەتانەدا مەکەن، ئەمە قسەیەکی بێ مانایە، چونکە ژیان و بژێوی ئەوان لەسەر ئەو کارەیە... بەلام ئەوەی بڕێکی زۆری ئەو نوسەرانە بە

حوكمی ئەم واقیعە لەوە كەوتوون دەنگی رەخنەگربن... راستەوخۆو ناراستەوخۆ حیزب بێدەنگیبەكی كوشندەی بەسەردا سەپاندوون. لەوە كەوتوون خاوەنی قسەیەك بن لەسەر ئەم كۆمەڵگایە، ئەوەی دەیڵێن هەرگیز لەو سنورە تێناپەڕێت كە حیزب قبووڵێتی. ئەو خەتە سوورانەی حیزب دایناوە هەمووی بە حەرفی رەچاو دەكەن.. ئەمەیان قبوڵناكرێت، من بەلامەوە گرنگ نییە تۆ لە كوێ ئیشدەكەیت، بەڵام وەك مرۆۋ بەلامەوە گرنگە ئەو نانەی وەریدەگریت بەرابەر ئازادیت نەبێت، ئەمەیان كێشەیەكی كۆمەڵایەتیو ئینسانیو ئەخلاقیو قانونیشە. ئەم ئەخلاقەی كە پێیوایە رۆشنبیر گەر لە دەزگایەكی دەوڵەتدا كاریكرد یاخود لە رۆژنامەیەكی حیزبی یان شوبهە حیزبیدا كاریكرد ئیتر دەبێت، ببێت بە بوق بۆ دەوڵەتو حیزبو مەعالی سەرۆك... ئەمە ئەخلاقێكە رۆشنبیران خۆیان دروستیان كردووە ...رۆشنبیر دەتوانێت لەگەڵ دەسەڵاتدا بژیو لەگەڵیدا كاربكاتو چاوەدێریشی بكاتو هەڵوێستیشی لێ وەرگرێت، بێئەوەی مەترسی لەسەر نانو كارو ژیانی بێت. دەبێت یاسا هەبێت ئەمە بسەلمێنێت، دەبێت سەندیكاو رێكخراو هەبن كاریان بەتەنیا پاراستنی ئەو مافانە بێت، نەوەك سەندیكاو كۆمەڵەو یەكێتی درۆزنانە بنو تەنیا بۆ دیكۆر دروستكرابن، وەك ئەو سەندیكاو یەكێتیە كاریكاتێرانەی ئەمڕۆ لە كوردستاندا هەن. بەبێ ریفۆرمێكی قووڵ لەم بوارەدا، بەبێ خەباتێكی راستەقینە بۆ سەلماندنی ئەو مافانە پێكەوە ژیانێكی تەندروستو خوڵقێنەر لە نێوان رۆشنبیرو دەسەڵاتدا نامومكینە. بەبێ ئەمە پەیوەندی سیاسیو رۆشنبیر وەك پەیوەندی ئاغاو خزمەتكاری لێدێت. ئەمڕۆ ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەكی شێواوە، پەیوەندیەكە لەسەر دەوڵەمەندكردنی هەندێك لە نوسەران بە پارەو فەقیركردنی رۆشنبیریی كوردی لە رووی مەعریفیەوە دروستبوە، دەزگای رۆشنبیریی هەیە سەدان هەزار دۆلار بودجەی ساڵانەیەتی، بەڵام بە جۆرێكی سیستماتیكی ئیش بۆ بڵاوكردنەوەی جەهل دەكات. هەموو كۆمەكێكی مادی بۆ هونەرمەندانو نوسەران گەر لەگەڵیدا رووبەری ئازادییەكان فراوان نەكرێت، گەر لەگەڵیدا رووبەری حەرامو قەدەغەكان بچوك نەكرێنەوە، تەنیا شوێنی گومان نییە بەڵكو ترسناكە. دڵنیام نوسەرانی ناوەوە لە من باشتر دەتوانن قسە لەسەر ئەو شێواندنە بكەن، بەڵام دڵنیاشم بەردەوامی ئەو پەیوەندییە بەمجۆرە بەبێ هیچ ریفۆرمێكی

رادیکال، لەسەر واقیعی ئێمە کوشندە دەکەوێتەوە.

دوا تێبینیم ئەوەیە کە وامەزانە من دژی پەیوەندی سیاسی و رۆشنبیرم، زۆرجار ئەم ئیتیهامە لێرەو لەوێ دەبیستم کە زۆر دوورە لە راستییەوە. بە پێچەوانەوە من لەگەڵ پەیوەندییەکی ئاشکراو کراوەدام. دیارە منیش دەزانم لە ئاستی کورت خایەنو لە مەودای نزیکدا سیاسی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەڵام لەسەر ئاستی ستراتیژیی و مێژوویيدا رۆڵی رۆشنبیر چەندەها جار گرنگترو پر بایەخترە، مێژوو هەزاران پاشاو وەزیرو سیاسەتمەدار لەبیر دەکات بەڵام هەرگیز ناتوانێت نوسەرێکی گەورە لەبیربکات. ئیمرۆ هەڵاوسانێکی ترسناك و نەخۆشانە لە هەڵسەنگاندنی رۆڵی سیاسەتدا هەیە، ئەو تاوانەی بەهەقی نوسەرێکی گەورە دەکرێت. بەقەد ئەو تاوانە گەورانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەکرێن ویژدانی مرۆڤایەتی دەوروژێنێت. قورسایی کوشتنی لۆرکا لەسەر ویژدانو خەیاڵی مرۆڤایەتی لە تاوانی هێرۆشیما کەمتر نییە. بەڵام ئەمرۆ لای ئێمە پشتگۆێ خستنێکی بێماناو ترسناك لە رۆڵی رۆشنبیرییدا هەیە، سووککردنێکی گەورەی رۆڵی فیکرو داهێنان هەیە. ئەمرۆ حیزبەکان بە جۆرێکی زۆر کۆمیدی تەکریمی رۆشنبیر دەکەن، بەوەی دەیگۆڕن بۆ سیاسی، بۆ فەرمانبەری دەوڵەت، بۆ بەرپرسی دەزگا، بۆ موەزەفی بەرز، لە راستیدا نرخی ئەم تەکریمانەو کاریگەریان لەسەر رۆشنبیریی ئێمە زۆر سنوردارە... تەکریمی رۆشنبیریی یەکەم بە گەورەبوونی رووبەری ئازادییەکانە. دووەم بە دابینکردنی کەناڵی پێگەیشتنی ئازادە لە نێوان رۆشنبیرو خەڵکدا. سێهەم : دەستهەڵگرتنی حیزبە لە دەستێوەردانی بەردەوام لە ژیانی رۆشنبیریی و فیکرییدا... بەبێ ئەمانە هەموو کۆمەك و پشتگیرییەك پوچ و بێسوودە.

پ/ ئەگەر رەخنەی دوای نوێگەریی لە نوێگەریی بە پەراوێزکردنی کەلێنە رۆحییەکان بێت، چی بکەین تابتوانین نوێگەریی بکەین بە توخمێك بۆ ئەوەی بتوانێ تێکەڵاوکردنی سەرجەم ئاستەکانی وشیاریی بگەڕێنێتەوە؟

پرۆسەی رووبەرووبونەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیدا لەگەڵ سێبەرو تارماییە کوژاوەکانی ناوخۆیدا، لەگەڵ دەنگە خنکێنراوەکانی ناو خۆیدالەگەڵ ئەو رووبەرانەدا کە کوژراون دەبێ زیندووبکرێنەوە، لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا کە تا ئێستا توڕدراونەتە دەرەوەی بیرکردنەوەو بیریان لێ ناکرێتەوە،

پرۆسەیەکی مێژوویی حەتمییە... بەرای من گرنگ نییە تۆ ئەم پرۆسە مێژووییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناودەنێیت چی ... ناوی دەنێیت مۆدێرنە یاخود پۆست مۆدێرنە... ئەمەیان گرنگ نییە... ئەوە گرنگە دواجار ئێمە مێژوویەکمان هەیە نایەوێت بخوێنرێتەوەو لە موکاشەفەکردنی خودی خۆی رادەکات ... سیاسەتێکمان هەیە نایەوێت تەماشای گرفتە کوشندەکانی خۆی بکاتو رابردووی خۆی بخوێنێتەوەو میکانیزمەکانی ئیشکردنی خۆی تێبگات... حیزبێکمان هەیە تا بینە قاقای لە خێڵەکییەتو دەمارگیریو نوخبەگەریدا نوقمەو قسەش لە دیموکراسیەتو تازەگەری دەکاتو دەیەوێت بە هەندێك مەکیاجی دیموکراسی جەوهەرە پەتریاکییەکەی ناو خۆی بشارێتەوە... راگەیاندنێکی حیزبیمان هەیە، بەشێکی گرنگی سەروەتی ئەم کۆمەڵگایە بۆخۆیو کادیرەکانی دەباتو جگە لەوەی کە دەسەڵات بەرهەمدەهێنێتەوەو سەلەفیەتو تەقلیدییەت بەهێز دەکات، هیچی تر نابەخشێتە کۆمەڵگا... رۆژنامەی شوبهە حیزبیمان هەیە کە ئیشیان دروست کردنی وەهمی ئازادییە، بێ ئەوەی جیاوازییەکیان لەگەڵ رۆژنامە حیزبییەکاندا هەبێت، بوون بە کەرەستەی کۆنترۆڵی ناراستەوخۆی حیزب بۆ تەواوی کۆمەڵگا، کەرەستەی ئاراستە کردنی مەنتالیتەیتی گشتی بەلایەکداو لەبیرکردنی لایەنەکانی دی ... رۆژنامەی ئەهلیمان هەیە کە سەربەخۆنو سەد دەرسەدیش سەربەخۆن، بەڵام عەقڵییەتی کادیرەکانی ناویو سروشتی ئیشکردنیانو جیهانبینیان جیاوازییەکی لەگەڵ عەقڵیەتە حیزبییەکاندا نییە، بەهەمان ئەندازە لە مەعریفەت دەترسن، بەهەمان ئەندازە چەقیون لە سیاسەتێکی رۆژانەی بێ رەهەندو بێ قووڵاییدا، توانای گۆڕانو گەشەیان نییە... توێژە کۆمەڵایەتیەکانمان نوێنەری راستەقینەو قسەکەری خۆیان نییە... هێزی تازە لە ئاسۆکاندا دیار نینو چەندەها ساڵە یەك دوو گروپی چکۆلانە هەموو کۆمەڵگا بۆ حیسابی خۆیان تالان دەکەن.

لە دونیایەکی وادا قسەکردن لە گێڕانەوەی هەموو ئاستەکانی هۆشیاری ئەستەمە. من حەزدەکەم راشکاوانە پێت بڵێم: هیچ شتێك لە تیۆریزەکردنی کۆمەڵگایەکی بێدەنگ قورستر نییە. لە کۆمەڵگایەکدا کولتوری بیرکردنەوە تیایدا لاوازە هەموو شوناسەکان، هەموو کێشەکان هەموو ئەو هێزانەی ئەگەری هۆشیاری ئەلتەرناتیڤیان پێیە بێدەنگو بێتێزەو بێ نوێنەری رۆشنبیریی و فیکریین، قسە لە

زیندوکردنەوەی هۆشیاری دەبێتە جۆرە خوارفەتێکی گەورە کە تەنیا هەندێك رۆشنبیر خەونی پێوە دەبینن. ئێمە کۆمەڵگایەکی کیسەڵین لە بیرکردنەوەدا، لە کیسەڵیش خاوترین لە وەرگرتنی دەرەنجامەکانی بیرکردنەوەو پێوانەکردنی دەرەنجامەکانیدا. لە جۆرە کۆمەڵگایەکی وادا ناونانەکان گرنگ نین، ناونانەکان تەنیا هاوکارییەکی تیۆریین بۆ شتێکی گرنگترو عەمەلیتر. گرنگ پرۆسەی بینین و بەگەڕکەوتنی ئامێری راڤەکردن و خوێندنەوەیە، ئیدی تۆ ئەمە ناودەنێیت مۆدێرنە یان پۆست مۆدێرنە، یان تازەگەری گرنگ نییە، کە پرۆسەکە هەبوو مرۆڤ دەتوانێت دواتر لەسەر ناونانەکان رێکبکەوێت، ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستمان بە دوورکەوتنەوە لە تەمسیلکردن هەیە، هەموومان پێویستمان بە بیرکردنەوەی راستەقینە هەیە، بیرکردنەوەیەك نەکەوێتە خانی تەمسیلەوە. تا فێرنەبین بە دەنگی بەرز بیربکەینەوە ناتوانین قسە لە هۆشیاری بکەین... بەڵام لە ئێستا من وا هەستدەکەم خەڵکانی رۆشنبیر مەحکومن بەوەی لە زیندانی هۆشیاریی خۆیاندا بژین... ئاخۆ ئەم هۆشیارییە چ جۆرە پەرچەکردارێك لە ئاستی کۆمەلایەتی و مێژوویدا دروستدەکات نازانم... بەڵام ئەوەی لەم ساتەدا باوەرمان وابێت کە فیکرێك هەیە بتوانێت سەرجەمی ئاستە (( غائیبەکانی)) هۆشیاری کۆبکاتەوە، من بەرابەر جۆرە خەونێکی وا نائومێدم.

پ/یەکێ لە کێشە هەنووکەییەکانی حیزب لە خۆرهەلاتدا بیرنەکردنەوەیە لە شوناسی خۆی یان تێکەلاوکردنی دروشم و سلۆگانی جیاجیایە لەیەککاتدا بەدەرەوەی خۆی دەڵێ عەلمانیم و لەجەوهەریشدا لە حیزبی دینی دینیترە، دژی دەسەلاتی سیاسیی ئایینییە بەلام لەهەمانکاتدا لەگەڵ دەستورێکی ئاوێتە لەگەڵ دەقەکانی دینە، ئەم رەخنەیە هەمان رەخنەی بیرمەندی فەرەنسی ژاك دیریدایە لە دەوڵەتی فەرەنسا وەختێ دەڵێ پێشەنگی دەوڵەتانی عەلمانییە بەلام لە بەرامبەر مارەبڕینی ناو کلێسا بێدەنگە، ئەم ئیزدیواجییەتە سەرلێشێواوانەیە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

پێموایە من لە جێگای دیکەدا وەلامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە. رەنگە زاراوەی ((کۆلاژی ئایدۆلۆژی)) کە هەندێك جار لێرەوە لەوێ بەکاریدەهێنم، هەڵگری بەشێکی ئەو وەلامە بێت. بەلام لە راستیدا زاراوەی کۆلاژی ئایدۆلۆژی دەتوانێت تەنیا

هەندێك لایەنی ئەو ئیزدواجیەتە لە رووی تیۆرییەوە روونبکاتەوە، هەندێك لایەن و رۆکاری تر لەم ئیزدیواجییەتەدا هەن کە پەیوەندیان بە کۆمەڵێك رەهەندی ترەوە هەیە. لەوانە سەرەکیترین هۆکاری ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان دەیانەوێت خۆیان مۆدێرن نیشانبدەن بێئەوەی باجی مۆدێرنە بدەن. هەوڵی سەرەکی ئەم حیزبانە ئەوەیە کە بێ هیچ گۆڕانکارییەك لە ستراکتۆر، عەقڵییەت، شێوازی ئیشکردندا ببنە حیزبی مۆدێرن. دەیانەوێت نوێنەری مەلاکان بن کاتێك بەرگری لە روکنەکانی دین و ئەخلاق و حەیاو حورمەت دەکەن، دەشیانەوێت نوێنەری ئافرەت و گەنج بن کە باس لە ئازادی و گۆڕان و کرانەوە دەکەن. دەیانەوێت نوێنەری ئەوە کۆنەکان و نرخ و ئەخلاقیاتیان بن دەشیانەوێت نوێنەری ئەوە تازەکان بن، دەیانەوێت نوێنەری قازی و حاکمەکان بن و نوێنەری ئەوانەش بن کە یاسا و دەسەڵات وەك پەردە بۆ پێشێلکردنی هەموو یاسا و نرخێك بەکاردەهێنن. لە هەموو توێژو تاقمە کۆمەڵایەتیەکانیشدا خەڵکانێك هەن ئەم گەمەیە لەگەڵ حیزبدا دەکەن. لە ریزی ئافرەتاندا ئافرەت هەیە ئەم یارییە لەگەڵ حیزبدا دەکات و دەڵێت (( سەرۆك دەیەوێت ئافرەتان ئازاد بکات)) رۆشنبیران هەن بەهەمان شێوە هەمان گەمە دەکەن و دەڵێن ((حیزب لانکەی مەعریفەتەو کادیرەکانی رۆشنبیری کوردی پێشدەخەن)). حیزب خۆی هەست بەو ئیزدواجییەتە ناکات، ئەو خۆی وەك خودایەك دەبینێت کە هەمووومان لە ژێر باڵی خۆیدا کۆدەکاتەوە... نوێنەری هەموومانە، نوێنەری هەر شتێکە لە ژێر ئاسمانی شیندا هەناسە بدات. ئەو نوێنەری جەلادو قوربانییەکانیشە.. نوێنەری دوێنێیەو نوێنەری سبەینێش... ئێمە ئەمە بە ئیزدواجییەت تێدەگەین، بەڵام ئەمە لای حیزب ئەو خەونە ئیلاهییەیە کە لە نائاگایی سیاسییەکاندا خەوتووە. ئەوان خەو بەوەوە دەبینن کە ئەو هێزە پڕ قودرەتەی بن کە نوێنەری هەموومان بن. ئەم خواستە درێژکراوەو پاشماوەی حیزبە تۆتالیتارییەکانە... بیرت نەچێت کە حیزبە کوردییەکان هەموویان لە مۆدیلی حیزبی تۆتالیتارەوە هاتوون، هێشتا بچوکترین هەوڵیش نەدراوە لەم کولتووره پاکببنەوە، نەوەك هەر ئەوە قسەکردنی راستەوخۆ لەسەر ئەو رەهەندە ترسناکەی رێکخستنی حیزبی لەلای پارتی و یەکێتی بەخۆیەوە دەبینێت لە بابەتە حەرامە گەورەکانە کە کەس ناوێرێت خۆی لێ بدات ... ئەم ئیزدواجییەتە نمایشێکە لە نمایشە سەرەکییەکانی قودرەت... وەك چۆن حیزب

هەندێکجار بەوە قودرەتی خۆی نیشاندەدات کەوا نیشاندەدا دەتوانێت بە پارە هەمووومان بکڕیت... ئەم جۆرە ئیزدواجییەتەش نمایشێکی تری قودرەتە لە ڕێگایەوە حیزب خۆی وەك چەترێکی گەورەترو بالاتر لە تەواوی کۆمەڵگا نیشاندەدات.

پ/ جیهانی ئەمڕۆ لەدوای ۱۱ ی سێپتێمبەرەوە جیهانێکی ئاڵۆزەو کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامی دڵنیاکەرەوە لەخۆ دەگرێ، لە دوای ئەم ڕووداوە دەشێ کۆمەڵێك دەروازە بکرێنەوەو کۆمەڵێکیش بەرێوەبن بۆ داخران، بە کورتی تەواوی مرۆڤایەتی بێ جیاوازیی خستۆتە بەردەم چەند ئەگەرێك کە ناکرێ تەنها بە وەڵامێکی کورت قسەی لەسەر بکرێت، بیرمەندانیش هەریەکەو بەقەد خۆی لەم مەسەلەیەدا دوواون بەڵام ڕووناکبیریی کورد زۆر بەدەگمەن توانیویەتی وەکو هەیە قسەی خۆی لەسەر بکات، ئایا لەلای تۆ هەندێ لەو پرسیارە لەئارایانەی ئەمڕۆ و چەند ئاماژەیەکی کورت بۆ وەڵامەکان هەیە؟

من پێموایە سەرەکیترین و گرنگترین گۆڕانێك لە دوای یازدەی سێپتەمبەر روویدابێت گەڕانەوەی کۆمەڵێك تەوەری فیکرییە بۆ ناو باس و خواسە فیکریی و سیاسییەکان کە پێشتر ئەو قورساییەیان نەبوو. لە هەموویان گرنگتر گەڕانەوەی بەهێزی دینە بۆسەر سەحنەی سیاسەتی جیهانی، تێڕامانە لە پەیوەندی نێوان ((کولتور)) و ((توندوتیژی)). ((گلۆبالیزەبوونی هەوڵەکانی دیموکراسییەت)) ((گلۆبالیزەبوونی تیرۆر)) ((مۆدێرنەو ئاسۆ کۆمەڵایەتییەکانی)) ((تۆلێرانس و پێکەوە ژیان)). من پێموانییە یازدەی سێپتەمبەر جۆرە دابڕانێکی مەعریفی بێت. ئەو بابەتانەی یازدەی سێپتەمبەر هێنای پێش یازدەی سێپتەمبەریش هەر شوێنی گفتوگۆو مشتومڕ بوون، کۆمەڵێك کێشە بوون پێش یازدەی سێپتەمبەریش ئێمە لەگەڵیاندا دەرگیربوووین، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتنە پێش ئەم مەسەلانەی تۆختر کردەوە. ئەمجۆرە تەوەرانە کەمتازۆر پەیوەندی توندیان بە دونیای ئێمەوە هەیە. بەشێك لەم بابەتانە پێش یازدەی سێپتەمبەر لە دونیای ئێمەدا بابەت بوون... ڕۆڵی دین لە سیاسەتدا، ریشە کولتورییەکانی توندوتیژی، بابەتگەلێك بوون پێشتر من کارم لەسەر کردوون. بەڵام ئەم گرفتە لە واقیعی کوردیدا لە روانگەی یازدەی سێپتەمبەرەوە تەماشاناکرێت، یازدەی سێپتەمبەر وەك ڕووداو خۆی

چوارچێوەیەکی تیۆریمان پێشکەش ناکات. خـــۆت دەزانـــێت پێشـــەنگی یـــازدەی سێپتەمبەر لەلای ئێمەوە دەست پێدەکات . من پێموایە ئەو لۆژیکەی هەڵەبجەو ئەنفالی دروستکرد هەر هەمان لۆژیك و عەقلییەت یـازدەی سـێپتێمبەری دروسـتکردوە. بـۆ ئـەوەی لـە یـازدەی سـێپتێمبەر تێـبگەین پێویسـتیمان بەوەیـە: لـە رۆڵـی دیـن لـە کـۆمەڵگا خۆرهەڵاتییـەکاندا تێـبگەین. لـە ناســیۆنالیزمی عەرەبــی تێــبگەین، لــە ریشـەکانی توندوتیژیی لە وڵاتانی ئێمەدا، لە رەتکردنەوەی تازەگەریی، لە ستراکتۆری عەقڵی سەلەفی و میکانیزمەکانی تێبگەین، مەرگدۆستی نێو ئەم کولتورە بخەینە ژێر پرسـیارەوە.. هەمـوو ئـەم تەوەرانـە پـێش یانزەی سێپتێمبەرو دوای ئەویش شوێنی تێرامانـی مـن بـوون ...یازدەی سێپتێمبەر کوڕی مێژووی خۆرهەڵاتە، منداڵی ناو خانە نهێنـی و شـاردراوەکانی ئـەم کولـتوورەیە، لـەناو سیستمی رۆحـی و پەروەردەیـی ئـەم رژێمانــەوە هاتــۆتە دەرێ، دەرکەوتەیەکـی گلۆبالیـزەبووی ئـەم عەقلییـەتە سیاسییەیە کە لە دونیای ئێمەدا باڵادەستە. قسەکردن لەسـەر ئـەم کلـتورە قسەکردنیشـە لەسـەر ریشـــەکانی تـــیرۆرو رۆحـــی تـــیرۆر. بـــە پێچـــەوانەوە پـــێموایە قســـەکردن لەســـەر یانزەی سێپتێمبەر لە خۆرئاوا هەندێجار رەهەندێکـــــی زۆر لاواز وەردەگـــــرێت. لەقسـەکردن لـە هەنـدێ عمومیاتـی ئیسـلامدا دەست پێدەکات و لەویاشدا کۆتایی دێت، یاخـود زۆربـەی وەخـت دەبێـتە چیرۆکێکی مێژوویـی دەربـارەی ئەزموونـی ئەفغانـی و حیکایەتـــی ســـەرهەڵدانی ئیســـلامی سیاسیی و لەوە قووڵتر ناڕوات. کارەساتەکە ئەوەیە خۆرئاوا لە خوێندنەوەی ستراکتۆری خۆیدا زۆر وردە، بەڵام لە ئاست تێگەیشتن لە وردەکارییە قووڵەکانی ناو دونیای ئێمەدا هەمان پرۆسە لەگۆڕێ نییە. بە رای من مرۆڤ لـــە خـــۆرهەڵاتەوە باشـــتر لـــە یانـــزەی ســـێپتێمبەرو گۆڕانکارییەکانـــی ئەمـــڕۆی جیهان تێدەگات، نەوەك لە خۆرئاوا.

پ/ دەوڵەتی نەتەوەییمان نییە، پڕۆژەیەکی جیددیشـمان نـیـیە بـۆ سـەربەخۆبوونی کوردسـتان، بـەڵام جوڵەیەکـی سیاسـیی کوردیی هەیە ، ئاکتیڤە، گوتارو ئاخێوی ئەم جوڵە سیاسییە کوردییە کە لە باشوری کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە ئەگەر لەگەڵ خـــەون و خولـــیای جەماوەریشـــەوە یەکنەگرێتەوە ئومێدبەخشترین تروسکایی کوردە بەهەموو ئەو کەم وکوڕیانەشەوە کە هەیـە، لـەم ساتەوەختەشـدا کـە عێراقێکـی نوێ پێکهاتووە ، ئەوەی ئەم جوڵە سیاسییە داوای کردبێت خەریکە بەرجەستە ئەبێت، پێتوانییە کاتی ئەوە هاتبێت کە قەڵەمی

کوردیی ئاراستەیەکی تری کارکردن وەربگریٚ ؟

نازانم مەبەستت چییە لەوەی کە دەڵێیت رۆشنبیری کورد، ئاراستەیەکی تر وەربگرێت. زۆربەی رۆشنبیرانی کورد راستەوخۆو ناراستەوخۆ هەمان ئەو شتانە دەڵێنەوەو هەمان ئەو فەرمانانە جێبەجێدەکەن کە سیاسییەکان رایانگەیاندووە، ئەگەر مەبەستت ئەوەیە ئەو دەنگە رەخنەییانەی کە هەن، ئەوانیش بڵێن ئێستا دۆخی کورد باشەو ئەمە دابەزینی فیردەوسە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەویو ئیدی رەخنە بۆ هەبێت، ئیدی چ کارمان بە گوتارێکی ناڕازییە دەرهەق بە دونیا، ئەوەتا هەموومان ئاسودەین ئیدی بۆ گوتارێك هەبێت ویژدانمان ناڕەحەت بکات؟ ئەگەر پرسیارەکەی بەرێزتان بەو مانایە بێت ئەمەیان پێشکەشکردنی کۆمەکێکی هەرزانە بە مردنی دیموکراسییەت، کوژاندنەوەی ئەو مۆمە بچوکانەی هۆشیارییە کە بۆ داهاتوو پێویستیمان پێیانە، دروستکردنی مێگەلٚو کۆمەڵگای گاڕانە...ئەو رۆژەی رۆشنبیر دەبێتە هاریکارێکی بێدەنگی سیاسییەکان، ئەوە رۆژی یەکەمی لەدایکبوونی مێگەڵیشە.

رۆڵی رەخنە ناکۆتایە، رەخنە شتێك نییە تایبەت بێت بە سەردەمێك یان بە قەیرانێك یان بە دۆخێکی دیاریکراو، شتێکی سەیرو عەجیبە وا تێبگەین گەر ئێمە هەندیٚ دەستکەوتمان بەدەستهێنا ئیدی رەخنەو تێڕوانینی رەخنەیی دەبێت تەواو ببێت، وەکو ئەوەی ئەو میللەتانەی دەوڵەتی نەتەوەییان دروستکردووەو بونیادی سیاسییو شارستانی گەورەیان بونیادناوە وازیان لە رەخنە هێنا بێت...دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە باوەڕم بەوە نییە کە لەقۆناغی داهاتوودا، هۆشیاریی رەخنەگرانە، بەرخوردی مەعریفی لەگەلٚ کێشەکاندا دەبێت جۆرێکی تر بێت، ئێمە لەم ماوەیەدا هەندێك دەسکەوتمان بەدەستهێناوە،ئەم دەستکەوتانە بە پلەی یەکەم بەرەنجامێکی راستەوخۆی سروشتی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو عێراقن. بە پلەی دووەم بەرهەمی هێوربوونەوەی گریٚوگۆڵەکانی شەڕی ناوخۆیە لە نێوان پارتیو یەکێتیدا، کە ئەمەیان پرۆسەیەکی گرنگو مێژوویییە بۆ ئێمە، ئێمە دەبێت بزانین ناکۆکیی ئەم دوو حیزبە دواجار بەسەر خوێنو ئێسقانی مرۆڤی کوردا دەڕواتو ئاشتیشیان بە بەهێزبوونی شوێنی کورد لەهەموو هاوکێشە سیاسییەکاندا تەواو دەبێت، پاککردنەوەی کۆمەڵگای ئێمە لە گرێکانی شەڕی ناوخۆ، لەو دابەشبوونە قووڵەی ئەم شەڕە

دروستیکرد ئیشێکی گرنگی ئەم قۆناغەیە.
من پێموایە رۆشنبیری کورد دەبێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پاککردنەوەی کۆمەڵگای ئێمەدا لەو گرفتانە، بەلاّم بەداخەوە شتێکی لەمجۆرە نابینین..دەبایە ئێمە ئێستا چەندەها هەیئەت و دەزگای مەدەنیمان هەبایە کە کاریان لەسەر سڕینەوەی ئاسەواری دەرونی وکۆمەلاّیەتییەکانی شەڕی ناوخۆ بکردبایە، دەبایە دەیەها لیژنەمان بۆ سڕینەوەی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر دۆخی سیاسیی و قانونی هەبایە..ئیشیان لەسەر ئەوە بکردایە ئەو شەڕانگێزییە ترسناکەی لە دەرونی پارتی و یەکێتیدا خەوتووە، دوای ئاشتبوونەوەیان نەگەڕێتەوە و ئاراستەی هێزە کۆمەلاّیەتییە بچوکەکان بکرێت، لەڕاستیدا بەبیّ پرۆسەی تیمارکردنێکی سەرتاسەری، بەبیّ دارشتنی جۆرە پەروەردەیەکی سیاسی نویّ کە ئەو ئاسەوارانە لە ناوەوە بسڕێتەوە ئەم ئاشتییە ئاشتییەکی لاوازو بیّ قووڵاییە. بۆ ئەمە روونادات؟..بۆ ئێمە نامانەوێت ئەم رابردووە لە ریشەوە چارەسەر بکەین؟..ئاشکرایە سیاسییەکان وا تێدەگەن هەموو جۆرە پرۆسەیەکی تەوافوقی کۆمەلاّیەتی لەسەر مێزەکانی ئەوانەوە دەست پێدەکات و لەسەر مێزەکانی ئەوان کۆتاییدێت. پێیانوایە وەك چۆن شەڕ لە ژوورەکانی ئەوانەوە دەستیپێکرد هەر لە ژوورەکانی ئەواندا تەواو دەبێت..ئەمە ئەو هەڵەیەیە کە رۆشنبیرانیش لەگەڵ سیاسییەکاندا دووبارەیدەکەنەوە. ئەمە ئەو شوێنگە خورافیی و ئەفسانەییەیە کە سیاسییەکان بەخشیویانەتە خۆیان و بە ئیفلیجکردنی تەواوی کۆمەڵگا تەواو بووەو پڕیشە لە مینی ترسناك کە هەر ساتێك بێت دەشیّ دیسانەوە بەهەمووماندا بتەقێتەوە.
ئەم گۆڕانکارییانەی دوایی و بەهێزبوونی مەوقیعییەتی کورد لە دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا ئەم شوێنگە ئەفسانەییەی سیاسییەکانی بەهێزتر کردووە. دەبێت بزانین ئەوەی لەم گۆڕانکارییانەی دواییدا هاتۆتە دی"هەستکردنە بە هێز" ئێمە وا هەستدەکەین لەجاران بەهێزترین.
هەستکردن بە هێز بەبیّ قووڵبوونەوەی هەست بە عەدالەت، بەبیّ گەڕانەوەی بەردەوام بۆ بەشداریکردنی قاعیدەیەکی بەرفراوانی خەڵك لەدروستکردنی بڕیاردا، بە پتەوبوونی دەسەلاّتێکی نوخبەوی کۆتایی پێدێت کە مەترسی کوشندەی لەسەر مانا راستەقینەکانی دیموکراسییەت و ئازادی هەیە. دیارە هەستکردن بە هێز بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی وەك ئێمە زۆر گرنگە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانی ئیرادەگەرییەی ئێمە

بە درێژایی مێژوو تێیدا ژیاوین، ئەمڕۆ ئیرادەی کوردی کەمتا زۆر دەجوڵێت و ئەمەش شتێکی پۆزەتیڤە. بەڵام لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، لەئاستی ناوخۆی خۆماندا مەترسییەکان هێشتا زۆر گەورەن.. گەورەترن لەوەی خورافەت و درۆ و دەلەسەی وەها بڵاو بکەینەوە کە هەموو شتێك باشەو پێویستە ئیدی بێدەنگ بین.. ئەم ئیرادەیە لە ئاستی نەتەوەییدا مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هێزو داردەستی نوخبەیەك کە رۆژ دوای رۆژ ئەم هێزو دەستکەوتانە بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی یەکجەمسەری خۆی بەکاربهێنێت. مەترسییەکە لەوە دایە کە هەڵوێست و دەستکەوتە نەتەوەییەکان لەسەر حیسابی دەستکەوت و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بێت، وەك لە تورکیای ئەتاتورك و میسری عەبدولناسرو عێراقی سەدامدا روویاندا. ئەو دۆخەی ئەمڕۆ کە ئێمە لەجاران زیاتر خاوەنی هێزین، شوێنگەمان لە جاران لەسیاسەتی ناوچەکەدا بەهێزترە، مانای ئەوە نییە رۆشنبیران قەڵەمی خۆیان فڕێبدەن، ئەم دۆخە نوخبەیەکی لەکوردستاندا دروستکردووە کە هەموو هێزەکانی لە چنگی خۆیدا کۆکردۆتەوە، نوخبەیەك هەمووومان وەك کاڵا مامەڵە دەکات، تا راددەیەك نرخی لەسەر هەمو شتێك داناوەو پێشیوایە دەتوانێت هەمووومان بکڕێت. بێدەنگی لەم ساتەداو مەستبوون بە دەسەڵات مەترسییەکی گەورەیان لەسەر پاشەڕۆژی کورد هەیە، چ وەك نەتەوەو چ وەك کۆمەڵگا.

لە ئێستادا رۆشنبیران دەیەها وەزیفەی کۆمەڵایەتی گرنگیان هەیە لەسەرووی هەموویانەوە ئیشکردنە بۆ ئامادەکردنی پارتی و یەکێتیی بۆ پێکەوەژیان، بۆ کەمکردنەوەی ئەم قودرەتە لەرادەبەدەرەی کە لە چنگی هەندێ ناوەندی سیاسییدا کۆبۆتەوە، بۆ رزگارکردنی دەزگا رۆشنبیرییەکان لە ویسایەتی سیاسەت، بۆ پاککردنەوەی ژیانی رۆشنبیریمان لەو کاراکتەرە کاریکاتێریانەی حیزبەکان کردویانن بە وەسی بەسەر ژیانی فیکریی و ئەدەبیمانەوە، بۆ بەرگرتن لە گۆڕانی پەرلەمان بۆ دەزگایەکی ئیفلیج و کۆمیدی وەك لە دوازدە ساڵی رابردوودا، بۆ پشتگیریکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ئازادەکان. دیارە من دەزانم ئەمانە چەند سەختن... چونکە ئەمە تەنیا لە رێگەی نوسینی وتارەوە ناکرێت، بەڵکو لە رێگای ئیشێکی مەیدانی دوورو درێژەوە دەکرێت، هاوڕێ بە کۆمەك و کرانەوەیەکی گەورەوە لەلایەن حیزبەکان خۆیانەوە. بەڵام

حیزبەکانی ئێمە فێرنەبوون کۆمەڵگا ئیش لەسەر ئەوان بکات، بە پێچەوانەوە وا فێربوون هەردەبێت ئەوان کار لەسەر کۆمەڵگا بکەن. ئەوەی حیزب دەترسێنێت ئەوەیە کە گوتارێکی فیکریی هەبێت وەك نەخۆش مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لێرەوە بەردەوام ئەمجۆرە هەستانە بەرهەمدەهێنێت کە هەموو شتێك باشەو هیچ کێشەیەك لە گۆڕێ نییە، بە رای من لە سیاسەتدا هیچ شتێك لە ستایش کوشندەتر نییە، رۆژێك لە رۆژان سەدام حوسێن هێز بوو بۆ عەرەبەکان، زۆریان هیوایەکی گەورەیان پێبوو، بەلاّم ئارەزووی ستایش سەدام حوسێنی کرد بە دیکتاتۆرێکی گەورە، ترس لە تێبینیو خوێندنەوەو تازەکردنەوەو رەخنە، فاشیزم دروستدەکات. دەبێت بزانین فاشیزم لە ستایشەوە دەستپێدەکات. من زۆر جار ئەو خەڵكو سیاسییانە دەبیستم کە لەدەست ئەو رۆشنبیرانە دەناڵێنن کە گوایە"بە هیچ رازی نین" بە((ژەهر)) ناویاندەبەن، لەڕاستیدا گەر رۆشنبیر مل بۆ ئەمجۆرە قسانە کەچبکات، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شەوێکی تاریکی ترە.

پ/ بە بڕوای ئێمە زۆرینەی ئەکادیمییەکانی کوردستان ،رووناکبیریی ئۆرگانیی نین، بەو مانایەی کە لە هەر گۆڕانێکی کۆمەلاّیەتی،سیاسیی هتد ,,,راستەوخۆ بەشدار نین، بەڵکو بەتەنها کەسێکی پشت مێزی وانە وتنەوەن، پرسیار لێرەوەیە بە چ میکانیزمو ئالیەتێك کار بکرێت تا کۆمەڵگای کوردیی لەو تەڵەزگەیە رزگار بکرێت؟

ئەکادیمییەکان لەپشتی مێزەوە بن یا لە پێشەوە هەندێکی کەمیان لێدەرچێت مرۆڤ بەدەگمەن دەنگێکیان لێدەبیستێت. بەدەگمەن گوێت لە تێزەیەك دەبێت بکرێت مرۆڤ وەك بۆچونێك تەماشای بکات کە دەکەوێتە دەرەوەی قسەو باسی ناو راگەیاندنی رەسمی پارتیو یەکێتیی. بەهەرحال من وا دەبینم کە هەڵوێستی راستەقینە لای رۆشنبیر سەرەتا لە پشتی مێزەوە دروستدەبێتو دواتر دەگوازرێتەوە بۆ پێش مێز، گەر تۆ لە پشتی مێزەوە فیکرێکت گەلاّلە نەکردبێت جیهانت بۆ روونبکاتەوە مەحالە دواتر بەرخوردی راستو دروستت لەگەڵ دەرەوەی خۆتدا هەبێت. من پێموایە ئەم قەیرانە لەعەقلییەتو هەڵوێستدا، بەشێکی بچوکە لە قەیرانێکی گەورەتر کە قەیرانی مەعریفەو داهێنانە لەناو ئەم نوخبەیەدا. سەیرکردنی زانکۆ وەك دەزگایەکی کۆنتڕۆڵکردنی ئایدۆلۆژیو شوێنێکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی کادیری حیزبی کە بە

ڕوکەش هەڵگری شەهادەی زانستین و لەناوەڕۆکدا نەخوێندەواری گەورەن، بەشێکی گرنگی کولتووری تۆتالیتاریە، زلکۆکانی ئێمەش لەسەر هەمان کولتووری دیکتاتۆری و تۆتالیتاریی بونیادنراونەتەوە. دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە زانکۆ دەبێت بەشوێنی پراکتیزەکردنی دەسەڵات و نمایشکردنی قودرەتی حیزب، نەوەك شوێنی بەرهەمهێنانی مەعریفە. من ئەمجارە لەسەفەرەکەمدا ویستم هەندێك باسم دەستکەوێت کە ئەکادیمییەکان خۆیان نوسیویانە. دەستم بۆ هەر بابەتێك دەبرد و برادەرانم ڕادەسپارد لەو بوارەدا سەرچاوەم بۆ پەیدابکەن، هیچ شتێك نەبوو... هەر بابەتێك بگریت، لەکایە زانستی و مەعریفیەکاندا بەتایبەت زانستە ئینسانیەکان و کایە فیکری و فەلسەفییەکان، ئەواسەحرایەکی خاڵی و پەتی هەیە، هەر بابەتێك تۆ حەزت لێیە لەو بوارانەدا ناوی بهێنەو بگەڕێ بزانە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ دەبینیەوە سوودی لێ ببینیت. لەڕاستیدا ڕیفۆرم لەم دەزگایەدا زۆر زەحمەتە، بەڵکو موستەحیلە، مەگەر لەدەرەوەو بەجۆری تر دەست پێبکرێتەوە، یان قوتابیان تێبگەن ئەو خوێندنە تەنیا شتێکە بۆ وەرگرتنی شەهادەو وەرگرتنی وەزیفەیەك و دواتر ژیان بە عاقڵی لەسایەی جەهلێکی شەرعیدا، جەهلێك پشت ئەستووره بە شەهادەیەکی ئەکادیمی. ئەو کەسانەی زانکۆ دەبەن بەڕێوە لەگەڵ نوخبەی سیاسی فەرمانڕەوادا هاوکارن و یەکدەستن... لەبەرئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نوخبەیە دەبێتە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشتی حوکمڕانیدا لە کوردستاندا، لەم حاڵەتەدا تاکە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لای قوتابیان و خوێندکاران خۆیانەو دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر شێوازی ئەو بەرەنگارییە بدەن، ئەوان تاکە هێزێکن دەتوانن ئەم نوخبە نەخوێندەوارە لە زانکۆ بکەنە دەرەوە داوای ڕیفۆرمی قووڵ بکەن، واتە ئەوەی ئەو نوخبەیە بتوانێت خۆی چاکبکات بیرێکی کۆمیدی بێمانایە، بیرێکە من پێکەنینم پێیدێت. خەڵکانێك هەن ئێستا لە زانکۆ دکتۆرا دەدەن بەخەڵکی تر، بەڵام لەدەرەوە هیچ خوێنەرێکی مامناوەندی نوسینەکانیان ناخوێنێتەوە، ئیدی ئەم کارەساتە چۆن چاکدەکەیت؟. لە زانکۆدا کەسانێك دکتۆرا دەبەخشن کە لەو دیو دیوارەکانی زانکۆوە، قەڵغانی شەهادەکانیان لێبکەرەوە ناتوانن پێنج دەقیقە دیالۆگێکی مەعریفی قووڵ ببەن بەڕێوە. ڕیفۆرم بەیەك شێوە دەکرێت. ئەویش کۆمەڵێك مامۆستای سکراب و عەقڵیەتی سکراب هەیە کە زانستێکی کۆن و

بەسەرچوو دەڵێنەوەو لەو ڕۆژەوەی شەهادەیان وەرگرتووە ئاگاداری ڕشتەکانی خۆیان نەماون لەزانکۆ بچنەدەرێ. ئەمەش داوایەکە لەدەرەوە بەکەسانی وەك من‌و تۆ ناکرێت، چونکە لە ڕاستیدا مافی ئەوەمان نییە داوای وا بکەین، ئەمە دەبێت داوای قوتابیان‌و خوێندکاران خۆیان بێت. دەبێت داواکاری ئەو مامۆستاو ئەکادیمیانە بێت کە خۆیان بەجیاواز دەبینن.

ئەوەی مافی ئێمەیە لەدەرەوەی دیوارەکانی زانکۆ قسەی تیابکەین، ئەوەیە بپرسین بۆ ئەم زانکۆیانە باس‌و لێکۆڵینەوەی جیدیان لێ نایەتەدەرێ؟ بۆ ئەو باس‌و خواسە مەعریفی‌و فیکریانەی لە دونیادا شوێنی مشت‌و مڕن بە ئاسمانی زانکۆکانی ئێمەدا تێناپەڕن؟ بۆ زانکۆکانمان عەقڵی گەورەی تیا نییە؟ بۆ ئەم شەهادە دکتۆرایانەی کە جار جار لە زانکۆکان دێتەدەرێ‌و چاپدەکرێت هێندە لاوازو بێفیکرو میتۆدن؟ بپرسین: چ عەقڵێکی دواکەوتوولە پشتی ئەوەوەیە ئەم جۆرە باسانە کە مەرجی ئەوەیان تیا نییە لە گۆڤارێکدا بڵاوببنەوە ببنە دکتۆراو خاوەنەکانیان سبەی نەوەیەکی نەخوێندەواری تر پەروەردە بکەن؟ بۆ ئەم نوخبەیە کە دەبایە پێشەنگی گۆڕانکارییە فیکریی‌و سیاسییەکان بایە، بۆتە نوخبەیەك لە باشترین حاڵەتدا رستەی ڕۆژنامەنوسە حیزبییەکان دووبارە دەکەنەوە؟ بۆ بەرهەمهێنانی "جەهلی شەرعی" لەم زانکۆیانەدا بۆتە سیاسەتی سەرەکی‌و کۆمەڵە کادیرێك لەم دەزگایەدا گەورە دەبێت دابڕاو لە کۆمەڵگاو نزیك لە دەسەڵات؟ بۆ تاکە سەنگەرێك ئەم ئەکادیمییانە خۆیانی لە پشتەوە دەشارنەوە شەهادەکانیانە نەوەك مەعریفەو توانای فیکرییان؟ بۆ لەم زانکۆیانەدا بەربەرەکانێیەکی سەرسەختانەی هەموو ئەدەبیاتێکی نوێگەر دەکرێت؟ بۆ باس‌و لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ کاریگەریان ناگاتە ئەودیو دیوارەکانی زانکۆ؟ لەڕاستیدا ئەم پرسیارانە بەڕاددەیەك زۆرن کە مرۆڤ نازانێت لە کوێدا بیوەستێنێت. من بەش بەحاڵی خۆم هیوایەکم بەچاککردنی ئەم نوخبەیە نییە، باشتر وایە مرۆڤ خۆی فێربکات‌و بەردەوام بێت لە خۆفێرکردندا بێئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات ئەوانە هیچی فێر بکەن، ئیدی دیارە قەدەری رۆشنبیرو خوێندەواری کورد وەهایە هیچ لەمانەوە فێر نەبێت... دوای ئەوە ئەوان خۆیان لە بنەڕەتدا دان بە بوونی قەیرانەکەدا نانێن، هەست بەبوونی گرفتەکان ناکەن.. نەخوێندەوارێك بەئاگا بێت لە نەخوێندەواریی خۆی توانای چاکبونی تێدایە.. بەڵام نەخوێندەوارێك

خۆشحاڵ بێت بە نەخوێندەواری خۆی چاك نابێت. من ئەگەری رووداني ریفۆرم‌وئیسلاحات لەناو پارتی‌ویەکێتییدا بەگەورەترو ئاسانتر دەبینم لە ئەگەری ریفۆرم‌وئیسلاحات لەو نوخبە ئەکادیمییەدا.

پ/ لە (ئیمان‌و جەنگاوەرانی) دا دەلێی هەڵوێستی فاروق رادیکالیزەکردنی شێوەکانی پەتریارکییەتە، رادیکالیزەکردنی سەنتەریزم‌و چەقبەستنی ئایدیۆلۆژییەکانە لەدەوری نێوەندی خۆیان، هەستانەوەیەکی ترسناکی باوکسالارییە لە شێوە هەرە رادیکال‌و توندڕۆکەیدا، بەو پێیەش بێت ئیحایەکی مەترسی ئامێزە بۆ سەر ئاراستەی فیکریی ئەوەی نوێ‌و دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو پالەپەستۆ ئایدیۆلۆژییەیە کە سەدان ساڵە زاڵە بەڵام لە بەرگ‌و ماسکێکی تردا، لەدیدی تۆ دا چۆن‌و بە چ شێوازێك رووبەرووی ببینەوە؟

زۆر راستە، پاتریارکییەت لەپاڵ شێوازە تەقلیدییەکانیدا شێوازی زۆر نوێ بەخۆیەوە دەگرێت. پەتریارکییەت هەرگیز لەکۆمەڵگای ئێمە لەئاستی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا لاواز نەبووە... هەرگیز، هەتا بۆ ڕۆژێکیش نەخراوەتەوە ژێر گومانەوە، کەمجاریش بەبێ هیچ پرسیارو گومانێك ئاوەها بەخۆشحاڵی‌و بەختەوەری‌و خۆشنوودییەوە ئیشی خۆی‌کردووە وەك ئێستا دەیبینین.

ئەوەی لای فاروق من زۆر ئازار دەدات، ئەوەیە فاروق تاکە کەسێکە ڕاشکاوانە ستایشی نرخ‌و بەهاو ئەخلاقیاتی پەتریارکی دەکات. لەدونیای ئێمەدا چەند جۆرە پەتریارکیەتێك هەن، پەتریارکییەتی حیزبی یەکێکە لەو فۆرمە سەرەکیانە. زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆیان هاریکاری پەتریارکەکانیان کردووە، لەژێر سێبەریاندا خەوتوون، بەڵام لەگەڵ فاروقدا ئەم هاریکارییە بۆ بەکەمجار سروشتێکی تیۆری‌و فیکری وەرگرتووە، نوسەرو ڕۆشنبیرانی ئێمە بوون بە فەرمانبەری حیزب، بوون بە بەڕێوبەری دەزگا ئیعلامییەکان... بوون بە پاساودەری سیاسەتەکانیان.... بوون بەو هێزەی ناووناوبانگ‌و کەرامەتی نوسەرانی تریان بۆ حیزب‌و بەرپرسەکانی شکاندووە... کوڕی حیزب بوون بەر لەوەی کوڕی کۆمەڵگابن، ئەو درۆ گەورەیەیان بڵاوکردۆتەوە کە حیزب پێشڕەوی کۆمەڵگایەو لەنێوان قازانجەکانی حیزب‌و کۆمەڵگادا جیاوازیەك نییە... بەمانایەکی دی ڕۆشنبیران هەموو شتێکیان کردووە، بەڵام ئەوەی بتوانن لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی‌و ئەخلاقی شەرعیەت بۆ

((پەتریارکییەت وەك سیستەم)) دەستەبەربکەن، شتی وا لەتوانایاندا نەبووە. ڕۆشنبیرانی پێش فاروق خزمەتی کەسی پەتریارکیان دەکرد، بەڵام ڕەخنەشیان لەسیستەمی پەتریارکییەت دەگرت،لەبەرئەوەی خودی پەتریارکەکانی کورد هەر ئەو سیاسیانە بوون کە ئەگەرچی لەڕووی پراکتیکییەوە خۆیان پەتریارکی گەورەبوون، بەڵام لەئاستی دروشمو سلۆگاندا هەر خۆیان دژایەتی پەتریارکیەتییان ڕادەگەیاند. ئەمە ئەو ئیزدیواجییەتە مێژووییەیە کە بەڕێزتان لەپرسیارێکی پێشووتردا ئاماژەتان پێکرد. فاروق بەپێچەوانەی ئەو مۆدێلەوە کەسێك نییە موجامەلەی پەتریارکەکان بکات، فاروق دژی باوکە حیزبیەکانە، بەڵام بەودیودا بۆ جۆرە سیستمێکی پەتریارکی تیۆریزە دەکات کە ریشەکانی قوڵترن لە پەتریارکییەتی حیزبی. فاروق پەتریارکی حیزبی وەك پۆلی پێچەوانەو دژی ئەو سیستمە تەماشادەکات کە دەبێت عاریفو ڕۆحانییەکان دایبمەزرێنن، ئەو شیفتە مۆدێلی دینیانەی پەتریارکییەتە، نەوەك مۆدێلە حیزبییەکەی کە کەمتازۆر مۆدێلێکی مۆدێرنە. پەتریارکییەتی فاروق ڕادیکالترو پتەوترە، پشتو پەنای تیۆری بەهێزتری لە پەتریارکییەتی حیزبی هەیە، بەڵام لەجەوهەردا هەوڵێکە بۆ زیندوکردنەوەی فۆرمە دینییەکانی پەتریارکییەت، واتە گەر ورد تەماشا بکەین هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ پێش مۆدێلی ((پەتریارکییەتی حیزبی)) هاوکێشەکە لای فاروق سەد دەر سەد پێچەوانە دەبێتەوە، لای فاروق سیستمی پەتریارکییەتو ڕابووردووو ئەخلاقییەتەکانی شوێنی ستایشن، بەڵام لای ڕۆشنبیرانی حیزب کەرەستەو ڕەمزوو هۆکارەکانی ئیشکردنی ئەم سیستەمە شوێنی ستایشن. ڕۆشنبیرانی حیزب هیچیان ڕاستەوخۆ ستایشی سیستمی پەتریارکی ناکەن، ستایشی ئەخلاقیاتەکانی ناکەن، بەدروشمو وتار دژینی،بەڵام هەموو شتێك دەکەن دەسەڵاتی پەتریارکە گەورەکان لەسەرووی ئەم هەرەمەدا نەڕوشێت، هەموو شتێك دەکەن حیزب دڵی گەرد نەگرێت، هەموو شتێك دەکەن ئەمجۆرە دەسەڵاتەو کردەوەکانی وەك بەڵگەنەویست وەربگرین، هەموو شتێك دەکەن ئەوان لەحیزب نزیك ببنەوە. بەکورتی ئەوان کۆمەڵێك کۆیلەی مۆدێرنن، کە بەقاتو بۆینباخەکانیانەوە لەدەوری بتەکانی حیزبو لەچواردەوری ئاگری مەعبەدەکانی حیزب سەمادەکەن، وەلێ هەولی ئەوەنادەن کە ئەم کۆیلەیەتییە وا نیشانبدەن کە کۆیلەیەتییە بۆ سیستمی

پەترياركى،لێرەوە ئەو كۆميدياىانە درەست دەبێت كە ڕۆژانە دەيبينين، كەسانێك دێنە مەيدان پێيانوايە دەتوانن لەڕێگاى ئيسلاحى حيزبە كورديەكانەوە كۆمەڵگا ئيسلاح بكەن. گەنجانێك دێنە بوارى ئيشكردنەوە لايان وايە، بێ ئەوەى ئەمان بجوڵێن وەزيرى خوێندنى بالاّ دەتوانێت سيستمى خوێندن چاكبكات، ئەو ژنانە دێنە مەيدان كە ڕايانوايە ژيانى ئافرەت لەژوورى سەرەك وەزيرانەوە چاكدەكرێت. ئەمانە هەمووى بەرەنجامى هەڵەيەكى گەورەيە كە هەڵەى تێنەگەيشتنە لەوەى كە پەترياركييەت ئەمڕۆ لەفۆرمى حيزبدا ئيشدەكات. حيزبى كوردى هيچ نييە جگە لە كەرەستە مۆدێرنەكەى پەترياركييەت، جگە لەشێوازى خۆگونجاندنى پەترياركييەت لەگەڵ ژيانى هەوچەرخدا... ئەوەى پێيوابێت دەتوانێت كێشە قووڵەكانى پەترياركييەت لەڕێگاى حيزبەوە چارەسەر بكات، وەك ئەوە وايە بيەوێت نەخۆشى شەكرە بە شەكر چاكبكات. بەكورتى دوو درۆى گەورە هەيە يەكێكيان كەسانى وەك فاروق دەيكەن كە پێيانوايە ئەم سيستمە حيزبييەى ئێمە هەڵگرى نرخ و بەهاكانى سيستمى پەترياركى تەقليدى نين،لێرەوە دەكەونە هيجاى حيزب و ستايشى ئەخلاقياتى پەترياركى، درۆكەى تريش هەر بەهەمان شێوە پێيوايە كە حيزب سەنگەرى شەڕە دژ بە پەترياركييەت و لێرەوە دەكەوێتە ستايشى حيزب و هيجاى پەترياركييەت. ئەم دوو درۆيە دوو ديوى يەك دياردەن، دوو روكارى يەك عەقلييەتن كە عەقڵى سەلەفيى ئێمەيە كە بەديوێكدا هيجاى ئێستا دەكات بۆ ئەوەى رابردووى خۆى بپارێزێت، بەديوەكەى تريشدا هيجاى رابردوو دەكات بۆ ئەوەى ئێستاى خۆى بڕازێنێتەوە.. بەڵام هەردووكيان وەك يەك لەئاستى تيۆريى و شيكارو راڤەكردنى فيكريدا فەقيرن...

سەبارەت بەو پرسيارەى كە زۆر دووبارە دەبێتەوە: چۆن رووبەڕووى ئەم سيستمە ببينەوە؟. مەرجى سەرەكى هەر رووبەڕووبوونەوەيەك تێگەيشتنە، بەڕاى من كۆمەڵگاى ئێمە لە ئێستا دەزگاو رێكخراوو هێزى كۆمەڵايەتى تيا نييە كە لە دەرەوەى مۆديلى ((باوكسالارى)) كار بكەن، لە بەر ئەوە دروست بوونى فەردى هۆشيار كە مساوەمە لەسەر هۆشيارى خۆى ناكات، دروستبوونى نوخبەى هۆشيار كە توانيبێتى دياردەكانى باوكسالارى و كولتورەكەى بخوێنێتەوە و لە ئاستى قاعيدەى كۆمەڵايەتيشدا كار بكات، مەرجى سەرەتايى ئەم تێپەراندنەيە، ديارە ئەوەى نوێ ئێستا تەنيا ناوێكە، ناوێكە بێ رۆح، برێكى زۆرى ئەم نەوەيە درێژى هەنگاوەكانى بە ئەندازەى قانونەكانى

حەرامو حەڵاڵە لای حیزب، واتا هەرگیز جورئەتی شەقاوێکیان نییە بچێتە ئەودیو هێڵە سورەکانەوە کە حیزب کێشاویەتی، کێشەکەش لەوەدایە حەقیقەت هەموو حەقیقەت لەودیو هێڵە سورەکانەوەیە، لە هەرێمە حەرامەکاندایە، تاکە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی پەترياركييەتيش شكاندنی ئەو هێڵانەیە، پێخستنە بۆ ناو حەرامەکان، دزینەوەی ئاگری مەعریفەتە، زیندوکردنەوەی ئەو پرۆمیسۆسەی ناومانە... بە کورتی تەنیا بە جۆرێك لە یاخیبونو شێتی دەتوانین ڕووبەڕووی پەترياركييەت ببینەوە... ئەو عەقڵانیەتە ئیستبدادیەی باوکسالاری لە کۆمەڵگا چاندوویەتی، بەم ڕۆشنبیرە شەرمنو نەوە شەرمنو نووسینە شەرمنانە ناشکێت... دیارە کە چارەسەری کۆمەڵایەتی دەستە جەمعی لە گۆڕێ نەبێت مرۆڤ ناچارە بۆ چارەسەرییە فەردییەکان بگەڕێت. بۆ نمونە: لای من شیعر چەکێکی گرنگی دۆزینەوەی ئەو پرۆمیسۆسە بوو، دەروازەی ئەو شۆڕشە ستاتیکییە ناوەکییە بوو کە وەك مرۆڤ پێویستم پێی بوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو کولتورەدا، هۆکارێکی گرنگی پشتکردن بوو لەو کولتورە... لە دونیای ئێمەدا، شەر لەگەڵ پەترياركييەتدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ کولتووره زمانەوانیو ئەدەبیو ئەخلاقیو سیاسییەکەشیدا... هەموو داهێنانێك جەنگە لەگەڵ پاترياركييەتدا... لەقکردنی بناغە ئەخلاقیو ستاتیکییەکانێتی... نووسەر دەتوانێت جەنگەکە لە ئاستی فکریو ستاتیکادا ڕابگەیەنێتو ڕێگاکانی گواستنەوەشی بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی دیاریبکات، بەڵام هەڵەیەکی گەورە دەکات گەر وا تێبگەین وەزیفەی نووسەرە ببێتە سیاسیو دابەزێتە مەیدانو خۆی ببێتە سیاسیو پرۆسەکە ببات بەڕێوە، نەوەی پێش ئێمە ئەم هەڵە دژوارەیان کرد، ئەو هەڵە کوشندەیان کرد لە ڕۆشنبیرەوە بوون بەسیاسی، ئیدی لە هێزێکی دژ بە پەترياركييەتەوە بوون بە دڵسۆزترینو بەوەفادارترین فەرمانبەرانی ئەم سیستەمە، نەوەی ئێمە دەبێت ئەم هەڵەیە دوبارە نەکاتەوە... نەکەوێتەوە ئەو جوغزە ناشیرینەی لە یاخیو داهێنەرەوە بیگۆڕێتەوە بۆ یاریکەرێك لە خزمەت دەسەڵاتدا. دیارە دەرنجامی ئەم گەمەیە ئەوەیە کە ڕۆشنبیر تەنیا دەمێنێتەوە، وەك کەسێکی تەنیاو تاقانە لەسەر لوتکەی چیایەك کە ڕۆژانە هەڵۆیەك دێت جگەری دەخوات... ئەو هەڵۆیەش هیچ نییە جگە لە هێزی حیزبو دەسەڵاتو شەریکەکانی.

# دۆسییەی ئەدەبی باش و ئەدەبی خراپ

بەسەرپەرشتی
عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

## پێشەکی

بێگومان قسەکردن لە سەر ئەدەبی باش و ئەدەبی خراپ هەر تەنها قسەکردن نییە لە سەر ئاستی رۆشنبیریی و ئاستی مەعریفی و ئاستی فیکری ئەو ئەدەبە، بەڵکو بەدواداگەڕانی ئەو مەعریفەو کەلەپورەیە کە لە پشت ئەو ئەدەبەوە وەستاوە، بە مانایەکی دیکە دراسەکردنی ئاستە هوشیاری کۆمەڵگاش دەگرێتەوە، واتە ئەو کاتە دەتوانین بە شێوەیەکی مەعریفی و زانستی قسە لە بارەی باش و خراپ بکەین، کە ئەدەب رەنگدانەوەی بە سەر کۆمەڵگاوە هەبێ، چونکە وەك دەڵێن ئەوە تەنها گۆڕانکارییەکانی ئابوری سیاسی نییە دەستی لە گۆڕانکاری کۆمەڵگادا هەیە، بەڵکو لە پشت ئەوەوە ئیبداعی ئەدەبی هەیە، بە بێ ئیبداعی ئەدەبی، بە بێ بەرەو پێشبردنی ئاستی زمان و ئاستی بیرکردنەوەی زمان و خەیاڵی زمان، یان بە واتایەکی دیکە بە بێ گۆڕینی جیهانبینی و گۆڕینی تەسەورمان بۆ دنیا، مەحاڵە بتوانین قسە لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا بکەین، بەو مانایەش مەحاڵە لە دەرەوەی ئەو ئاگاییەی کە لە ئەدەبەوە هەڵقوڵاوە بتوانین بە شێوەیەکی دروست بەدوای ئەدەبی باش و خراپ بچین، سەرەڕای ئەوەش قسەکردن لەو بابەتە وردبوونەوەو کاتێکی لەوە زێتری دەوێ کە ئێمە بتوانین لە دەرفەتێکی ئەوەندە بچوکدا قسەی لێبکەین، هەروەها مەسەلەی باش و خراپ هەر تەنها مەسەلەیەکی ئەدەبی نییە بەڵکە وەك فیکر و عەقڵیش لە ناوەندی عەقڵ و رۆشنبیریی دنیادا قسەی زۆری لێکراوە.

بەڵام لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا مەسەلەی ئەدەبی باش و خراپ بۆتە جێگای ململانێی هەندێ قەڵەم بە دەستی ناو دەزگا حیزبییەکان و هەر یەکە بە ئارەزووی حیزبەکەیەوە، بە شێوەیەکی سادەگۆیانە قسەی لێدەکات، بە دیوەکەی دیکەش ئەوەندە سەلیقەی بەدواداچوونی نییە تاکو لە

ڕێگـەی فیکـرو مەعـریفەی سـەردەمەوە بـتوانێ شـتەکان لـە یـەکتر جـیا بکاتەوە، هەروەك چۆن ناشـتوانێ لـە ڕێگـەی هەڵوەشـانەوەی کەلەپـورو ئەدەبی نەتەوەکەیەوە ئیبداع و ئیزافانەکانی دیکە ببیـنێ و لەوێـوە لاسـایکردنەوەو ئیـبداع لێکجـیا بکاتــەوە، ئەگـــەر ئــەو ســێ خاڵــەی کــە دەسنیشـانمانکرد خاڵـی سەرەکی ئەو قەیرانە بێ کـە ئەمـڕۆ بەشـێکی زۆری ئەدیبـی کـوردی بـە دەسـتییەوە دەناڵـێ، ئەوە ئیشکالییەتێکی دیکەی ئەو مەسەلە بۆ بێهێزی ئەو ئەدیبانە دەگەڕێتەوە کە ئەمـڕۆ لە ناوەندەکەدا نە توانای بە دواداچوونیان هەیەو نە دەشتوانن دەسبەرداری ڕابردووی خۆیان بـن، نەك بەو مانایەی کە لە ڕابردوودا توانیویانە شـتێکی جـوان بخەنە سەر ئەدەبی کوردی بەڵکو بـەو مانایـەی کـە حیـزب ئەوان تەنها لە ڕێگەی ڕابـردووەوە دەناسـێ، دیـارە ئـەوەش ڕاستەوخۆ پەیـوەندی بـە دنیابینـی حیـزب و لەوێشـەوە بـە دنیابینی کۆمەڵگاوە پەیوەست دەبێ.

ئەگەرچـی نامـەوێ پەنجـە بخەمە سەر ئەو ڕەخنە سـادەگۆو کەمخوێنانەی کە لەو بارەوە نووسراون، بـەڵام سـەرنجی خوێـنەران بـۆ مەسـەلەی دزی ئەدەبـی وەرگـرتن و لەیەکچوون ڕادەکێشم، وەك دەشزانین هەر یەك لەو چەمکانە هەر لە ئەرستۆوە جـێگای قسەوباسـی زۆرە بـووە، بـەڵام ئەمڕۆ بە شـێوەیەکی دیکـە باس دەکرێ، بە شێوەیەك کە ئەوەنـدە گـۆڕانکاری بەسـەرداهاتووە، ئەوەنـدە کاڵبۆتەوە کە مەحاڵە بتوانین لە تەنها ڕێگەیەکەوە بگەیـنە سـەر ئەسـلەکەیەوە، یـان ئەسـڵەن هـەر بگەیـنەوە، بۆیە ئەوە بەسە تەنها ڕستەیەکی جوانی فۆکـۆ بهێـنمەوە کـە دەڵـێ هـیچ فیکرێکـی بێ سەرچـاوە وجـودی نیـیە، بێگومان ئەو ڕستەیە بە چـەندان شـێوەو لـە ناوکۆیـی جـیاوازو بە دیدە جـیاواز خـراوەتە ڕوو.....ئـەوەی لێرەدا دەمەوێ پەنجـەی بـۆ ڕادێـرم ئیـبداعە وەك ئـەوەی کـە هەڵگـری شوناسـی جـیاوازو تایبەت بە خۆیەتی، نـەك بـەو مانایـەی کـە زۆر بە سادەگۆیی لە نێو ئەدەبـی کـوردی قسەی لێدەکرێ، واتە ئەگەر لە ڕۆمانێکـی کـوردی پاڵەوانێکـی ئافـرەت هەبوو، کاتـێ ئـەو پاڵەوانـە ئافرەتەمان لە نێو ڕۆمانێکی بیانییەگانەوە دیت بڵێین ئەوەتا دزیوویەتی.

ئیـبداع هـەر تەنها خۆی لە نێو تاکە ڕەگەزێك لە ڕەگـــەزەکان نادۆزێـــنەوە بەڵکـــو وێـــرای بەرجەسـتەکردنی ڕەگـەزە بنەڕەتییەکانی، خودی ئـەو ڕەگەزانـە دەبـێ لـە بەرژەوەنـدی گۆڕینـی جیهانبینـی و گۆڕینـی ئاراسـتەکانی بیرکردنەوەو گۆڕینی مەعریفەی باودا بێ، بەبێ هەڵوەشانەوەی ئـەو سـێنتەرانەی کـە بـاوی لـە سـەر چەسـپاوە قســەکردن لــە ئیــبداع دەکەوێــنە دەرەوەی ئیــبداعەوە، بــە دیــوەکەی دیکــەش بــەبێ کۆمەڵگایەکـی هوشـیارو ڕۆشـنبیرو ئاگا، ئیبداع بەردەوام دەکەوێ.

# چەند دێڕێك لەسەر نووسینی باش‌و خراپ

عەبدوڵڵا ئەژی

واپێدەچێ که دوو زنجیره لەبارەی پرۆسەی لەبیژینگدانی کاری هونەری لەئارا دابێ، بەرلەوەی ئەو کاره بکەوێته بازاڕەوه، ئەو مەسەلەیەش لەهەموو سەردەمەکاندا هەر وابووەو واته لەهەموو سەردەمەکانی نووسەر کاری لەخستنه سەرو کەمکردنەوه کردووه. کەواته زنجیرەی یەکەم خودی نووسەر پێی هەڵدەستێ مەبەستیش له خستنه سەرو کەمکردنەوەیه، زۆر لەنووسەران دوای دەرچوونی بەرهەمەکانیان یان دوای چەندان ساڵ لەنووسین دووباره دێنەوه سەر بەرهەمەکانیان‌و کاری خستنه سەرو کەمکردنەوه بەئەنجام دەگەیەنن، بەڵام زنجیرەی دووەم دوا بەدوای یەکەمدا دێ ئەویش بەرۆشنبیریی‌و مەعریفەی سەردەمەوه بەندەو نموونەش بۆ زنجیرەی دووەم خودی خوێنەره، واته لەزۆربەی کاتدا بەرهەمەکان وەك پێویست له فیکرو خەیاڵ‌و یادەوەری خوێنەردا نامێنێتەوه، ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەو کارانه دەکەونەوه که پێش سەردەمەکەی خۆیان دەکەون.

بەڵام مەسەلەی دووەم لەوێوه دێ که خوێنەری جیدی هیچ کاتێك موجامەلەی نووسەر ناکات، یان ئەسڵەن رەحم بەنووسەر ناکات. بەمانایەکی دیکه خوێنەرێك که خاوەنی ویژدانێکی پتەو بەئاگای ئەدەبی بێ هەرگیز موساوەمه لەسەر کاری خراپ ناکات، بەڵکو بەردەوام خەلەلەکانی دەخاته روو، لەسەر ئاستی هونەری‌و فیکری‌و مەعریفی قسەی لێ دەکات.

کەواته هەندێ جار دەسەڵات دەمانخاته بەر جۆرێك لەسادەگۆیی‌و جۆرێك له بێ نموودی، دەمانخاته بەر جۆرێك له ساکاری‌و بیرکردنەوه بەشێوەیەك که تەواوی ناوەندەکه دەشێوێنێ. ئەوەش ئەگەر لەلایەك پەیوەندی به دەسەڵاتەوه هەبێ،لەلایەکی دیکه راستەوخۆ بۆ خودی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوه، واته ئەوه ئاگایی کۆمەڵگایه که نووسینی باش تیایدا رەنگدانەوەی خۆی دەبێ، ئەوه هۆشیاری کۆمەڵگیه که پەنجه دەخاته سەر نووسینی خراپ.لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاری ساکارو سادەو بێ نموود ئەگەر دەسەڵات‌و کۆمەڵگاش بانگەشەی بۆ بکەن، ئەگەر میدیاکان قەبەو گەوره نیشانی بدەن، بەڵام تەمەنیان کورتەو ناتوانن بەجوانی هەناسه بدەن.

ئەگەر بەشێك لەو بەرجەسته کردن‌و قەبەکردنه پەیوەندی بەململانێی فیکرییەوه هەبێ بەشێکی راستەوخۆ بۆ بێ نرخ بکرێ ئیبداع دەگەڕێتەوه، بێ نرخکردنی ئیبداعیش لەوێوه دێ که ئیبداعی راستەقینه سەرەڕای ئەوەی هەڵگری فیکری سەردەم‌و مەعریفەی سەردەمه بەدیوەکەی دیکەش هەڵگری کۆمەڵێك رەگەزی

ڕەخنەییە کەوا لەکۆمەڵگا دەکات لەو سادە گۆییە هۆشیار بێتەوە پرسیار بکات و ڕەخنە بگرێ. ئیبداع هەڵگری جیاوازییە، هەموو ئەو مەسەلانەش بەدژی دەسەڵات کار دەکەن.

لەلایەکی دیکە لەنێوان ئەدەبی باش و خراپ زۆرجار دەکەوینە بەرامبەر چەمکی بەرەوپێدان، بەڵام ئایا ئەو چەمکە وەك پێویست بەشێوەیەکی وردو پوخت قسەی لێ دەکرێ، مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەندێ جار بەرەوپێدان پەیوەندی بەهونەری نووسین و مەعریفەی نووسین و چێژو ئیستێتیکاوە نییەو بەڵکو پەیوەندی بە بەرژەوەندییەوە دەکات، بۆ نموونە هەندێ جار دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژە لەو کتێبە بفرۆشن کە چاپیان کردوون، بەهەندێ بانگەشەی وا هەڵدەستن کە هیچ پەیوەندی بە خودی بەرهەمەکەوە نییەو ئەوەش بۆخۆی دەکەوێتە بەرامبەر ئیبداعەوە، یان بەمانایەکی دیکە لەسەر دەقی ئیبداعیی و نووسینی جیدی بەزۆر دەکەوێتەوە کەواتە دەتوانین بڵێین دەقی ئیبداعی لەدوو ڕووەوە بۆ سەر دەسەڵات ترسناکە لەلایەك دەقی ئیبداعی هەڵگری فرە ڕەهەندی و فرە ڕەنگی و فرە مەعریفەو جوانی و فیکرو مەعریفەی سەردەمە، واتە هەڵگری دەلالەتە تازەو نوێیەکانی سەردەمەو سنوورەکانی دەسەڵات دەبەزێنێ، لەلایەکی دیکەش هەڵگری پرسیارو ڕەخنەو بەدواداچوون و دراسەو لێکۆڵینەوەیە، کە دواجار تەواوی دەسەڵات و تەواوی کۆمەڵگاو ترادیسیۆنەکان دەخاتە بەر هەڵوەشاندنەوە.

(پۆل ڤالیری) دەڵێ هیچ دەقێك نییە بۆشایی تیا نەبێ، واتە دەقی تەواوو کامل لەئارادا نییە، دەشێ ئەو گوتەزایەی ڤالیری هەڵگری دوو جۆر لە مانابێ، یەکەم ئەوەیە کە هەموو دەقێکی ئەدەبی و هونەری قابیلی خوێندنەوەی جیاوازو دیدو بۆچوونی جیاوازە، ئەوەش بۆ خۆی تەعبیر لە بەشداربوونی خوێنەر دەکات، واتە نووسینی بێ خوێنەرو بەشداربوونی جیدیانەی خوێنەر وەك ئیبداع تەماشا ناکرێ، بەو مانایەش هەر تەنها لە پرۆسسیەکردنی خوێنەردا نەبێ ناتوانین باس لە ئیبداع بکەین.

دووەم ئەوەیە کە دەق بەردەوام پرۆژەیە، پرۆژەش هەمیشە لە بەدواداچوونی بەردەوام نەبێ ناشێ تەواوبوونی خۆی هەڵبگرێتەوە، پرۆژەی ئەدەبی و هونەری کۆتایی لەگەڵ خوێنەر دێ، بەو مانایەش دەقی ئەدەبی و هونەری بەردەوام دەکەوێتە نێو پرۆسیسەکردنی خستنە سەرو لێ کەم کردنەوە، هەمیشە لە کۆشش و مواکەبەکردنی جیدیانە خوێنەر خۆی بەرجەستە دەکات، بەو مانایەش دەشێ بڵێین کاری ئەدەبی و هونەری فۆرمێکە لە فۆرمەکانی پراکتیزەکردنی ژیان.

# چەند دێرێك لەبارەی نووسینی خراپەوە

سەمیر تاهر
و: هاوریێ رشید

وا دەردەکەوێ کە دوو زنجیرە هەبێت لەپرۆسەکانی ئەو لە بێژەنگدانەی کە کاری هونەری ڕووبەروی دەبێتەوە، بەر لەوەی جێگایەکی گونجاو وەربگرێ لەکتێبخانەی سەردەمێك لەسەردەمەکان. زنجیرەی یەکەم خودی داهێنەر پێێ هەڵدەستێ مەبەستم لەوەیە کەهەندێ جار پێی دەوترێ پاکنووس یان خستنە سەرو یان...هتد، ئەوەش کەهەندێ جار نوێنەرایەتی ئەو سکاڵا بێ کۆتاییە دەکات کەلای زۆرێك لە داهێنەران کە هەست بەوە دەکەن کارەکەیان بەرکەماڵ نەبووە، یان جێگای ڕەزامەندی نییە، یان بیرکردنەوە بەسەر لەنوێ خۆخەریك کردنەوە پێوەی (هەرچەند زۆرو ماندوکەریش بێت) یان بێزاربوون لێیو هەوڵدان بۆ داڕشتنەوەی (لەمێشکدا لیستێك لە کتێبگەل هەیە کە بەکردەی خاوەنەکانیان سەرلەنوێ دوای چەندین نووسیویانەتەوەو بڵاویان کردوونەتەوە کە دەکرێ ئەو کارەیان بەوە پەسن بکرێ کە ئەوە سڕینەوەی ناڕاگەیەنراوی کتێبە ئەسڵەکەیە). زنجیرەی دووەم کە بەدوای یەکەمدا دێ لە کەلتووری سەردەم ڕادەبێت) (زهنی خوینەر): ئەوەی لەم بوارەدا دیومانە تا ئەمڕۆ ئەوەیە کە زۆربەی کارە ئەمینەکان بۆ زهنیەتی سەردەمەکەی بەختی مانەوەی دوورودرێژی نەبووە لەیادەوەریدا، بەپێچەوانەوەی زۆربەی ئەو کارانەی کە پێش سەردەمی خۆیان کەوتوون لەڕووی ناوەڕۆكو دیدەوە. دیارە سەرقاڵی داهێنەران بەڕاستکردنەوەی بەردەوام بۆ کارەکانیانو بەهەزرۆکەی کاری ناتەواوە، واتە بەلەبێژنگدانی یەکەم، لەو درك پێکرانەیانەوە هاتووە کە رۆژێك دێت لە بێژنگدانی دووەم حەتمی دەبێتو رەحم ناکاتو مجامەلەی تیا نابێت. بەم چەشنە دەکرێ گوزارشت بکەین لەدیاردەی کەمبوونەوەی بایەخدانی گشتی بەئاراستەی هونەری یان هزری لەو رۆژەدا ئەرزشو رەواجی هەبوو کە ئەو ئاراستەیە سووكو ئاسان، پەیوەست بوو بە سەردەمێکەوە تێپەڕیوە. بەڵام چەمکی رەواجو برەوپێدان ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەهزرگەلو داهێنانەوە پێویستی بەوردبینی پێویست هەیە: مەرج نییە هەمیشە پەیوەست بێت بە ژمارەی نووسخە فرۆشراوەکانی کتێبێکی دیاری کراوەوە بۆ نموونە، یان بە هەر پێوەرێکی ژمارەی راستەخۆ: بەڵکو ئەو مەسەلە هەندێ جار تەواو پێچەوانەیە تاوا دەردەکەوێ کە

تێکڕای ئەو نموونەی هزری‌و هونەرییە بەردەست‌و ئامارکراوانە بەشێوەیەکی ژمارەیی لەدۆلێکدان‌و، قوتابخانەو ئاراستە هونەری‌و هزرییە نوێیەکان‌و نوێ بووەکان لەدۆلێکی تردان نهێنی یان بەتەسك لە بازنەی لاوان‌و ڕۆشنبیراندان (ئەگەر پێویست بەنموونەگەلی خێرا بکات: ئەدەبی رووسی لەسەردەمی قەیسەردا، ئەدەب‌و هونەر لەمیسر لەسالآنی چلەکاندا، عێراق لەپەنجاکاندا، هەردوو ڕۆشنبیری عێراقی‌و ئێرانی لە ئێستادا). بەوەش ڕەنگە لێرەدا مانای چەمکی هزر کە لە ڕەواجدارەکان ئەو تەوژمگەلە کاریگەرانە لەسەر کولتوری سەردەم بگەڕێتەوە لەناو جەماوەری ڕۆشنبیراندا، لاوان‌و پسپۆران، ئەوانەی کە ئەوان دەزگای ئاراستەکاری‌و پێوەرە ژمارەییەکان نین، ئەو کەسەی نوسینەکانی لەسەر لاپەرەی‌کۆمەڵگا چاپ دەکا چ بە نهێنی یان ئاشکرا، چ لە ئێستا یا لە مەودای دوور. کاتێ کە بابەتی ئەدەبی خراپ وەردەگرین ئەوە ئێمە ئەوسا رادەمێنین لە کاری ئەو دوو زنجیرەیە.

زنجیرەی یەکەم : هەمیشە ئەو وتەیەی پول ڤالێریم بە گەواهیدەر هێناوەتەوە لەوەدا کە هیچ شتێك هەرگیز ناگاتە چێژی ئەوەی کە کاری هونەری بۆشایی تیا نەبێت. هەرگیز سەرقاڵبوونی هەمیشەیی چاودێری...ساقی.... شیردان یان -ئەگەر بتەوێ- خۆپەرستی تا ئەوپەری. دابڕان.

وە کۆششی بەرجەستەکراو.. — چی هەروەها-دەکرێ کە هونەر بناسی؟ ئەم پەسنیانە لە یەك خولگەدا سوور دەخۆن‌و هونەر بە فۆرمێك لە فۆرمەکانی مومارەسەکردنی ژیان دادەنێن نەك شتێکی دیکە.. نەك جلەوکردنی لە لایەن مەبەستە کەسایەتیەکانەوەو نەك لە لایەن ئایدۆلۆژیایەکەوە کە بە هونەری بهێڵێتەوە. ڕەنگە هەر شتێکی دیکەش بێت، بەلآم نەك هونەر، ڕەنگە ئەمە ئەوە بێت کە ئێمە مەبەستمانە : ئەدەبی خراپ. بەدبەختانە وا دەرئەکەوێ کە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەبێت لە نێوان نوقمبوون یا قاڵبوونەوە لە هونەرداو لە نێوان بەهرەمەندی کەسایەتی‌دا !بەو پێیەش لە نێوان بەرهەمهێنانی ئەدەبی چاك‌و بەدیهێنانی تمووحاتی دونیایی‌دا. هەندێ جار چاك نووسی ئەو پەیوەندیە تێك دەدات، بەلآم بە دەگمەن ئەو دوانە پێکرا ڕێکدەکەون بە ئەنقەست‌و بە دەگمەن ئەو نووسەرە ڕاستگۆ بووە کە بانهێشتی ئەوەی کردووە کە توانیویەتی هەردوکیان بێ دەمە قاڵە لەگەڵ ویژدانیدا، کۆبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە ئەدیبان‌و هونەرمەندان بەرێکەوت هەندێ جارو بە تێکۆشین هەندێ جار تووشی بەخت بوون لە ژیانیاندا، یارمەتی داون بۆ تەفەروغ کردن بۆ داهێنانەکەیان وەلێ زۆربەی ئەو داهێنەرانەی دەیانناسین سەرقالبوونیان بە چاودێری‌کردنی ئەو

کارانـەوە کـە بـۆ ئـێمەیان جێهێشـتووە بـە شایسـتە تـردا لــەوەی کــە هەســتن بــە پێشخســتنی پلــەو پایــەیان لــە ژیــنگە ئاساییەکەیاندا. ئەوان سەرقاڵ بوون بە کات بە فیرۆدان بە شتی ترەوە غەیری هونەر بە بـەرزی شـکۆمەندی دەزانـن بـۆی، یـان بـۆ رەزامەندیەتـی، ئـەی بـۆ بەکارهێنانـی وەك هۆیەکـی پێگەیشـتن چـی دەڵێـی؟ لـەم بەکارهێـنانەی دوای : تــۆ پێشــوەختە دەزانی وەرگرەکە کێیە یان دەیناسی. ئەوە میکانیزمێکی خۆی نەفی دەکاتـەوە دەکرێ بە دوایدا بچێت لە ئامادەبوونی ئایدۆلۆژیا لـە ئـەدەبو هـونەردا. بێگومان ئـەو مادەیـە هاتۆتە بەر لە زۆر نموونەداو لە سەردەمی جیاجــیاداو، جوڵەیەکــی لای جــەماوەر دروسـت کـردوە کـە هـەر نوسـەرێك خەونـی پـێوە دەبینـێت. بـەڵام بـێگومان جولەیەکـی جوانـی یـان سـتاتیکی یـا هـونەری نەبـوە هەرچــەندە خاوەنەکــەی وای دانابــێت. هـەروەها ئـەو نمـوونانە- هـەروەك ئەمـرۆ دەزانــین-ناکــامن و کەموکــوڕن لــە ڕووی ســتاتیکەوە بــە شــێوەیەك کــە خێــرا بەهلیەکــەی لــە دەســت دەدات هــەر کــە سـەردەم و کاتەکـەی بەسەرچوویێت. یـان با بڵـێین هـەر کـە ئەرکەکـەی تـەواو بویـێت. ئەوەش یەکێکە لەو کارانەی کە پەسنیمان کرد بەوەی کە ئـەمین و راستن بۆ کولتووری سـەردەمەکە زەهنیەتـی وەرگـرەکەی. ئـەوەی نوسـەر لـەو لـەو زنجیرەیەدا ئەنجامی دەدا لە

بێژنگدان بـریتیە لـە ئەزموونکرنـی جوانـی. ئاشکرایە کە جوانناسی جوانی دانەهێناوە :بەڵکــو ئــەوەی کــە پێشــی هەڵســاوەو ئەنجامــی دەدا تــا ئەمرۆشــی بــریتیە لــە هـەوڵ و کۆششـی عەقلانی بۆ هەستپێکردنی ئەو جوانیەی کە هەیە : چ ئەو جوانیەی لە ناو سروشتدا هەیە یا ئەو تەقلیدەی مرۆڤ (هـونەرمەند) دەیکاتـەوە بۆ ئـەو سروشتە لە رێـی گواسـتنەوەیەوە بـۆ چالاکیە هـونەری و ژیانیەکانی. نووسـەر بـەو حاڵـەوە بایەخـدار نییە بە پێداچوونەوەی ئەو تیوریزەکردنەی لـەوەدا کە دەینوسێت، بەڵکە ئەو بە ئازادی ئەبسـتراکتی گواسـتنەوە دەکـات یـان دێـت و دەچێت بـەناو هەمـوو شـێوازو خەیارەکانـدا بـەو هـیوایەی بـۆ دوا جـار لەسـەر جـوانترین لەنگـەر بگـرێ. پاشـان ڤالێری هات تا بیرمان بخاتــەوە کــە ئــەو هــیوایە هیوایەکــی درۆزنانەیـەو هەرگیـز کـەس ناگاتە جوانترین :بەڵکــو بەراســتی هەمــوو چــێژێکی مومارەســەی هــونەری لــەو لێگەرێــنە نائومـێدانەدایە کـە کۆتایـی بـۆ نییـە. لەبـەر ئەوە رۆژێ پەلـەی بڵاوکـردنەوەی نییە، وەك ئــێمە هەمانــە. بەراســتی پەلەکــردن بــۆ بڵاوکــردنەوە ون کــردنە بــۆ دەرفەتــی پێشکەشـکردنی کارێکـی شایسـتە تـرو ئەگـەری بەرهەمهێنانـی ئەدەبی خراپیش پتر دەکـات. نوسـەرانی ئـەو دێـرانە رۆژێـك لـە رۆژان –بـە هـۆی کاریگـەری گرێـی پشتگوێ خستن و وەلانانە وە کە دووچاری بوو بۆ وە

لەگەڵ هەزاران هاولاّتی دیکەی داهێنەر لە نیشتیمانەکەیدا لە سایەی هەڵومەرجی سەرکوتکەرو چەوسێنەرانەدا– قوربانیەکی ئەو پەلەکردنەیە بۆ بلاّوکرنەوەیە کە وەختە بوو لەلای ببێتە هەوەس و ئارەزوێك و بە هاندانی دۆستەکانی.. بەر لەوەی راوەستێت و پێداچوونەوە بکات و لابکاتەوە.. بە لای پەلەکردن بۆ بلاّوکردنەوەدا –زۆر ئاسان– ئەو کارە لە بەهای کاری نوسراوو دێنێتە خوارو دەیکاتە قوربانی رازیبوون و پەسەندبونێکی کاتی (کە ئەوە جیاوازی دروست ناکا، ئەگەر ڕەوا بێت یان نا).

زنجیرەی دووەم : بێگومان ئەو ئەو بەرچەسپ و ئینتیباعەی کە خوێندنەوەمان بۆ (العاصفە)ی ئیلیا ئیهۆ نبورگ، بە جێدەهێڵێ زۆر جیاوازترە لەوەی کە خوێندنەوەی هەمان کتێب لە لای خوێنەرانی سالاّنی فیلەکانی سەدەی رابردوو، بەجێی هێشتووە. باوڕ ناکەم دۆزینەوەم کردبێت ئەگەر بێژم ئەوە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە زەمەنی بەشەری جیهانی دووەم –کە رۆمانەکە قوڵ دەبێتەوە لە درێژەیدا– دوور کەوتونەتەوە. بەڵکو لەبەر ئەوەی کە زۆرێك لە بەشەکانی ئەم گەردوونە درێژکراوەیە لە نێوان ئەم کارەو وەرگرەکانیدا، گۆڕاون بە هی دیکە. هەندێ بەشی سەرەکی تیایدا هاتونەتە گۆڕان، ترسناکیەکەشی لەوەدایە. دوای حەماسەتی جیهانی لەدژی نازیزم بووە بیرەوەری و گرکانی رق و کینە بووە ڕابردوو جیهان هێور بۆوە، ئەوە بووە هۆی لابردنی ئەو هاوێنەیەی کە هەریەك لە جەماوەرو رەخنەگران نەدەکرا بە بێ ئەو کات بەرهەمە داهێنەرانەکان بخوێننەوە هاوێنەیەکی ناهونەری بۆ خوێندنەوەی هونەر! وەرگەکەش پسپۆری پیت و نیشانەکان نیە : ئەو مرۆڤە، بگرە مرۆڤێکە لەناو ژینگەو دەوروبەردا، لەبەر ئەوە هەمیشە دەبێ نوسەر وریایی ئەو ناهونەریە بێت کە لەگەڵ کولتووری سەردەمدا بە یەکداچوون، چۆن؟..لە رێی وەلانانی ناهونەری لە نوسینەکەیدا ئێمە ئەمڕۆ نامانەوێ خوێندنەوەی ئەم رۆمانە تەواو بکەین کە لە سەردەمی خۆیدا رۆمانێکی مەزن بووە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی دەوروبەرمان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەس، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئێمە گۆڕاوین. ڕەنگە شەرم بکەین کە ئەم کارە بە نوسینێکی خراپ وەسف بکەین و بەلاّم جێگای پێکەنینە وا تەسەوری خۆمان بکەین کە بەو شێوازە دەنوسین کە پێی نوسراوە. ئەگەر پێشوازی نەکەین بە هاوێنەی دەرەکی کارەکانمان بخوێنرێتەوە، باشتر وایە بە هاوێنەی دەرەکی نەنووسین. کەواتە با هەمیشە لە یادمان بێت کە وەرگر (=بە کولتوری سەردەم) زیاتر نییە لە هاوینەگەلی خوێندنەوەی ئاڵوگۆڕکراو بە گۆڕانی نەوەکان. ئەگەر نوسینەکانمان بە

ئەبستراكتو شەفافیەت بەس نەبن، ئەوە ئێمە ڕایان دەهێنین كە بە پێی خوێندنەوەی هاوێنەی زەمەنی داهاتوو نوسینێكی خراپ بن.. پێشتر ئاماژەمان دا بە ئاڵۆزی گوزارشتی نوسینی بە ڕەواج و برەودار، لێرەدا وا دیارە كە چارەنووسی نوسینی خراپ تاریكترە لە نووسینی خراپی بێ برەوو ڕەواجدار. لە ڕاستیدا برەوی نوسینی خراپ دیاردەیەكی نوێ نیەو تایبەتیش نییە بە هەندێ وڵاتەوە، چۆن فرە ئاستی كولتوری بە هەموو جۆرەكانیەوە مەسەلەیەكی باوە لە هەموو وڵاتانەوە، بەڵام هۆكارو مەرجەكانی دەگۆڕێن. بۆ نموونە جیاوازیەكی بەرفراوان هەیە لە نێوان وڵاتێكدا كە تیایدا خەڵاتو دارایی دەبەخشرێت بە نوسەرانی كە زۆر زیرەكن لە پیا هەڵدانی دەسەڵات (واتە- بە مانایەكی ڕاستر- بۆ نوسینی زۆر خراپ)و، وڵاتێك كە تیایدا خەڵات دەدرێ بە هەموو نوسەرە داهێنەرەكانی سەرتاسەری جیهان نوسینی خرا پ لە هەردوو وڵاتەكەدا هەیە، بەڵام لە شوێنێكدا پشتگوێ دەخرێو لە شوێنێكی دیكەدا ڕێزدار دەكرێ (بەڵێ ڕێزدار). دەكرێ بگوترێ كە پێگەی نوسینی خراپو نوسینی چاك، پێگەی ڕۆشنبیری بە گشتی دەكەوێتە ژێر كاریگەریو بڕی ئەو دیموكراسیەتەی كە لە ناو ژیانی سیاسیو كۆمەڵایەتیدا هەیە. بۆیە جێی نامۆییو سەرسوڕمان نییە كە بازاڕ پڕ كرابێتەوە لە نوسینی خراپو ڕەواجپێدراوو پشتگیری لێكراو لە ساتە وەختەكانی نا ئامادەیی یا زەیف بوونی دیموكراسیەتدا.

نموونەكان: نوسینی خراپ دیاردەیەكە هاوبەشی دەكات لە عەشفكردنی بێهودەیی ڕاگەیاندنی لە ژیانی داهێنەرانەدا، ئەوەتا ئەو نازناوو وەسفانەی وەك ((نووسەری مەزن))و((شاعیری گەورە)) بریتیە لە دروستكاری ڕاگەیاندنو واتای شتێكی جدی بە دەستەوە نادەن: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت تەشویشێك دروست بكات لە كاتێكدا شێوەی بڕیاری پێشوەختە وەردەگرێو لە نێوان خوێنەرو دەقدا ڕادەوەستێت. لە ڕاستیدا دەشێ ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورەترین نوسەرو مەزنترین شاعیر ئەدەبێكی خراپ بنوسێ چۆن ئەوە دۆزێكی هونەریە كە نازناوەكان شەفاعەتی بۆ ناكەن. خۆ ئەگەر ڕاگەیاندنەكان زمانو گەمەی خۆیان هەبێت، ئەوە جوانیش جیهانێكی دیكەو مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوجا زۆر پیاهەڵدانو بەرزكردنەوەی نوسەر دەبێتە هۆی كەم كردنەوەی چاودێری ئەو نووسەرە بەسەر میكانیزمەكانی كاركردنیو زەبرو توندیشی بەسەر قەڵەمەكەیەوە هێواش دەكاتەوە. ئەوەش ئەگەری پەلەكردنی بڵاوكردنەوەی نوسینەكەی زیاتر دەكاتو ئەو نوسینەی دەبێتە هۆی ئەوەی نازناوی ئەو نوسەرە بكەوێتە بەر پرسیاری خوێنەران، هاوكات

نوسەری یاخی لە مەدح و پیاهەڵدان ترس و لــەرزی مێـــردەزمەی نوســـینی خـــراپ دایدەگـریٚ و هـەتا دوایـن پێچـوونەوەی بـۆ کارەکـەی بـڕوای بـە پێگەیشـتن یـا تـەواو بوونی کارەکـەی نییە. بیٚ ئـەوەی پێویست بکات ناوی زۆر بهێنـرێت دەبا بـە سادەیی بوونـی ئەگـەر بوونـی نوسـەرێك کـە هەمـوو بەرهەمـە ئەدەبـیـەکەی بـیٚ لاوازی و کـەم و کوری و یـان هـەر پلەیەکی نێگەتیڤانە بێت دوور رابگـرین و، پلەوپایـەو بایەخـی هــەر چییەك بێت لە مێژووی ئەدەبی وڵاتەکەیدا یـان زمانەکەیـدا، یـان لـە مـێژووی ئەدەبـی جیهانــیدا. ئەگــەر بخــوازم بەســەر چــەند نموونەیەکی کەمدا تێپەرم ئـەوە تووشـی نائومـــێدی دەبم لـــە کاتـــێکدا کـــە لـــە رۆژنامەیەکـــی عەرەبـــی چـــاپی لەندەنـــدا قەسیدەیەکی سەعدی یوسف دەخوێنمەوە (ناونیشانەکەیم لـە بیر نایەتـەوە) کـە باسی بابەتی پەنابـەرە عێراقیەکان دەکات و تۆنی بلێـــر دەدوێنـــیٚ و ئـــەو ژمارەیـــەی پێـــی ڕادەگەیەنێت کە بە بیری کەسدا نایەت و لە هـیچ ئامارێکـدا نـیـیە جگـە لـە ئاماژەکانـی ئۆپۆزسـیۆن : ٤ ملـیۆن پەنابـەری عێراقـی. گرفتی قەسیدەکە لـە راستیدا لەو ژمارەیەدا نیــــیە بـــەلاٚم لـــەو شـــێوازە لاوازەی نوسـینەکەدایە، پەلەکـردن، وشـکی لـە نـێو ناوەرۆکەکەیـدا دیـارە ئـەوەش خۆکوژیەکی سەرسـورهێنەرە: ئاخـۆ ئـەوە داواکـردن و شـەرعیەت بەخشینە بە حکومەتی بەریتانیا (خاوەنی کونیەی درەوشاوە لە وولاٚتەکەیدا) کە پەلە بکات لە لێدانی عێراق بۆ روخاندنی رژێمەکـــەی ســـنوور دانـــان بـــۆ کاروانـــی پەنابەرانـــی؟! یـــان ئاخـــۆ داواکـــردنە لـــە بەریتانیا بۆ وەرگرتنی پەنابەران؟ یان ئاخۆ ئەوە بە تـەواوی چ دەگەیەنێت؟ پاشان ئایا ئەو شاعیرە رابەرێکی نەدۆزیوەتەوە پەنای بۆ ببات؟ لە کاتی خۆیدا وتم کە ئەو پیاوە شـــاعریەتەکەی بـــۆ ماوەیـــەك خیانەتـــی لێکـردووە و ئـەوەش هـیچ نەبـووە جـێگای سەرسوڕمانم چۆن من لـەو کەسانەم کە پێم وایـە شتی وا لـە لای هـەر نوسـەرێك شتێکی ئاسـاییەو نابێـتە هـۆی دابەزینـی پـێگەی سـەعدی یوسـف لـە لای مـن. دوای چـەند هەفـتەیەك لـە هـەمان رۆژنامـەدا قەسـیدەی قاوەخانەکانی هەمان شاعیرم خوێندەوە، بۆ وەسف کردنی ئەوەندە بەسە کە لە بیرمە ووتم بەوانەی لەگەڵمدابوون،

—ها ئەوە بخوێنەوە پێم نەوتن کە رۆژێك شاعیریەتی بۆ ئەو دەگەرێتەوە؟

دەبا باسی فازل عـەزاویش بکەم لەو رۆمانە بـیٚ ئومـێکەرەیدا (کومـیدیا الاشـباح) دوای داهێنانـــــی لـــــە رۆمانـــــە ریالیـــــزمە سحرئامێزەکەی‌دا(اخر الملائکە) ئەو هیچی تـــازەی دانەهێـــناوە، هیچـــی جـــدی لـــە کۆمیدیاکەیدا نەنوسیوە. لەبەر ئـەوەش کە باســی فــازل عــەزاویش دەکــەین جــێگای خۆیەتـــی بڕگەیەکـــی جـــوان لـــەوەی کـــە دەربـارەی کۆمەڵە شیعریەکەی (فراشـە فـی گـریقها الی الفـار) نووسـیویەتی کـە تـیایدا

باسی ئەوەی کردووە کە ئێمەی تیادایین: باسی ئەوەم کردوە لە رەخنەکەمدا بۆی (رۆژنامەی الزمان ٣٠/٨/١٩٩٩) کە ئەو شاعیرە پێیباشترە بەربەستی زمان تێپەڕێنێ و راستەوخۆ هزرەکانی هەڵڕێژێت بە تایبەتی دوای ئەوەی کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا لە چەند قەسیدەیەکدا بەو شێوازی نووسینە. بەڵام ئەو شێوازە بۆ ئەوەی جوانیەکی هونەری بێنێتە بەر شارەزایی و ووردی دەخوازێ بەو ئەندازەیەی شێوازە ناراستەوخۆکە پێویستیەتی. لێرەدا دەبینین عەزاوی دەسکەوتی گەورەی بە دەست هێناوە لەو رێیەدا ئەوەتا لە قەسیدەی (انخاب)ی جواندا دەسکەوتەکانی خۆی لە زماندا راستەوخۆ درێژە دەداتێ، کەچی دەبینین زمانی راستەوخۆ رەگەزێکی خراپە لە قەسیدەی (کتاب الاکاژیب)دا شکستێکی تووندی خواردووە. لەناو ئەدەبی جیهانیدا گەلێ ئەدەبی خراپ هەیە کە لە لایەن ئەو نووسەرانەوە نووسراوە کە بە نووسینی ئەدەبی چاك ناسراون و ناوبانگیان دەرکردوە. وێرای ئەوە زۆر کەم لەو ئەدەبەمان پێگەیشتووە، چونکە نەریتی وەرگێرەکان ئەوەیە کە نموونەی جوان و بە پێز هەڵبژێرێ بۆ وەرگێران بەڵام سەبارەت بە خۆم ئەوە زەحمەتە بتوانرێ ناوی چەند نمونە بهێنرێ لە نووسینە خراپەکانم چونکە سەرسامم بە زۆریان، هەموو هیوایەکیشم ئەوەیە کە ئەم چەند دێرە یەکێك لەو نوسینە خراپانەم نەبێ.

سمیر طاهر : کاتب عراقی فی یقیم فی سوید. مجلة الواح

# جوان و ناشیرین
# دەروازەیەکی تیۆری

و: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا



George Lukacs, 1913 (after the deaths of Irma and Leo)

(بلانشۆ) لە (فەزای ئەدەبیدا) رایدەگەیەنێ کە وەڵامدانەوە تەنها لە بەدواداچوونی ژیاندا نەبێ، چێژ وەرناگرێت. پێش ئەویش بە (٣٠)ساڵ (لۆکاچ) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (تیۆری رۆمان) بەرگری لەهەمان فیکرە کردووە، بەڵام ئەمڕۆ لەنووسینیدا لەتوانای هیچ کەسدا نییە وەك (هۆمیرۆس) بکاتن چونکە (هۆمیرۆس) بەرلەوەی گوێبیستی ئەو پرسیارە بێ کە لەدووتوێی گەشەی مێژووی فیکردا خراوەتە ڕوو وەڵامی دۆزیوەتەوە، هەروەها

(لۆکاچ)بۆ تەئکید کردن لەهەمان فیکرە دەنووسێ ((گریکەکان وەلأمیان ناسیووە بەلأم پرسیاریان ناس نەکردووە، چارەسەریان ناسیوە ((گەرچی مەتەڵئامێزیش بێ)) بەلأم خودی مەتەڵیان نەناسیووە، شێوەیان ناسیووە، بەلأم فەوزایان نەناسیووە.

(لۆنجینۆس)نووسەری کۆنی گریکی لەو کتێبەی کە بەناونیشانی ((لەبارەی پارچەیەك لە جوانییەکان- عن الرائع)) دەنووسێ جوانییەکان سۆزێکن بۆ خواوەند، خواوەند بەرەو پاکیمان دەبات، بەرەو ناخ، بەرەو هەقیقەتە خواوەند ئامێزەکان، بەرەو پاکی خواوەندیانە بەرزمان دەکاتەوە، لەدیدی ئەودا نووسەری گەورە خودی خواوەند بووە. لەناو چەمکی پارچە (جوانیەکان)دا بۆ منداڵ، یان گەمژە هیچ شوێنێك دەست ناکەوێت، هەروەها بۆ ئەوانەی کە بە بەهای عەقڵ و ئەخلاق نازانن، وەك چۆن بۆ ئەوانەی کە ئازادنین، کۆیلەو ئەوانیدیکە هیچ شوێنێکیان دەست ناکەوێت.

لەیۆنانی کۆندا جوانییەکان دەنگی خواوەند بوون، هەروەها لە ئیستێتیکای ترانسندنتالی (کانت)دا جوانییەکان بەکرۆکی عەقڵ و ئەخلاقەوە بەندن. لە ئیستێتیکای (هیگل)دا تەعبیرکردنە لە رۆحی رەها، تەعبیرکردنە لەهاو گونجانی فیکرو شێوە، تەماهی بوونی عەقڵە بەمێژوو، دەتوانین بڵێین لە دووتوێی ئەو دیدو بۆچوونانەوە جوانی داخراوو گونجاوە، پیرۆزو هاودژە. گرنگترین تەعبیرکردن لەبارەی (جوانییەوە) لەمێژووی ئەدەبدا کرابێ، داستانە لەبەرامبەر ئەوەشدا (رۆمان)دەشێ شێوەیەك لەشێوەکانی یاخی بوونی جوانی بێ بەسەر تەواوی حەقیقەتە پیس و پارچە پارچە بووەکاندا، بەزمانێکی دیکە دەشێ لەبەرامبەر (ناشیرین-خراپ- الردی) بەتەعبیری نموونەیی دابنێین. رۆمان شێوەیەکی بێ کۆتایی و کراوەیە لەنێو دنیای رۆماندا هیچ شوێنێك بۆ یاساو هاوگونجان دەست ناکەوێت، بەڵکو رۆمان هەڵگری شێوەیەکی دوورەگەو کراوەیە، ئەگەر زمانی (ئیکۆ) بەکاربهێنین دەڵێن رۆمان بۆخۆی چێژ لەو ناوانە بێ سنوورە وەردەگرێ، رۆمان تەعبیر لە جیهانێکی هەلا هەلا دەکات، بەلأم دەبێ بزانین کە هەلا هەلا بوون مەرجی جێبەجێکردنی دیالۆگی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەگەڵ رۆماندا مرۆ دنیای پێناسەو حەقیقەت جێ دەهێڵێ.

(لۆکاچ) پێیوایە کە رۆمان تەعبیرکردنە لە رووتبوونەوەیەکی ترانسندنتالیانە، هەندێ لە رەخنەگران لەبارەی

(دیستۆڤیسکی)یەوە، ئەوە دەخەنە ڕوو کە دیستۆڤیسکی هەمیشە ڕۆحی خۆی بە نەخۆش زانیووە، دەشێ هەمان شتیش لەبارەی هونەری ڕۆمانەوە بگوترێ، ڕۆمان تەعبیرکردنە لەو نەخۆشییە، لەو هەلا هەلا بوونەی کە ئازار بەدنیاوە دەچێژێ، ڕۆمان تەعبیرکردنێکی نادیارو فرەئامێزو کراوەو نیگەرانئامێزە. وەك (بلانشۆ) دەڵێ لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆماندا مرۆڤ (بەختەوەری سادە ئامێزی) بەجێ هێشت، بلانشۆ لەبەرامبەر هونەرێك قسە دەکات کەناشێ بەرەو شێوەی تاکرەهەندو مانا ئیمپریالییەکان بێتەوە،ڕۆمان دەنگی ئەوانەیە کە دەنگیان نییە. ئەوەی کە مێژوونووسی فەرمی (کرۆنیکۆر)ی لە یادچووبێ، ئەو مێژووەیە کە لەدەرەوەی مێژوو ژیانی بەسەربردووە. مێژووی ئەوانەی کە ژیانێکی خراپیان بەسەر بردووە، مافی مێژووییان نییە.

ئەگەر بێتوو بۆمان هەبێ قسە لە جیاکارییەکانی ڕۆمان بکەین، دەشێ لەسێ جیاکاری کورتی بکەینەوە، بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەین کە توانیوومانە جەوهەرو حەقیقەتەکەی بگرین، سێ جیاکارییەکەش ئەوانەن: واقیعیەت، دیالۆگ، پێکەنین. ڕۆمان گەڕانەوەیە بەرەو وجود. (ئەدمۆند هوسرەل) لەدوا نووسینی (قەیرانی مرۆڤی ئەوروپیو فەلسەفە) دەڵێ قەیرانی فیکری ئەوروپی هەتا فەلسەفەی (دیکارت)و (گالیلۆ) لەپێکرانی ریشەوە سەرچاوە دەگرێ، بەرەو زانست دەگەڕێتەوە، واتە لەپێناو کەشفکردنی تەکنیکیو ماددیدا دنیا لە توێی بابەتدا کورت دەکاتەوە.

(میلان کۆندێرا) بەپشت بەستن بەبیروڕای (هوسرەل) پێیوایە کە (هونەری ڕۆمان) (سیرڤانتس) دایمەزراندووە (Lebnswelt) لەپاڵ (دیکارت)دا ژیانی واقیعی مرۆڤ لە قەیرانە نوێیەکاندا لەبیر دەکات، هەروەها لەوساتە وەختەی کە فەلسەفەو زانست وجودی مرۆییان تیا دەجووڵێتەوە، لای (سیرڤانتس)ڕۆمان جگە لەدەرئەنجامی کەشفکردنی ئەو وجودە فەرامۆشکراوو لەبیرکراوو چەپێنراوەی نێو ناخ نەبێ شتێکی دیکە نییە، ئەو بیروڕای (هرمان برۆگ)دەگێڕێتەوە کە پێیوایە بایەخی ڕۆمان لە دۆزینەوەدایە، ئەو ڕۆمانەی کە هیچ نادۆزێتەوە، لەدیدی ئەودا ڕۆمانێکی بێ ئەخلاقانەیە.

(سیرڤانتس)گوندوماڵەکەی خۆی بەجێ هێشت،تاکو بیسەلمێنی کە دنیا بێ لانەیە، ڕۆمان هەر لەسەرەتاوە تەعبیرکردن بووە لەو ڕووتبوونەوە میتافیزیکییە، تەعبیرکردن بووە لەو کۆچکردنە لەپڕەی خواوەند، ئەو ونبوونەی کە لەرێگەی مرۆڤەوە چاو

لەوەهەم و بیروراکان بزدەکاتەوە، تەعبیرکردن بووە لەو دژبوونەوە توندەی نێوان شیعرییەتی ناخ و نەسرییەتی ژیان، ئەو دژ بوونەوەیە تەعبیر لەدنیایەك دەكات كە فیكرو حەقیقەتە ناودژەكان هەلا هەلایان كردووە. (كۆندێرا) ئەوە ناودەنێ حیكمەتی نایەقین، حیكمەتێك كە دەكەوێتە دەرەوەی دڵنیاییەوەو رەنگە ئەوە بێ كەپاڵ بە (كۆندێرا) دەنێ، بۆ ئەوەی دووبارە لەو كتێبەی كە پێشتر ناومان برد بڵێ رۆمان هیچ پەیوەندییەكی بە تۆتالیتارییەتەوە نییە، چونكە تۆتالیتارییەت رێگە بەفرە دەنگی و پرسیاركردن نادات، بەردەوام پرسیاركردن و فرە دەنگی بەدوای جوانیدا دەگەرێن.

(گۆتە) لەدیوانی (رۆژهەڵات و رۆژئاوادا) رایدەگەیەنێ كە (فارس) شانۆیان نەناسیووە، چونكە مەحاڵە زۆرداری و كەڵەگایی رێگا بە دیالۆگ بدات. دەتوانین هەمان شت لەبارەی سیستەمە تۆتالیتارییەكانەوە بڵێین، چونكە لەژێر سێبەری ئەو سیستەمانەدا رۆمان نەپێدەگا و نە گەشە دەكات، لە تۆتالیتارییەتدا تەنها وەلامە ئاسنینەكان حوكمی واقیع و ئیبداع دەكەن، بەدیوەكەی دیكەش هەموو دەنگێكی نەشاز جلەو دەكەن، دژی سەیرورەتی كەشفكردن دەوەستن هونەر لەژێر سێبەری ئەو سیستەمەدا جگە لە تەئكیدكردنی وەلامەكان و شانازی كردن بەوەلامەكانەوە نەبێ شتێكی دیكە نییە.

(لۆكاچ) لە (تیۆری رۆمان)دا دەنووسێ: ((ئەرك ژیان كورژە)) بەلام داهێنەری رۆمان ژیان هەڵدەبژێرێ، نەك ئەرك.

* * *

ئەو هەڵەیەی كە بەردەوام دووبارە دەكرێتەوەو بەربلاوە ئەوەیە كە پێیان وایە یەكەمجار دیالۆگ لە یۆنان كەشف كراوە، بەلام هیچ شێوە دیالۆگی نە لە فەلسەفەی یۆنان و نە لەشانۆی یۆنانیدا بەرچاو ناكەوێت، (لۆكاچ) لەكتێبەكەیدا كە بەناوی (تیۆری رۆمان)ە تەئكید لەو حەقیقەتە دەكاتەوەو قسە لەكاراكتەرە تراژیدییەكانی یۆنانی دەكات و دەڵێ، هەموویان لەیەكتر تێدەگەیشتن، واتە هەموویان بەهەمان زمان قسەیان دەكرد، هەموویان متمانەیان بەیەكتر هەبوو، هەتا ئەگەر دوژمنی یەكتریش بووان، هەموویان بەیەك رێگادا دەرۆیشتن و بەرەو هەمان سێنتەر دەبوونەوە، لەسەر هەمان ئاست دەجوولانەوە، ئەویش ئاستی ئەو بوونەیە كە ماهیەتی ناوەوەی لەگەڵ جەوهەردا وەك یەك وایە، كاراكتەری شانۆی یۆنانی، كاراكتەرگەلێكی هاوشێوەن، تراژیدیای یۆنانی بوونیادێكی هاوگونجاوو رێك و

پێکی هەیە، فەلسەفەکەشیان هەروایە، هەتا ئەوەی کە پێی دەڵێن دیالۆگ و دەمەتەقێ کە نموونەکەی (جمهوریەکەی ئەفلاتون)ە بۆچوونیان بۆ دنیا یەك بۆچوونە.

کتێبی (فەلسەفە چییە) کە (دولۆزو گاتاری) بەیەکەوە نووسیوویانە، هەروەها نەوەی (دۆلۆز)یش تەئکید لەو راستییە دەکەنەوە. (سوقرات) کەکاراکتەرێکی سەرەکی کتێبی ((جمهوریەتی ئەفلاتونە)) لەوە ناوەستێ کە دیالۆگ مەحال دەکەوێتە، بەڵکو بەردەوام پرسیار لەهاوڕێکانی دەکات، بەڵام ئەو پێشتر وەڵامەکانیان دەزانی، بەم جۆرەش ئەم هاورێیانە دەبنە هاوڕێی یەك چەمك، کەواتە حەقیقەت پێش بوون دەکەوێت و هیچ شتێکی نوێ نییە کە دیالۆگ کەشفی بکات، بەڵام دیالۆگ لەرۆماندا تەعبیری لەسەرسوڕمان و دوو دلی دەکات، بۆیە(درایدا) لەکتێبی (دەنگ و دیاردە)دا دەڵێ فەلسەفە هەر لە ئەفلاتوونەوە هەتا هوسرەل بە سێنترالیزمی دەنگیەوە محکومە، بەراستی شتەکانی جوان پێکاوە، چونکە دەنگی فەلسەفە دەنگی ئاگایی نەك دەنگی ژیان، ئەوەش هەمان فیکرەیە کە(هایەگەر) لە(پێناسە وجیاوازی) تەعبیری لێ دەکات و رایدەگەیەنێ کەفەلسەفەی ئەورووپی هەر لە ئەفلاتوونەوە بەتاکخوازی یان تاکێتی و پێناسەوە مەحکومە، راستە مێژووی فەلسەفە، فەلسەفە دوالیزمەکانی دیکەو فرەییەکان و هەندێکی دیکە کە بە دژی سیستەمەکان رابوونەتەوە هەموو ئەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام هەموو ئەو فەلسەفانەی کەناومان بردون و دیار نیین دەبنە پاشکۆی ئەو فەلسەفە تاکگەرایەو بێ جیاوازییەی کە بە ئێمە گەیشتوە. مرۆڤ لەگەڵ دەرکەوتنی رۆماندا دیالۆگی کەشف کردووە، چونکە رۆمان مرۆڤایەتی و ژیانی رۆژانەی مرۆڤ دەکێشێ، هەروەها لەنێو رۆماندا ناشێ قسە لە تاکە رستەیەك، یان حەقیقەتێکی کۆتایدارو بەدوایەك داهاتوو بکەیت، لەو بارەیەوە پیاوی فەلسەفە وەکو هەڵگرێکی دیکەی ئایدۆلۆژی پێویستە لەسەری کە رستەکەی کۆتایدار بێ، رستەکەی ئەو تەعبیرکردنە لەبۆچوونی خۆی بۆ دونیا، رستەکەی ئەو بەندەی یەك لۆژیکی دیاریکراوە قبولی چەنەبازی، یان هیچی، یان سەرسامبوون ناکات، چونکە هەموو ئەوانە لەبەرامبەر بڕیارداندا بێ توانا دەکەونە، بەڵام رۆماننووس بەیەك بۆچونی دیاری کراو مەحکوم نییە، یەکێك لەو رۆمان نووسانە (دیستۆڤیسکی)یە، ئەو رۆمانووسەی کە هیچ کاتێك توانای بڕیاردانی نەبووە، بەڵکو بەردەوام بارمتەی



سەرسامی و دوو دلی بووە . (فرۆید)

لەبارەیەوە دەنوسیٚ و دەڵیٚ دیستۆیڤسکی تەواوی ژیانی خۆی لەنێوان ئیمان بیٚ ئیمانیدا بردۆتە سەر. هەریەکە لە دۆڵوزو گاتاری لەو کتێبەی کەناومان برد تەعبیر لەهەمان فیکرە دەکەونەوە ، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، کاتێك جیاوازی دەخەنە نێوان دوو گەمژەوە، گەمژەی یەکەم بریارێکی تایبەتمەندەو دژی بریاری سکۆلانەیە. گەمژەی یەکەم (من)ی دۆزیوەتەوە کاری بیرکردنەوە هەڵدەوەشیٚ ،هەر خۆی چەمکەکان بەرەو پێشەوە دەبات، ئەویش دیکارتە، بەلاٚم دووەم ، گەمژەکەی دیستویسڤکی‌یە، دوا بریاری تایبەتمەندە، بەلاٚم دوای حەقیقەت ناکەویٚ، بەڵکو بەدوای بێهودەییدا دەڕوات ، بێهودەیی ئەو بەرزترین دەرکەوتەی فیکرو ئازادییە بۆیە (لۆکاچ) راست دەکەوێتەوە ، کاتێك کە لە(تیۆری رۆمان) روونی دەکاتەوەو دەڵیٚ لەشێوەی ئەدەبییە کۆنەکاندا هیچ شوێنێك بۆ گیلٚ دەست ناکەوێت، کەچی لەگەلٚ ((دۆن کیشوتە))ی سیرڤانتس دا دەردەکەویٚ.

گەمژەی یەکەم هەوڵیدا لەدنیا بگات، بەلاٚم دووەم داوای تێنەگەیشتن و ونبوون و بێهودەیی دەکرد. (لۆکاچ) لەکتێبەکەیدا دەلیٚ رۆمانووس لەدەرەوەی مەعریفەدا جەوهەرو حەقیقەتی دۆزیوەتەوە، لەگەلٚ دەرکەوتنی رۆماندا مرۆڤ دیالۆگی کەشف کردووە، چونکە لەگەلٚ ئەو دەرکەوتنەدا سەروەری هونەریش دەردەکەوێت و سەربەخۆیی هونەر پراکتیزە دەکریٚ و ژیانی مرۆڤ دەبێتە تاکە سەرچاوە.

(دۆن کیشوتە)ی (سیرڤانتس) رۆمانێکی دیالۆگ ئامێزە، دیالۆگی ئەو رۆمانە تەنها لەنێوان دوو کەسدا نییە، بەڵکو لەنێوان دوو رۆشنبیریی دایە، رۆشنبیریی ئەرستۆکراتی و رۆشنبیریی شەعبی، هەمان شت دەتوانین لەبارەی (ئەبلە)ی دیستۆڤیسکی‌ییەوە بلێین، لە (ئەبلە)دا دیالۆگ، دیالۆگە لەنێوان حەقیقەت، یان مشکین، بێگانە، ئەو گەمژەیەی کە دەشیٚ بە حەقیقەت ناوی بەرین، لەگەلٚ (ئەجیلایا بیتشینا) کە رەمزی سیستەمی ئەرستۆکراتی باوە، هەریەکە لەوانەش بۆچوونی خۆیان بۆ دنیا هەیە. لەرۆمانی دیستۆڤیسکیدا گێڕەرەوەیەکی هەموو شت زانی نییە هێڵەکانی گێڕانەوە بگریٚ هەتا بتوانیٚ دەنگەکانی لالٚ بکا و نەهێڵیٚ بەئارەزووی خۆیان قسە بکەن. بەڵکو مرۆڤ دەکەوێتە بەرامبەر بیروڕاو زمانی فرەو ناکۆکەوە، رۆمانی دیستۆڤیسکی پۆلیڤۆنیە.

وەك (باختین) دەڵیٚ ئەوەی کە دوێنی ئەرکی رۆمانوس بوو، ئەمڕۆ ئەرکی کاراکتەری سەرەکی رۆمانە، بەپێی تەعبیری (باختین) دیستۆڤیسکی شۆڕشێکی کۆپەرنێکۆسانەی لەنێو هونەری رۆماندا بەئەنجام گەیاندووە، چونکە ئازادی

بەکاراکتەرەکانی خۆی داوە تاکو بەئارەزووی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، هەروەك مافی تەواوی قسەکردنی پێ بەخشیوون....دیالۆگ خوازی لەنێو رۆماندا هونەرێکی کراوەیە، هونەرێکە دڵنیابوونی سادە ناناسێ، وەك چۆن یەقینی لاڵیش ناس ناکات، سەیرورەیەکی کراوەو هاودژە.

* * *

رێکەوت نییە کاتێك (کۆندێرا) لەکتێبەکەی (هونەری رۆمان)دا دەڵێ رۆمان خواوەند دەخاتە پێکەنینەوە، لای (لۆنجینۆس) پێکەنین گرینگترین تەعبیرکردنە لە (ناشیرینی) چونکە پێکەنینە ناشێ تەعبیرکردن بێ لە حەقیقەت، هەروەك لای (کانت) پێکەنین هیچ پەیوەندییەکی بەهەستیاری ئەو جوانییەدا نییە کە حەقیقەتی لەخۆدا هەڵگرتووە چونکە پێکەنین پێویستی بە بیرکردنەوە نییە، کانت نموونەی جیاوازی نێوان کۆمیدیا و تراژیدیا دەخاتە ڕوو، دەڵێ یەکەمیان هەستکردنە بە پارچەکانی جوانی (الروعە) دووەم هەستکردنە بەجوانی (الجمال) ناشێ کۆمیدیا بەپارچەیەك لەجوانی وەسف بکەین، چونکە هونەری ئەو کەسەیە کە پێدەکەنێ، بەڵکو بەجوانی- الجمال- وەسفی دەکەین لەدنیای کۆمیدیادا خواوەند، یان دادپەروەری خواوەند نادۆزێتەوە، هەروەك چۆن حەقیقەت گەورەو مەتەڵئامێزەکانیش نادۆزێتەوە، بەپێچەوانەی تراژیدیاوە، تراژیدیا دنیایەکە بەئازارو ماندوویێتیو رێکەوتەوە مەحکومە، لەدنیای تراژیدیادا خواوەند پێکەنینی لێ قەدەغەکراوە، ئەوەی لەسەریەتی ئەوەیە بەردەوام فرمانبدا، سزا بدا، وێنەی چارەنووسی مرۆڤ بکێشێ. بەڵام لەرۆماندا خواوەندیش فێری پێکەنین بووە، هەتا گەیشتە ئەوەی کە هەر لەخۆیەوە پێکەنیبێ، دواجار لەو شوێنە بەرزەی خۆی بێتە خوارەوەو بەرەو شارێکی رووتی شەعبی پڕ لە ژاوەژاو هەنگاو بنێ.



(ئیکۆ) لەرۆمانی (ناوی گوڵ) دەنووسێ لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا پێکەنین لەکەنیسەدا حەرام کرابوو، چونکە پێکەنین مرۆڤ لە ترس ئازاد دەکات، ئەگەر مرۆڤ لەترس ئازاد بێ، هیچ پێویستی بە خواوەند نامێنێ، بۆیە رەنگە جوانترین ناونان لەهونەری رۆمان ئەوەبێ کە بەپێکەنینی مرۆڤ ناوی براوە. تراژیدیا و ئایینەکانو فەلسەفەکان فێرمان دەکەن کە خواوەند

پێناکەنیٚ، (باختین) لە (ئەدەب و کەرنەڤاڵ- لەبارەی تیۆری رۆمان و رۆشنبیری پێکەنین)دا قسە لەپێکەنین دەکات و دەڵیٚ پێکەنین کەنیسەی تایبەتی بەخۆی دروست کرد، کەنیسەیەکی کە لەبەرامبەر کەنیسەی فەرمی نلوەراست دژ دەکەوێتەوە، رۆشنبیریی پێکەنین تەعبیرکردنە لە ژیانی رۆژانەو جەستەی ئادەمیزاد، تەعبیرکردنە لەئازادی و لە حەقیقەتە شەعبییە بەدیهییە ناشیرینەکان، لەهەمان کاتدا رۆشنبیریی جیدی باوەڕپێکراو هیچ رۆژێك دانی بە پێکەنین نەناوە، ئەو تەنها کاری فەرمان دەرکردن و راسپاردنە، لەبەرهەندیٚ (باختین) کاتێك کەدەنووسیٚ (حوکم توندو تیژی، دەسەڵات- هەرگیز بەزمانی پێکەنین نادوێن) ئەو کاتە پێکەنین لای (باختین) تەعبیر لە ئاگایەکی نوێی مێژووی دەکات، گەورەترین نوێنەری ئەو ئاگایەش (رابیلییەیە) کە لەکۆتایی چەرخی ناوەڕاست ژیاوە، ئەو رۆماننوسەی کە چەکی گاڵتەجاری بەدژی رۆشنبیری کەنیسەی باو بەکارهێنا، ئەوەی کە فێری کردین کە وەك چۆن ژیان هەیە بژین، نەك وەك چۆن لەسەرمان فەرزکراوە.

دواجار ئەوەی ماوە ئەوەیە کە ئەدەب وەکو تەعبیرکردن لە ناشیرینی جیا بکەینەوە، لەئەدەبی ناشیرین (الردی)، لەبۆچوونی مندا ئەدەبی ناشیرین تەعبیرکردنێکی رووکار ئامێزە لە بەدی ژیان، بەزمانێکی دیکە تەعبیرکردنێکی ناشیرینانەیە لەخودی ناشیرینی، رووکار ئامێزی و راستەوخۆی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی ناشیرین ئەوەشی ئەوە جیاوازییەیە کە لەنێوان رۆمانێکی وەکو (زقاق المرق)ی نەجیب مەحفوزو (الخبز الحافی) کە سیرەی مەحەمەد شکرییە بەدی دەکرێت. (زقاق المرق) تەعبیرکردنێکی ئەدەبییانەیە لە ناشیرینی ژیان ناشیرینی مەرجە کۆمەلاٚیەتییەکان، بەلاٚم (الخبز الحافی) تەعبیرکردنێکی رووکارئامێزی راستەوخۆیانە لەبارەی شاری (تەنجە)ی نێوان دوو جەنگ. ناکریٚ هەموو نووسینێك لەبارەی برسێتی و زۆرلێکردنی سێکسی و تاوانی باوکایەتی بەئەدەب دابنێین، واقیعەت هەرگیز ئەوە نییە کە بەوردی وێنەی واقیع بگریت، بەڵکو سەرەتای شێوازی نووسین، ئەو شێوازەی کە (مەحەمەد شکری) هاوشێوەکانی لەنێوان ئەدەبی مەغریبیدا ونیان کردووە، (بۆفۆن) دەڵیٚ مرۆڤ بۆخۆی شێوازە.

تێبینی: ئەو نووسینە نووسەری مەغریبی (رەشید بوتەیب) نووسیویەتی ئێستا نووسەری ناوبراو لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە.

سەرچاوە: www.. alwah.com

مجلة الواح تحنى بالفكرو الثقافة

الحدد ١٧ السنه ٢٠٠٤

# پسولەی رۆشنبیری دەمامکدراو

خەیری مەنسور

و: سیروان تەها

کە سیٚ کە گویٚی بۆ ئەو مقو مقۆیە هەڵخا کە لە چاپخانەکانەوە بەرەو شەقامەکان دیٚت، یا ئەوانەی لە ڤیستیڤالە وەرزییەکانەوە بەرەو میٚوانخانەکان دەچن، توشی سەرسامی دەبن. بە تایبەتی کاتیٚك کە پلرچە نانیٚك شك نابات کە سگی برسی پیٚ پڕ بکاتەوە . چونکە پیٚشوتر ڕووی نەداوە کە دەزگا ڕاگەیاندنەکان تواناکانی خۆیان لەسەر هیٚنانی ڕۆشنبیران پیشان دابیٚ، تەنانەت گەر بۆ ڕازاندنەوەو دیکۆریش بووبیٚت، یان بۆ بەڕیٚ کردنی هەندیٚ بریاری پەراویٚزیش بووبیٚت. بۆیە واپیٚدەچیٚ کە ڕژیٚمی ڕۆشنبیریی شونپیٚی ڕژیٚمی سیاسی هەڵگرتبیٚو گریٚبەستیٚکی نهیٚنی مۆرکردبیٚ. بە شیٚوەیەك ئەو کەسانەی کە لەم دەزگایە کار دەکەن وەکو حزبیٚکی دەسەلاٚتدار یان لیٚ هاتووە کە دەسکەوتەکان بەش دەکەن، وەکو ئەو پیٚناسەیەی کە(هربرت رید)باسی لیٚوەدەکاو بە سییانەی ڕۆشەنبیری ناوزەدیان دەکا کەلە(بەریٚوەبەرو کارمەندانو خویٚنەران)پیٚك دیٚن، خویٚنەریٚك کە هەستی چیٚژوەرگرتنی شیٚواندراوەو بوونەتە نامۆیەك بەرامبەر بە خۆ یانو پرسیارەکانیشیان.ئەگەر لەبارەی ئابووری سیاسیدا بیٚ کارییەکی رووپۆشکراو لە ئارادابیٚ، ئەو ڕۆشەنبیریش بیٚکاری خۆی هەیە، بەلاٚم ڕەنگە ڕووپۆشی ئەم بیٚ کارییە ڕەنگاڵە ترو پڕ نەخش تر بیٚ، بەشیٚوەیەك کە ئەستەمە خویٚنەر گەر زۆر ورد نەبیٚتەوە ویٚنە ڕاستەقینەکەی بۆ دەرکەویٚ، هەموو بیٚکارییەکی لەم جۆرە، پیٚویستی بە هاوارو جولەیەکی بەرچاو هەیە پیٚدەری چەند بیٚو کەڵەکەیی لەسەر نرخی چۆنیەتیو جۆرەکەی سەردەکەویٚ، چونکە ئەوە لە دەستپیٚکەوە لەوە دڵنیا کراوەتەوە کە لە هەموو ڕەخنەیەکی جیدی دەپاریٚزریٚت. لەم بۆرسە گەشتیاریەدا هەر ڕەخنەگریٚك نرخیٚکی دیاری کراوی دەبیٚ، کە لەپشت ڕووپۆشی ڕۆشەنبیرییەوە دەشاردریٚتەوە. وە ئەو ڕەخنەگرەی کە لەریٚگەی هەلویٚستە دووانیە(مەعریفو رۆشەنبیر)ییەکەیەوە خۆی پاراستووە خۆی لە دەرەوەی ئەم ناهەنگەدا دەدۆزیٚتەوەو پیٚویستە خەون بە هیچ حەزیٚکەوە نەبینیٚ ئەگەر زۆر بچوکیش بیٚ. وە بەرهەمیٚکی تری ئەم مقۆمقۆیە، ئەو دەقانەن کە خاوەن هەوەستەکان دەی نووسنو کەسانی نا پسپۆر لە ڕەخنەگرو خویٚنەرەکان پیٚیەوە سەرسام دەبن، بۆ یە هیچ شتیٚك بەقەد ڤیستیڤاڵەکان بە جیاوازی ناوو بۆنەکانیشیان کاریگەری لەسەر دابەزاندنی پیٚوەری ڕەخنەیی نەکردووە. بەم جۆرە کەسانی بانگکراو هەموو کاتیٚك لەگەڵ خاوەن ماڵەکان لیٚ بوردە دەبنو سلاٚویان بە

جوانترین شێوە، بۆ ڕەت دەکەنەوە، جا ئەمە بۆ موجامە لەو پەیوەندییە گشتی بێت، یان بۆ دووبارە کردنەوەی داوەت نامەکان بێ.
بەمەش ڕۆشەنبیری عەرەبی بەپەیکەرێکی برۆنزی قورس دەچێ کە لەسەر بنەمایەکی ناسك دەخولێتەوە، کە دەتوانێ لە داوەت نامەیەك ببورێ کە کارتی سەفەرو مانەوە لە میوانخانەیەکی بۆ فەراهەم دەکات، جا لەروانگەی مرۆڤایەتیەوە دەتوانێ خۆی لێ بباتە دەرەوە ببوردرێت، بەڵام لە روانگەی ترەوە کە ئەمەش گرنگ ترە ئەستەمە خۆی دەرباز بکات. لێرەدا سێ دیاردە گەشەی خۆی تەواو کردووە پێویستی بە پشکنینێکی وردە بەم شێوەیە هەیە:-
١-دیاردەی کۆچی ڕۆشەنبیران لێرەدا لەسەر ڕۆشەنبیری کۆچ کردوو پێویستە(بەتایبەتی رەخنەگران)کە بە ئامرازەکانیان لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە لێی دابەزیوە تاقی بکاتەوە، جا ئەگەر دەقێکی بەدی نەکرد کە شایستەی هەوڵێکی ڕەخنەیی بێت پێویستە چارەسەری لەیەکێ لەم دوو ڕێگەیە بدۆزێتەوە.
أ- لەسێ چارێگی شارەزایی و مەرجە جوانکارییەکانی خۆی خۆش بێ.
ب-پەسەندکردنی دەقە ڕەخنە لێ گیراوەکە، ئەگەر ئەمە ئازاریش بدات.
لێرەدا مرۆڤ دەپرسێ ئایا ڕەخنەگری کۆچەو گەر لە شوێن و زێدی خۆی بوایە هەمان ئەو ڕەخنەیەی دەنووسی ؟ ئایا زەرەر مەند بوونەکە لێرەدا دوو سەرەنیە؟

ئەمەش وادەکات کە دەقی ڕەخنەکراو لە نیشتمانی خۆی ئاوارەبێت و لە هەمانکاتدا هەوڵەکانیش بە فیرۆ بروات.
دیاردەی دووەم-ئەوەیە کە ڕۆڵی دەزگا کانی راگەیاندن زێتر (ڕێکلام)نزیکترە بە بازارکردنی بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان ئەمەش لەرێگای زۆرێك لە حەزو کەمێك لە ترساندن، وەکو بەرچاوکەوت کە رەخنەگرانی عەرەب لە دەساڵی ڕابردوودا لەهیچ جۆرە دەقێکی عراقیان نەکۆڵیتەوە، جا ئەمە لە بەر دوورکەوتنەوە بووبێت لە سیاسەت، یا لەبەر ئەوە بووبێت کە وشەی(عیراق)توشی جۆرێك شەرمەزاری کردوون کە بە پێی ئەو ڕێبازە تازەیەی سایکۆلۆژیای سواڵ کردن و رازی کردن سەپاندویەتی، ئەوەش وای کردووە لوتەکان لە دوورەوە بۆنی قازانج و زەرەر بکەن.
دیاردەی سێیەم -لەوە کورت دەکرێتەوە کە بەرپرسانی کۆنگرەو ڤیستیڤالەکان هاوپەیمانیەتیەکی نا شەریفانەیان کردوە، کە ئەمانە بە هیچ پێوەرێك بەرپرس و گەورەنین، چونکە ڕژێمی سیاسی عەرەبی ئەو مەرجە دەسەپێنی کەهەر کەسێك گەر لە یانەیەك ببێتە ئەندام پێویستە تەواو هەڵویستی ڕاشکاو ئاشکرابێت و لە هەموو گومانێکیش بەدوور بێت، چونکە گەورە سەردارەکان ئەم جۆرە گومانانە قبوڵ ناکەن،داوای بێ دەنگی لە بێدەنگەکان دەکەن ئەگەر چی ئەوان دەتوانن تیشکی(ئێکس) بۆ ئاشکراکردنی نیازەکانی ناوەوەی مرۆڤ بەکاربهێنن. بەم جۆرە زیاتر

له لایەنێکی لێکچوون لەنێوان گشتگیری دراو گشتگیری ڕۆشنبیریی بەدی دەکرێ، چونکە گەر هەڵاوسانێك لە ئابووریدا هەبێ، ئەوا هەڵاوسانێك هەیە کە ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە، جا چ بە واتای ئابووری بێ یا بە واتای مەعریفیەکەی بێ. زۆرلێ کردن لە بواری چەندیو زۆری وەکو شێرپەنجەیەك وایە، کە وا لە مرۆڤ دەکات هانا بۆ (موتەنەبی)بەرێت تۆ ئەوەی چەوری لە ئەستووربوون جیابکاتەوە. لە بەرامبەریشدا دیاردەی ئاماژەپێدانی ڕۆشەنبیری هەیە، ئەمەش خۆی لە هەڵبژاردنی تاکە شاعیرێك یا ڕۆماننوسێك یان ڕۆشەنبیرێك دەبینێتەوە، بەشێوەیەك ونبوونی شوێنی ئەوان دەبێتەوە بەدیلی وبوون شیعرو ڕۆشنبیریی ،بەتایبەت لە کۆمەلگا دوا کەوتووەکان کە لە کەسایەتی پەرستی نقووم بوون تا ئێستا گەنم لە زیوان جیاناکەنەوە. بە تایبەتی ئەو زیوانانەی کە دەنگۆو مژدەهێنەری لەدوابێ بۆیە زۆرجار ئاماژەپێکردنی لەم جۆرە کەسی داهێنەر لە هەموو داهێنراوێك جیادەکاتەوە جا ئەگەر شاعیر بێ ئەوە بەرهەمەکەی لە هەڵە بەدوورە، بە هەمان شێوەگەر ڕۆمانووس بێ یا شانۆ نووس یا شێوە کار بێت هەندێجار وام بەبیردێ کە تاقیکردنەوەی(ریشاردز)لە وڵاتانی عەرەبی دووبارە بکەمەوە(ریشاردز)قوتابیەکانی تاقیکردەوە بە هۆی چەند دەقێکی لە واژۆە بوردراو، بەم جۆرە یەکێکیان شیعری شاعیرێکی لە شیحری(ئەلیۆت)پێ باشتر بوو، کە ئێمە کەم جار هەیە ئەم بوێریەمان هەبێ، چونکە لەگەڵ ئەو باوەڕانەیەك ناگرێتەوە کە بڕوامان پێی هەیە، ئەویش بۆتە هۆی کەڵەکەبوونی بیرکردنەوەیەکی خوازراو کە لەسەر بنەمای ڕوخاندنی بیرکردنەوەی بابەتیانە دامەزراوە. نازانم بۆ تاقیکردنەوەی(ریشاردز)بۆ لێکۆلینەوەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیای گەراندمەوە، کە لە نێوانیشیانا لێکۆلینەوەی (بیپر کلاستر)بوو لەسەر ڕۆلو دەسەلاتی ئاخافتن، جا تاوەکو مرۆڤ بۆ سەرەتاییەکان بگەڕێتەوە، بۆلای بەرەو ئاخافتن دەچێ نەك خودی گوتەبێژ، بۆ خودی گوتار دەچێ نەك گوتار بێژ، ئەمەش لە سەرۆکی خێڵو بەردەستەکانی وەکو نمونەیەك ڕاستە، یان لەگەڵ سکرتێری حزبێك، تەنانەت لەگەڵ ئەو دەقانەش کە وایان لێهاتووە دەسکاری بنەماکانیان نەکرێ، ئەمەو بێکاری ڕۆشەنبیری ڕووپۆشکراو لەسەر بەڵگەنامەو کە سایەتی پەروەردە کراوەو نان دراوەبەمەش خۆی لە پشکنینی داهێنراوەکان دەپارێزێ، بە خێرایش دەبێتە سەر لیستو باشترین کار دماودەم دووبارە دەکرێتەوە. بەم جۆرە پەروەردەی سیاسیو کۆمەلایەتی وای کردووە کە لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا بگونجێن، ئەمەش لەسەر ڕۆشەنبیری دەقاودەق ڕەنگی داوەتەوە. بەم جۆرە ڕەخنەگری عەرەبی ڕەخنەیەك ناخوێنێتەوە کە بە شانو باڵی هەڵنەدات، ئەگەر دووچاری ڕەخنەیەکی لەم جۆرەش هات هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ نیە جگە لە تاوانبارکردنی نەبێ بە پیلانگێڕ. یەکێ لە ڕوانگەکانی تری بێ کاری ڕۆشەنبیری ڕووپۆشکراو، ئەوەیە کە وەزارەتەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆشەنبیریی عەرەبی، هەندێ گۆڤاری بەزمانێکی جوان دەردەکا، بەلام بۆ ئەوە کەسانی کە دەیانەوێ لە نازو نیعمەتەکانی بخۆن مەرجی تیایە، چونکە ئەم گۆڤارانە خاوەن

کـەمترین بـڵاو بـوونەوە نـرخ و زۆرتــرین پاداشتن. ئەمەو ئەم جۆرە. گۆڤارانە ڕۆڵێکی وایـان لەبڵاوبـوونەوەی دەقـەکان گێـرا کـە ناتوانریٚ چاوی لێبپۆشریٚ، بە جۆرێك ئەم گۆڤارانە دەقی وا بڵاودەکەنەوە کە لـە هیچ یەکێك لـەو سیٚ شتە کە سیاسەت و دین و جنسە نـزیك نەبێـتەوە کـە ئەوانـیش. بـۆیە تـەنها لەمیانـی بەراوردکـردن نەبیٚ ناتـوانین لـێکدانەوەیەك بـۆ ئـەو گـۆڤارە نافەرمـیانە لەدونــیای عەرەبــیمان بدۆزیــنەوە ئـــەو بەراوردکــردنەش دەبــیٚ لەنـێوان ئەوانــەی بەخشین بیٚ، یان قبولکردنی زەرەرو قبول نەکردنــی بــیٚدوور نــاڕۆین گــەر بڵــێین دەستەبژێری ڕۆشـەنبیری عەرەبـی لـە سـەر ئەوەیــە کــە دروســت بــیٚو خــۆی وەکــو جێگرێك پیشانبدات و بێتە ناو دیمەنەکان، وە ئەمــەش بــە ئێســك ســوکی و ناسـکی ڕەگەکانی دەناسریٚ ئەمە سەرەرای ئەوەی کە گەورەکان لەپشتیەوەن و پیرۆزی دەکەن. ئەمــەو دەســتە بژێــری ڕۆشــەنبیری بــەدیل وەکــو هەمــوو جێگرەکانــی تــر تــەنها لــە هەســتی ڕەخنەیــی فۆرمئامێـزو هــەژارە، چونکە هەستی ڕەخنەیی ئەو لەگەڵ هەستی خـۆ پاراسـتن تـێکەڵ و ئاوێـتەیە. جـا ئـەوە سـەیر نییە؟ یـان لانـی کـەم سـەرنج ڕاکێش نــیـیە،کــە دەبیــنین بەشــێوەیەکی دیــار بەڕژێمی سیاسی عەرەبی دا هەڵدەڵێن، ئایا ئەمــە لەبــەر ئەوەیــە کــە ڕژێمــی یەکــەم ناخـوازێت ئەوکەسـەی کـە هەجـووی دەکـا ناوی بەرێت و ئاشکرای بکات و هەر لە چوار چـێوەی گشـتگیری و بەکارهێنانـی جێـناوی نادیـار دەمێنێـتەوە. کەچـی ڕژێمـی دووەم (مەبەســت ڕژێمــی ڕۆشــەنبیرییە) داوای ناونــان و جیاکــردنەوە دەکــات، چــونکە ڕۆشـەنبیری گوڵ نییە کە چیاکان داپۆشیٚ، بەڵکو ئەوە نووسینێکی واژووکراوە بەناوی خاوەنەکـەی. لـە کـۆتایدا مـاوە بڵـێین کـە نـە دەهـۆڵ و مقۆمقۆیەکان نەیان توانی کە ڕێگە لـە بـێکاری ڕۆشـەنبیری ڕوپۆشـکراو بگـرن، ئەوەی لیکـی خەڵکیان بۆ نان ڕژاند، لووت و زاریان پڕکردن لە خۆڵ.

سەرچاوە :

لەئینتەرنێت وەرگیراوە

بروانە www.alwah.com

## گفتوگۆ لەگەڵ د. فەهاد پیرباڵ

# رۆشنبیر پێویستە ڕا ببەخشێتە ئەو کەسانەی رایان نییە



3/3/2003 خۆپیشاندانی خوێندکاران دژی لەشکر کێشی تورکیا لەسەر سنوور.



چ: نما

پ: سادو ڤۆلتێرو مارسیل پرۆستو دیدرۆ هتد. لەڕێی رۆمانو چیرۆکەکانیانەوە لەسەردەمی خۆیاندا توانیویانە تەکانێکی گەورە بە کۆمەڵگای فەرەنساو تەواوی ئەوروپا بدەن، لەبەرچی رۆماننوسی کورد ئەو هێزو گوڕو تینەی نییە بتوانێ بخزێتە نێو ناخی کۆمەڵ؟

رۆماننوسی فەرەنسی کە رۆمانی نووسیوە، دیدێکی هونەرییانەی تێکەڵ بە دیدێکی فەلسەفی هەبووەو. قولاییەکی فیکریو فەلسەفی هەبووە! وەختێ رۆمانی نوسیوە، رۆمانی نەنووسیوە بۆ ئەوەی حیکایەتێکت بۆ بگێڕێتەوە وەکو چۆن لێرە دەبینین. رۆمانی نەنوسیوە بۆ ئەوەی بڵێ رۆمانم نووسیوە، رۆمانی نە نووسیوە بۆ ئەوەی باوەڕێکی کوردانەیی یا لە دیدێکی نەتەوەییدا بۆ ئەوەی بڵێ کورد رۆمانی هەیە، کورد ژیانی هەیە، کورد چی هەیە یان ... ئاوا سادەبێت، رۆماننووسی فەرەنسی ئەگەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم یا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم رۆمانی نووسیوە، لەبەر ئەوەی دیدو فەلسەفەیەکی هەبووە کە بەناو شارستانیەتی فەرەنسادا رۆچووە، بەناو کۆمەڵی فەرەنسیدا رۆچووەو ویستوویەتی دەستنیشانی کێشە بنەرەتییەکانی مرۆڤی فەرەنسی بکاتو قسە لەسەر داهاتووشی بکات، فەلسەفەو دیدێکی هەبووە پێش ئەوەی رۆمان بنوسێ، بۆیە ئەمە یەکێکە لەهۆ یان جیاوازییە بنچینەییەکانی نێوان رۆماننووسی فەرەنسیو رۆماننوسی کورد لای ئێمە رۆماننوس نەگەیشتۆتە ئەو هەنگاوە نەگەیشتۆتە ئەو تێگەیشتنە کە رۆمان پێویستە پێشتر فەلسەفەیەکت بۆی هەبێ ، ئەزمونێکت بۆی هەبێ، دیستۆفسکی دەڵێ بۆئەوەی تۆ شتێکی تازە بلێیت دەبێ خۆت شتێکی تازەبیت، من واتێدەگەم هیچ یەکێك لە رۆماننووسە کوردەکان تاکو ئیستا ئەوشتە تازەیە نین کە دیستۆڤسکی باسی دەکات. ئەگەر هەشبێ بەدەگمەنە، لەسەر ئەو

قسەیەی دیستۆڤسکی برۆین و پەیوەندیەکە دروست بکەینەوە بەرۆمانی فەرنسی، کوردی دەبێ ئەوە بلێن رۆماننووس کورد لە بیست چایخانەی شارەکەی خۆی بگرە کەمتریش زیاتری نەبینیوە، لە دائیرەکەی خوی وباوك وکەسوکاری خۆی زیاتر نەبینیوە، لەچایەخانەی شارەکەی خۆیو شارێکی دیکە من پێموانییە دووبازاڕو هوتێلی ولاتێکی بینیبێ هتد.. پێموانیە لە ژیانی خویاندا لە دوو ژن زیاتریان دیبێ، پێموانییە لە ژیانیاندا سواری پشتی شەمەندەفەرێك بووبن، باوەرناکەم قەت سەفەرێکی دورودرێژیان کردبێت کە دووجار ئۆتۆمبێلێکیان لە سەفەرێکدا گۆڕیبێو تاد.. بە کورتی دەمەوێ بڵێم نەژیاون، کە تۆنەژی رۆمان دروست نابێ فیکر دروست نابێ ئەو ئەزموونانەی تاکو ئێستا دروستبوون هەمووی لە دیدێکی نەتەوەییانەی کۆمەلایەتی سادە یان چەند مەبەستێکی دیکەی ئەدەبی نوسراوە بۆیە دەبینین قەبارەی ئەم رۆمانانەو قولایی فیکری تیایاندا لاوازەو کورتخایەنە، هیچ ئاوڕی لێنادرێتەوە هیچ باس ناکرێ، هیچ کێشەیەك نانێتەوە، زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە نوسینەکانمان هیچ رەنگدانەوەیەکی نییە، کە هەرایەك نانێتەوە من پێم وایە هی ئەوەیە خودی ئەو رۆمانانە هێزیان تێدانییە، کاتی خۆی کە سەدام حوسێن لەم ناوچانەی ئێمەدا پیاسەی دەکرد وا تێدەگەیشتین نەبوونی رۆمانو تێکستی ئەدەبی جوان هۆیەکەی ئەوەیە کە سانسۆر هەیەو بەعس رێگە نادات، باشە چواردە ساڵە سەدام حوسین لەم ولاتەدا نەماوە کوا ئەو تێکستانەی کە پێویست بوو بنوسرێن؟ وەلام ئەوەیە کە ئەو حکومەتەی کە لە دوای سەدام حوسێنەوە لە دەسەلات بووە ئەویش هەر وەکو ئەو بووە سانسۆری هەبووە؟ نەخێر...

دیموکراتیەتێك هەبووە ئەگەر کەم یا زۆر، لانی کەم لەچاو سوریا یان ئێران، کەواتە مەسەلەی داهێنانی ئەدەبو دروستکردنی رۆمانی جوان بە بروای من پەیوەندی بەوەوە نییە کە لە ولاتێکدا سانسۆر هەیەو دیکتاتۆرییەت هەیە هتد... من واتێدەگەم پەیوەندی بە پێگەیشتنی فیکری رۆماننووسەوە هەیە، کە ئایا رۆماننوسێکی وا دروستبوە کە فیکرو قولاییەکی فەلسەفی لە ناو رووانینیدا دروست بووبێ یان نا بە تێگەیشتنی من تا ئەمرۆش نا، لە کاتێکدا تۆ باسی کۆمەڵگای فەرەنسیم بۆ دەکەی، کۆمەڵگای فەرەنسیو رۆمانو رۆماننوسەکانی پرن لە فیکر پرن لە فەلسەفە، من لێرەدا بە بارودۆخی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەشوبهێنم، هەموو ئەو لیستانەی کە بەشداری لە پەرلەمان دەکەن هەر بە عادەت لەوەتەی ئێمە پەرلەمان دەناسین، هەمیشە ئەو لیستانە حیزبی بوون، لیستی فیکری قەت نەبووە واتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئامانجەکانی ئەو لیستە لەگەڵ فلان

لیستو ئەوانی تریش نەبوەو یەك شت بووە، دیدی هونەری ئەوەی کە عەرەب پێی دەڵێ (**الرویة الابداعیة** ) لەلای دیستۆفسکی زۆر دیارە کەچی دەخاتە روو لەچاو دیدی رۆماننوسانەی چارلز دیکینز هی ئەو لەگەڵ ئۆگۆست ستربێرگی سویدی لەچاو کۆندێرا لەچاو فلۆبێرو هتد ... هەریەکە کەسایەتیو دونیابینی خۆی هەیەو پێشکەشی دەکەن، دیارە ، لای ئێمە ئەوەنابینرێت هەموومان یەك شێوازمان هەیە هەموومان دەمانەوێ کوردستان پێش بکەوێت یان ئافرەت زوڵمی لێ دەکرێو کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە، جوتیار ئاوایەو ... هە تا چیرۆکمان بە شێوەیەکی گشتی نەفەسی چیرۆکنووسی لەگەڵ نەفەسی چیرۆك نوسێکی تر لە یەکتر نزیکە، خەمی هاوبەشیان هەیە، تایبەتمەندی تاکڕەوی لە دیدو ئسلوبی هیچ چیرۆك نوسێکمان لەگەڵ یەکێکی تردا بەدی ناکرێت تەنیا بە دەگمەن نەبێت، بەکورتی نەبوونی فیکر لای رۆماننوسی کورد، دووەم نەبوونی ئەزمونێکی ژیانی لە نزیکەوە کە بەناوکۆمەڵدا رۆنەچووبێت ناتوانێت، ئینجا خاڵێکی تریش لەو مەیدانە من پێموایە کە بایەخی خۆی هەیەزۆر جار گفتوگۆ دەکەینو دەڵێین لۆکاش دەڵێ" ئەو کۆمەڵگایانەی کەنەگەیشتونەتە ئاستی پێشکەوتنی بۆرژوازیو رۆمانیان تێدا لە دایك نابێت"، ئەم قسەیە ئەگەر راستیش بێت رێگە لەمە ناگرێت کۆمەڵگای کوردی تا ئەمرۆ تا سالآنی هەشتاو نەوەدەکان نەگەیشتۆتە ئەو کامڵبوونە گەورەیەیی کە رۆمان پێویستیەتی، کەواتە فاکتەرە سەرەکیەکان دەگەڕێنمەوە بۆ خودی رۆماننوسی کورد کە فیکرو فەلسەفەیەکی نەبوە ، دووەم ژیانێکی راستەقینەی نەبووە،

پ: واتا مەبەستت ئەوەیە رۆماننوسی کورد وزەی ئەوەی نەبووە پرسیار لای خوێنەر دروست بکات؟

نەك هەر وزەی نەبووە، بەڵکو توانای نەبووەو نەژیاوە، ئەمەش بەتەنها رۆماننووسو چیرۆکنوسەکانمان ناگرێتەوە، شاعیرانیشمان، وەکو گووتەکەی دیستوڤسکی کە شتی تازە نەبوو ناتوانن شتی تازە بڵێن.

پ: ئایا مولازم تەحسین یادگارییەکی تاناتۆسی بوو، یا برینێکی ساڕێژ نەبوو بوو..؟ ئەگەر ویستبێتت بەم رۆمانە پڕی بکەیتەوە ؟

بە نیسبەت مولازم تەحسین، من لە رابردوودا زۆر قسەم لەسەر کردووە باوەرناکەم لێرەدا شتێکی تازە بڵێم. تەنیا ئەوە نەبێ کە مولازم تەحسین رۆمانێکە لە منەوە سەری هەڵدا لەمنەوە لە دایکبوو، بەڵام واقیعیەتی تراژیدی قۆناغێکی فراوانی میللەتی منە کە بەم شێوەی لە رۆمانەکەدا هەیە ژیانی تاقی کردۆتەوە، تراژیدیایەکی بینیوەو بەسەری هاتووە، دە ساڵ، بیست ساڵی میللەتی منە لەناو تراژیدیایەك لە کۆتایی سالآنی حەفتاو سەرەتای سالآنی هەشتا، گوزارشتێکە لە

تراژیدیای میللەتی خۆم بەچاوی تایبەتی خۆم من واقیعییەتی ئەو چیرۆکەو ئەو تراژیدیایەی میللەتی خۆم بەو شێوەیە دەبینم کە دەرمبڕیوە.

ڕۆمانەکە لای من چەند واقیعییە ئەوەندە ئەدەبێکی سیمبولیشە، چۆن؟

ئەختەر کە ژنەکەیە بەنسبەت منەوە لەناو ڕۆمانەکە کێشەی کوردە، چۆن؟

کێشەی کوردە دێت و دەچێت لەنێوان هێزی پێشمەرگە، هێزی کورد لەگەڵ هێزی بەعس، بەعس دەیەوێ زوڵمی لێبکات و غەدری لێبکات، بیتوێنێتەوەو تامو چێژی خۆی لێوەربگرێت و ئیستغلالی بکات، هێزە کوردییەکەش دیسانەوە ڕاستگۆ نییە لەمامەڵە، وەکو ئەو ئیستغلالی دەکات، جوامێر ڕاشکاوانەیە، جوامێر خۆشی دەوێ، بەڵام جورئەت ناکات ڕزگاری بکات، ئەمەیە لاوازی هێزە کوردییەکە، من دەستنیشانی ئەو لاوازییەم کردووە لە هێزە کوردییەکە کە توانای موغامەرەی نییە لێرەوە ڕۆمانەکە ڕەهەندێکی سیمبۆلیك وەردەگرێت کە کێشەی کورد کە ئەختەرە لێرە دەبێتە قوربانی لەنێوان هێزێکی دیکتاتۆری شۆڤینی کە خۆی لەملازم تەحسیندا گوزارشت دەکات لەگەڵ هێزێکی کوردی کە جورئەتی نییە ڕزگاری ئەو کێشەیە بکات، هێزی ئەوەی نییە کێشەکە ڕزگار بکات و بۆلای خۆی بیباتەوە سەرەنجام کە کارەساتێك ڕوودەدات، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر من لەهەموو ڕەگەزێکی ئەدەبیدا کە دەینووسم هەمیشە کەسێك دەکوژم یان شتێك دەکوژم کە من لەژیانی ڕۆژانەی خۆمدا نەمتوانیوەو پێی نەوێراوم یان بەپێچەوانەی ئەو کوشتنە کەسێك یان شتێك ڕزگار دەکەم بۆ نموونە لەڕۆمانی پیاوێکی شەبقە ڕەش، پێڵاو ڕەش پاڵتۆ شین کە لەدەزگای ئاراس چاپکراوە ژنێکم ڕیسوا کردووە کەخیانەت لەمێردەکەی دەکات لە ئەوروپا، وێنەیەکی پێچەوانەییم داوە بە مێردەکەی واتا حاڵەتێکم قەلب کردۆتەوە وەفام کرۆدتە بێ وەفایی وەفام کردۆتە خیانەت، حاڵەتێکم پێچەوانە کرۆدتەوە، ڕۆمان دەبێ ئەو حاڵەتە پێچەوانەییەی تێدابێ، پێچەوانەکردنەوەی خێر بۆ شەڕو شەڕیش بۆ خێر، ئەگەر لە ڕۆماندا نەتوانی مەفهومێکی باوو سەپاو، بڵێین ڕەش بکەیتە سپی و سپییەك بکەیتە ڕەش ئەوا تۆ هیچت نەکردوە، من لەلای خۆمەوە هەوڵدەدەم ئەو مەفهومانەی کەلای خۆم ماوەیەك وەك چۆن لای خەڵکیش ماوەیەکی زۆر ڕەشن بتوانم بە سپێتی بیانبینم و بە پێچەوانەشەوە، بۆ نموونە کاتێ کە تەواوی خەڵکی عەشقی خۆرئاواو ئەوروپا بوون، من هەم لەژیانی پراکتیکی هەم لە ژیانی ئەدەبی خۆمدا ئەوەم سەلماندووە،کە پێچەوانەبوون من لە سەردەمێك چووم بۆ فەرەنسا کەس ئامادەنەبوو بڕوا بۆ دەرەوە، خەڵك لەشەڕی ئێران - عێراق خۆی بە کوشت دەدا، لەسەردەمێکیشدا گەڕامەوە لەساڵی ١٩٩٤ کە

هەمووو کەسێك رووی لە ئەوروپا دەکرد بەغاردان تەنانەت بەهۆی گەڕانەوەم پێیان دەگووتم کەر، باشە من ئاوا ژیاوم لە ئەدەبیاتەکەی خۆشمدا مافی خۆمە دیالۆگم، گوتارم لەبارەی ئەوروپا جیاواز بێت، لەرۆمانی پیاوێکی شەبقە رەش دیدێکی تایبەتی خۆم دەربڕیوە دەربارەی ئەوروپا و لەبارەی مەسەلەی فێمینیزم کە ئەمڕۆ پانتاییەکی رۆشنبیری کوردی لەدەرەوەو ناوەوەی وڵاتدا داگیرکردووە، من لەرۆمانەکەی خۆمدا ویستوومە رەشێك بەسپی نیشان بدەمو سپییەك بەرەش، حساباتێك لەگەڵ واقیعی کورد لەئەوروپا بەشێوەیەكو بەدیدی تایبەتی خۆم باس بکەم. بەکورتی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لەمولازم تەحسینیش من جوامێرم کوشتووە، جوامێرم سەربڕیوە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی کەسێتییەکی زۆر لاوازی پیاوی کوردە کە من بۆخۆم یەکێکم لەو پیاوانە. لەهەر رۆمانێکدا یان ئەوەتا کەسێکم سەربڕیوەو کوشتووە یان ئەوەتا کەسێکم رزگار کردووە لەرۆمانی سانتیاگۆ فیکرەی جوانی رزگار دەکەم، فیکرەی جوانیی کە ئێستاش فیکرەیەکی زیندووو گرنگە، مەسەلەی جوانی، مەسەلەی عەشق بەهەرحاڵ وابزانم بۆخۆم دەڵێم کە کارێکی جوانم کردووە.

پ: لەنێوان ((مولازم تەحسینو شتی تریش)) و ((منداڵباز)) دا هەست بە دووکاری زۆر لەیەکتر جیا دەکرێت، هەم لەناوەڕۆك هەمیش لەفۆرمدا، حەز دەکەین تۆ خۆت قسە لە جیاوازییەکان بکەیت.

لەڕووی فۆرمەوە من دانی پێدادەنێم کە تەکنیكو فۆرمی مولازم تەحسین جوانترو سەرکەوتووتر بوو هەرچەند تەکنیكو فۆرمی منداڵباز لەدوای مولازم تەحسینیش نووسراوە کە دەبووایە تەکنیكو فۆرمی منداڵباز کاملترو جوانتربێت بەڵام من دانی پێدادەنێم کە ئەوەی مولازم تەحسین خەڵك زۆرتر پێشوازی لێکرد لە تەکنیكو فۆرمەکە لەچاو منداڵباز، بەڵام لەبەرچی پێشوازییەکە لەبارەی شکلیو تەکنیكو فۆرمەکەی مولازم تەحسین زۆرتر پێشوازییەکی گەرمتربو نازانم، هەرچەندە دەڵێم کە فۆرمو تەکنیکی منداڵباز دەشێ یەکێ بێ لەو دیوارەی کە تائێستاش دروستبووە لەنێوان خوێنەری کوردو رۆمانی منداڵباز، زۆر نەیانتوانیوە لێی تێبگەنو چێژی لێوەربگرن، بەڵام من خۆم بیرمە کە لە قۆناغی یەکەمی کۆلیژ بووم کە رۆمانەکەی(الصخب والعنف)ی ولیام فۆکنەری ئەمریکیم خوێندەوە تێینەگەیشتم، بیرمە کە رۆمانی یۆلیسیسی جێمس جۆییم خوێندەوە تەنانەت وێنەی هونەرمەند لەتافی لاویدا بەزمانی کوردیش خوێندمەوە تێینەگەیشتم، کە ئازاد حەمە شەریف لەماڵی خۆماندا بەشێکی ئەو رۆمانەی لە کاتی فێراری سەربازی خۆیدا وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی رۆمانێکی تری عبدالرحمن مونیف بەهەمان شێوە ئەمە خەتاکەی لەخۆم

بوو كە نەمدەزانی رۆمانی رۆمانی (الصخب والعنف) فۆكنەر بخوێنمەوە كە بەشێوازێكی جیاواز نووسرابوو، پێم سەیر نییە ئێستاش لێم دەپرسن كە ئاخۆ رۆمانی منداڵباز چۆن بخوێنینەوە؟ من ئاوا بەو تەكنیكەوە نووسیومە دەشێ ئەگەر بەتەكنیكێكی تەقلیدی نوسرابووایە كاریگەی زیاتر دەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەكە خۆی بازاری بوو جیهانێكی غەریبی عەنتیكە ئەوەی كە من ناوی دەنێم واقیعێكی پیسە، لەبەر ئەوەی بۆ خۆی واقیعییەتێكی پیسە نەمویست بە شێوازێكی زۆر باوی بازاری بینوسم كە رۆمانی پێ دەنوسرێت بیگێرمەوە، هاتم بەم شێوازە ئاڵۆزو فەنتازییە ویستم بیگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بابەتێكی وا پیس وا بە ئاسانی نەدەمە دەست خەڵك دەشێ بۆیە وام كردبێ، نازانم.

پ٤: بێگومان فەرهاد پیربال بە زیاتر لەبوارێكی كاركردن سەرقاڵە، مامۆستای زانكۆ، لێكۆڵەر، شاعیر، رۆماننوس، دێكیۆمێنتار، هەندێ جار سیاسەت، لە زۆربەی كارو گفتوگۆو ئاخاوتنەكانیدا گاڵتەو جوانیی كۆ دەكاتەوە كە بەلای ئێمەوە ئەم كۆكردنەوەیە بەشێوەیەك لەشێوەكان ئەفراندنێكە لەنێو واقیعێكی هەمیشە خاڵی لە ئەفراندندا، ئەگەر تۆش وا هەست دەكەیت، چین ئەو رەهەندو مەبەستانەی پاڵ ئەم مەسەلەیە؟

مەسەلەی ئەو گاڵتەیە، بۆ خۆی واقیعێكی گاڵتەجاری لە پێش چاوی منو لە دەوروبەری مندا هەیە كە رۆژانە دەیبینین، ئەو گاڵتەیە من دروستی ناكەم بۆ خۆی لە واقیعەكەدا هەیە، گاڵتەجارییەك لە دەوروبەری واقیعی مندا هەیە، بێ مەنتیقیەك لە ناو واقیعی مندا هەیە، ئەو بێ مەنتیقییە من دروستی ناكەم، بەراستی، بۆ خۆی لەناو واقیعەكە واقیعێكی سوریالی هەیە، واقیعێكی گاڵتەجار هەیە، واقیعێكی نامەنتیق هەیە، ئەوە بۆ خۆی هەیەو من نیم دروستی دەكەم، بەڵام دەشێ من واقیعەكە بۆ خۆی راستگۆیانە باس بكەم كە بڵێم ئەوە هەیە بۆیە خەڵك رەنگە لای وابێ كە من ئەو واقیعە دروست دەكەم، نەخێر واقیعەكە خۆی ئەو نامەنتیقیەو نا واقیعەو سوریالییەتەی تیادا هەیە بەڵام چونكە من راشكاوانە باسی لێوەدەكەم كەسی خوێنەر، كەسی بینەر، كەسی وەزیر، كەسی بەرێوەبەر، كەسی سەرۆك، واتێدەگات من ئاوای لێدەكەم، خۆی واقیعەكە وایە، هەولێر تا دەگاتە كۆمپانیای تۆیۆتای رێگای كەركوك بێ كارەبایە، بۆ خۆی وایە، من كە دەڵێم هەولێر شارێكی بێ كارەبایە ئەوە پەلار نییە، ئەوە زوڵمێك نییە، ئەوە قسەی قۆڕ نییە، قۆڕیاتەكە لەوەدایە كە هەولێر شەوان كارەبای تێدا نامێنێ تا دەگەینە كۆمپانیای تۆیۆتا، بۆچی كۆمپانیای تۆیۆتاو دەوروبەرەكەی كارەبای هەیە؟ چونكە سەرمایەدارێكی كەرتی تایبەت بەرێوەی

دەبات، هەرچی گەرەکەکانی تر هەیە چونکە لە دەست حکومەتە، حکومەت گوێی ناداتێ، کتێبخانەیەکی ئەهلی ئەگەر دروست ببێ، ئەو کتێبخانەیە هەمووی کارەباو رووناکی خۆی هەیە بەلاّم کاتێ دەکەوێتە دەست حکومەت دەمرێ، بڕۆن تەماشای کتێبخانەی گشتی هەولێر بکە، مردووە، بەلاّم کتێبخانەیەك کە ئەهلی بەرێوەی دەبات زیندوو دەمێنێتەوە بەهەر حالّ ئەو سوریالیەتەو ئەو نامەنتیقیەتەو ئەو گالّتە جارییە لەناو واقیعەکەدا هەیە، من نیم دروستی دەکەم، بەلاّم من دێم راشکاوانە باسی لێوەدەکەم، جگە لەوەش من دانیپێدادەنێم کە نووسەرێکی ئیستیفزازیم نوسەرێکم دەمەوێ بە ئەنقەست شتەکان بوروژێنم، بۆ؟ چونکە لە حاڵەتی وروژاندندا واقیعەتەکە خۆی دەکەوێتە قسە، لە حالّەتێك کە تۆ شتەکان دەوروژێنی دەبێ باجەکەشی بدەی، منیش باش دەزانم هەر لە بنەرەتەوە لە سالّی ١٩٩٤ وە دەمتوانی بێم قەرەوێتەیەك ببەستم و گۆرەوییەك لەپێ بکەم و سەترەو پانتۆڵێك لەبەر بکەم و ئیمزا بکەم بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یان بۆ حیزبی شیوعی کوردستان یان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ماستاو بکەم و نازانم چی و چی، بڵێم بکرێم بە بەرێوەبەرێك یا سەرۆکی بەشێك، هاورێکانی من هەموویان یان وەزیرن یان سەرۆکی نازانم چین، یان بەرێوەبەرن هیچیان لەو ئاستەی بەرپرسیارییەتە کەمتر نین، من باش دەمزانی ئاوا بکەم و ئاسان بوو بۆ ئاسان بوو؟ بە دەلیلی ئەوەی چونکە من لە هیچم کەم نییە،پیاوێکم سمێڵم کەشخەیە قۆز بووم و پارەم هەبوو، کوڕی پیاوان بووم لە ناو شارەکەو لە هیچم کەم نەبوو ئەسلەن زۆریشم هەبوو، شایستە بووم، بەلاّم بۆخۆم ئەو رێگەیەی کە هەڵمبژاردووە ئەدەبیات کورسیم بێ، هونەر کاری من بێ ئەمە بنەمایە بۆ من، رێگەی خۆمم گرتووە ئەوە لای من هەموو شتێکە مەسەلەکە ئەوە نییە کە من قەشمەری بە واقیعەکە بکەم واقیعەکە بە قەشمەرجار بشوبهێنم، بۆ خۆی ئەو واقیعیە پڕە لە ناکۆکی و لە گالّتە جاڕی و لە قەشمەریات، کە پێویستە بگۆرێت.

پ: زۆربەی گەورە نووسەرانی دنیا وا ناسراون کە ژیانی خۆیان ونوسینەکانیان پەیوەندییەکی بەتینیان هەیە ،جیاواز لە کەسانی تر، تۆوژیان و نوسینەکانت لەکام خالی پەیوەندی دان، ئایا دەتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە؟

ئەسڵەن من هەر وشەیەکی کە نووسیومە دەڵێم وشە نەك رستە بەبێ پەیوەندی نییە لەگەڵ واقیعیەتی خۆم و ئەسڵەن ناشتوانم شتێك بنوسم کە پەیوەندی بە ژیانی خۆم یان بە واقیعی خۆم نەبێ، ئەو قسەیە کلێشەیەکە دەشێ هەموو نوسەرێك بتوانێ بیڵێ چونکە مەفهومی نوسەر بۆ واقیع مەفهومێکە لەیەکتر دەچێ، هەموو نوسەرێك بە خۆی دەڵێ من واقیعیم و پەیوەندی من بە واقیعەوە

پەیوەندییەکی پتەوە باسی کۆمەڵێ کوردەواریو واقیعو شتی لەم بابەتە دەکەم ئەمە کلێشەیەکە بەڵام گرنگ لەوەدایە کە بەچ دیدێکی تازە دەکەی کەتۆ ناوی نیتشەت هێنا نیتشە وەك داهێنەرێكو هونەرمەندێك دەمێنێتەوە چونکە دیدێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەموو نوسەرێك وەکو رۆجیە گارۆدی دەڵێ واقیعیە، هیچ دەقێك نییە پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو نووسەرە یا هەر نووسەرێك چ جۆرە دیدێکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەو واقیعە؟، چ جۆرە ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەو واقیعە؟ ئەمە گرنگە، لای منیشەوە من خۆشبەختانە زوو هەستم بەوە کرد، هەر کە لە کوردستان بووم، کوردستانم جێنەهێشتبوو لە ناوەراست ساڵانی هەشتاکان لەوکاتەوە هەستم بەوە کرد کە نووسەربوونو هونەرمەندبوونی من لەوەدا دروست دەبێ کەمن چەند بتوانم دیدێکی تایبەت بەخۆم هەبێ لە بەرهەمەکانی خۆمدا هەوڵی ئەوم دەدا، کارم بۆ ئەوە کرد کە دیدێکی تایبەت بە خۆم هەبێ بۆ بەرهەمەکانم شێوازێکی تایبەت بەخۆم بۆ چیرۆکەکانم، شیعرەکانم، رۆمانەکانم، کارەکانم دروست بکەم بەلای من گرنگ نییە کەمن چەند واقیعیم چونکە هەر واقیعیم ئەوەم بەلاوە گرنگە کەچەند دیدێکی تایبەتم هەیە بۆ ئەو واقیعیەتە، گرنگ ئەوە نییە چەند واقیعیم گرنگ ئەوەیە کە دیدێکی تایبەتمەندوو تاکرەوم هەبێ بۆ واقیعیەتەکە، من کار لەسەر ئەو خاڵە دەکەم، کە دیدێك بێ بتوانم بڵێم ئەمە دیدی منە، دیدی حوسێن عارف نییە، دیدی شێرکۆ بێکەس نییە لەگەڵ رێزم بۆ شێرکۆ بێکەسو حسێن عارفو شێرزاد حەسەنو تەنانەت گەنجەکانیش، دیدێك بێ تایبەت بەخۆم، شێوازێك بێ تایبەت بەخۆم تاکرەوبێ بتوانم بڵێم ئەمە کاری منە، پەیوەندیشم بە واقیع لەرێگەی ئەو دیدو شێوازە تایبەتەم دروستدەبێ، کە دیدی تایبەتم هەبێ، ئەگەر باس لەتەرەپیازو پشیلەو گۆشت بکەم جوان باس دەکەم، واقیع گرنگ نییە چونکە ئەوەتا واقیع هەیە، هەڵەبجە هەیە، سەدام حوسێن هەیە، کوردایەتی هەیە، ئەنفال هەیە، بۆنەو یادەکانی شوبات هەیە یەکی شوبات هەژدەی شوبات، ١٤ی مارس یازدەی ئازار هەموو ئەوانە قسەی قۆرن، واقیعێکن مردوون، هەم دەشێ زبڵخانە بن، هەم قەسابخانە بن، هەم دەشێ پیرۆزبن کێ پیرۆزیان دەکات؟ دیدێکی تازەی هونەرمەندانە پیرۆزیان دەکات، دیدی هونەرمەندانە ئەگەر هەبێ شتی بێ قیمەت دەشێ جوان بێو دەشێ بێ قیمەتت بکا گرنگ ئەوەیە کە تۆ دیدوبینینێکی تاکرەوت هەبێ گرنگ ئەوە نییە باسی واقیعم بۆ بکەی بۆیە نابێ هەڵبخەڵەتێین وەختێ دەڵێین رۆمانێك دەرچووە، پرسیار دەکرێ لەسەر چ‌یە دەڵێ لەسەر ئەنفالە، ئا برۆ بیکرە چونکە لەسەر ئەنفالە،!! یا لەسەر ئەنفال بێ یان چی ؟ هەموومان دەزانین، میهرەجانێکی

داهاتـووی سـینەمایی لـەم چـەند ڕۆژانـەی داهاتوو لەسـەر تیرۆر دەکریَ وابزانم زیاتر لە دوو ملیۆن دیناری بۆ تـەرخان دەکریَ کە من دڵنـیام ئەمـەریکا لـە ڕیگـەی کۆمپانیایەکـی کوردی لەناو کوردستان لە دوای سیَ تا چوار مانگی تر دەست پیَ دەکات، هەفتەیەك بەر لە ئیَسـتا زیاتـر لـە دوو ملـیۆن دیـنار تـەرخان کـرابوو بـۆ کـورتە فیلمـی کۆمـیدی هەمـووی لەسـەر ئـەو قسانە بـوو، تـیرۆرو مـیرۆرو ئـەو قسە قۆڕانە بەڵام نە لەو میهرەجانەی پیَشوی سـینەما کـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بـە نـاوی کورتە فیلمی ئالای زیَڕین سازیدا وە نە لـەو میهـرەجانەی سـینەمایەی کـە دوو ملـیۆن دۆلاری بـۆ تـەرخان دەکریَ مـن پـیَموایە یـەك فیلمـی جـوان بەقـەد فـیلمەکەی بەهمەنـی قوبادی کاریگـەر بیَ یابەقەد فیلمیَکی هونەر سەلیم کاریگـەر بیَو هونەری تیَدا بیَ، کەواتە گـرنگ ئـەوە نـیـیە مـن چـەند واقیعـیمو چـەند باسـی واقیع دەکـەم دووبـارەی دەکەمـەوە کـە گرنگ ئەوەیـە چەند دیدو شیَوازی تایبەت بە خـۆم بـۆ واقـیع هەیـە؟ واقـیع فشـەیە دیـدی هـونەرمەندانە ڕەسـەنە کـە تـۆ پیَویسـتە هـەت بیَ، ئیَمە نابیَ بـەوە هەڵبخەڵەتـیَین کە باسی واقـیع بکـەین هەمـوو کەسـیَ دەتـوانیَ باسـی واقـیع بکـات لـە خویَندکاریَکـی ئامادەیـیەوە بگرە کـە تـازە خـەریکی ئەدەبیاتە تـا دەگاتـە چـیرۆکی پەککەوتـووی کـە تاقەتـی گانیشـی نەماوە دەیەویَ باس لە واقیع بکات.

پ٦:ژیل دۆلۆزدەلیَ:من ئەو وانەیە دەلیَمەوە کەخـۆم لیَـی دەکـۆڵمەوە نـەك ئـەوەی کـە دەیـــزانم، تاچـــەند ئەکادیمیســـتی کـــورد ئامادەیی تیَدایە بەم ئاراستەیە کار بکات؟

زۆر کـەم، مەبەستی ژیل دۆلۆز ئەوەیە کە ئیَمە نابـیَ ئـەو شـتانە بڵیَیـنەوە کـە هەمـوومان دەیانـزانینو ئـەو شـتانە بئاخنیـنە میَشـکی خویَندکارانمان کـە خۆشیان دەیـزانن دەبیَ کار لەسەر ئەو پانتاییانە بکەین کە نامەفهومو نـــەدۆزراوەن ئـــەوە مەبدەئـــی هەمـــوو مامۆسـتایەکی باشـە بـە تینـی زانکـۆ لـەناو هۆڵـی موحازەرەدا، ڕیَك ئەمـە دەبیَ لـە زانکـۆ پەیـــڕەو بکـــریَت، تەنانـــەت لـــە بـــواری لیَکۆڵیـنەوەی ئەدەبیشـدا، لەوتارنوسینیشـدا یانـی چـی؟ مـن بـیَم کتیَبیَکـی سەدوبیسـت لاپـەرەی پـڕبکەمەوە بـە کۆمەلـیَك قسـە بـە کۆمەڵیَك فیکر کە هەمووماندەیزانین هەتا لە چیرۆکنوسینو شیعرنووسینیشدا کە بە کردار دەبـیَ بچـینە نـاو ئـەو پانتایـیانەی کـە نامەفهومو نـەدۆزراوەن لـە بـواری زانکۆشـدا، مـن بـاش دەزانم کـە ئـەوەی لـە زانکـۆکاندا دەگوتـریَتەوە ئـەو شـتانەن کـە خویَندکار بـۆ خـۆیان زۆربـەیان دەزانـیَ مـن ئەوکاتـەی کـە لەبەشی کوردی بووم لە سەرەتای هەشتاکاندا ((الموسـوعە الصـغیرە)) هەبـوو لـە بەغـدا دەمانکـڕیو دەمانخویَـندەوەو دەچـوینە نـاو هۆڵـــی مـــوحازەرە هەفـــتەیەك دوای ئـــەوە مامۆسـتاکەمان دەهـات ئـەو (الموسـوعە الصـغیرە) بـە کوردیەکـی شـەقو پـەق بـە ئیَمە

دەفرۆشتەوەو ئێمەش دەماننوسیەوە کەسیش نەیدەتوانی فزە بکات لەبەر ئەوەی ئەو مامۆستا بوو ئێمەش خوێندکار ئەو مامۆستایە، جەنابی نەیدەزانی کە ئێمە هەفتەیەك دەبێ ئەو کتێبانەمان خوێندۆتەوە، کە ئەو دەهات بە کوردییەکی شەق‌و پەق بۆ ئێمەی وەردەگێرا. پێموابێ ئەو سیستمە لە زانکۆکانی کوردستاندا ئێستایش هەر بەردەوامە وەکو زەمانی ئێمە، ئەو زانیاریانەی کە مامۆستا دەیدایە خوێندکار دەشێ دەمێك بێ بیزانێ‌و وەریگرتبێ، ئەو میتۆدە نییە کە خوێندکار بخاتە سەر بیرکردنەوە،

پ: ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لەئاییندەدا مامۆستای(کورد) لەو عەرشەی خۆ بەگەورە زانین و خوێندکار بەکۆیلە زانیندا بێتە خوارەوە؟

بەرای من بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە دەبی پشت بە خوێندکار خۆی ببەسترێت نابێ پشت بە مامۆستا ببەسترێت یان داوا لە مامۆستاو سەرۆکایەتی زانکۆو راگرایەتییەکانی کۆلێژەکان بکرێت، نەخێر هەڵەیە، هەڵەکە لەوەدایە کە ئەمان ئەو کارەت بۆ ناکەن چونکە ئەوان هاوپشتی یەکن، هاوقۆڵی یەکن، هاوکاری یەکن، لە مامۆستایەکەوە بگرە هاوقۆڵی سەرۆك بەشە ئەوانیش هەمووی هاوقۆڵی راگرن ئەمانیش هەمووی هاوقۆڵی ئەنجومەنی زانکۆن‌و ئەمانیش هەمووی هاوقۆڵی حکومەت‌و حیزب‌و ئەو تۆرەن کە میشیال فۆکۆو جان جاك رۆسۆ لە کاتی خۆیاندا باسیان کردووە کە پەیوەندییەکی هەرەمی دەسەڵاتدارانە بەیەکەوەیانی بەستۆتەوە، ئەوەی کە میشال فۆکۆ ناوی ناوە پەیوەندی میکرۆ فیزیایی لەسەرەوەرا پەیوەندیدارە تا خوارەوە تا مامۆستا کە دەگەینە خوێندکار ئەو پەیوەندییە رادەوەستێ، راناوەستێ بەڵام توێژێك لەناو خوێندکار چونکە هەتا لەناو خوێندکاریشدا ئەو هاوقۆڵییە هەیە تۆ یەکێتی قوتابیانت هەیە کۆمەڵەی خوێندکارانت هەیە، ئەمانیش سەرکردایەتیەکەیان توێژێکی راڕایە توێژێکە هەندێکیان هەلپەرستن، دەمێك لەگەڵ خوێندکارن‌و دەمێك لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆن لەگەڵ دەسەڵاتداران، کەواتە بۆ گۆرینی سیستەمەکە، بۆ گۆرینی واقیعەکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەبێ بگەرێینەوە لای خوێندکار، خوێندکار دەبێ خۆی ئەو بۆکسە بوەشێنێ. ئەو لێدانە بتوانێ لەو شوێنە بدا کە شتەکانی تێدا تێکەڵ‌و پێکەڵ دەبێ، هەڵدەوەشێتەوە، خوێندکار دەبێ ئەو رۆڵە ببینێ، من بۆیە لێرەوە پیاوێکی ئەرناشیستم، لێرەوە لایەنگری هەر بزاڤێکی ئەرناشیستی دەکەم کە بیەوێ سیستمەکە تێکبدات، ئاژاوەیەك دروست بکات، چونکە ئەو ئاژاوەیە تاقە رێگەیەکە لێیەوە بگەینە بیرکردنەوە لە گۆرین چۆنکە بەرێگەکانی تر ناگەین‌و گیراون. لە رێی ریفۆرم لە رێی

سەرۆك بەش و كۆلێژ، سەرۆكايەتی زانكۆ لەرێی یەكێتی قوتابیان، كۆمەڵەی خوێندكاران، هەمووت لێگیراوە، یان بەشێوەیەكی ئانارشیستانە یان بە شێوەیەكی ئاوا كە خۆی خۆی دووبارە رێكبخاتەوە كە ئەوەشیان قورسە، بۆچی؟ چونكە زۆربەی خوێندكاران كەوتوونەتە ژێر كاریگەریی دوو یا سێ یا چوار شێوەی رێكخستن كە بەداخەوە حیزبین ئەو توێژەی خوێندكارە لە ژێر فەرمایشتی رێكخراوە خوێندكاریی و قوتابییەكاندان كە كاریگەری حیزبیان لەسەرە لەبەر ئەم دوو خاڵە حاڵی حازر من وای تێدەگەم كە دەبێ خوێندكار خۆی لە رێگەی خۆ پێشاندانی ئاشتییانە، لە رێگەی مانفێست بڵاوكردنەوە لە رێگەی كۆبوونەوە لەگەڵ یەكترو بازنەی بچووك بچووك دروست كردن و برادەرایەتی وەسیلەی جۆراو جۆر هەن، خۆشبەختانە ئێمە لە كەشێكدا دەژین كە بواری ئەو شتانەمان هەیە بۆ نموونە لەو چوار پێنج ساڵەی دواییدا چەندین بازنەیان دروستكرد توانیان كاربكەنە سەر رێكخراوە خوێندكارییەكان و ورای ئەوانیش بگۆڕن، ئینجا ئەوە رای منە كە گۆڕانەكە لە رێگەی مامۆستایان و كۆلێژو سەرۆك بەشەكانەوە ناكرێ بەڵكو لە رێگەی خودی خوێندكارەوە دەكرێ، دەبێ خوێندكار خۆی هێزی وا كۆبكاتەوە كە بتوانێ ئەو توانایە بۆ گۆڕانكاریی دروست بكات، خوێندكار دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانێ كە مامۆستاكان پشتی یەكتر دەگرن، بەشەكان پشتی مامۆستا دەگرێ ئەگەر چی گوناهی مامۆستاش بێت زۆر جاران روودای وا روویداوە كە مامۆستا هەڵەیە بەڵام پشتی مامۆستا بەرنادرێ، با خوێندكار بزانێ كە مەزڵومە لە ژێردەستی هەموویاندا بەش و راگرایەتی و سەرۆكایەتی زانكۆ بۆیە هەموو خوێندكاران دەبێ پشتی یەك بگرن و هێزی ئەوە پەیدا بكەن بتوانن سیستمەكە بگۆڕن.

پ٨: ئەگەر فەرهاد پیرباڵ ئەوەی ئێستا نەبووایە، وەكو شۆڕشگێڕێك خۆی بناساندبووایە، بەوەی كە یەكەم چاپخانە لە هەولێر كە دزرا لە ماڵی فەرهاد حەشاردرا، ئایا هەمان ئەو رێزو ستایشەی ئێستات دەبوو؟

راستیەكەی ئەوانەم بەلاوە هیچ گرنگ نییە بەقەد ئەوەی كە من لە ژیانمدا ئاواتم بوو كە لە نووسیندا بگەم بە شێوازو دیدێكی تایبەت بە خۆم كە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ وە هەستم پێكرد كە دەتوانم بە ئامانجەكانم بگەم، زۆر حەزمكرد مادام ئەو پرسیارەت كرد باسی چیرۆكی (داغەكەی پشت دەستم بكەم) كە لە گۆڤاری نووسەری كورد لە بەغدا بڵاوكرایەوە حەمەی مەلا كەریم ئەو چیرۆكەی زۆر پێ جوان بوو حەمە شوان و فاروق رەفیق و سەروەرو زۆر برادەری تر ئەو كاتە لە بەغدا خوێندكاربووم كە دەهاتمەوە باسیان دەكرد كە نووسەرانی گەورە وەك حەمەی مەلا كەریم و دكتۆر عزەدین مستەفا رەسول و

ئەوانی تر چیرۆکی " داغەکەی پشت دەستم" یـان لا جـوان بـوو تەنانـەت بەهـۆی ئـەو چیرۆکەوە د.عـزالدین لـە وتارێکـی گرنگـی خـۆیدا کەلەسـەر چـیرۆکی کـوردی دا نوسیبووی ناوی منی لە پال ناوی رەئوف حەسەن رەئوف بیکەرد، د. محه مەد موکری ، شیرزاد حسن و کەسانی تـر دایـان نابـوو کـەزۆر ناسـرا بـوون ئـەو سـەردەم کەمنێك ئەوکاتە بە تەنها سێ چیرۆکم نووسیبو



((شورە)) لە هاوکاری بلاو کرابووەو یەکێکی تر لەگوڤاری رۆژی کوردستانی تایبەت بە شانۆ بلاوکرابووە لەگەل ((داغەکەی پشت دەستەم)) لە نوسەری کورد بەسێ چیرۆك د.عزەدین منی خستبوە ریزی ئەم کەلە نوسەرانە، سەروەر ئەحمەد کە کوریکی چیرۆکنووسی هەولێر بوو کە خۆیو

خێزانەکەی خۆیان فڕێدا ناو روباری دیجلەوەوخۆیان کوشت بە حوکمی ئەوەی کە زۆر لێمەوە نزیك بوو کاریگەرییەکی زۆری بە سەرمندا هەبوو دەربارەی دروستبوونی رووانینی ئەدەبیمدا، لە کاتی باسکردنی چیرۆکەکەمدا گوتی فەرهاد:قسەی قۆرە ئەم چیرۆکە، ئەمە کەی چیرۆکە؟! من زۆر دڵم بەوە خۆشبوو کە ئەو خەڵکە باسیان دەکردو پێیان خۆشبوو، تەنانەت نورەدین محەمەد سدیقێك هەبوو وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی کە بەداخەوە ئەویش لە ڕێگای کەرکوك بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا، نوسەرو وەرگێڕێکی کوردی-عەرەبی، عەرەبی-کوردی زۆرچاکبوو ، کەچی سەروەر ئەحمەد وەك چیرۆکێکی فاشیل دەیخوێندەوە ئەمە منی والێکرد کە تێبگەم بزانم بۆچی فاشیلە؟و لەکۆتاییدا قەناعەتی بە من هێناو تێیگەیاندم کە ئەگەرچی ئەم چیرۆکە چەند لایەنێکی باشە بەلام نابێ ئاوا بنوسرێت، منیش ماوەیەکی زۆر بوو دەمگوت ئەگەر چیرۆکنووسین ئاوا بەم شێوەیە بێت هەموو کەسێك دەتوانێت بینوسێت، من پرسیاری ئەوەم دەکرد کە ئاخۆ لە چیرۆکنوسین یا لە ئەدەبیات نوسیندا چ شتێك گرنگە گەیشتبوومە ئەو قەیرانە لەناو خۆمدا کە ئەوەی من دەتوانم بیکەم هەموو کەسێك دەتوانێ بیکات، لەو ئاخروئۆخرانەی سالأنی ١٩٨٣ لە ژێر کاریگەریی سەروەر گەیشتمە ئومێدی ئەوەی

کە بتوانم کەسایەتییەکی ئەدەبیی بۆ خۆم دروستبکەمو دیدو شێوازێکی ئەدەبیی تایبەت بتوانم بۆ خۆم دروستبکەم، دنیایەکی تایبەتی ئەدەبیی دروستبکەمو ئێستایش هەر لە هەوڵی ئەوەدامو بەردەوام کە پێموایە تا رادەیەك سەرکەوتوو بووم، وەکو گوتم ئەوەم بەلاوە گرنگ نییە کە ئایا ئەگەر بوومایە بە سیاسییێك یان نا، ئەمە خەونی من نەبوو، بمویستایە هەر ئەو کات دەمتوانی رێچکەیەکی لەم شێوەیە بگرمە بەر من بە قسەی ئازیزترین کەسەکانی خۆم نەدەکرد وەك باوکم کە حەزی دەکرد ببم بە ئەندیازار دایکم حەزی دەکرد ببمە شتێکی تر، من بەلامەوە گرنگ نەبوو شتێکی زۆریش ئاساییە کە هەر کەسەو دەبێ بە شتێكو دەیەوێ لە بەستێنێکدا کار بکات، من قەت گاڵتە بە سەرۆکی بەشی... ناکەم ئەو کارێك دەکات کە من حەز ناکەم بیکەم، منیش کارێك دەکەم کە ئەو ناتوانێ بیکات، بەهەمان شێوەیە، کەسی سیاسیش من گاڵتەی پێناکەم بەڵام من شتێك دەکەم ئەو هەرچییەك بکات ناتوانێ بیکات، بەڵام من حەزناکەم ئەوەی ئەو دەیکات بیکەم، مەسەلەکان بەو شێوەیەن ،ژیان ئاوایە کە کۆمەڵە کەسێك شتێك دەکەنو ئەوی تر ناتوانێ یان حەز ناکات بیکات.

پ/ حیکایەتی ئامێری چاپکردنەکە چۆن بوو؟

حیکایەتێکی سادەیە وابزانم ساڵی ١٩٨٢ یا ١٩٨١ بوو، گەڕەکی تەیراوە شوێنێکی زۆر گرنگی خەباتی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامی چالاکی کۆمەڵە لە تەیراوە لە جموجۆڵ دابوون، گرنگترینیان ئەوانەی کەمن دەمناسینو لە نزیکەوە دەمزانی کە کار لەگەڵ کۆمەڵە دەکەن چونکە بە شێکیان روویان لە من کرد کە کار لەگەڵ کۆمەڵەدا بکەم، من ئینتیمام نەبوو لەگەڵ کۆمەڵە دا وەك ئینتیمای حیزبیی بەڵام رۆژ نەبوو لە چالاکییەکدا بەشدار نەبم لە ئاسانکارییەکی چالاکییەکاندا رۆلم نەبێ، هەر رۆژەی کارێکمان دەکرد بەزمێکمان دەکرد بەتایبەتی کاتێ کە زانکۆ هاتە هەولێر کارەکان زۆر توندوتیژتر کەوتنەوە لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ .

من وەکو گوتم ئینتیمام نەبوو ئەو برادەرانە داوایان لێدەکردم بۆ کارکردن لەگەڵیاندا من پێم دەگوتن کە بۆ خۆم حەز دەکەم بەو شێوەیە کار بکەم ، ئەندامە چالاکەکانی ئەو کاتە کە لە هەمووان زیاتر لەمن نزیك بوو (ناسر شەیدا) بوو بەداخەوە کە ناوی ونبووە، من لە دیوانە شیعری ئێکزیل شیعرێکم بۆی نووسیوەو پێشکەشمکردووە، پێشموابێ شیعرێکی جوانە کە بۆ شەهید گوتراوە هەر بە ناوی خۆی (ناسر محەمەد شەیدا) کە بەرپرسی یەکەمی شانەو رێکخستنەکانی ئەو کات بوو، ئەسعەد ناوێك هەبوو کەرکوکیی بوو لەبواری شانۆ کاری دەکرد، ئازاد جوندیانی بوو، زاهیر عەبدوڵلا کە ئێمە ئەو کات پێمان دەگوت کوڕی سمێل سۆری، خدر

که لەسێداره درا لەگەڵ ناسر، عەبدولرەحمان فەقێ عەولا بوو که ئێستا له دانیمارکه پێشتر لە بولغاریا بوو، بەهەر حال ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گەنج و بە توانا کە ئێستا هەموویان لە سەرکردایەتی یەکێتی رۆڵیان هەیە یاخود لە بوارێکی رۆشنبیرییدا رۆڵی خۆیان هەیە، یەکێکی تر(مەجید هەرشەمی)بوو ئەمانە بوون، من وەك گوتم پەیوەندی راستەوخۆم لەگەڵ ناسر هەبوو، حیکایەتی ئەو ئامێرەی چاپ کە لە هەولێری ئەو کاتدا ئامێری چاپ تا سالانی نەوەدیش زۆر کەم بوو ئامێرێکی زۆر کەم بوو، ئامێرێکی گرنگ بوو چونکە هەموو بلاوکراوەکان بەم ئامێرە چاپدەکران، ئەم ئامێرە یان هی پەیمانگای تەکنیکی بوو یا هی پەیمانگای پزیشکی بوو دزرا، ناسر بەرەحمەت بێ سەعات هەشتی ئێوارە هێنایە ماڵی ئێمەو گوتی فەرهاد ئەمشەو سەعات ٣ تا ٤ ئۆتۆمبێلێکی جۆری جێب دێت و ناوی فلانە کەسەیە دەیبات، منیش گوتم باش، ئەوە بوو سەعات چوارو نیو ناسر خۆیشی لەگەڵیاندا بوو هاتن و بردیان بۆ مەڵبەندی ٣ ی کە نازانم یا لە توژەڵە بوو یا ناوزەنگ، بەلام هەماهەنگییەکە بەسەرپەرشتی ناسر شەیدا بوو، ئەمە حیکایەتەکە بوو، پێموابێ ساڵی ١٩٧٩ یان ١٩٨٠ بوو، هێشتا نەگەیشتبووینە ئەو خۆنیشاندانەی خوێندکاران و پێش هاتنەوەی زانکۆی سلێمانی بوو بۆ هەولێر.

پ: فەرهاد پیربال دەیەوێ لە چ شتێك یاخیی بێت؟ ئەگەر نا ملی بۆ چ شتێك کەچ کردووە؟

ملکەچی ئەو بەها جوانانە دەبم کە بۆیان دەژیم، جوانی یەکێکە لەوانە هونەری رەسەن دووەم چەمکی کورد بوونم ملکەچی ئەوانە دەبم ئەگەر مەرجێکم بۆ دابنێن بڵێن دەوڵەتێکی کوردی دادەمەزرێ بەمەرجێ ملکەچ بی و واز لە هونەرەکەت بێنی و قەلەمەکەت دانێ ئەوکاتە قەلەمەکەم دەشکێنم چونکە دەزانم ئەو ملکەچبوونەم مادام دەگاتە دەوڵەتێکی کوردی، ئەو دەوڵەتە دەیان جوانی وەکو من پێدەگەیەنێ ئەگەر من جوان بم دەیان چیرۆکنووس یا شاعیری وەکو من ئەگەر شاعیر یا چیرۆکنووس بم وەك من دورستیدەکاتەوە بەڵێ ملکەچی ئەو بەها جوانانەم دانی پێدادەنێم و دەشێ ملکەچی هەندێ لە بەهای جوانی دیکەو پێوەری جوانی دیکەش بم و یاخیبوونیشم دیسانەوە دانی پێدادەنێم کە یاخیبوونم لە بەرامبەر شتەکاندا زۆرترە لە چاو ملکەچبوونم واتە زۆرتر یاخیبم وەکو ئەوەی ملکەچ، وەها خۆم دەبینم و وەهاش تێدەگەم ئەگەر کەسێك چ لە دوور چ لە نزیك سەیری ژیانی من بکات سەیری ئەو باجانە بکات کە من لە ژیانی خۆمدا داومە، لەوە تێدەگا کە من لەچی یاخیم، ئەگەر لەوە ورد بێتەوە کە من چی و چەند شتم لەدەست چووە لە ژیانی کۆمەلایەتی و رۆژانەی خۆم لەوەش تێدەگا کەمن لەچی یاخیم بەلام من زۆرتر شانازی

بەو یاخیبوونانە دەکەم نەك ملكەچییەكان، چونکە وەکو گووتم ملكەچیەكانم بۆ ئەو بەها جوانانە زۆر لە بەستێن کەم کەم بووە، کەم توانیومە ئەو ملكەچییە بنوێنم واتە ملكەچی ئەوەم نەنواندووە بۆ ئەوەی باسمان کرد بۆ نیشتیمانو دانپێدادەنێم ملكەچم بوو بۆ جوانی کە دوو سێ کاری ئەدەبیم پێ نووسی یاخیبوون مەبدەئێکی گرنگی داهێنانە کە تۆ یاخی دەبی نایەی تا بڵێی یاخی دەبم، مەسەلەکە ئاوا نییە حاڵەتێکی سروشتیو ئۆتۆماتیکیو پەیبردن بە هەندێك راستی هەیە وات لێدەکات بتگەیەنێتە حاڵەتی یاخیبوون واتە تۆ ناتوانی وانەی یاخیبوون بڵێیتەوەو فێری خەڵك بکەیتو تۆ بۆ خۆیشت ناتوانی پێی بڵێی من لەوەدا یاخی دەبمو لەوەدا نا کۆمەڵێك راستی هەیە لەلات کۆمەڵێك پەیبردن هەیە بۆ راستی کۆمەڵێك تینوێتی هەیە بۆ هەندێ لە ئازادییەکان وات لێدەکات یاخی بیتو جەسارەت پەیدابکەیت زۆرجار باسی یاخیبوونو جەسارەت دەکەن ئەوە نییە کە تۆ تیۆر بخوێنیتەوە یان کتێب بخوێنیتەوە کە چۆن یاخی بیت پەیبردن بە ئازادی، وەختی تۆ لە ئازادی تێدەگەیت وەختێ تۆ وشیارییەکت لا دروست دەبێت لە بارەی پێویستیەکانی دەوروبەری خۆتو ژیانی خۆت، یاخیبوون ئۆتۆماتیکیانە سواری ملت دەبێ، ئۆتۆماتیکیانە دەبێ بە جنۆکەو دێتە ناو رۆحتەوە وەختێ کەتۆ وشیارییو پەیبردنت بۆ ئازادی لەبارەی زەرووڕەتەکانتەوە پەیاکرد، ئەوکاتە ئۆتۆماتیکیانە وەکو فارس دەڵێ دەبێتە مرۆڤێکی جەنگزەدە دەبێتە مرۆڤێکی جنۆکاوی یاخیبوون رۆحت داگیر دەکاتو ناچاری یاخی بیت ، مەسەلەکە هەرگیز ئەوە نییە تۆ بەرنامەیەکت دانابێ ئینجا حاڵەتی رۆشنبیرانەو مەعریفی هەیە هەندێ رۆشنبیر قالبوونەتەوە لەناو ئەو زەرووڕەتو وشیارییانەدا قالبوونەتەوە لەناو ئەو پەیبردن بە ئازادیو ئەو وشیارییەی لەبارەی پێویستیەکان بۆیە بە شێوەیەکی دینامیکیو تاهەتایی یاخیت، من واتێدەگەم بەختیار عەلی تا دەمرێت هەر یاخی دەمێنێتەوە، تا سەردەنێتەوە، خاچی خۆی هەڵگرتووە کە بریتیە لە مرۆڤێکی یاخیی من لە قۆناغی یەکەمی کۆلێژەوە کە چووم بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٩ وە ئەم کورە وەها دەناسم کە قالبووی ناو وشیارییەکانیەتی لە بارەی ئەوەی کە پێویستە بکرێ ، قالبووی ناو ئەو ئازادیانەی کە پێویستە ئەو بۆ خۆیو هاوڕێکانیو نەوەی خۆی بەدەست بێنێ، شێرزاد حەسەنو مەریوانو گەورە ڕۆشنبیرانی تری کورد کە تۆ دەیانناسیت هەربەم شێوەیە، ئەمانە یاخیبونیان بۆخۆیان دروست نەکردووە، بەڵکو لەقولایییو کانگاو وجودی خۆیانەوە تێکەڵ بەبەرنامەی ئەدەبیاتیان بوو.

پ: واتە حاڵەتێکی ڕۆحییە؟

حاڵەتێکە پێیگەیشتووە چۆن لەتەسەوفدا

حاڵەتێك هەیە دەتگەیەنێتە تەسەوفی بەڵام بەشێوە واقیعیەکە یاخیبوون ئەو حاڵەتە مەعریفەیە جیاوازیەکی لەگەڵ تەسەوفدا ئەوەیە کە تەسەوف دەشێ لەخاڵێکدا کۆتایی پێ بهێنێتو بگۆڕێ بەڵام حاڵەتی یاخیبوون حاڵەتێکە وەکو گوتم جنۆکە دەستی لێوەشاندبێ هەتا دەمرێت لەگەڵتدا دەبێ، ئەوەی لێدەرچێ کەدەشێ ڕۆشنبیرێکی گەورە بەوەی کە فلان سەرۆك حکومەت دەعوەتێکی لە سلێمانی پالآس دەکاتو یا هەولێر پالآس دەکات یان پارچە زەوییەکی دەداتێ کە ڕەنگە قەلەمەکەی دابنێو بکەوێتە زوڕنا ژەنین، ئەوە حاڵەتێکی دەگمەنە بەڵام حاڵەتی یاخیبوون حاڵەتێکە وەکو گوتمو پێموایە دینامیکیەو بەردەوامیشە من بۆیە دەڵێم ڕۆشنبیر هەمیشە دەبێ وەکو چەکێك کە ئامادەی تەقاندنەوە کرایە وابێت هەمیشە ئامادەبێ کە قسە بکا، هەمیشە ئامادەبێت کە دەچێتە ناو پۆل ئامادەبێت بۆ پێشکەشکردنی موحازەرەکەی، هەرکاتێك بیەوێ شتێك بنووسێو بڵێو بیکات پێویستی بەوە نییە پێش ئەوە کامێرای تەلەفزیۆن بچێتە لای ئەو بچێت لە توالیت سەرو قژی خۆی ئامادەبکات خۆی ئامادە بکات خۆی لەڕاستیدا دەست بکاتە گوتنی پێشەکییەك تا قسەی بۆدێت، ڕۆشنبیر مادام یاخییە مادام ڕۆشنبیرە ئۆتۆماتیکیانە دەبێ یاخیبێ ئەم یاخیبوونە دەبێ حاڵەتێکی وای لەلا دروست بکات قسە ببەخشێتە ئەو کەسانەی کە قسەیان نیە ڕا ببەخشێتە ئەو کەسانەی کە رایان نییە، ئەو شتانەیان لا شیرین بکات کەپێویستە شیرین بنو هتد....

ئینجا من لەچی یاخیم؟ لەهەموو شتێك یاخیم وەکو گوتم یاخیبوونەکانم لەملکەچبوونەکانم زێدە ترن، ملکەچیەکانم تەنها بۆ چەند بەهایەکە لەحاڵەتێك کە یاخیبونم لەدەست زۆربەی شتەکانە، شتەکان هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە کەتۆ باسی زانکۆ دەکەیت زانکۆ پەیوەندی بەحیزبەوە هەیە پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە پەیوەندی بەئایینەوە هەیە پەیوەندی بەسێکسەوە هەیە یان شتەکان مادام هەموویان یەك یەکەی کۆنو داڕزیوی وەکوماڵی جاڵجاڵۆکەیەك پێکدەهێنێت دەبێ لەتەواوی ئەو داوەتە یاخی بێت. لەتەواوی ئەو خانەو کوچەو کۆڵانانە یاخی بێت کە ئەو جاڵجاڵۆکەیە دروستی کردووە، ناتوانم بڵێم لەوە یاخیم یان لەوشتەی تر، لەهەموو شتێك یاخیم، دەچم لەزانکۆی کۆیە وانە دەڵێمەوە کە ئەم شارە کتێبخانەیەکی نییە لەوە ناڕازیم، یاخیم لەدەست شارەوانی هەولێر کە کارەبای نییە ناڕازیم لەدەست شارەوانی سلێمانی کە نازانم چی نییە؟ یەك شاری گەورە دوو سێ کتێبخانەی هەیە لەحاڵەتێکدا ١٧٥ مزگەوتی لێیە، یاخیم لەدەست ئەوەی کە ئەم مزگەوتانە کەسیان نییە دووبارە چاویان پێدابخشێنێتەوە وەکو سەدەکانی پانزەو شانزە دووبارە پڕبکرێنەوە لەکتێبی جوانو

لەمەعریفەی جوان و لەو زانستانەی کەپێیان دەگوترا دوانزە عیلم، لەهەزارو یەك شتی تردا یاخیم و ناڕازیم،........

پ: ئەگەر خوازیارێکی داوا فێمینیزمیەکان بیت، مافەکانی خۆت چەندە بەدەست هێناوە؟

من خوازیارێکی فیمینیست نیم بەڵام دژیشیان نیم تا ئەو رادەیەی کە پڕوپاگەندەیان لەدژدا بکەم بەڵام واتێدەگەم کە بزوتنەوەی فیمینیزم کە لە ئەوڕوپا دروستبوو بنەماو زەمینەی واقیعی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دروستبوو لەسەر ئەو بنچینەیە دروستبوو فێمێنیزمی کوردی کە چەند ساڵێکە خەریکە خۆی دروست دەکات لەسەر بارو کەلتورێکی فشاڵ دروستبووەو زۆرتر زەمینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوی کورد لە ئەوروپا بە ژنەکانی خۆی بەخشیوون، بۆیە من پێموایە فێمێنزمی کوردی کە دروستبووە لە ئەوروپا لەلایەن ئەو ژنانەیە کە مێردەکانیان زیاد لە پێویست ئازادیان پێبەخشیون من لەم قسەیەم بەرپرسیارم، لەجیاتی ئەوەی ئەم ژنانە وەفایەك بدەن بەو مێردانەیان کە ئازادییان پێبەخشیون لە جیاتی ئەوەی ئەم ژنانە بەوەفابن بۆ مێردەکانیان چونکە گەیاندنیانە ئەوروپا چونکە خزمەتیان کردو هەوڵیاندا چاویان بکرێتەوەو فێری شت بن لە جیاتی ئەم وەفایە دەگگەیان لە مێردەکانی خۆیان دا دەگەیان لە فیکری رۆشنبیری کوردیدا فێمێنزمی لێدەرچوو لەسەر ئەم بنچینەیە فێمێنزمی کورد لە ئەوروپا دروستبوو ئینجا من وای تێدەگەم کە ئەو فێمێنزمییە لەسەر بنچینەیەکی نەخۆش دروستبووە، ژنەکە لە رووی فیزیکیەوە یان زۆر ناشیرینە، یان خیانەتیکردووە لەگەڵ مێردەکەی خۆی یان عەیبێکی تری هەیە، لەسەر بنچینەیەکی نەخۆشی دروستبووە بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەو خاسیەتە هێرشکارو شەرانگێزکارانەیە کە لەرووی پیاوی کورد دروستبووە ئەمرۆ، دیالۆگ لەگەڵ پیاوی کورد ناکات هێرش دەکاتە سەری ، خاڵێکی بچووك بۆ ماوەی ١٠ ساڵ هەڵدەگرێت دوای ١٠ ساڵی دیکە دژی پیاوێك کە زۆر بەری بووە بەکاری دەهێنێ، لە هاوکێشەکەدا، من پێموایە فێمێنزمی کوردی زەمینەکەی لە کوردستان نییەو لە ئەوروپا لەسەر بنچینەیەکی نەخۆش دروستبووە بۆیە تێبینیم کردووە زۆر بە دەگمەن دەبینم ئەو بزاڤە لە ناو کوردستان رێکخراوێکیان دروستکردبێت، یان کاریان کردبێت یان هاتبن لە ناو پەرلەمان یان لەناو دامو دەزگاکانی ئێرە، لەناو واقیعی ژنی ئێرە کاریان کردبێت، هەمیشە لە دەرەوە زوڕناکەیان لێداوەو کاریان لەگەڵ رێکخراوەکانی بێگانە کردووە، خاسیەتێکی بازرگانیکردنی پێوە دیار بووە وەکو چۆن نەخۆشە بازرگانەکانیشی پێوە کردووە ئازادییەکانی ئافرەت چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرووبەرووی ژن دەبێتە من

بەكردار دان بەوە دەنێم هەموو كەسێك بەوە ناكرێ دژی پیاو بوەستینەوە، بەوە دەكرێ كە شان بەشانی پیاو مەسەلەی ئافرەت بكرێتە مەسەلەیەكی وجوودی، زۆر بەسەهوودا چوون ئەوانەی كە ئەو ژنانەی واتێدەگەن كە سیمۆن دی بۆڤوار فیمێنسیتكی هاوشێوەی خۆیان بووە، لای سیمۆن دیبۆڤار مەسەلەیەكی وجودییە وە دەشبێ لە كۆتاییدا وا تێبگەین ، مەسەلەی ژن كە تۆ دەڵێی ئازادی ژن و كێشەی ژن و ئازادییەكان و مەسەلەی ژن هەموو مەسەلەیەكی وجودییە واتە وجوودی هەر یەكە لەو ژنانە وەكو چۆن وجودی پیاوێكە مەسەلەیەكی وجودییە، تۆ دەبێ كاربكەیت بۆ وجودێكی كوردی لە وڵاتی كورد كە جیاوازە لەگەڵ وجودێكی هیندی یا وجودێكی سویدی تۆ ناتوانی ئەوەی كە ئافرەتی سوێدی دەیەوێ هەمان شت بۆ ئافرەتی كورد لێرە داوا بكەیت تۆ داوا دەكەیت ئافرەت شەو ئازاد بێت بچێ چی بیەوێ بیكات ئەمە داواكاری ئافرەتی سویدییە باشە بەڵام پێش ئەوە دەبێ وەكو مەسەلەیەكی وجودی دەبێ ئەوەم بۆدابین بكەیت كە ئەمن و ئاسایش بۆ خوشكی من دابینكرێت پێش ئەوەی من بینێرمە دەرەوە، گرەنتی ئەوە بكرێت كە گەر ئافرەت چووە دەرەوە نایكوژن و پەلاماری نادەن و پەنجەی بۆ ڕاناكێشن و دەرپێی لەبەرناكەن دەبێ گەرەنتی ئەو شتانەم بدەنێ، كەواتە ئێمە دەبێ پیاو و ژن بەیەكەوە لەسەرەتادا كار بۆ ئەوە بكەین ئینجا خوشكەكانمان شەوانە بنێرینە دەرەوە ئەوەی كە سویدییەك داوای دەكات.

پ: واتە پێویستە پێشتر كۆمەڵگا ئامادەبكرێت بۆ ئەم مەسەلەیە؟

بێگومان، بەنیسبەت ئازادی ئافرەتێكی ئێرلەندی ئەوە گرنگە كە خۆی كەسی خۆشەویستی خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام پێش ئەوە ئافرەت لەكوردستاندا دەبێ زەمینەی بۆ خۆشبكرێ كە كەسێك هەبێ هەلیبژێرێ، تۆ كێ هەڵدەبژێری؟، كوڕی پلكت دەبێ كوڕی مامت، كوڕی داپیرت، كوڕی دراوسێیەكەتان هەر ئەوە دوو سێیەی كەدەیبینی، كەواتە بۆ مەسەلەی ئەوەی كە ئافرەتێكی ئێرلەندی داوای ئەوە دەكات كە خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ لەوێ مەیسەرە، بەڵام لەكوردستاندا ئەوە مەیسەر نابێ ئەگەر ئێمە هیچمان نەبێ و ئەوەندە كوڕ نەبێ تا كچەكە بەئارەزوی خۆی هەڵبژێرێ، كەواتە دەبێ زەمینەی ئەوە خۆشبكەین كە كوڕ و كچ بتوانن یەكتری تیادا ببینن، ئەوەیە ئەو جیاوازییەی كەمن تووڕەدەكات بەرامبەر فێمینیستەكان. فێمینیستەكان دەیانەوێ لە ئەوروپا چی دەكرێت بەهەمان شێوە لەكوردستانیش دەم و دەست جێبەجێ بكرێت، كە ناكرێت، ئیدیعائاتە، قەشمەریكردنە بەئافرەتی خۆمان، قەشمەریكردنە بەپیاوی خۆمان دەڵێن ئەمە خەتای پیاوە، پیاو ئاوا دەكات، پیاوی كورد

حیزە، پیاوی کورد باوکسالارە، پیاوی کورد مەلایە پیاوی کورد سەخیفە، ئیتهامات ڕووبەڕووی پیاوی کورد دەکرێتەوە، لەکاتێکدا کە پیاوی کورد کەسایەتی خۆی هەیە، کیبریای خۆی هەیە، تەنانەت ئەوەمان لەبیر نەچێ هەر ئەو پیاوی کوردەش بوو کە تۆی فێری وشیاریو ئازادی کرد ئەی فێمینیستی کورد، قاسم ئەمین بوو کە دەستی بەئازادبوونی تۆ کرد، شاکر فەتاح بوو، عەبدلخالق مەعروف بوو پەنجەی لەسەرکێشەی تۆ دانا، تۆ چۆن دڵت دێت دژی پیاوی کورد بوەستیەوەو پێی بڵێیت تۆ بەس بۆ ئەوە باشی تفت لێبکرێت تۆ چۆن بەپیاوێك دەڵێی خۆزگە نەمدیبایە، ئەو پیاوە کوردە بوو تۆی فێری ئازادی کرد، ئەو پیاوە کوردە بوو کە تۆی گەیاندە ئەمەریکاو لەئەمریکاش تۆ خیانەتت لێکردو چووی بەدوای بێگانەیەك کەوتیو ئەو پیاوە کوردەی کە مێردی خۆت بوو تۆی گەیاندە ئەویۆو تەلاقیتدا، ئەو پیاوە کوردە بوو تۆ چۆن دەبێ ناواقیعیانە ڕووبەڕووی ئەو کێشەیەی بکەیتەوە کە ئەسڵەن ئەو لێی بێبەریە، بۆیە من زۆر ڕەشبینم لەبەرامبەر ئەو بزاڤە فێمینیستەی ئەمڕۆکە لەکوردستاندا هەیە لەلایەك واتێدەگەم نەخۆشە، لەلایەکی تر واتێدەگەم کە لەسەر زەمینەی واقیعی خۆی کارناکات زۆر خەیاڵ پەردازە بەپێی سیستمێکی وا کاردەکات کە هەرگیز لەگەڵ کوردستاندا تێك ناکاتەوە دەبێ پێش ئەوەی ئەوداخوازیانە بخەینەڕوو ئێمە دەبێ لەسەر زەمینی واقیعی خۆمان بکێڵین، ئەوان واقیعی خۆمان ناکێڵن خەیاڵێك دەکێڵن کە پەیوەندی بەکوردستانەوە نییە، بۆیە زۆربەیان کە دێن لێرە لەکوردستاندا کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار دەکەن داوا دەکەن پاسەوانیان لەگەڵ بێ بۆ ئەوەی مەلا نەیانکوژێ، تۆ ئەگەر ڕاست دەکەیت دیالۆگ لەگەڵ مەلا بکە، والەخۆت مەکە مەلا بەدواتدا بگەڕێو بتکوژێ، والەخۆت مەکە نوسەرێکی پیاو لەکۆڕەکەتدا بێتە دەرەوە گاڵتە بەعەقڵت بکات من وایدەبینم، ئەو باوەش کردنەوەیەش ئەگەر دەیبینین لەلایەن دەزگا حکومییەکاندا یان لەلایەن هەندێ لەناوەندە ڕۆشنبیریەکاندا بۆ ئەم بزاڤەی کەتازە دروستبووە من واتێدەگەم بۆ موجامەلەیەکە زۆر شەکرییە، ڕاستگۆشی نییە تەنیا پێنج مەتر ئەو فێمینیستە وەختێ لەدانیشتنی پیاوەکە دووردەکەوێتەوە توانجو تەشەرو جنێوو قسەی ناشیرین دەست پێدەکرێت لەبارەی ئەو فێمینیستانەی کە قسە دەکەن، ئەمەو داوای لێبوردنیش لەکەس ناکام چونکە من زۆر ڕاشکاوەنەمو واقیعەکەش وایە، دەبێ بشزانرێ کە واقیعەکە بەو شێوەیەیە نابێ بەوە هەڵخەڵەتێین کۆڕێك دەکەین سەد دووسەد پیاو چەپڵە بۆ ژنێك لێدەدات، دەبێ واقیعیانە تێبگەین، ئەگەر قسەی توندوتیژیشم کردبێت من وای دەبینم کە ڕەگو ڕیشی فێمینیزم لەکوردستاندا

بەوشێوەیە هاتووە.

پ- ململانێی نەوەی نوێو کۆن چۆن لێکدەدەیتەوە؟

من دان بەوە دادەنێم کە نەوەیەکی نوێ هەیە بەتایبەت لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە کەوتۆتە سەرپێی خۆی لەساڵی ١٩٩١ەوە دەست بەکارەو خۆشبەختانە من لەساڵی ١٩٩٤ەوە لەگەڵ ئەو نەوەیەدا کاردەکەم، دان بەوەدادەنێم ئەو نەوە نوێیە بوونی هەیەو هێزی هەیەو بەرهەمیشی هەیەو ئەو قسەیەی تۆم لەچەندین بۆنەی تردا کردووە گوتمە کە نەوە کۆنەکە لەبەر ئەوەی هاوکارو هاوقۆڵو هاوسۆزە، هاودەستە لەگەڵ دەسەڵات، دەزگاکانی ڕاگەیاندنو مەعریفە زۆربەی هەرەزۆری لەدەست چەپۆکی خوێناویو لەدەست چڕنوکی ناشیرنی ئەو نەوە کۆنە دایە، بۆیە نەوەی نوێ لاوازە بەرامبەر ئەو نەوە کۆنە، لاوازە ناتوانێ جڵەوی شتەکان بگرێتە دەست خۆی.

پ: لاوازی فیکریی نا؟

نەخێر لاوازی فیکری ناڵێم، لاوازی ئەوەی کە دەسەڵات بگرێتە دەست، دەیان جار هاوارم کردووە کە نابێ چیتر خوێندکار جانتا بگرێتە دەست بەڵکو دەبێ خوێندکار دەسەڵات بگرێتە دەستو دەبێ نەوەی نوێ نەوەی ئێوە لەجیاتی گرتنە دەستی جانتا گرتنەدەستی دەسەڵاتیان بەلاوە گرینگ بێ بتوانن بگەنە ئەو شوێنانەی کە بڕیاریان لێوە دروست دەبێو دەسەڵات دەگرنە دەست، من بۆیە بەلامەوە گرینگە کە گەنجێك ببێتە وەزیری ڕۆشنبیری گەنجێك ببێتە بەڕێوەبەری پەروەردە نەك پیرێکی ساڵانی حەفتاو شەست، هەمیشە ئەوەم بەلاوە گرنگە با قەینا ئەگەر بۆماستاوکردنیش بێ بچێ ببێتە ئەندامو کادیرێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو یان ببێتە ئەندامو کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەس لەپێناو ئەوەی کە ئەوەی کە ئەو گەنجە لەسەنتەری بڕیار بێ باشترە وەك لەپیرێك دەبێ ئێوە ئەو نەوە نوێیە خۆتان بگەیەننە ئەو شوێنانەی کە سەنتەری بڕیارن بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە هەر کە گەیشتن بەو شوێنە بڵێن سەد ڕەحمەت لەکفندز ئاواشی لێ نەیەت دەبێ ئاگامان لەوەبێ، لەلایەکی دیکە ئەوەش گرینگە کە ئەو نەوە نوێیە لەبەر ئەوەی ژمارەیان کەمە چەند زیاتر لەیەکتر کۆببنەوە هەرنابن بەهێزێکی ڕوخێنەر بۆ ئەو دەسەڵات بۆگەنو کۆنە کلاسیکە باشتروایە ڕیزەکانی خۆیان یەکبخەن یەکبگرنەوە، گروپی جۆراوجۆر دروست بکەن، بازنە دروست بکەن، من یەك دونیا ئەوەندە دڵم خۆشە کە گۆڤارێك دەبینم ناوی ڕەهەندە، ڕۆژنامەیەك دەبینم ناوی هاولاتییە، کۆمەڵە گەنجێك دەبینم ناویان نوێخوازە، دڵم بەو بزاڤە گەنجانەیە خۆشە، چونکە واتێدەگەم ئەو لەیەکتر کۆبوونەوەیە، دەبێتە مەترسیەك بۆ سەر دەسەڵاتی مەعریفی کە نەوە کۆنەکە داگیری کردووەو دەستی بەسەرداگرتووە،

بـــۆیەش دڵـــم بەبزاڤـــی تەنانـــەت ئەگـــەر ئانارشیستیش بێ خۆشە لەبەر ئەوەی ئەو ئانارشیستە ئەگەر چی هەڵەش بێت بەڵام دەبێتە هۆی وروژاندنێكو تەشویشێك كە دەبێتە هۆی بیركردنەوە، دەبێتەمایەی بیركردنەو لەهەمولایەكەوە.

پ: نورەدین سەعید وەیسی لە وتارێكیدا بە ناوی (كۆمەڵێك حەیوانات) كە لە یەكێك لە رۆژنامە ئەلیكترۆنییەكاندا بلاوكراوەتەوە، تۆ تاوانبار دەكات بەوەی كە راسیستیت(رەگەزپەرستیت) و دژی ئەو كوردانەی كە لە خۆرئاوا دەژین!

من نوسیبوم كە زۆربەی خەڵكی ئەوروپیی، بە چاوێكی رق‌وبە چاوێكی سوكەوە تەماشای پەناهەندەكان دەكەن، بە كەرو مەیمونو كۆمەڵێك حەیوانات دەیانبینن. ئیتر هەر كەسێك ئازادە چۆن ئەم رایەی من تەئویل دەكات! بەڵام مەبەستی من ئاشكرایە. مرۆڤی كورد پێویستە لەسەر خاكو خۆڵی خۆیدا خەونەكانی وەدیبهێنێت، ئەگەریش رووی كردە ئەوروپاو ئەوروپییەكان وەك مەیمونو بەرازی رەش تەماشای كردن "ئەوە خەتای من نییە" بەداخەوەش بۆ نورەددین.

پ: كۆلیژی ئاداب لەسەردەمی (تەرزە خان)دا چ شتێكیان خستۆتە دەروونتەوە ؟

ژیانێكی سەرتاپا پڕ لە جموجۆڵو بزاڤو قەرەباڵغیو جوانیو ناشیرینی قۆناغێكی زۆر گرنگ بوو بۆمن بۆ ماوەی دووساڵ ژنم نەهێنابوو بەتەنیا دەژیام، یەك دنیای گەورەی خستۆتە ناو دەروونی من كە من ئێستا زۆرم پێخۆشە بیر لەو ساتانە دەكەمەوە زۆر شانازی پێوە دەكەم چونكە ماوەیەك بوو پڕ لەشەڕوو یاخیبوونو بەرەڵلایو ئازادیو جوانی، ئەو ماوەیەی ژیانم زۆر پێخۆشە هەر لەحزەیەكی راپەرینێك بوو، هەر لەحزەیەكی ژیانم لەو ماوەیدا شیعرێك بوو، زۆر قەرەباڵغ بووم،

پ:دوا وتەت.

دوا وتەم من ئەوەنیم ئامۆژگاری كەس بكەم، بەڵام ئومێدی زۆرم بە هێزی گەنجو خوێندكار هەیە، دڵنیاشم ئەو نەوە نوێیە هێزی ئەوە پەیدا دەكات كە شەقێكی گەورە لەو نەوە كۆنەی رابردوو هەڵبدات كەمن یەكێكم لەوان، لەڕاستیدا ئەو نەوە نوێیە دەبێ دەستی خۆی بوەشێنێ.

**دۆسیێیەی تایبەت بە:**

## پیتەر سلۆتەردیك

# سەدەیەکە فەلسەفە دەیەوێ بمرێ، بەلاّم ناتوانێ، چونکە ئەرکەکانی تەواو نەکردووە.



* ژیاننامەو بەرهەمەکانی پیتەر سلۆتەردیك......................... .ئا : هەندرێن
* سەدەیەکە فەلسەفە دەیەوێ بمرێ، بەلاّم ناتوانێ، چونکە ئەرکەکانی تەواو نەکردوە.........................و: ستار باقی کەریم
* ئینجیلی پێنجەمی " پیتەر سلۆتەردیك"...........................و: ئاسۆ جەلال
* سلۆتەردیك، لە ململانێی نێوان ئەوروپاو ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدوێ.........................ئا : جەمال پیرە
* ئینجیلی پێنجەمی نیتشە...........................و: نوری ئیبراهیم عەلی

# ژیاننامەو بەرهەمەکانی

## پیتەر سلۆتەردیك/ Peter Sloterdijk

ئا: هەندرێن

فەیلەسوفی ئەڵمانی پیتەر سلۆتەردیك لەساڵی ١٩٤٧ لە ئەلمانیا لە دایکبووە. لە زانکۆی بە وێناکردن لە شاری (کارلسرئۆهیٚ، وەك پرۆفیسۆر لەسەر فەلسەفەو جوانناسی (ئێستێتیك) وانە دەڵێتەوە. سلۆتەردیك لە دانیشگای هامبۆرگ دکتۆرای لەسەر ئەدەبی ئەلمانی وەرگرتووە. لێکۆڵینەوەکەی لەسەر ئەدەبی ژیاننامە لەسەردەمی (کۆماری ڤایمار)دا چەق دەبەستێت. کە لەڕابردوو ئەلمانیا بەو کۆمارە ناوبێژ دەکرا. دوای (ڕێکەوتن ننامەی ئاشتی لەشاری ڤێرشایڵ) لە فەرەنسا)دا (کۆماری ڤایمار) دروستکرا.

پیتەر سلۆتەردیك لەدونیای هزردا وەك هزرمەندێکی گرنگی ئەمڕۆی ئەلمانی ناسراوە. ئەو لە ڕاڤەکانیدا، بەناو ناخی فرە دیوی مرۆڤی مۆدێرن، دۆخی مرۆڤایەتیدا دچێتە خواریٚو تاکو بتوانیٚ گفتوگۆیەکی ئاوەڵا دەستەبەر بکات.

ڕەخنەگران جەخت لەسەر بوونی هزری دەڤەری تیۆری لای سلۆتەردیك دەکەنەوە، کە ئەو لە ڕێگای ئەوەوە تێگەیشتنێکی دەگمەن لەژیانی مرۆڤ لەمدیوی میکانزمیەکانەوە پێشکەشی خوێنەر دەکات.. سلۆتەردیك بە تیۆریەکانی لەسەر دەڤەری تیۆری ئێمە لەگەڵ خۆی بەسەفەرێکی ناوەکی بۆناو بنەمای ستروکتورەکان دەبا کە وزەو شێوە بە ئێمە دەبەخشێت ئاسۆی نەشونمامان بۆ دەڕەخسێنێت. ئەو فەیلەسوفە دونیایەك دەخولقێنیٚ کە پڕبێت لە ژیانێکی درەوشاوەو ئاوەڵا بێت. بەکورتی هزرەکانی سلۆتەردیك بەگشتی جەخت لەسەر دەڤەرە بزاوەکانی رۆحی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.

مرۆ دەتوانیٚ بێژیٚ کە پیتەر سلۆتەردیك، ئەو فەیلەسوفە هەنووکەییەی ئەلمانییە کە بە ڕامانەکانیەوە تەکان بە هزرەکانی نیتشەوە دەنیٚ، دەخوازیٚ ئەو ڕمەی کە نیتشە هاوێژابووی، بیگریٚو بەرەو ئاسۆی هزر بیوەشێنێت. بەرهەمەکانی پیتەر سلۆتەردیك فرەن، بەلاٚم دەکریٚ ناوی ئەم چەند بەرهەمە بەیاد بێنینەوە:

Critique of cynical reason/ ڕەخنە لە ئاوازی بێهودەی، یەکەم کتێبی سلۆتەردیکە لەساڵی ١٩٨٣ نووسیویەتی و ناسراوترین کتێبی ئەوە.

دوای ئەم کتێبەش لەساڵی ١٩٨٧ کتێبی درەختی جادووکەر- لەمەڕ سەرەتای دەروونشیکاری ١٧٨٥. هەروا لەساڵی ١٩٨٩کتێبی بیریاری سەر شانۆ: ماتریالیزمی نیتشە، نووسی.

Eurotaoismus-8 essar om det postmoderna tillstandet/ ئەوروپا تاویزم: ٨وتار سەبارەت بە دۆخی پۆستمردێرن.ئەم کتێبەش لەساڵی ١٩٨٩ نووسیووە.لەساڵی ١٩٩٣ کتێبی "دونیای نامۆبوون" نووسیووە، هەمان ساڵ کتێبی شۆڕشی جیهان لەڕۆحدا نووسیووە.

#بۆ زیاتر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی سلۆتەردیک سەیری ئەم سایتانە بکە. وێڕای ژیاننامە چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ ئەم فەیلەسوفەدا کراوە.

http:|| www. Bookforum.com |funck.html
htt:||www.goethe.de|uk|bos|englisch|Programm|archiv|2000|Enpslote00.htm

پیتەر سلۆتەردیک

# سەدەیەکە فەلسەفە دەیەوێ بمرێ، بەڵام ناتوانێ، چونکە ئەرکەکانی تەواو نەکردوە

ن: حسونه المصباحی.
و: ستار باقی کریم

بە پێچەوانەی سەدەکانی پێشووی، دوای سەردەمی رۆشنگەری پێدەچێ فەلسەفەی ئەمڕۆی دەروازەی هەزارەی نوێ، ئەگەر تەواو ون نەبووبێت، نیمچە ونە. بەڵام بە وتەی ئەوان فەیلەسوفان، قڕبوون یان نەماون، تا بەم شێوە بوونەتە کەمینەیەك، دەتوانین بەو هزرمەندانەش بڵێین کە کارەکانیان تەنها بریتییە لە لێکدانەوەی کارو هزری فەیلەسووفانی سەردەمی کۆن، ئەوانەش (تەها حسین)ی گەورە نووسەرمان بە (سەرکردەی هزریان) ناو دەنێ و بەم شێوەیەش پێناسەیان دەکات (ئەوانە سیاسەتمەدارن و گەورەترین کاریگەریيان بەسەر پێکهاتەی نەتەوە بەگشتی هەیە، ئەوەش لەوێنەکردنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئاییینیانەی کە ئەم کۆمەڵگەیە بۆ چەندان سەدەی درێژ ملی بۆیان کەچ کردبوو، هەروەها بەشێکن لە ئامادەکەرانی ئەم نەتەوەیە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن و ئەوانەی وایانکرد سەرچاوەی ژیان عەقڵ بێت، ئەوەی تا ئێستاش مرۆڤایەتی بۆ ئەمڕۆ و سبەی پێی کاریگەرە).

وا پێدەچێ فەیلەسووفی ئەڵمانی (پیتەر سلۆتەردیک) لەسەر حەق بووبێ، کاتێ: چەند ساڵێك بەر لەئێستا نووسیویەتی و دەڵێ: (سەدەیەکە فەلسەفە دەیەوێ بمرێ، بەڵام ناتوانێ، چونکە ئەرکەکانی تەواو نەکردوە، لەو کاتەش لەبارەی فەلسەفەوە هەژار دەبین تا قسەمان بۆ بکات لەبارەی (هەزار بیابانی بەتاڵی سارد لەبیابانەکانی نوێگەری)، کە بۆتە شتێك و وایکردوە بەدوای چەندان پرسیاری پڕ لە نیگەرانی، لەبارەی چارەنووسی مرۆڤایەتی لەرێگای هەموو هۆکارە بینراو و بیستراوەکانی ئێستا و داهاتوویدا بگەڕێین ئەوەی کە رۆژ لەدوای رۆژ نەهامەتییەکەی بەهۆی زۆربوونی شەڕە ناوخۆیی و ئەتنیکی و ئایینی و هەروەها رۆچوون یان نەمانی

بەهاکانی زیاد دەکات. ئەوە لەگەڵ فراوانبوونی نێوەندی هەژارو دەوڵەمەندەکان و نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و وڵاتانی دونیای سێ، سەرەڕای کارا بوونی تاوانە ڕێکخراوەکان کە ئەوانەهەموویان بوونەتە هەڕەشە بۆسەر سروشت، بەڵام ئەو هۆکارانەی باسکران، واناکەن مرۆڤەکان بتوانن حەقیقەتەکان بدۆزنەوە، تەنانەت زۆر جار بێ بەش یان چەواشەیان دەکات، لە ڕواندنەوە یان دوورخستنەوەی ئەو ترس و گومانانەی لەبارەی حەقیقەتەکانی دەورەیان کە هەیانە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت زۆر لەوانە پەنا دەباتە بەر هزرو کارەکانی فەیلەسووفە گەروەکانی شارستانیەتی یۆنانی لەنێویشیاندا (سوقرات و ئەفلاتون) یا ئەوانەی لەدوای سەدەکانی چاخی رۆشنگەری ناسران، ئەوانەش لەمیانەی کارو نووسراوەکانی ئەوانەی هەوڵ دەدەن کە حەقیقەتی ئەمڕۆی جیهان خۆی لەگۆڕان و ئاشووبەی ترسناکی ترس و نیگەرانی دروستکەر دەبینێتەوە بزانن.

فەیلەسووفی فەڕەنسی (ئەندری گلۆکمان) کە بەدیارترین (فەیلەسووفە نوێیەکان) دادەنرێت، کەوا دەڵێ: (لەرۆژگاری ئەمرۆماندا هەریەك لە فەیلەسووفەکانی یۆنانی وەکو (سوقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ تالیس، زەینەفوون، ئەبیقۆر) شایستەی ئەوەن کە بخوێندرێنەوە؟ چونکە ئەوان زیاتر یارمەتیمان دەدەن و ئەوانەش لەو فەیلەسووفانەن کە لەتێگەیشتنی واقیعی ئێستا لەگەڵمان دەژین و زیاتر لێمانەوە نزیکن، بەڵکو ئەو وادادەنێ کە ئەوانە ئێستا لەنێوماندا دەژین. راستە ئەوان لەسەردەمێکدا ژیاون کە تەواو جیاوازە لەو سەردەمەی ئێمە، بەڵام ئەوان لەبارەی (حەقیقەتی مرۆڤ و بوون) یان دەزانی، لەبەر ئەوە گەڕانەوە سەر ئەوانە لەبارەی تێگەیشتن لەزانستی جیهانی ئەمڕۆمان کارێکی پێویستە.

فەیلەسووفەکانی فەرەنسا، لەوانەش (بیار هنری لیفی) کە سیمایەکی دیاری ئەم نێوەندەیە و پێی وایە کە (سپینۆزا) ئەگەرچی یەکێکە لەهەرە کۆنترین فەیلەسووفەکان، بەڵام ئەمڕۆ پێویستە بیانخوێنینەوە کە دەڵێ (ئێستا من خەریکی ئامادەکردنی پەرتووکێکم لەبارەی فەندەمەنتالیستییەوە، دەقێك هەیە نەتوانی تێی پەڕێنم یان پشتگوێی بخەم، دەقێك لەبارەی پەیوەندی نێوان میتۆلۆژیا و سیاسەتەوەیە) لێرەدا نووسەرێکی گەورە بەرجەستە دەبێ و ئەویش (سپینۆزایە) کە خاوەن توانایەکی زۆرە. لەمیانی لەدایك بوونی چەمکەکانیش دەتوانین پرسە هەرە تەم و مژاوی و ئاڵۆزەکان رۆشن بکەینەوە، یا ئەوانەی چارەسەرکردنیان گرانە و پەیوەندیدارن بەژیانی ئێستای ئایینی و سیاسیمان.

پەیوەست بوون لەکوێوە دێ؟
ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ دەکرێت هێنامە لای فەیلەسووفان، بێگومان لەسەردەمی (سپینۆزا)ش ئەم پرسیارە کرابوو. هەڵبەت ئەوەشیان گەڕانێکە بەشوێن یارمەتی بۆ ڕۆشن کردنەوەی هەرچی زیاتری ئەو تایبەتمەندییەیە کە بەم پرسیارەی کراوە، سەرەڕای دۆزینەوەی ( پاڵنەرە ناوخۆییەکانی ناو سیستەمەکە)، لەهزری منیشدا پرسی فەندەمەنتالیستی ئیسلامی توندڕەو یا دەنگی (ئوسامە کوڕی لادن) ڕێگەیە بۆ یارمەتی دانم تا ڕووناکی و ڕۆشنایی زیاتر بخەمە سەر ئەو پرسیارەی لەمەوبەر کرا.
بەلام (بیار هنری لیفی) سەرەڕای ئەوەی ئامۆژکاریمان دەکات بەخوێندنەوەی هەرچی خێرای ئەم فەیلەسووفەیە، ئەوا لەهەمان کاتیشدا من هەستم بەو وتەیەی کرد (هەروەها بەر لە ۳۰ ساڵ لە خوێندنەوەم بۆ (هیگل)، لەگەڵ ئەوەی من دواتر چەندان فەیلەسووفی تری وەکو (سارتەرو نیتشەو جۆرج باکای و هایدگەر)م خوێندەوە ئەوا دوای هەموو ئەمانە هیگل بەتاکە سەرسامی کەرم مایەوە) بەهەمان شێوەی بیار هنری لیفی، ئەوا یورگن هابرماسی وا دەبینێ کە هیگل شایستەی ئەوەیە بەردەوام بخوێندرێتەوە.
بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: (کاتێ هیگلم خوێندەوە، بەتایبەت هیگلی گەنج ئەوا زانیم کە دەتوانین بەتەنها لەبەر جەستە مێژووییە ئازاربەخشەکان ئەقڵ پێشبینی بکەین، بە ئامادەنەبوونی ئەوەش لەحاڵەتی نەبوونی توانا بۆ بوون دەمێنێتەوە) لەبارەی (کانت)ەوە هابرماس دەڵێ: ((لە(کانت)ەوە چەمکی سەربەخۆییم وەرگرت، ئەو چەمکەی فەلسەفەی بەئاراستەی ئاسۆیەکی تەواو نوێ برد، ئەوەی بەشێوەیەکی دیاریکراو سەوداسەری (کانت)ی کردم ئەوە سەربەخۆیی سیاسییانەی هاولاتی بوو. لەفەلسەفەی ئەڵمانیش بەلای منەوە ئەوەی دواییان تاکە هزرڤانێکی دیار بوو لەسەر ئاستی رامیاری، لەبەر ئەوە دوای ۱۹٤٥و بۆ ئەوەی من ئەو بیرمەندە بوو کە یارمەتی داین بۆ رزگارکردنی ژیانمان. بیرمەندی فەرەنسی (ئالان فینیکیلکراون) پێی وایە کە گەڕانەوە بۆ (هایدگەر) شتێکی سەرەکییە چونکە ئەو تەواو لە کاریگەری تەکنەلۆژیا بەسەر ژیانمان گەیشتوە. ئەو بۆچوونەکەی خۆی ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ: (لەمیانەی بۆچوونی هایدگەر بۆ تەکنەلۆژیا و کاریگەری بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ، ئەوا وەك ئەو دەڵێ شێوازەکانی بەردەستمان نییە بەتەنهاو بەڵکو ئەو ڕێسایەیە کە واقیع تیایدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆی لەدووربینییەوە بەرجەستە دەکات.
هەروەها (ئالان) زیاتر پێدادەچێت و دەڵێت(لیوشتراوس، هانایوناس، هانام راندت، هەموو ئەوانە بۆ من زۆر گرینگ

بوون،بە هەوڵی ئەوانیش بوو لە پرۆژەی مۆدێرنەی نوێدا هۆشیار بوومەوە کە خۆی لە لابردنی خەیاڵاتەکانمان لە جیهان دەشبینیەوە. هەروەها بریاردانی عەقڵیانە بە ئامانجی هێورکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤ،کە ئەویان هزرێکی جوانە، بەڵام ئەمرۆ دەرئەنجامەکەی بەو پێچەوانەی ئەوە هاتووە کە لەمەوبەر چاوەڕوان دەکراو ئاشکرابوو ئێستاش لە توانامانداا نیە کە نە ڕێرەوەکەی رابگرین و نە ئاراستەکەشی بگۆڕین. بەڵام ئەوەتا ئێمە خۆمان لە بەردەم پێویستیەکی ئەستەم بۆ دانانی ئەندازەیەك بۆ ئەو بڕاوتەی بە ئاراستەی مەترسیە گەورەکان هەڵمان دەگرێ. ئێمە بەردەوام لەو باوەڕەدابووین کە زۆر ئازاد تر دەبین،' ئەوەشیان (هایدگەر) هەستی پێکرد. (کیلمان رۆسیە) ئەوەی چەندان پەرتووکی لە بارەی فەیلەسوفە کۆن و هاوچەرخەکانەوە داناوە، ئەو پێی وایە کە (نیتشە) یەکەم فەیلەسووف بوو کە توانی ئەو ڕێسا ئەخلاقیە بەستەڵەك و بەهێزانەی کە تا ئەو سەردەمە باو بوون تێك بشکێنێ، ئەمرۆش لەسەر مرۆڤایەتی پێویستە ئەو پرسیارە گەرمانەی کە ئەمرۆ لە جیهان دەکرێن وەڵام بداتەوە. کاتێ دەڵێت (نیتشە یەکەم کەس بوو کە کووتەکی بۆ پەراوێزکردنی ئەو خەیاڵاتانەی لە هزری خەلکانی سەردەمەکەی و هاروەها لە سەری مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەش کە دەخولێنەوە هەڵگرت رۆڵی هەقیقەتی فەلسەفەش گرنگترین شتێك بوو لە فەلسەفەکەی نیتشەدا. هەروەها ئەو پێی وابوو کە دەبێ لە بەرامبەر دیاردە هەرە مەترسیدارەکانی ژیان رووبەروو بوونەوە بکرێ، ئەوەش بێ ئەوەی مەبەستی دوورکەوتنەوە بێت لە چێژ وەرگرتن لە خۆشیەکانی. ئێستاش ئێمە ئەوەمان دەوێت. لە کاتێکدا کە لە جیهانێکی بگۆڕی ڕووداوو کارەساتاوی دەژین و وامان لێدەکات لە نیمچە نیگەرانیەکی بەردەوام بژین،باسکال برۆکینەر پێی وایە کە نیتشە وەکو (کیلمان رۆسیە) فەیلەسوفێکی مۆدێرنە، کە دەڵێ گەورەیی نیتشە خۆی لە ڕەتکردنەوەی ڕەهایی سیستەمی تەواوکەرو هەروەها تێکشکاندنی ئایدۆلۆژیاو فلسەفەکانی پێش خۆی دەبینێتەوە، سەرەرای ڕەخنەگرتنە بلیمەتانیەکەی لە دەسخەرۆییەکانی مۆدێرنەی دیموکراتی و بچوکیەکانی، وەك ئەوەی ئەمرۆ لە ئارادایە). بیرمەندی فەرەنسی( لۆك ڤێری) ئەوەی (ژاك شیراك) کردی بە وەزیری پەروەردە، ئەوەش دوای دووهەم جار لە هەلبژاردنەوەی وەك سەرۆك کۆمار لە بەهاری رابردوو، ئەوەیان لەگەڵ فەیلەسوفی ئەڵمانی(یۆرگن هابرماس) هاوبیرە لەوەی کە (کانت)دەتوانێ یارمەتی مرۆڤایەتی بدات بۆ تێگەیشتن لە ئێستای واقیعەکەیان، هەروەها زیاتر لە بارەی

(كانت) دەڵێ (سەرەرای ئەوەی بە تایبەت هەندێ فەرەنسی لە بارەی (ڤۆلتێر)ەوە دەڵێن گرینگترینیانە، ئەوە بڕیارێکی زێدەڕۆیی و بێمانایە چونکە ناوەڕۆك ناگرێتەوە، راستە (ڤۆلتێر) نوسەرێکی باشە یا رۆشنبیرێکی دووربین و خودان توانایەکی گەورەیە، بەلاَم بەراوردکردنی لەسەر بنەمای فەلسەفی لەگەڵ (کانت) وەك ویکچواندنی نێو دەشتایی(موگارتەر) جا بە خۆشی یا ناخۆشی بێت لەگەڵ چیای (هیمالایا)وایە. (لوك ڤێری) زیاتر لەسەر قسەکەی دەڕوات و دەڵێ(کانت بەرجەستەی حەقیقی فەلسەفەی هاوچەرخەو، یەکەمین کەس بوو کە رەتیکردەوە بەوەی بۆچوونی (کانت) بۆ جیهان تا ئێستا میتۆلۆژیە، ئەگەر فەلسەفەیەکیش هەبێت کە بە بەردەوامی بگەرێمەوە سەری ئەوا جگە لە فەلسەفەکەی (کانت) شتێکی تر نابینم.

سەرچاوە/ الشرق الاوسط ١٤/٥/٢٠٠٣

## ئینجیلی پێنجەمی "پیتەر سلۆتردیك"

و:ئاسۆ جەلال

بیرمەندی ئەڵمانی پیتر سلۆتردیك، مامۆستای زانستی ئیستاتیکا لە زانکۆی کارل سروهە. "ئینجیلی پێنجەمی نیتچە"دا کە لەیادی سەد ساڵەی کۆچە دوایی فەیلەسوفی ئەڵمانی (نیتشەدا) ئامادەکراوە، هەوڵ دەدا پێگەی ناوبراو لەویژدانی گەلی ئەڵمانیدا لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە؟ هەروەها دیاریکردنی پێگەی نیتشە لەم ڕژەداو، بۆ ئەمەش هاوتەریبی ئەو گوتەیەیە کە دەڵێ مرۆڤ نەبوو بۆمب بوو؟

پیتەرسلۆتردیك بەشێك لەکارو کەسێتی نیتشە دەخاتە ژێر تیشکی نوێ و دەپرسێ: ئاخۆ وەکو مامۆستا و دامەزرێنەرێك کاری لەسەر بکات، بەتایبەت کە بۆخۆی دوژمنی هەموو بتەکانی حەقیقەت بوو، ڕقی لە مامۆستا و قوتابخانەکان بوو، دوورە پەرێز لەقوتابی و موریدەکان بوو لەدەورو بەری خۆی دەری دەکردن داوای لێدەکردن لێی یاخی بن، بەوشەکانی خودی نیتچە " ئەوە شێوازێکی بەدبەختانەیە بۆ پاداشت کە مرۆ هەر بەقوتابی بمێنێتەوە، وریابن بتێك نەتان

کوژی". یاخود وەکو دەسەڵات لێی بڕوانێ و ئەویش پشتی لەدەسەڵتداران کردبوو :"کاتێك ئەوەم بینی کەپێی دەڵێن حوکم داری:"دەڵێ و سازشکردن لەسەوّ دەسەڵت، لەگەڵ ژاوەژاودا". یاخود گۆڕینی هزرەکانی بۆ دەزگاو ڕیکخراوە، ئەمەش ڕێك ئەوەیە کە نیتچە دژی بوو، دژی ئەوانە بوو کە پێیان وابوو لەتوانادایە هزرو واقیع یەکسان بکەن یاخود لەتوانادایە بەزۆرە ملێ یەکسانی بکەن بەڵم دەبینین کە هزرو واقیع بەیەکەوە ڕووەو لەنێوچوون دەبەن.

پیتەرسلۆتردیك لەدەقەکەیدا بەرەو کردنەوە ئەو فڕوفێنە دەچێ کە هزر لەوەرزی گڕگرتووەوە دەکاتە ڕێکخراوێکی دەزگایی. لەوانەیە زێڕیش بۆ نیتچە بگەڕێتەوە، ئەمەش لەو گۆشە نیگای فەیلەسوفی خۆشەویست بۆ دانانی و سەربەخۆو ئازاد، کە لەپرسیارە پەیوەندارەکان بەسەرچاوە سەرەتاییەکانی ژیانەوە لەدایك دەبێ و، لەپرسیاری هەمیشەیی‌دا دژەژی لەبارەی جیهان و کۆمەڵگاو پەیوەندیەکان و، لەبارەی هزرو هزرمەند و ئازادی. سلۆتردایك ڕاماندەکێشێ بۆ دووبارە خوێندنەوەی نیتچە وەکو دەستبۆیکی‌خۆیەخش و، بابەتی زمان دەخاتە ڕوو لەی نیتچە، وەکو تاکە تێورسنی زمانەوانی مۆدێرن، لەکەشدا پشت بەم گوتەیەی دەبەستی " گەوجییەکی جوانە ئەم گەمەی قسەکردنە، بە هۆیە مرۆڤ لەتوانایدایە دەبێ لەسەر شتەکان سەما

بدا" (ص١٥) بەڵم سلۆتردایك لێۆەدا نلوەستێ بەڵکو بابەتی زمان بەرەو ڕەهەندەکانی ڕوداوی نیتچەیی دەبات وەکو کارەساتێك لەمێژووی زماندا و، ئەوەش کە ئەم زمانە لەخۆیدا هەڵیدەگرێ لەڕووی پەیوەندی بەردەوام و گوزارشت لەسۆکەوتن و ئەوەش کە سلۆتردایك ناوی دەنێ ڕزگاربوون لە گوناهکاری و، پۆلین کردنی چاوی زمان لە چوارچێوەی مێژوویی وەکو دەستەیەك لەسەدەی هەژدەداو، وەکو خولیایەکی خوودیی پیرۆز لەسەدەی نۆزدەداو، مەفتونیەتیەکی نەرجسی لەسەدەی بیستەم و، سوڕبونێکی خودی لەسەدەی بیست و یەك دا.

سلۆتردایك لەم خستنە ڕووەیدا دەگاتە لەخۆ گرتنی ئەو گوتەبەی نیتچە کە دەڵێ: "تەواوی فەلسەفەکەمان ڕاستکردنەوەی بەکارهێنانمانە بۆ زمان" ص١٩

لەبەشی پێنجەمدا سلۆتردیك بەشێوەیەکی جیاواز ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتە دەکات و، پشت بەنامەکەی نیتچە خۆی دەبەستێ مە لە ٢٠ ی نیسانی ١٨٨٢دا سەبارەت بە کتێبی "زەردەشت ئاوا پەیڤا"....(...) ئەوە چیرۆکێکی نایابە بەرەنگاری هەموو ئایینەکان بوومەوەو کتێبێکی پیرۆزی نوێم دانا"لەواتاشدا جۆرێك ڕووبەڕوو بوونەوەی زمان و بڕێکیش ڕووبەڕوو بوونەوەی خواوەندی و پیرۆزی تێدایە. سلۆتردیك دەپرسێ: ئاخۆ نیتچە لە هەوڵی گۆڕینی

تەختەکان (الواح)ی موسا دایە بە ئەوانەی زرادەشت؟ ص٤٧ بەڵام پێرادەگات و جەخت دەکاتەوە کە خەمی نیتچە بەکردەیی پێداچوونەوەیە بە جیاوازی کردن لەنێوان شەهادەت (ڕاگەیاندنی باوەڕ) و بینراوەکاندا. کەواتە نیتچە بەدوای چ مرۆڤێك دا دەگەڕێ؟ مرۆڤێکی دیکە؟ بوونەوەرێکی با کە بەشێکی حەقیقەت پیتێندراوە؟ تەیارکردنی هێزەکانی ئافراندت و داهێنان بۆ قەرەبۆکردنەوەی دۆڕان؟ ئەم چەکی مرۆڤی بایە گرەو کردنە لەسەر توانای درێژخایەنە بۆ ئەم جۆرە قەرەبۆکردنەوەیە. نیتچە دەڵێ:" هونەرمان هەیە. ئەویستە کەمان دەدات لەتیا چوون بەهۆی حەقیقەتەوە" ص٥٩ لەواتایەکی دیکەشدا، ئاسۆی مرۆڤ بامان هەیە بۆ بەرگەگرتن ڕوانین لە چۆڵەوانی دۆخی مرۆیی.

سلۆتردیك لەگۆشەی شێتی مەزنی (جنون العرتمە) و زێدەڕۆیی و سفوری ئیدیعاکارانەوە نیتچە شیدەکاتەوە. بۆ ئەمەش دەستەواژەکانی خۆی بەکاردەهێنێتەوە:" من دۆگیانێکی مرۆییم کە پێشتر نمونەی نەبووە (....) تەنها ئێستا و، دەستپێك لە منەوە سیاسەتێکی مەزن لەسەر زەویدا دێتە کایەوە" ص٦٩

ئەوەش هەڵدەهێنجێ کە نرجسیەتی نیتچە دیاردەیەکی دەروونی تاکانە نییە، بەڵکو دابڕانێکە لەمێژووی زمانەوانی ئەوروپا.

واشی بۆ دەچێ کە پشکدارییەکەی لەڕێگای سەرکەوتنیەوە لە گۆڕینی ئەو ڕێکەوتەی ناونراوە فردریك نیتچە بۆ ڕوداوێك کە هەڵگری هەمان ناوەو، بریتیە لەو شەپۆلە تاکگەرایەی کە جەستەی کۆمەڵگای مەدەنی بەزاند. بۆ تێگەیشتنی لە تاکگەرایی: "ئێمەی هزرمەندانی ئازاد، ئێمەین کە لە مەترسیدا دەژین" ص٩٤.

کەواتە سەرکەوتنی نیتشە لەکوێدایە؟ بەپێی سلۆتەردیك و تێگەیشتنی بۆ توانستی ڕۆشنبیری با کە ببێتە خودان کاریگەری لە ڕۆشنبیری جەماوەری. ئەی هێزەکەی لەکوێدایە؟١- لەئازادکردنی زماندایە لەکۆت و پەیوەندییە کۆنەکانی و دووبارەداڕشتنەوە پێکهاتەکانی و بەستنەوەی پێداهەڵگۆتن بەپروپاگەندە، ٢- لە نەگونجانی هزری نیتچە لەگەڵ هەموو ئەو سیاسەتانەی کە لەسەر بنەمای سۆسیالیستی یا نەتەوەیی دامەزراون؟ پیتەرسلۆتەردیك نوسینەکانی نیتشە وا دەچوێنێ کە گفتوگۆیە لەگەڵ خۆر دا: خەرج کردنی دەروون بەبێ مەرج و کوت و، ئاوابوون بەبێ پەشیمانی، تاوەکو ئەوڕایەی دووپاتبکاتەوە کە نیتچە تەنها دەستبۆێکی خۆ بەخشیوە، دڵخۆشە بە ئاپۆڕایەکی لەوانی دیکە ناوی جیهانە. بەڵم هەموو ئەمانە بەرەو کوێ دەڕوا؟ ئەم تێکەڵە دوویەنە لەخۆرو دەنگدانەوە، لەهەڵتن و ئاوابوون، لە نرجسیەت و هی دیکە،

لەدەیتبەرداربوون لەپێناو دۆزینەوە، هەموو ئەمانە لەهێمنی و بێ دەنگی کۆتاییان دێ، بەتایبە ئەوەی کە پەیوەندی بە ئایندەوە هەیە: بەهیچ جۆرێك ئارەزووم ناکەم شتەکان خۆیان نەبن، هەروەك پێم خۆش نییە خۆم نەبم، بەڵام هەمیشە ئاوا ژیاوم (ص ١١٠).

ئەوە خۆشاردنەوەو پاشەکشەیە لەبەردەم جیهانی تەواوو مرۆڤی تەواوو ژیانی تەواو. بەرامبەر بە بەردەوامی جیهان لە هێمنی و بێ دەنگی و کزبوونی ململنێ تا ئاستی نەمان و، گەیشتنی شتەکان بەئاستی پێگەیشتن و تەواو بوون، جێگە نامێنێ ئەو نووسەرو دانەرێك شتێك بڵێ یاخود شتێك زیاد بکات.

سلیمان "النهار" ٢٠٠٣|١|٢٢

## فەیلەسوفی ئەڵمانیی
## پیتەر سلۆتەردیك
## لە ململانێی نێوان ئەورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدوێ.

و:ئا، جەمال پیرە

لەگەڵ یۆرگن هابرماسدا، پیتەر سلۆتەردیك لە بواری فەلسەفەی ئەڵمانی، لە کاتی ئێستادا لە ریزی پێشەوەدایە. هەموو ئەو بەرهەمانەی خۆی کە بە چاپی گەیاندوون دەربارەی لایەنی جیاجیای فیکریی و فەلسەفیی و سیاسییەکان، تا حاڵی حازر، نەك بەتەنها لە ئەڵمانیا بەڵکو لە تەواوی خۆرئاوادا مشت و مڕێکی زۆری ناوەتەوە.

لە یەکێ لە گفتوگۆکانیدا دەربارەی واقیعیی جیهانی ئێستا بە تایبەت واقیعیی سیاسیی کە لەگەڵیدا سازکرابوو، بەگوێرەی ئەوەی کە لە کتێبی (ئەگەر ئەوروپا بە ئاگابێتەوە)ی ١٩٩٤دا وروژاندبووی دەربارەی ئاماژەدان بە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەڵێ" پێموایە کە ئێمە خەریکە لە بازنەی سیحریی شەڕی سارد دا دەردەچین، لە ماوەی نیو سەدەی رابردووەوە سەرسامییەك هەبوو بەوەی کە پێی دەڵێن "خۆرئاوا" چەند شێوەو

فۆرمێکی پەکخستنی سیاسییانەی بە ئەورووپا بەخشی، هەروەك ئەوەی کە بەسەر یۆگۆسلافیا دا هات. بەلام دەرکەوت ئێستاکە ئەو شێوازە شایانی گەیشتنە ئەنجام نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە کۆمۆنیزم بەتەنها ناتوانێ رۆڵی خۆی بگێرێ، هەروەك کە بەربەستی ئاو ئەوەی کە شارستانییەتی ئەمریکا لە ئەورووپا جیادەکاتەوە رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر دەبێ، لە ساڵی ١٩٤٥ وە ئەورووپا شەرعییەتی راگەیاندنی شەڕ بەناوی شارستانییەت لەدەستدا بەسەر گەلانی‌تردا کە پێشتر وەك سیمبولی شوناسی ئەورووپا دادەنرا، ئەو کات لەسەر ئەورووپییەکان بووفێری‌بەیەکەوەژیان بن لەگەڵ ئەو وێنە ناشیرینەی خۆیاندا، بەلام لە برینی نەرجسیەوە لە شێوەیەك لەو حیکمەتە دەرباز بوون‌و وایان لێهات کە جیاوازییەکی قووڵ بکەوێتە نێوانیان لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا، کە بێگومان حیکمەتی بێدەرەتانەکان بوو، بەلام شێوەیەك بوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاکارەوە نەبوو، حیکمەتێك بوو کە خۆی بە ناچاری دەبینیەوە تا رۆڵێکی گەورەی جیهانی بگێرێ، ئەمەش لە زەمەنی زۆربوونی پەیوەندییەکاندا کە بە "جیهانگیری" ناودەبرێت کە تیایدا مەرج نییە سەرکەوتوو لە کۆتاییدا بەهێزترین‌و خاوەن نفوزی زۆرتر بێت، بەڵکو دەکرێ پێچەوانەکەی راست بێ.

پیتەر سلۆتەردایك لە رۆڵی نوێی ئورووپادا دەدوێ‌و دەڵێ" ئەمریکییەکان خاوەن شتێك نین لە پرەنسیپی نوێی واقیعدا، لە جیهانێك کە بە زۆری‌و بۆری پەیوەندییەکان دەناسرێتەوە. پێموایە گاڵتەجاڕییە کە رۆڵی "لیفینگستۆن "لە عێراقدا بگێڕن، یان بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەین وەك ئەوەی کە لە تواناماندا بێ سەر لە نوێ ئالآیەك لەسەر نەخشەکاندا هەڵکەین. ئیمپراتۆرییەتی قەیسەرە چنراوەکان لە نێو خۆیاندا سەرجەم خەونە سیاسییە ئەورووپییەکانیان بەدیهێنا "لە شاهەکانی خۆرەوە" تا "گەلانی خۆر" کە نەتەوەکان بوون، کەچی چل ملیۆن قوربانیی ئەورووپییەکانی فێرکرد ئەم فراوانبوون‌و پەلهاویشتنە نەخۆش‌و شێتانەیە تا کوێ بڕ دەکات.

لەوساوە ئەوان دەزانن" کەلێنی مێژوو سەبارەت بە هەمووان فراوانتر دەردەکەوێ" بەپێی بۆچوونی پۆل ڤالێری، بەلام ئەمریکییەکان دووبارە رۆڵی رۆمانەکانیان گێڕایەوە، بۆ ئەوەی رۆڵی ئیمپریالیزم کە زەمەنێکی زۆری بەسەر چووە بگێڕن، من وایدەبینم کە بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەرکی رۆشنبیریی ئەورووپا لەکاتی ئێستادا لە بۆتەیەکی سیاسیی پۆست ئیمپریالییەوە خۆی دەبینێتەوە، بەوەی کە مرۆڤێکی

ئەوروپیی وەبەربهێنێت بەو مانایەی کە بیر لە دوای ئیمپراتۆییەت بکاتەوە بە سیاسەتێك کە لەگەڵ واقیعیی مرۆیی جیهانی نوێدا بێتەوە..

لەسەر هەمان تەوەرو سیاقدا پیتەر سلۆتەردیك بەردەوام دەبێ و دەڵێ "ئەوروپا بێ روونکردنەوەی ئەو دیدگایەی کە گەورەیی خۆی تیادا دەبینێتەوە ناتوانێ بە ئاگا بێتەوە" ئەو مافانە چین کە شەرعییەتی سەرکەوتنی داهاتوو دەدات؟ لە راستیدا لە توانای هیچ کلتورێك دا نییە کە تا سەر پارێزگاریی لە بوونی خۆیدا بکات تەنانەت ئەگەر سەد ساڵی تری بخەیتە سەر، وەلحال لە کاتی ئێستادا ئەم شێوە رووبەڕووبوونەوە گەورەیە کە بە" مافەکانی مرۆڤ"ناسراوە لە توانای دایە ئەم دیدگایەی کە لەسەرەوە باسمانکرد دابمەزرێنێ، بەڵام پێویستە لەسەرمان کە بزانین ئاخۆ ئێمە قسە لەسەر چی دەکەین، "مافەکانی مرۆڤ" بەتەنها چەند وشەیەکیگەورەی بێناوەرۆك نییە دەربارەی دیموکراسییەت وەك چۆن هەندێك کەس لایان وایەو لەو بڕوایەدان، بەڵکو رەتکردنەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤە، دانپیانانە بەوەی کە ئەوانی دیش مافی ئەوەیان هەیە بەهەمان رەفاهییەتو خۆشگوزەرانی ئێمە بژیێن،

هەڵبەتە سەرجەم تراژیدیاکان، دەرباز بوون لە کۆڵۆنیالیزم کە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی پێدەناسرێتەوە، لە بازاڕی بێئاگاییەوە سەریانهەڵدا، ئەوروپییەکان بەرهەمەکانی خۆیان ئەگەر بشێ بڵێین بیرو راکانی خۆیان هەرزانانە فرۆشت، سامانێکیان بۆ خۆیان گڵدایەوە، وەلحال دیموکراسییەتێکی بێ رەفاهییەتو خۆشگوزەرانی بێ مەدلولو بێ ناوەرۆكو مانایە، لە راستیدا وەبەرهێنانێکی حەیابەرەیە.. بەڵام بنەڕەتییە. بۆ ئەوەی دووبارە بیر لە سیاسەتی دەرەوەی خۆمان بکەینەوە لە بواری بۆچونو راکانماندا ئەو پرسیارەی کە بۆ ئێمەی ئەوروپیی خۆی بەدەردەخات، ئەوەیە کە ئایا ئێمە شتێکمان هەیە تا بتوانین بیدەین بە ئەوانی دی ، ئەگەر بەڕاست هەمانە، ئایا دەمانەوێ پێشکەشی بکەین؟ "

پیتەر سلۆتەردیك رەخنە لەو بیرو ئایدۆلۆژیانەی سەدەی بیستەم دەگرێو دەڵێ "ئاشکرایە کە سەرجەم بیرو ئایدۆلۆژیاکان کە لە ماوەی سەدەی بیستەم لە ئەوروپادا هاتنە ئاراوە ئەرکی یاسادانانی ئێمەیان لەسەر بوو، وای لێکرد کە کەمتر بۆ هاوڵاتی سودمەند بێ، با نموونەی بوونگەرایی و دیدی سارتەر بۆ "مرۆڤی مەحکوم بە ئازادی" وەربگرین ئایا ئەمە ئێشو ئازار نییە! ئەوروپیەك کە نەتوانێ بەدەستی خۆی ئازادی خۆی بەدەست بێنێ، بە هەمان شێوە هایدگەر توانی ئەوروپییەکانی دوای شەڕی دووەمی

جیهانی سەرسام بکات، بەوەی کە بیرو بۆچونێکیان پێبدات کە لەگەڵ بارودۆخی ئەواندا تەبا بێت، راستییەکەی هایدگەر لە رێگەی چەمکەکەی خۆیدا "چەرخی تەکنەلۆژیا" پەنجەی خستە سەر دۆڕانێك کە لە رابردوودا بەهۆیەوە سەرکەوتنی بەدستهێناوە، واتای ئەم گوتەیەش ئەمەیە کە ئەوەی لە رووی تەکنەلۆژیاوە سەرکەوتن بەدەستبێنێ، هەر دەبێ لە کۆتاییدا شکست بێنێ. بەڵام رۆشنبیر لە کاتی ئێستا دا دەکرێ چ رۆڵێك بەدەستبێنێ؟ سلۆتەردیك لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ "ئێمە لە دیموکراسییەتێکدا ناژین بەتەواوی مانا راستەقینەکەی وشەوە، بەڵکو بابەتییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لەبەرامبەر هەموو ئەو بۆچونانەدا دەست بەسەرکراوین کە جیهانی ئێستا تیایدا دەژیێ، بۆ ئەوەی لە پیسیی دەرباز بین پێویستیمان بە کارگەری پاککردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی مشتو مڕی گشتی پاکبکەینەوە، ئێمە پێویستیمان بە رۆشنبیری سەدەی بیستو یەکەمە....

سەرچاوە : لە ئینتەرنێتەوە.

# ئینجیلی پێنجەمی نیتشه

و: نوری ئیبراهیم

فەیلەسووفی ئەڵمانی (پیتەر سلۆتەردیك) دوا پەرتووکی خۆی بە ناونیشانی (ئینجیلی پێنجەمی نیتشە) بڵاوکردەوە. ئەو پەرتوکەیشی بەبۆنەی تێپەربوونی سەدسالْ بەسەر کۆچی دوایی (نیتشە)ی فەیلەسوف، دانەری بناغەو بنەرەتی فەلسەفە نوێیەکانو ، نوسەری (بنەرەتی رەوشت)و (ئەودیوی خێرو شەر)و (زەردەشت وای گووت) دەرکرد.

**فەیلەسوفی ئاژاوەگێر :**

ئیمێل فاکی دەنوسێ (( هیچ بیرمەندێك هێندەی نیتشە دڵسۆز نییە))و درێژە پێدەدات: ((بەجۆرێك کەس پێش ئەو نەگەیشتۆتە ئەو شتەی کە ئەم پێگەیشتووە، ئەو بۆ داوا کردنی حەقیقەت بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەو زەحمەتیانەی رێگەی پێدەگرن. خۆی لە شەپۆلەکان دەداتو تارماییەکان دەبەزێنێت. چونکە لە رووبەروبوونەوەی لەگەڵ کارەساتەکاندا لە ئۆقرە گرتنەکانیدا، یان گەیشتن بە کۆتایی هەستی بە ئاسودەیی نەدەکرد... بەڵام هاوکات هیچ بیرمەندێکیش بەقەد ئەو مفەیلەسوفە ئەڵمانیە کە نەتەوەکەی خۆی لێ بوارد، چونکە / دابو نەرێتە بروسییە

دۆگماکانی داخرانی بەسەر خۆیداو جدیەتی لە رەفتارو مۆراڵی درۆزنانەو دوفاقیەتی کۆمەڵگایەکەی رەت کردەوە تەکفیری کرد.

**فەیلەسوفێکی فەرەنسی بە ئەڵمانی دەنووسێ :**

نیتشە لە فەلسەفەی فرەنسی هاوچەرخدا لە دایك بوونێکی نوێ بە خۆوە دەبینێت، بەتایبەتی لەگەڵ فۆکۆو جیل دۆلۆز، تا ئەو ئاستەی فرەنسیەکان بەوە نەوەستانو جەختیات لەسەر ئەوە کردۆتەوە( نیتشە – و)فەیلەسوفێکی فرەنسیەو بە ئەڵمانی نووسیویەتی. ئەڵمانەکان ماوەیەکی درێژ چاوەرێ دەکەن، تا ئەو کاتەی (پیتەر سلۆتەردیك) دێت، ئەو دوژمنە سەرسەختەی کانتیەتی نوێ کە خۆی لە کارەکانی (هابرماس) دەبینێتەوە. دوا پەرتوکەکەی ( سلۆتەردیك) کە بۆ بەرز راگرتنی سەد ساڵەی مەرگی (نیتشە)یە، تیایدا وەك (کارەساتێك لە مێژووی زمان) باس لەو فەیلەسوفە دەکات.

**دینامێتێك بۆ بەهاکانو رەوشت :**

خودی (نیتشە) جەخت لەوە دەکاتەوە کە (خۆی فەلسەفەکەمان کاری راستکردنەوەیە لە بەرکارهێنانمان بۆ زمان)).. بەراستی ئەوە دینامێت بوو، وەك ئەوەی بەردەوام دەیگووتەوە، کارمکرد بۆ یەقاندنەوەی تەواوی بەهاو راستییە باوەکان لە میسالیەتی ئەڵمانیەوە بۆ مەسیحیەت.. تا دابونەریتی بروسی لە بیرکردنەوەو ژیان.

بەڵام ئەو داوای تەقاندنەوەی نەدەکرد لە پێناو تەقاندنەوەدا، بەڵکو دەیویست بنەماو بناغەیەك بۆ راستی (حەقیقەت) خۆی دابرێژێو، بە جۆرێك دووبارە ئینجیل بنوسێتەوە کە هاوکۆك بێت لەگەڵ رێزگرتنی بۆ مرۆڤو بەرزگرتنی. ئینجیلێك پێکەنینی بە گشت راستیەکان بێت. وەك لە نووسراوە سەرەکیەکەی (زەردەشت وای گووت) دەنووسێ : ((رووبەروی تەواوی ئاینەکان بوومەوە کتێبی پیرۆزی نوێم دانا!)) .بەوپەری جدیەتیش دەڵێم پەرتوکەکە لەوپەری جدی دایە کە هیچ پەرتوکێك پێشتر وەك ئەو نەبووە.. ئەگەریش پێکەنینی لە خۆی گرتووەو لەناو ئاییندا ئاوێتەی دەکەم. (( ئەوە بە شێوەیەکی نایاب پەرتووکی بارودیایە)) . لەناوەوەڕا زمانی ئینجیلی شەنو کەودەکاتو تێکی دەشکێنێو سەرلەنوێ دەینوسێتەوە، وەکو میشێل فۆکۆش لەو بارەیەوە نووسیویە : ((گەمەی گەورەی مێژوو لەو کەسەدا دەردەکەوێت کە لە رێزماندا دەیباتەوەو کاریگەری تێدەکاتو لە مانایەکی جیاوازدا بەکاری دەهێنێو، ئاوە ژووی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بچێتەوە ناخی ئەوانەی سەپاندویانە)).

**نیتشەو شێواندنی نازی**

نیتشە بە هاتنی مرۆڤی باڵا، ئەو مرۆڤەی لەمرۆ بەدواوە سەری خۆی ناخاتە ناوخاکی میتافیزیك، بەڵکو بەرز بەرزی دەکاتەوە سەر

شێواندنو ئەو وەسیەتانەی ئازادیو عەقڵی زیندانی کردووە، خۆی بە پێغەمبەری مژدە بەخش ناودەبات. (سلۆتەردیک) لەوێدا بەرگری لە نیتشە دەکات کە کارکردنە دژی کاری شێواندنی ئایدۆلۆژیای نازیەتداو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نازیەکان (نیتشە) یان بەگوێرەی پێوەرەکانی خۆیان دروستکرد. بەجۆرێك خاوەنی زەردەشت بەردەوامو تا ئاستێکی زۆر لە بیرکردنەوەو ژیانو نوسینیدا دژی نەتەوایەتیو ئەلمانیابوو (دژایەتی زیادەرۆی زیاتر لە دژایەتیکردنی سیاسەت)و هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانەتەوە پەرستانەی تاك بێزراو دەکەن.. ئەی ئەوە ئەو (نیتشە-و) نیە دەڵێ : ((بۆ ئەوەی گەورە بیت دەبێ ئەو بابەتە بیت کە جێی بەدحاڵی بوونە ...)

سەرچاوە . ئینتەرنێت

# کورتە مێژوویەکی نەورۆز

و: وریا قانیع

بەپێی وتەکانی ئەبو رەیحانی بێروونی لە کتێبی" اثار الباقیة"دا، ئێرانییەکان لەکاتێکدا کە ساڵەکانی خۆیان (کەبیسە) دەکرد، بەشەکانی چوار کەژەی ساڵیان بە مانگەکانی خۆیان دیاری دەکرد. فەروەردین یەکەم مانگی هاوین بوو، تیر یەکەم مانگی پاییز بوو، مهر یەکەم مانگی زستان بوو، دەی، یەکەم مانگی بەهاربوو. چەندین ڕۆژی تایبەتی لە کەژەکانەدا هەبوو، کە بەپێی چوار کەژەی ساڵ بەکاریان دەهێنا لەکاتێکدا کەبیسە لەناودەچوو، ڕێک خستنی ساڵەکەیان تێك دەچوو.

چەند ڕۆژێك لەم ڕۆژانە پەیوەندییان بەکاری ڕۆژانەوە هەبوو هەندێکیشیان پەیوەندییان بەکاروباری ئایینییەوە هەبوو. لە کارەکانی ڕۆژانەدا چەندین جەژنی شکۆدارو ڕۆژی پیرۆز کەپاشاکانو گەورە پیاوانی ئایینی (موبدان) ڕێکیان خستبوون. تاکو هۆکانی شادمانیو دڵخۆشی، بەهۆی پەرستنو ستایشی یەزدانییەوەو دوعای چاکەی دانیشتوانەوە بێتە کایەوە. چەندین ڕەسمو یاسایان بۆ دانیشتوان دانابوو، تاکو ئەوانیش بتوانن لەو جەژنو خۆشیو شادیەدا بەشداری بکەن. ملکەچیو خزمەتگوزاری خۆیان سەبارەت بە پاشاکان دەربڕن. ئەم جەژنانە یەکێکە لە هۆکارەکان کە دەستکورتی هەژارەکان بکات بەژیانێکی بەختیارانە، ئارەزووی هەژارەکان دەهێننەدی. ئەوانەیان کەگیرۆ دەبوونو لەگێژاوی بەلادا نوقم بووبوون. رزگاریان دەبوو. چەندین نەریتو ئاهەنگیان بۆ ئەو ڕۆژانە سازدابوو، کە لەپێشینانەوە بۆ نەوەکانی ئاییندە هاتبووە خوارەوە. کە بەپیرۆزو خێرو بەرەکەتیان دەزانی.

ڕۆژە ئایینییەکان، ئیماندارانو پێشەوا ئایینییەکانو موغەکانو لەدووایدا موبدەکان، بەجوانی رازاندبوویانەوە سازدانی ئاهەنگی ئەمڕۆژانەو ئەنجامدانی ئەو ئاهەنگانەی، پەیوەندییان بەکارەکانی ڕۆژانەوە هەبوو. گوایە ئەم کارانە پاداشتو چاکەی ئەو جیهان لەخۆ دەگرێت.

## دوازدە مانگەکەو جەژنەکانی ساڵ بەم شێوەی خوارەوە بوو:

### فەروەردین مانگ

مانگی فەروەردین کە یەکەم ڕۆژی ئەو مانگە نەورۆزەو یەکەم ڕۆژی ساڵە، ناوە فارسییەکەی ئەو مانایە دەردەخات. کە لەم ڕۆژەدا خۆر دەچێتە نیوبورجی سەرەتاکان، بەپێی حسابی ئەستێرەناسان. لەکاتێکدا کە ساڵیان (کەبیسە=پڕ) دەکرد بەرانبەر بوو

لەدوایيدا لەڕۆژەکانی بەهاردا. ئەمڕۆژە لەدوای دواکەوتنی لەشوێنی خۆیا، سەرگەردان بوو کەوتە شوێنێکەوە لەساڵدا، بارودۆخی باران بارینو دەرکەوتنی شکۆفەو دارگەلاکردنو تاکو کاتی گەیشتنی میوەکانو حەز لێکردنی زیندەوەران لەجووتە گرتنو منداڵ بوون سەرەتایەکی نوێ،تاکو پێگەیشتنو لەناوچوونی تەی کرد. ئەمە بۆیە نەورۆزیان بەهۆکاری پەیدابوونو دروستکردنی جیهان زانیو وتیان لەم ڕۆژەدا بوو کە خواوەند چەرخی گەردوونی لەدوای ماوەیەك راوەستان. خستە گەڕو ئەستێرەکان لەدوای ماوەیەك راوەستانو خۆریش بۆئەوەی بەشەکانی ڕۆژگار،ساڵو مانگو ڕۆژی پێ بناسێنێت دروستی کرد، لەدوای ئەوە ئەو کارە بەنهێنی بوەو نەدەزانرا، سەرەتای ساڵ لەم ڕۆژەوە بوو. دووبارە وتوویانە: خوا لەم ڕۆژەدا ئەم جیهانەی دروستکردووە کە یومرثیەکەم پاشای پێشدادیان لەم ڕۆژەدا بوو بەشا. ئەمڕۆژە جەژنی ئەوەو بەمانای جەژنی ئەودێ. هەروەها وتویانە، خواوەند لەم ڕۆژەدا مرۆڤی دروستکرد. ئەمڕۆژەو ڕۆژی مهرگان دیاری کەری ڕۆژگارە. چونکە مانگو خۆرو گەردوون دیاری دەکات.

عبدولسەمەدی کوڕی عەلی (١) لەسەربردەیەکدا کە لەبابو باپیرانییەوە بیستوویەتی دەڵێت: لەڕۆژی نەورۆزدا، دەفرێکی زیویی کە پڕبوو لە "هەڵوا" پێشکەشی پێغەمبەریانکرد ئەو بەڕێزەش فەرمووی ئەمە چییە؟ وتیان ئەمڕۆکە ڕۆژی نەورۆزە پرسی نەورۆز چییە؟ وتیان جەژنێکی گەورەی ئێرانییەکانە. بەڵێ لەم ڕۆژەی نەورۆزدا بوو کە یەزدان (عسکرە)ی زیندووکردەوە. لێیان پرسی عسکرە چییە؟ فەرمووی عسکرە هەزاران کەسبوون کە لەترسی مەرگ ولاّتیان بەجێهێشتبوو ڕوویان لە بیابانەکان کردبوو خواوەند پێیانی وت: بمرنو مردن لەدوایيدا زیندووی کردنەوە، فەرمانی بەهەورەکاندا کە بەسەریانا بباریت. لەمڕووەوەیە کە پرژاندنی ئاو لەیەکتری لەمڕۆژەدا بووە بەرەسمو نەریت لە دوایيدا لە هەڵواکەی خوارد ئەوەشی لێی مایەوە دای بەیاوەرەکانی فەرمووی کاشکی هەموو ڕۆژێکمان نەورۆز بوایە[٢].

### هۆکانی پەیدابوونی نەورۆز بە پێی سەربردەی جۆراوجۆر:-

هەندێ کەسی ئاسایی دەڵێن: کە سلیمانی کوڕی داود ئەموستیلەکەی خۆی ونکرد، پاشایەتی لەدەست چوو، بەلاّم جارێکی دیکە لەدوای ٤٠ ڕۆژ ئەموستیلەکەی دەستکەوتەوە پاشایەتیو فەرمانرەوایی بۆ گەڕایەوە. باڵندەکان لە دەوری کۆبوونەوە، ئێرانییەکان وتیان: نەورۆز هات. یانی

ڕۆژێکی نویٚ هاتو سلیمان فەرمانی بەبادا کە بیبات بۆ گەشت، پەڕەسێلکەیەك لەبەردەمیا پەیدابوو وتی: ئەی پاشا من هێلانەیکم هەیە کە چەند هێلکەیەکی تێدایە بەولادا بڕۆ تاکو هێلانەکەم تێك نەچێت. لەدوایدا سلیمان ڕێگەی خۆی گۆڕیو لایدا. لەسواری تەختەکەی کە بائەیبرد بەڕێوە دابەزی، پەرەسێلکەکە بەدەنووکی چەند دڵۆپ ئاوی بەڕووی سلیمانا پڕژاندو ڕانە کوللەیەکیشی بەدیاری پێدا. ئا لەمەوەیە کە دانیشتوان لە ڕۆژی نەورۆزدا ئاو بەیەکتر دادەکەنو دیاری پێشکەشی یەکتر دەکەن (ئەم سەربردەیە ڕاست نییە چونکە ئێرانییەکان هەزاران سالٚ لەپێش سلیماندا جەژنی نەورۆزیان بەرپاکردووەو ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە زانا ئێرانییەکان دەڵێن: لەم ڕۆژەداو لە کاتژمێرێکدا فەیرۆزی فریشتەی رۆحەکان بۆ دڵخۆشی خەڵکی دەردەکەوێتو پیرۆزترین کاتژمێری ئەو کاتەیە کە ڕۆژ هەڵدێت لەبەرەبەیانی نەورۆزدا کازیوە دەگاتە ئەوپەڕی نزیك بوونەوەی خۆر لەزەوی. دانیشتوان بەتەماشاکردنی پیرۆزی بەدەست دەهێنن. ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئازادییەو ناوی ئاهورامزدایە کە ناوی یەزدانی گەورەیە. دروست کەرو داهێنەری جیهانو بوونەوەرەکانی ناو جیهانە، کەسێکە کە ستایشگەران ناتوانن بەشێك لەبەشەکانی نیعمەتی ئەو بژمێرن.

سەعیدی کوڕی فەزلٚ دەڵێت: کێوی (دما) کە لەخاکی فارسدایە، لەهەر شەوێکی نەورۆزدا چەندین تیشك لەو کێوەدا دەدرەوشێتەوە، ئەگەر هەوا روونو پاکژ بێت یان هەوا تاریك بێت. لەوەش عەجایب تر، ئاگری (کلوازا)یە[٣] هەرچەند هەموو شتێکی وەکو ئەمە تا مرۆۋ بەچاوی خۆی نەی بینێت باوەڕی پێناکات، بەلاٚم ئەبولفەرەجی زنجانی زانای ماتماتیك پێی وتم:کە من ئەو تیشكو رووناکییەم دیوە لەوساڵەدا کە عزەتەلدەولەی دەیلەمی چووبۆ بەغدا، ئێمە بۆ گێڕانی ئاهەنگی کلوازا چووینە دەرەوە ئەویش ئاگرو رووناکییەك بوو، لەگەلٚ ئەومۆمانەدا کە لەژمارەنەدەهاتن لەبەری خۆرئاوای دجلەوە کە بەرانبەر بە کلوازایە لەشەوی نەورۆزدا بەرچاو دەکەوێت عزەتەلدەولە چاودێرێکی خۆی لەوێدا دیاری کرد، کە لەبارەی راستیی دەرکەوتنی تیشکەکەوە ئاگاداربیٚو چاودێری بکات. نەوەکو ئەمکارە لەفێڵو تەڵەکەی مەجوسەکانەوە بێتو چاودێرانی شا نەتوانیٚ ئاگاداربن. چونکە بەهەر ئەندازەیەك کە لە ئاگرو تیشکەکەوە نزیك دەبوونەوە ئاگرەکە لەوان دوورتر دەکەوتەوە، هەرچەندەش چاودێرەکان دوور کەوتنایەتەوە ئاگرەکە نزیکتر دەبووەوە.

سەعیدی کوڕی فەزلٚ دەڵێت: کە ئەبولفەرەج

لەوتەکانی بووەوە پێم وت کە نەورۆز بۆ بارودۆخی یەکەمجاری خۆی گەڕاوەتەوەو چونکە ئێرانییەکان کەبیسەی ساڵیان بزر کردووە ئەی بۆچی ئەم ئاگرە لەکاتی خۆی بەولاوە پاش و پێش ناکات کە لەشەوی نەورۆزی راستیدا، دادەگیرسێت. ئەگەر پێویست نەبێت کە دواکەویت. ئایا ئەوکاتە ئێرانیان کەبیسەی ساڵیان لێبزربوو.ئایا ئەم ئاگرە لە ئیستا ولە کاتی خۆیا پێش وپاشی دەکرد؟

ئەبو الفەرەج لەم پرسیارەی من ڕاما. وەرامێکی وای نەدایەوە کە من پەسەندی بکەم.

هەندێک لەزاناکانی ئێرانی دەڵێن: هۆی ئەوە کە ئەمڕۆژەیان ناوناوە نەورۆز ئەوەیە کە لەڕۆژگاری تهمورث، صائبە دەرکەوتن، چونکە جەمشید بوو بە پاشا دووبارە چاوی بە ئاییندا خشاندەوە. ئەم کارەش گەلێک گەورەبوو،ئەوڕۆژە کە ڕۆژێکی نوێ بوو کردی بەجەژن. هەرچەندە لەپێش ئەویشدا نەورۆزی گەورەو شکۆمەند هەبوو.

هەندێکی دیکە لە ئێرانییەکان دەڵێن: کە جەمشید گالیسکەی بۆ خۆی دروستکرد لەم ڕۆژەدا سواری بوو، دێوەکان بۆ گەشت بردیان بەئاسمانا بەیەک ڕۆژ لەچیای دەماوەندەوە گەیشتە بابل. دانیشتوان لەم کارە سەرسام بوون و ئەمڕۆژەیانکرد بەجەژن، بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە بەتاسەو ئارەزووەوە دادەنیشتن و بۆی نیگەران بوون. دەستەیەکی دیکەی ئێرانیان لەو باوەڕەدان، کە جەمشید بەزۆری لەشارەکانا گەشتی دەکرد. لەکاتێکدا ویستی بچێتە ئازربایجانەوە، لەسەر تەختێکی زێڕنی دانیشت خەڵکی بەکوڵ و بەشان تەختەکەیان هەڵدەگرت. کەتیشکی خۆر دای لەتەختەکەی دانیشتوان دیيان و ئەمڕۆژەیانکرد بەجەژن.

لەم ڕۆژەدا باوە کە دانیشتوان دیاری بۆ یەکتر ڕەوانە دەکەن. هۆی ئەمەش وەکو ئازربادی موبد (موبد بغداد) دەڵێت ئەوەیە: کە قامیشی شەکر لەولاتی ئێراندا لەڕۆژی نەورۆزدا دۆزرایەوە. لەوەوپێشتر هیچ کەسێک قامیشی شەکری نەدەناسی وەنە ئەزانرا کە چییە. دۆزینەوەکەشی بەم شێوەیە بوو: جەمشید ڕۆژێک قامیشێکی دیو کەمێک لەئاوی دەروونی قامیشەکە هاتبووە دەر، جەمشید تامی ئەو ئاوەی کرد و گەلێک شیرین بوو لەلای، لەدوایيدا فەرمانی دا کە ئاوی ئەو قامیشەی بۆ بگرن. لەو ئاوەش شەکری لێدروست بکەن. لەڕۆژی پێنجەمدا شەکریان لێدروستکرد. لە ڕێگەی تەبەروکەوە، دانیشتوان بۆ یەکتریان ڕەوانە دەکرد. وە لە مهرگانیشدا ئەم کارەیان بەو ئەندازەیە دووبارە دەکردەوە. لەمڕوەوە بووبە سەرەتای ساڵ. گۆڕانکاری هاوینەیان هەڵبژارد.

بیروونی درێژەی بەوتەکانی داو دەڵێت: گەلێک لەزاناکان و پیاوە عاقڵەکانی یۆنانی

لەکاتی هەڵهاتنی (کلب الجبار)[٤] سەرەتای ساڵیان بەو ئەستێرەیە نیشان دەکرد گوێیان بەهاتنی بەهار نەدا. چونکە لەڕۆژگارانی رابردوودا دەرکەوتنی ئەم ئەستێرەیە لەگەڵ ئەم گۆڕانی کەژەدا بەرانبەر بوو یان لێوەی نزیك بوو. جەژنی نەورۆز لەشوێنی راستی خۆیا نەمابوو. لەسەردەمی ئێمەدا بەچوونی خۆر بۆ بورجی حمل (بەرخ) هاوکات بووە کە سەرەتای بەهارە. رەسمو یاسای پاشایەتی خۆراسان ئەوەبوو، کە لەم کاتەدا جلو بەرگی بەهاریان بە لەشکرو سەربازەکاندەدا (ئەم زانیاریانە لەساڵەکانی ٣٦٠ی کۆچی تا ٤٤٠ی کۆچی لە ئەبو ڕێحانی بیروونییەوە وەرگیراوە).

### نەورۆزی گەورەی ئێران

ڕۆژی شەشەمی فەروەردین (یانی شەشەمی بەهاری کوردی ئێستا) ڕۆژی نەورۆزی گەورەیە کەلە لای ئێرانییەکانەوە بەجەژنێکی گەورە دەژمێردرێت. دەڵێن کە خواوەند لەم ڕۆژەدا لە دروستکردنی جیهان بووەوە. چونکە ئەمڕۆژە کۆتایی شەش ڕۆژەکانە لەمڕۆژەدا خواوەند ئەستێرەی مشتەری دروستکرد. پیرۆزترین کات ئەو کاتەیە کە مشتەری هەڵدێت. زەردەشتییەکان دەڵێن کە لەو ڕۆژەدا زەردەشتی راستگۆ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە لەگەڵ ئاهورامزدادا کەوتە ڕازونیاز. کەیخوسرەوی پاشای کەیانی لەمڕۆژەدا چوو بۆ ئاسمان. لەمڕۆژەدا بۆ دانیشتوانی گۆی زەوی خۆشبەختی دەبەخشریتەوە. لەم ڕوەوەیە کە ئێرانییەکان ئەم ڕۆژە بەڕۆژی ئومێدو ئارەزو ناوناوە. پەیرەوانی درۆو تەڵەکە دەڵێن: هەر کەسێك لە بەیانی ئەمڕۆژەدا لە پێش ئەوەدا کە وتەی لە دەم دەرچێت سێجار لە پشتەوە تامی هەنگوینی بکات. هەندێکیش وتویانە کە تاقی شەکربکاتو بەڕۆنی زەیتوون لاشەی خۆی چەوربکات لە هەموو ساڵەکەدا لە جورەکانی نەخۆشی و بەڵابەدوور دەبێت. ئێرانی دێرین دەیان وت: کە لەبەیانی ئەمڕۆژەدا لەسەر چیای(پوشنگ)کابرایەك رادەوەستێت بە خامۆشی دەبینرێت، کە چڵی گیای(مەرو)[٥] ی بەدەستەوەیە. ماوەی یەك کاتژمێر دەمێنێتەوە. لەدوایدا لە چاوون دەبێت. تاکو ساڵێکی دیکە لە هەمان کات دەرناکەوێت. هەندێکی دیکەش ئاوا دەڵێن: کە ئەهریمەنی زیان بەخش. بە رەکەتی لەژیان سەندبوەوە بە شێوەیەك کە هەرچەندێکیان دەخواردو دەخواردەوە تێرنە دەوون. نەی دەهێشت با هەڵکات، تاکو دارو گیاکان سەوزبن. لەدواییدا جەم بە فەرمانی یەزدانو ڕێنومایی. ئەو بە نیازی شوێنی ئەهریمەنو پەیڕەوەکانی بەرەو باشوور کەوتە ڕێ ماوەیەکی زۆر لەوێدا مایەوە. هەتاکو

ئەهریمەنی شکان. مرۆڤ و زیندەوەران و ڕووەکی ئازادکرد، جەم لە مکاتە خۆش و شادیەدا گەڕایەوە بۆ جیهان. لەڕۆژێکدا کە وەکو خۆر دەرکەوت. پڕشنگی ڕوناکی لێپەخش دەبوەوە. دانیشتوان لە دیتنی دوو خۆرا سەر سام بوون. لەمڕۆژەدا هەرداری کە وشك بوو سەوز بوەوە خەڵکی دەیان وت(ڕۆژی نوێ)یاذیڕۆژێکی نوێیە. هەموو کەسێك لەڕێگەی پیرۆزبوونی ئەمڕۆژەدا لە تەشتێکدا جۆیان چاندبوو. ئەم نەریتە لە ئێراندا پایەدار بوو. کە لەڕۆژی نەورۆزدا لە ماڵەوە حەوت جۆرە دانەوێڵە لە حەوت ئینجانە دا بچێنن. لە سەوزبوونی ئەم دانەوێڵانەدا. هەستیان بە باشی و خراپی کشتوکاڵی و بەرهەمی ساڵانە دەکرد. هەر لەمڕۆژەدا بوو کە جەمشید، بەوکەسانەی کەئامادەبوون فەرمانیدا بۆ ئەو کەسانەش کە ئامادەنەبوون نامەی نووسی. کە گۆڕستانە کۆنەکان تێکبدەن و گۆڕستانی نوێ دروستکەن ئەمکارە لە ناو ئێرانییەکان مایەوە خواوەندیش پەسندیکرد پاداشتی کە یەزدانی گەورە لەسەر ئەمکارە بە جەمشیدی بە خشی ئەوەبوو کە هەموو دانیشتوانی سەربەجەمشیدی لەپیری و نەخۆشی بەغیلی و هەژاری دەردو گرفتاری چاو دێری دەکردن. هیچ زیندەوەرێك لە ماوەی پاشایەتی جەمشیدا نەمردن. تاکو ئەو کاتە کە خوشکەزاکەی پەیدابوو. جەمشیدی کوشت و زاڵ بوو بەسەر وڵاتەکەیدا.[٦] چونکە لە ڕۆژگاری پاشایەتی جەمشیدا هیچ زیندەوەرێك نەمردن بە شێوەیەك ڕوویان لە زۆربوون کرد کە پانتایی زەوی بەو هەموو فراوانییەوە تەنگ بوەوە. خواوەند گۆی زەوی سێ ئەوەندەی جاران گەورەترکرد. فەرمانی پێدان کە خۆیان بشۆرن، تاکو لە هەموو تاوانەکان پاك ببنەوە. لە هەموو ساڵێکدا بۆ ئەوەی لە زیانەکان و گیرۆدەییەکان دوورکەونەوە ئەم کاری خوشۆرینە چەندین جار دووبارە دەکاتەوە. هەندێك وتویانە. هۆی ئەوەیە کە ئێرانییەکان لەمڕۆژەدا خۆیان دەشۆن کە لەو ڕۆژەدا(هەروذا_ Harvaza) کە فریشتەی ئاوە و ئاو پەیوەندی بەم فریشتەوە هەیە. ئا لەمەوە خەڵکی لەمڕۆژەدا لەبەرەبەیاندا لە خەو هەڵدەستن بە ئاوی جۆگەوگۆمەکان خۆیان دەشۆرن. هەندێ جاریش ئاوی خوڕگە بە دەموچاوی خۆیانا ئەکەن . تاکو لە بەلاکان و گیرۆدەبوون بێ وەیبن. لەمڕۆژەدا دانیشتوانی ئاو بەیەکتردا دەکەن. هۆی ئەمکارەش هەمان خۆشۆرینە. هەندێکیش دەڵێن:لە ولاتی ئێراندا. ماوەیەکی زۆر باران نەباری. خەڵکی نیگەران و پەرێشانبوون. بەلام بەشێوەیەکی کوتوپڕی بارانێکی بەخوڕەم باری. خەڵکی ئەمبارانەیان ناونا بەرەکەت و بە پیرۆزیان زانی. لەمباراناوەیان لەرووی یەکتر دەپژاند. ئەمەش وای لێهات کە لە ئێراندا بەناوی(اب

ڕێـزان_ئاورشـێن)بـووبه نـەریت.هەندێکـی دیکه دەلـێن: هـۆی ئەمـە کە ئێرانییەکان لەو ڕۆژەدا ئـاو بەیـەکتردا دەکـەن ئەوەیـە چونکە لـە زسـتان لەشـی مـرۆڤ بـە تـەپ و تـۆزو ئاگرودووکەڵ وخۆڵەمێشـەوە دەتلـێ، ئـەم ئاوە بۆ پاکردنەوە لەو تێوە تلاندنە بەیەکترا دەکـەن ئـیتر بـەمکـارە هـەوا پـاك و نـوێ دەکـرایەوە. نایەلـێت لـە هـەوادا وەبـاو نەخۆشی بلاوببتەوە. هەر لەمڕۆژەدا بوو کە جمشـید بـە ئەندازەیەکـی زۆر شتەکانی(کانزاکانـی)لـە کانـەکانا دەرهێـنا پاشـاکانیش لـەدوای ئـەو،ئەمـڕۆژەیان بـەپیرۆزو فـەڕ دانـا. هەرچـی کاغـەزو پیسـتەیەك کەدەنووسـراو بـۆ دەورو بـەر ڕەوانەدەکـران ،لەمـڕۆژەدا پێکـیان دەهێـنا. وەهـەر کاغـەزو نامەیـەك کـە دەبا لە کۆتاییدا مۆرکـرێت ئەمەشـیان هـەر لەمـڕۆژەدا ئەنجامـدەدا. بە فارسـی بـەم ڕۆژەیـان دەوت (اسپیدانوشت)کـە جەم کوچی کرد پاشاکان هەموو ڕۆژەکانی ئەم مانگەیان کرد بە جەژن ئـەم جەژنەشیان کرد بەشەش بەشەوە: پێنج ڕۆژی یەکەمـیان تایـبەت بـوو بەپاشـاکان. پێنجـی دووهەمـیان بـۆ پـیاو گـەوران بـوو پێنجی سێهەمیان بۆ خزمەتکاران و دەستو پێوەندی پاشاکان بوو پێنجەی چوارەم بۆ هاودەمـی پاشـا و دەربارِیـان بـوو پێـنجەی پێنجەمـیان بـۆ هەمـوو دانیشـتوان بـوو شەشەم پێنجەمیان بۆ جوتیاران بوو.

دەڵێن ئەو کەسە کە هەردوو نەورۆزی دایە دەم یـەك. هورمزی کوڕی شاپووری پاڵەوان بوو ئەو هەموو ئەو ڕۆژانە کە لەنێوان ئەم دوو جەژنـەدا بوو کردنی بەجەژن، ئاگری بۆ پیرۆزیو فەڕو بەرەکەت لەشوێنە بڵندەکانا کردەوە. بۆ ئـەوەی گەرمایی ئاگرەکان هەوا پـاك بکاتـەوە شـتە ناپاکـەکان بسـوتێنێت و هەوای پاك و بێگەرد دەرکەوێت،

## بەرنامـەی ساسانییەکان لەم ڕۆژەدا ئاوابوو:

پاشـا لـەڕۆژی نـەورۆزدا لەسـەر تـەخت دادەنیشـت، وەڕای دەگەیانـد کـە بـۆ دانیشتوان لەسەر تـەخت دانیشتووە. تاکو چـاکەیان لەگەڵـدا بکـات ڕۆژی دووهـەم بـۆ جوتیاران کە شوێن و جێیان کەمێك بڵندتر بـوو دادەنیشـت. بنەماڵەکانـیش هـەر لـەم بەشـەدا بـوون و ڕۆژی سێهەم بۆ سپاییان و گـەورە پیاوان و موبدان دادەنیشت. لەڕۆژی چـوارەما لەگـەڵ بـنەماڵەی خـودی پاشـا و خـزمان و تایبەتییەکاندا دادەنیشـت. ڕۆژی پێـنجەم لەگـەڵ خزمەتکارانـی خـۆیا دادەنیشـت و بەهەریەکـەیان پاداشـتێکی شـیاوی پێدەبەخشـین کـەڕۆژی شەشـەم دەهاتـە پـێش، لـەبارەی کاروبـاری خـەڵك پرسـیاری دەکـرد. بۆخۆشـی نـەورۆزی دەگرت. جگە لـەو کەسانەی کە شایستەی چوونە لای پاشایان هەبوو کەسـی دیکـەی قبووڵ نەدەکرد. لەم ڕۆژەدا ئەو دیاریانە کە بۆ شا هاتبوو ئـەوەی کـێ بیویستایە پێـی دەبەخشـی ئـەوەش کـە شـایانی گەنجینەو چاودێریکردن بوو هەماردەکراو هەڵدەگیرا.



**تێبینی:**

**سەرچاوە تاریخ نوروزو گاهشماری ایران: لەنووسینی مامۆستا** عبدالعظم رضایی.




**پەراوێزەکان:**

**١- عبدالصمدی کوڕی عەلی مامی مەنصوری عباسی بوو، مەنصور لەدوای ئەوە چەند جار کردی بە فەرمانڕەوای شارە گەورەکان لەساڵی ١٦٣ کۆچی لەسەرکار لایبردو تا ساڵی ١٦٦ی کۆچی لەزیندانا بووناوبراو لە ١٠٤ ی کۆچی لەدایك بوو لەساڵی ١٨٥ کۆچی مانگی کۆچی دوایی کرد.**

**٢- ئاثار الباقیة، ئەبو ریحانی بیرونی، وەرگێرانی ئەکبەری داناسرشت، لا ٣٢٥.**

**٣- کلواژا شوێنێکە لەهەمەدان. کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی زانست ئەدەب لەوێ دابوون هەندێکیشی کلواژا بەیەکێك لەدێهاتەکانی لای بەغداد دەزانن.**

**٤- کلب الجبار ئەستێرەیەکە لەشێوەی شەش پاڵو. هەم ناوی سوورەتی پێنجەمە لەسوورەتەکانی جنوبی فەلەکیو پێشینان، کەلبی گەورەو نصرای عبوریان پێ وتووە هەروەها کەلبی گەورەو شعرای عبورو شعرای پەیمانییان پێ وتووە.**

**٥- جۆرە گیایەکە (مروخۆی) شی پێ دەوترێت.**

**٦- ئاثار الباقیة ئەبو ریحانی بیرونی. وەرگێردراوی ئەکبەری دانا سرشت لا ٣٣٠و ٣٣١.**